

# بەشێک لە وتار، لێدوان و نووسراوەکانی

## هاوڕێ برایم لاجانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:


١- لە یادی حەفتاو پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا.......................... ٤

٢- حیزبی دێموکرات و دەسەڵات سپێریی DEVOLUTION.......................................................... ١٣

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەئموریەتێکی قورس!................................................ ١٧

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەبات لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا!.............................. ٢١

٥- حیزبی دێموکرات و شوێنی دین لە کۆمەڵدا............................................................... ٢٥

٦- سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە...................................... ٣٠

٧- چەند پرسیار و وەڵامێک لە سەر پرسی یەکگرتنەوە.................................... دیمانە: لوقمان باختە ..... ٣٤

٨- قەیرانی کۆتایی........................................................................................ ٤١

٩- نەخۆشی ئەگەر نەتکوژێ، بەهێزترت دەکا!................................................................ ٤٥

١٠- ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بانگی ئازادی، ڕیتۆریکی شۆڕشگێرانە.................................... ٤٨

١١- کۆماری ئیسلامی لە بەردەم سۆنامیی ڕق و بێزاریی خەڵکدا................................................ ٥٢

١٢- میراتی سیاسی و ئینلایتنمێنتی قاسملوو!................................................................ ٥٧

١٣- چۆن میراتی سیاسی و خەباتگێرانەی قاسملوو بەرینە پێش؟............................................. ٦٩

١٤- کام پەیام و هەڵوێست قازی محەممەدی کرد بە پێشەوا؟.................................................. ٧٢

١٥- دوکتور شەرەفکەندی؛ ڕووناکبیری ئۆرگانیک و خەبات بۆ هێژموونی فەرهەنگی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورددا...
............................................................................................................ ٧٩

١٦- کوردستان وەک قوتابخانە و دامەزراوەیەکی پەروەردەیی..................................................... ٨٦

١٧- میراتی سیاسیی کۆماری کوردستان لە ساڵرۆژی دامەزرانیدا................................................. ٩٠

١٨- هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئێران......................................................................... ٩٧

١٩- نەخوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی لەنێوچوونی میراتی کولتووری.................. دیمانە: گوڵان هیجری ..... ١٠٤

٢٠- شەڕی ناوچەیی و دوورەدیمەنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا............................................. ١٠٩

٢١- پێشەوا لە گۆشەنیگایەکی نزیکتر و ڕوونترەوە.............................................................. ١١٣

٢٢- پێڵاوی ژمارە ٤٢.......................................................................................... ١٢٣

٢٣- سەبارەت بە وتارەکەی هاوڕێ مستەفا هیجری لە پارلەمانی ئورووپا!..................................... ١٢٩

٢٤- گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی! ........................................................ ١٣٢

٢٥- یەکیەتی، هاوپەیمانی و ئەرکەکانی حیزب لە هەلومەرجی تازەی خەباتدا........................................ ١٣٦

٢٦- پێویستیی ڕاوەستان بەدژی سێدارە و بەرگری لە گیانی زیندانیانی سیاسی!........................................ ١٤٣

٢٧- جووڵانەوەی میللی و دێموکراتیکی کوردستان؛ (بزووتنەوەیەکی ڕەسەن، سەربەخۆ و سەرچاوەگرتوو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان)........................................................................................ ١٤٦

٢٨- ئاگربەستێک کە نابێتە ئاشتی! (ئێران لەنێوان شەڕ و ئیستبداد و تێپەڕین بەرەو دێموکراسیدا)................. ١٥١

٢٩- خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک و شەپۆلی تازەی زەبروزەنگی ڕێژیم........................................ ١٥٦

٣٠- حیزبایەتی، ئەرێ یان نا؟........................................................................................ ١٦٠

٣١- ئێران دەتوانێ چ وانەیەک لە هیند فێر بێت؟........................................................................ ١٦٣

٣٢- غیابی کوردستان لە مەیدانی جامی جیهانیدا........................................................................ ١٦٧

٣٣- تێکۆشانی پێشمەرگانە، لووتکەی هەرە بەرزی کار و خەباتی سیاسییە لە کوردستاندا............................ ١٧٣

٣٤- پرۆژەی سیاسیی قاسملوو؛ تاکە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی ئێران............................................. ١٧٨




## لە یادی حەفتاو پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا




### ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای کوردەواری

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دەنێتە حەفتاوپێنجەمین ساڵی تەمەنی خۆی. ئەگەر بەشێوەیەکی واقعبینانە شوێنەواری ئەو حیزبە لە سەر ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستاندا لێک بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەو ماوە دوورودرێژەدا ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای کوردەواری بووە.

لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا ڕۆژنامەکان نەخشی ویژدان دەگێڕن و لەهەر کوێ گیروگرفت و کەموکوڕییەک هەبێت، وەک سەگی پاسەوانی ماف و ئازادییەکانی گەل و نیشتمان دێنە دەنگ. لە کوردستاندا، لە کاتێکدا کە گەلی کورد و خاکی کوردستان، لەژێر داگیرکاری و ستەمی نەتەوایەتی، سەرەڕۆیی و زەبروزەنگ و سەرکوتی هەمەلایەنەدان و خەڵک لە هەموو ماف و ئازادییە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی خۆیان بێبەشن، حیزبی دێموکرات، نەک هەر وەک حیزبێکی سیاسی ئاسایی، بەڵکوو وەک پێشڕەوی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتی کوردستان، لە هەموو بوارەکانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستاندا، ئەرکی بەڕێوە بردووە.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات درێژەی ئەو خەبات و تێکۆشانە دوورودرێژە بوو کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە سەردەمەکانی پێشووتردا بۆ ڕزگاری لە ژێرچەپۆکی و ستەمی میللی و لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، ئەنجامیان دابوو. بە دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی و پێکهاتنی هەلومەرجێکی لەبارتری نێوخۆیی و نێونەتەوەیی، ڕۆڵە پێشڕەوەکانی

گەلی کورد، حیزبی دێموکراتیان بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنی ئەو خەباتە لە سەردەمێکی تازەتردا دامەزراند.

یەکەمین بەرنامەی سیاسی حیزب کە لە کۆنگرەی یەکەمدا پەسند کرا، ئاوێنەی بالانوێنی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازەکانی ئەو حیزبەیە. خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، خەبات لە پێناوی ئازادی و دێموکراسیدا، خەبات بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، خەبات بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، خەبات بۆ کەمکردنەوە و لەنێوبردنی نابەرامبەری بەرانبەر ژنان، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بێعەداڵەتی لە خاوەنداریەتی زەویدا، خەبات بۆ ڕێکخستنی ژنان و لاوان وچین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکە بۆ وەدەستهێنانی ماف و داخوازە سینفی و پیشەیی و مەدەنیەکانیان، هەروەها خەبات بۆ هاوئاهەنگ کردنی بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی گەلانی ناوچە و دونیا، کە لەو بەرنامەیەدا جێیان بۆ کراوەتەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ڕاستی و درووستی ئەو قسەیە.

پێبەپێ چوونە پێشی کۆمەڵگای کوردستان و مرۆڤایەتی، لە کۆنگرەکانی دواتردا، بەرنامەی حیزبی دێموکراتیش پتر گەشە دەکا و هەموو ئەو کێشانە دەگرێتە خۆ، کە میللەتی کورد لەگەڵیان دەستەویەخەیە. دیسانترالیزەکردنی دەوڵەتی مەرکەزی، دێموکراتیزەکردنی وڵات، خەبات بۆ سێکۆلاریزەکردنی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی، پاراستن و خاوێنڕاگرتنی ژینگەی کوردستان، دابین و دەستەبەرکردنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وکۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا پەسند کراون، بە مافی پەرەسەندنیشەوە، و سەرەنجام دیاریکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن.

دەتوانین بڵێین کە لە حەفتاوپێنج ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و سەرکوت و پەلامارەی کە لەلایەن دوژمنانی نەتەوەکەمان و هێزە کۆنەپەرست و حکومەتە سەرەڕۆکانەوە، بەدژی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچووە، حیزبی ئێمە دینامیزمی سەرەکی زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە بووە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێک هاتوون.

بە سەدان و هەزاران کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا، لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان تێکۆشاون و مایەیان لە ماڵ و ژیان و گیانی خۆیان داناوە. گیراون، حوکم دراون، ئەشکەنجە کراون، دوورخراونەتەوە، لەدار دراون، ئاوارە بوون، لە سەنگەرکانی بەربەرکانیدا شەهید بوون، تیرۆرکراون، بەڵام هەرگیز ئاڵای خەباتی دێموکرات نەکەوتۆتە سەرزەوی. ئەگەر ئەو حیزبە ڕیشەی لە ژیان

و خەباتی گەلی کورددا نەبوایە، قەت نەیدەتوانی لەو هەموو ماوە دووردرێژەدا، لە ژێرباری ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگ و تۆقاندن و تیرۆرەدا پشتی ڕاست کاتەوە و هەروا قورس و قایم لە مەیدانی خەباتدا ڕاوەستێ و ببێتە جێگای هیوا و هومێدی گەلی کورد.

بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانە، بیروباوڕی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازانە، ئیدەو مەرامی یەکسانیخوازی و دادپەروەرانە، لەقاوەدانی ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن و چەوسانەوە لە هەموو شکڵ و شێوەیەکدا، لایەنێکی دیکەی کارو چالاکی حیزبی دێموکرات بووە. چاپی ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی و ئەدەبی و فکری لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ساڵانی دواتردا، دامەزراندنی ڕادیۆ و ئیمکاناتی دیکەی بڵاوکردنەوە لە هەلومەرجێکی سەخت و دژوار و خەباتی ژێرزەوینی و بەرگری چەکدارانەدا، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و بزووتنەوە، سەنگەرێکی دیکەی ئەو خەباتە بووە.

باشترین نووسەران، ڕۆژنامەنوسان، وەرگێڕان و شاعیران و ئەدیبانی کورد لە ڕیزەکان و لە هالەی پەیام و تەشکیلاتی ئەم حیزبەدا پێگەییون و بوونەتە ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی ئەدەب و ڕۆژنامەنوسی کوردی. پێشەوا، هێمن، هەژار، سەیفی قازی، ڕەحیمی قازی، حەقیقی، سوارە، ئەحمەدی قازی، کەریمی حیسامی، هێدی، ئاوارە، شەرەفکەندی، قاسملوو، عەزیزی یوسفی، سادق وەزیری، حەسەنیانی، مام ئەنوەر و هتد، تەنیا گۆشەیەکی ئەو حەقیقەتەن.

بەو جۆرە نەوە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان، لە ڕێگای ئەدەبیاتی حیزب و ڕاگەیاندن و چاپەمەنی حیزبەوە، لەگەڵ بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە، ناسنامەی نەتەوەیی و لەگەڵ دیسکۆرسی کوردستانی و ئازادیخوازانە ئاشنا بوون. هەر ئەوەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردۆتە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای کوردستان.

## تایبەتمەندی و ناسنامە

لە نێو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی ونێونەتەوەییەکاندا حیزبی دێموکرات پرەستیژی بەرزی خۆی هەیە. حیزبێکە لە قووڵایی واقعیەتە سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران و ئەو هەلومەرجەوە سەری هەڵداوە کە کوردستان و کوردی تێدایە. جگە لە میللەتی کورد هێز و توانا و ئیلهام لە هیچ شوێنێکی دیکە وەرناگرێت.

ئەوە بۆ هەشتا ساڵ دەچێ لە مەیدانی خەباتدا، ئاڵای داخوازە نەتەوایەتییەکانی میللەتی کورد و دێموکراسیخوازیی لە ئێراندا بەرز و شەکاوە ڕاگرتووە. سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارەی لە لایەن کۆنەپەرستی فەرمانڕەوا و دوژمنانی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەکەمان کراونەتە سەری، هەروا بەهێز وقایم لە مەیداندا ماوەتەوە و دەڕواتە پێش.

حیزبێکە توانای مانەوە و چوونە پێشی هەیە. لە قەیرانەکاندا بەهێزتر دێتە دەر. لە کورەی خەبات و بەربەرەکانیدا قاڵ بۆتەوە. توانای خۆنوێکردنەوە و بەخۆداچوونەوەی هەیە. تا دێ، پتر گەشە دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە هەم لەباری سیاسی وفیکرییەوە وهەم لەباری تەشکیلاتی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە گەورەیە. بە ئاسانیش خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان ڕێک دەخات. خەبات وتێکۆشانەکەی لە خەبات وتێکۆشانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئازادی و مافی نەتەوایەتی و لە خەباتی میللەتانی ئێران بۆ ئازادی ودێموکراسی جیا ناکرێتەوە. خاوەنی ڕابردوو و مێژووی خەباتگێڕانەیە. هەر لەو کاتەدا کە مێژوو بۆ خۆی داناتاشێ، قەت حاشاش لە ڕابردووی خۆی ناکات. ئەگەر بە مێژووی خەباتگێڕانەی خۆی شانازی دەکات، لەو شوێنەش کە پێویستە لە مێژووی خۆی دەرس وەردەگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ پێویستی بە خۆسەلماندن نییە. حیزبێکی کراوە، گەلی ودێموکراتیک و جەماوەرییە و هیچ سیاسەت وبەرنامە و تاکتیکێکی شاراوە لە میللەت و بیروڕای گشتی نییە. ڕابردوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە، بەڵام ئەم ڕابردووە نە بۆتە کۆڵەبارێکی گەورە بەسەرشانیەوە کە نەهێڵێ هەنگاو بۆ پێشەوە باوێت. ڕابردوو بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا بریتییە لە سەرچاوەی دەرس لێوەرگرتن و ئیلهام، نەک مانەوە و چەقبەستن لە نێویدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە کە خەباتی خۆی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە وەزعی سیاسی ئێران و مەوقعیەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد دەست پێکردووە. حیزبێکی بڵندپەروازە و بۆ ڕزگاری میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە کوردستانی ئێران، بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و لەنێوبردنی بێعەداڵەتی، بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەمەلایەنە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیک و سەقامگیرکردنی بایەخەکانی سۆسیال دێموکراسی خەبات دەکات. دەیهەوێ لەباری سیاسییەوە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان سەرلە نوێ سازمان بداتەوە و فەرهەنگ و کولتووری دێموکراتیک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا جێگرتوو بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی جیدییە و بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵ دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە چاوگێڕان بە وەزعی

سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان و مەوقعیەتی سیاسی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بۆی دەرکەوتووە کە هیچیدی ئەم وەزعە نابێ قبووڵ بکرێ و دەبێ بگۆڕدرێ. ئەوەش قەتاری حیزبی خستۆتە سەر ڕێگایەکی ئاسنی ئەوتۆ کە نایەڵێ بترازێ و بەلاڕێدا بڕوا. ڕێگای سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و ڕزگاری و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ میللەتی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەکا خۆی و میللەتی خۆی، کەموکوڕییەکانی خۆی، لایەنە لاوازەکانی خۆی و فەرهەنگی سیاسی کوردستان وئێران دەناسێ و قامکیان لەسەر دادەنێ. چارەمان نییە جیا لەوەی کە بۆخۆمان هەڵە و کەموکوڕییەکانمان دەسنیشان بکەین و لە دووبارەکردنەوەیان خۆببوێرین. ئێمە دەمانهەوێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین، بەڵام لە هیچ کاتێکدا ئەوە لەبیر ناکەین کە ئامانجی هەرەبەرزی ئێمە لە کاری سیاسی بریتییە لە خێری گشتی.

حیزبی ئێمە دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوە دەوێ تا بەرنامەی سیاسی خۆی پێ پیادە بکات. بەرنامەیەک کە بریتییە لە پرۆژەی سڕینەوە و لەنێوبردنی ستەمی نەتەوایەتی، دابینکردنی دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ڕفاە و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. لە بارودۆخێکی ئاوادا چەندە پێویستیمان بە ڕۆحیەی خەباتگێڕانە لە مەیدانی خەباتدا هەیە، ئەوەندەش پێویستیمان بە ئازایەتی ئەخلاقی بۆ دیفاعکردن لە بەرنامەی سیاسی و هەڵوێستەکانی خۆمان هەیە. هەربۆیە تێدەکۆشین ڕەفتار و کردارمان لەگەڵ سیاسەت و قسە و دروشمەکانمان بێنەوە. هەر بۆیە لەسەر ئوسولەکان پێدا دەگرین و هەوڵ دەدەین سەرمایەی ئەخلاقی خۆمان لە خەباتدا ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر بکەین.

حیزب لە دەربڕین و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانی خۆیدا هەمیشە خاوەنی ئازایەتی بووە. فەرهەنگی سیاسی ئێمە ئەوە بووە و ئەوەیە کە جیا لە قازانجەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوی سەرانسەریی میللەتانی ئێران و بایەخە ئینسانی و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان، هیچ شتێکی دیکە لە خەبات وسیاسەتدا، خەت ونیشانی بۆ حیزبی ئێمە دیاری نەکردوون. ئەوەش بۆتە دەستمایەی گەورەی سیاسی و ئیعتیبارێکی گەورەی لە نێو میللەتی کوردا بۆ حیزبی دێموکرات دەستەبەر کردووە. لە ستراتیژیماندا شێلگیر و لە ئاشتی نەهاتووین و لە تاکتیکەکانماندا، تواناو لێوەشاوەیی زۆر بۆ خۆگونجاندن لەخۆ نیشان دەدەین.

هۆشیاری و دووربینی سیاسی تایبەتمەندییەکی سەرەکی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی ئێمەن. بەشێکی بەرچاوی کاری فەرهەنگی وخەباتی فەرهەنگیمان لە نێو خۆماندا دەبەینە پێش. هەمیشە نیگەرانی سڵامەتی خۆمان و ڕیزە تەشکیلاتییەکانی خۆمان بووین و هەین. حیزبی دێموکرات لەگەڵ خۆی و تێکۆشەرانی خۆی سەختگیرە. ئاخر ئەگەر حیزبی

ئێمە قسەوکردەوەی لەگەڵ یەک نەیەنەوە، قەت شایانی ئەو هەموو ڕێزو پڕەستیژە نییە کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیەتی. لەوەش زیاتر شایانی ئەوە نییە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت.
ئەخلاق شوێنێکی گرینگی لە حیزبی ئێمەدا هەیە. ئێمە لەوە کە ئەخلاق لە سیاسەتەکانماندا بە هێند دەگرین قەت زیانمان نەکردووە. بایەخدان بە بەها ئەخلاقییەکان، حیزب و تەشکیلاتی حیزبیان بەهێز کردوون. بایەخی ئینسانی مرۆڤەکان بۆ حیزبی ئێمە لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوەیە. هەرگیز تووشی دوگماتیزمی حیزبی نەبووینە و بە چاوی دوژمن تەماشای موخالیفانی خۆمانمان نەکردووە. ئەوە بۆتە ئەسڵێکی گرنگی هەڵوێستە سیاسییەکانمان کە دەڵێین :هەرکەس دوژمنایەتیمان نەکات دۆستمانە، نەک هەرکەس دۆستایەتیمان نەکات دوژمنمانە.

لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتماندا فەزایەکی کراوە و دێموکراتیک بۆ باس و دیالۆگ و موناقەشەی سیاسی و فکری و نەزەری هەیە. گومانی تێدا نییە کە لە نێوماندا ململانێی سیاسی و تەنانەت خسوسیش هەیە بەڵام ئەو ململانێیە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی نێوخۆیی حیزبیمان بخاتە مەترسییەوە. تاهاتووە پتر ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکانمان، لە نێو خۆمان جێگیر کردوون. لە داهاتووشدا پێبەپێی گەشەی سیاسی خەڵکی کوردستان، پێوەندی و سترەکتۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دێموکڕاتیزەتردەبێ. ئەوە لە ماهیەتی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی جەماوەری و میللییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەو جێیەی کە ناکۆکی سیاسیمان لە نێو تەشکیلاتدا لەسەر مەسەلە تەشکیلاتی و حیزبییەکان بۆ هاتۆتە گۆڕ، لەوە نەترساوین بە بیانووی پاراستنی یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی، باسیان لێنەکەین. هەمیشە ترسی ئێمە لەوە بووە کە لە ئوسوولە سیاسییەکانمان و ڕێباز و سوننەتە دێموکراتیک و حیزبیەکانمان لادەین. بۆ ئێمە سووربوون لەسەر ڕێبازی حیزب، واتە سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی میللەتی کورد ودێموکراسی لە وڵاتەکەماندا، لە هەر شتێکی دیکە گرنگترە.

ئێستا کە قۆناخێکی دیکە لە خەباتی حیزبەکەمان دەست پێدەکا وێڕای هەڵسەنگاندنەوەی وەزعی سیاسی وهەلومەرجی خەباتی خۆمان و میللەتەکەمان، بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و هیواوە بەرەوپێش دەڕۆین. دەزانین هەم دەرفەت وهەم مەترسی جۆراوجۆرمان لە پێشدان.

وەزعێکی نوێ هاتۆتە پێش و لە مەیدانی خەباتی میللی ودێموکراتی گەلەکەماندا، نەوەیەکی دیکە هاتۆتە مەیدان کە دوور دەڕوانێ و بایەخ و بەها سیاسییەکانی نێو بەرنامەی حیزبی ئێمە بە هی خۆی دەزانێ و خەباتیان بۆ دەکات. ئەمڕۆ پتر لە هەرکاتێکی دیکە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران گوێ بۆ قسە و پەیامی حیزبی ئێمە ڕادەگرن.

نەسڵێک پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و ژیان کە جگە لە ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە هیچ شتێکی دی ڕازی نابێت. ئەو کاروانە دەڕواتە پێش و ڕێگای لێ ناگیرێ.

خەباتی ئێمە تایبەتمەندیی میللی و دێموکراتیکی هەیە هەربۆیە هەر لەوکاتەدا کە پێویستیمان بە سیستم و ڕێکوپێکی تەشکیلاتی هەیە، پێویستیمان بە پلۆرالیزمی سیاسی و فکری و فەرهەنگی و نەزەری لە نێو بزووتنەوەدا هەیە. پێویستیمان بە هاوپێوەندی میلیی هەیە بۆیە ئێستا لەسەر پێویستیی ڕێککەوتن لەسەر پرۆژەیەکی میللی لەهەرکاتێکی دیکە پتر پێ دادەگرین. خۆ لەخۆڕا نییە حیزبی ئێمە هێندە لەسەر پێویستی لێک نزیکبوونەوە وهاوکاری و هاوئاهەنگی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ئێران پێدادەگرێ.

ئێمە نامانهەوێ لەو خەباتەدا بە تەنیا بین. حیزبی ئێمە لەمێژە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانمان، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک، دەبێ لەگەڵ هێزەکانی دیکە پێکەوە کار بکەین.

حیزبێک کە بە ڕەنج و کار و خەبات و تێکۆشانی چەند نەسل لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درووست بووە، ئێستا بۆتە هێزێکی کارا و کارساز لە سیاسەتی کوردستان و ئێراندا. ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لەسەریانە لەگەڵ حیزبی خۆیان گەشە بکەن و برۆنە پێش. خەباتی ئێمە بۆ ئازادی میللەتێکە کە لە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەشە. بۆیە مەسەلەی ئەسڵی و بنەڕەتیی لە خەباتی ئێمەدا، بریتییە لە گەیشتن بە ئازادی، وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی کوردستانی. ئەو ئامانجە ئەستێرەی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتمانە و نابێ لەبەر چاوانمان ون بێت. ئیعتیبار و مانەوە و چونەپێشمان بەوە بەستراوتەوە کە چەندە دەتوانین بە ڕێگای ئەو ئامانجەدا برۆینە پێش.

ئێمە حیزبێک نین کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی بژی فلانەکەس و بمرێ فیسارەکەس پێمان نابێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە. ئێمە ئامانجێکمان هەیە کە ئەویش بریتییە لە ئازادی و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی میللەتەکەماندا. لە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجەدا، بەو ئاکامە گەیشتووین کە دەبێ بە دژی ستەم و نابەرامبەری، بە دژی دیکتاتۆری، بە دژی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی، بە دژی کۆنەپەرستی، بە دژی شوڤێنیزمی دەسەڵاتدار و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد، بە دژی تێکەڵاوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی و دین، ڕاوەستین و تێکۆشین.

ڕێی خەبات سەختە و پڕ لە هەورازو نشێوە. یەکیەتی و پشوودرێژی و ئازایەتی و چاوی تیژ و ئەژنۆی بەهێز و بیری وردی دەوێ. ئامانج بەرزە و ڕێگا دوور. بەڵام شێلگیریی لە سەر ئوسوولەکان ونەرم بوون لە هەڵبژاردن و کارکردن بە

تاکتیکەکان، وەک هەمیشە دەمانپارێزێ و سەرەنجام خۆمان و میللەتەکەمان دەگەیەنێتە ترۆپکی ڕزگاری. بە ڕۆحیەی فێربوون لە ڕابردوو و مێژووی خۆمان بەرەو پیری قۆناخێکی تازە لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان دەڕۆین.

## پەیام و ڕیسالەتی حیزبی ئێمە

پاش پتر لە حەفتاوپێنج ساڵ لە خەبات و تێکۆشان، خەباتی حیزبی ئێمە ئێستا خەریکە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە وڵاتەکەماندا و لەخەبات بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەماندا دەبێتە هێزێکی کارساز و بڕیاردەر.

ئاسۆی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان ڕوون دێتە بەرچاو. ڕەوتێکی تازە لە سیاسەتی کوردیدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکردووە. هەرچەند ئەو ڕەوتە لە سەرەتادایە بەڵام تازە گەڕانەوەی بۆ نییە. ئەو ڕەوتەش بریتییە لە بەرەوپێشچوونی هەوڵەکان بۆ دەست پێکردنی دیالۆگی میللی، هاتنەدەر لە پرش و بڵاویی سیاسی، لێک نزیکبونەوە، تەنانەت ڕێککەوتنی چەندلایەنە و پێکگەیشتن لە سەر مەسەلە بنەڕەتی و چوارچێوە ئەساسییەکانی خەبات و تێکۆشانی هاوبەش.

ئەو دیالۆگە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی وڵاتەکەشماندا لەلایەکی دیکەوە هەر لە گۆڕێدایە. لەوێشدا هەرچەند مەیدانی کار وەک مەیدانی مین دێتە بەرچاو، بەڵام کورد لەو بەرەیەشدا هیچ ڕێگای دیکەی نییە دەبێ لە گۆڕەپانەکە بێ و ڕێگای چوونە پێشی ئامانجەکانی خۆش بکات و یەک بە یەک مینەکان هەڵگرێتەوە. هیچ جێی نیگەرانی نییە، بزووتنەوەی کورد زۆر لەوە بەهێزترە کە ئەکتەرەکانی سیاسەتی ئێران و ناوچە حیسابی بۆ نەکەن. بەڵام دەبێ لە مەیدانەکەدا بین، بەهێز بین و چاکیش یاری بکەین.

ئەوەی هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی ڕاگرتووە، سەرەنێزە و دۆلارە نەوتییەکان بوون. ئێستا بەو ئابلۆقە سەختە کە دونیا خستویەتییە سەر ڕێژیم، هەموومان گوێمان لە قرچەقرچی ئەو ئەستووندانەیە کە تاوڵی کۆماری ئیسلامیان بە پێوە ڕاگرتووە. چوونە پێشی ئەو وەزعە، سەرەنێزەی سەرکوتی ڕێژیمیش دەکاتە چەقۆیەکی کول و بێ ئەسەر.

لە لایەکی دیکەشەوە، شەڕی نێوان داروودەستەکانی نێو حاکمیەت بە قوڵبوونەوەی ئەو قەیرانە، جارێکی دیکە خەریکە سەرتاسەری دەسەڵاتی ئاخووندی دادەگرێ. وەزعی ناوچەش بەگشتی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی دەڕواتە پێش. کەیسی کوردستان و پرسی کوردیش ئیدی بۆتە کێشەیەکی گەورەی دونیا و هەموو تێگەیشتوون کە ئەو پرسە دەبێ چارەسەر



سەرچاوە
Serchawe

بکرێ.

حیزبی ئێمە هەم لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان و پرسی کورددا دەتوانێ دەوری لێوەشاوەی خۆی بگێڕێ و هەم لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ.

بەرنامەی سیاسیی حیزبی ئێمە بەرنامەیەکە بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران، دیسانتراڵیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و بۆ دابینکردنی مافی چارەی خۆنووسینی میللەتی کورد. ئەو بەرنامەیە بەرنامەی بنیاتنانەوەی ئێرانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە هەتا دێت پتر دەبێتە بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵانی هەراوی میللەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەمڕۆ پەیامی حیزب بە گوێی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگا و بانگەوازی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتی و ئینسانییەکانی لە گوێی خەڵکدا دەزرینگێتەوە. هەر بۆیە چ لە ئاستی سەرانسەریدا و چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە ئاستی کوردستانی گەورەدا، هیچ هێزێکی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیی جیدی نابینی کە حیزبی ئێمە بە هەموو جیاوازییەکانیشییەوە لەگەڵ خۆیدا، وەک هێزێکی کاریگەری مەیدانی خەبات نەبینێ و نەیهەوێ هاوکاری و هاوڕایی لەگەڵ بکا.

کارنامە و بەرنامە و پراکتیکی حیزبی ئێمە بۆتە جێگای بڕوا و متمانەی نەتەوەی کورد و هەموو گەلانی ناوچە. ئەوەش لە لایەکی دیکەوە حیزبی ئێمەی کردۆتە حیزبێکی مەسئول کە بیروڕای گشتی حیسابی لە سەر دەکا. ئێستا وەختی ئەوە هاتووە تەشکیلاتی خۆمان بە جۆرێک ئامادە بکەین کە بتوانێت وا کاربکا کە حیزب بکاتە پارامێترێکی کاریگەری سەر ئەو وەزعە سیاسییەی خەریکە دێتە گۆڕێ. ئەوەش بەوە دەکرێ کە حیزبی ئێمە وەک هێزێکی میللی و جەماوەریی گەورە و بەهێز دەرکەوێ و بتوانێ هەموو هێزە خەباتگێڕەکانی گۆڕەپانەکە لەگەڵ خۆی بدا. نابێ لە بیرمان بچێ کە هەر لە ئەساسدا حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە. یانی ئەوە ڕیسالەتی حیزبی دێمۆکراتە کە ببێتە دایناموی خەباتی میللی و دێموکراتیکی گەلەکەمان و ئەو خەباتە بەرێتە پێش بۆیە لە حەفتاوپێنجەمین ساڵی تێکۆشانی حیزبەکەماندا، تێکۆشەرانی حیزب لەسەریانە خۆیان هەڵکێشنە ئاستی مەوقعیەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## حیزبی دێموکرات و دەسەڵات سپێریی DEVOLUTION




بۆ دابین و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا مەرجێکی بنەڕەتییە.

چونکە دێموکراتیزەبوونی ئێران، ڕێگا بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەکاتەوە تا چالاکانەتر لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن و تێکۆشن ماف و ئازادییەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە.

حیزبی دێموکرات وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر دێموکراتیزەکردنی ئێران، هەر لە ئێستاوە لەسەر ئەوەش پێدا دەگرێ کە لە قانوونی ئاساسی نوێی ئێراندا، هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بە ڕەسمی بناسرێن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و فەرهەنگییەکانی پەسندی کردوون.

هەرچەند لە ئێرانی فرەگەلدا، دێموکراسی و دیسانتراڵیزەکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی دەبێتە دەستەبەرێک بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستییە وەبەرچاوبگرین کە زۆرجار دێموکراسی لە کردەوەدا دەبێتە دیکتاتۆری و ئەودەم باشتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەستەبەرکردنی مافە میللییەکانی گەلانی ئێران لە دەستوری ئەو وڵاتەدا، دەبێتە گەرەنتییەکی بەهێزتر بۆ پیادەبوونی ئەو مافانە.

لەوەش زیاتر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتەکانی ئیجرائی و قەزایی و قانووندانانەدا لەلایەک و پێکهێنانی باڵانس لە نێوانیاندا بەجۆرێک کە سەربەخۆیی یەکتر نەخەنە ژێر هەڕەشە لەلایەکی دیکەوە، مەرجێکی دیکەیە بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی گەلانی ژێرچەپۆک بۆ شەریکایەتی عادڵانە لە مافی حاکمیەتدا.

بەو حیسابە ئەوانە هەموو مەیدانی کاروتێکۆشانی حیزبن لە ئێستا و دواڕۆژدا تا بزووتنەوەی کورد بەهێزتر بێت و لە ئاستی سەرانسەریشدا بتوانێ پتر کاریگەر بێت، باشتر دەتوانێ لەو مەیدانانەدا مانۆڕ بدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە کە ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزمی مەنتیقەیی و دەسەڵات ئەسپێریی سیاسیی، واتە (Regional auotonomy and political devolution)

دەتوانێ ماف و ئازادییە میللی و ئەساسییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و باقی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە، دابین و دەستەبەر بکات.

ئەزموونی سەدساڵەی ڕابردوو ئەوەی دەرخستووە کە ئەو مۆدێلە لە دەوڵەتداری و حاکمیەتکردن کە ئێستا لە ئێراندا هەیە و لەسەر ئەساسی حاشاکردن لە مافەکانی گەلانی ئێران دامەزراوە، ئیدی نەک هەر بە ئامانجەکانی نەگەییوە و نەیتوانیوە مەوجودیەتی فەرهەنگی و میللی و سیاسی گەلانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە بە قازانجی دەستەوتاقمی فەرمانڕەوا لەنێوبەرێ، تەنانەت پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی بەدواوە نەبووە و ئێستا بۆتە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی سیاسی ئەو وڵاتەش.

بۆیە دێموکراسی و سیکۆلاریزم، دابەشکردنی حاکمییەتی میللی، دەسەڵات ئەسپێری سیاسی و ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە وەک ئەڵترناتیو بۆ وەزعی ئێستا کراون بە بەرنامەی کارو خابات و تێکۆشان. بەرەیەکی دێموکراتیکی سەرانسەری دەتوانێ هەموو گەلانی ئێران بەرەو ئەو ئامانجە سیاسییانە مۆبیلیزە بکا. بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی و ئەو هەژاریی و مەینەتبەشیەش کە ڕێژیم بە درێژایی دەسەڵاتی جەهەننەمی خۆی بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە، فاکتۆرێکی دیکەی عەینییە کە کۆمەک بە چوونە پێشی ئەو سیاسەتە دروستەی حیزبی دێموکرات دەکات. ئەوە کە تێکڕایی خەڵکی کوردستان بەپیر بانگەوازیی حیزبی ئێمە و باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دێن و مانگرتنی سەرتاسەری بەڕێوە دەبەن، نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو سیاسەتەیە کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا گرتویەتیە پێش.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا دێموکراسی لە ئێراندا نەبووە و تاقی نەکراوەتەوە، هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمەپەسندمان نییە کە

نیشان بدات گەلی کورد نەتوانێ لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا، کە مافەکانی لە قانوونی ئەساسی ئەو وڵاتەدا دەستەبەرکرابن، شان بەشانی گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران لە ئاشتی و ئەمنیەت و ئاسایشدا بژی.

هێنانە گۆڕی داخوازی جیابوونەوە تەنیا کاتێک ڕەوایە و بە گوێرەی عورف و یاسای نێونەتەوەیی دەکرێ بەرگری لێبکرێ، کە بەڵگە و سەنەدی ئەوەمان بەدەستەوە بێت کە ئێمە بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵەی لە مێژوودا لەگەڵ گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران هەمانە، ئیدی پێکەوەبوونمان مەحاڵە و ناتوانین لە ئاشتی و ئارامیدا پێکەوە هەڵکەین. ڕاستە ئەزموونی تاڵمان لە دەوڵەتی ناوەندیی هەیە و بێوچان لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگدا بووین بەڵام هیچ دەلیلێک نییە کە ئەگەر ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە نەمێنێ و دێموکراسی دابین بکرێ، ئێمەی کورد نەتوانین پێکەوە بە ئاشتی و تەبایی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بژین.

دیارە ئەگەر ڕۆژێک کوردستانی ئێران لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و قوڵبوونەوەی دێموکراسی لە ناوچەکەدا لە داهاتوودا، ئەو شانسەی بۆ هەڵکەوێت لە چوارچێوەی کوردستانێکی یەکگرتووی گەورەدا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکبگرێتەوە، ئەوە ئەودەم بە جیابوونەوە بە حیساب نایەت و لەڕاستیدا وەک وەسەریەک کەوتنەوەی نیشتمانی پارچەپارچەکراوی کوردان لەقەڵەم دەدرێ.

دەبێت بگوترێ کە مافی دیاریکردنی چارەنوس مانا و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت بەڵام هیچ کات بەتەنیا بەمانای جیابوونەوە نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە نەتەوە و کەمایەتییە بێ دەوڵەتەکان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان لە نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە ئەوان لەنێویدا دەژین. لە عورف و حقوقی نێونەتەوەییدا زۆرتر باس لە جیابوونەوە وەک دواچارە و ئاخرین ڕێگاچارە دەکرێ؛ واتە وەک ڕێگایەک بۆ دیفاع و بەرگری لە مان و مەوجودیەتی فیزیکی و فەرهەنگی و نەتەوەیی..(self-defense)

بۆیە ئەو ڕێگایە تەنیا کاتێک بەجێ و ڕەوایە کە بۆ خۆپاراستن لە بەرانبەر توندوتیژیی دەوڵەتی و ژینۆسایددا هەڵبژێردرێ. دەبێ بگوترێ کە هەزینە و تێچووەکەشی زۆرە و ڕێگاکەی بە نێو دەریای خوێن و فرمێسکی خەڵکدا تێدەپەڕێ.

دەلیلێکی دیکەشمان هەیە بۆ لایەنگریی چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا. هەموو هەوڵی ئێمە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان ئەوەیە میللەتەکەمان بەو ماف و ئازادییانە بگات کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا بۆ هەموو ئینسانەکان بە ڕەسمی ناسراون. ئەگەر هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە دەستوری ئێراندا دەستەبەر بکرێن و لەهەمان کاتدا لە قانوونی ناوچە فیدراڵی و ئۆتۆنۆمییەکانیشدا دەستەبەر بکرێن، بێگومان ئەوە گەرەنتییەکی

زیاتر درووست دەبێت بۆ پیادەبوونی ئەو ماف و ئازادییانە. ئەوەش بەقازانجی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامەی خۆیدا دەڵێ: هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ یا خودموختاری کوردستاندا دابین دەکرێن.

بۆیە دەستەبەرکردنی مافە میللی و فەرهەنگی و سیاسی و مەدەنییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە قانوونی ئەساسی نوێی ئێراندا، واتە لە دەستووردا، ئەو ئیمکانە پێک دێنێ کە گەلی کورد تەزمینێکی دیکەشی هەبێت کە باشتر دەستی بە مافەکانی خۆی ڕابگا. هەروەها بەشداری کورد لە دامەزراوە سیاسی و قەزایی و قانوونییەکانی ناوەندا، دەرفەتی ئەوە پێک دێنێ کە لە ئاستی دەوڵەتی مەرکەزی و حکومەتی فیدراڵیشدا، گەلی کورد بتوانێ بە قازانجی خۆی شوێن لەسەر بڕیارەکان و پرۆسەی سیاسەتگوزاری کەڵان دانێ.

یەک مەسەلەی دیکەش زۆر گرنگە ئەویش لەگۆڕێدابوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاک و کاریگەرە. بەبێ هەبوونی جامعەیەکی مەدەنی ئازا و بوێر وچالاک هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە دەسەڵات و بازاڕ و هەیئەتی سیاسی، بێ گوێدانە ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەسپی خۆیان لینگدەن.

حیزبی دێموکرات بۆ بردنە پێشی ئەو سیاسەتە پێی وایە کار لە مەیدانێکی دیکەشدا پێویستە واتە کارکردن لەسەر ناوەندەکانی بڕیار لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کە فشار بخەنە سەر دەوڵەتەکانی ناوچە تا لە پێوەندیی لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان و کەمایەتییەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا، نەرمتر بجوڵێنەوە و هەنگاوی کارا هەڵگرن. لە غەیری ئەوەدا ئەو ناوچەیە ئەمنیەت و ئاسایش و پەرەسەندن و هەڵدانی ئابووری بەخۆوە نابینێ. لەو پێوەندییەشدا دیپلۆماسی کورد پێویستە کارا و جیددی و یەکدەنگ بێت. نەبوونی گەروویەکی هاوبەش و زمانێکی کاریگەری دیپلۆماسی کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و کەمایەتییەکانی دیکەی ناوچەکە بەرێتە پێشێ، زیان بە مەسەلەکە دەگەیەنێ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی توشی سەرلێشێواوی دەکات.

**پێکهێنانی هەندێک دامەزراوەی ناوچەیی کە بتوانن مافی کەمایەتییەکان و گەلانی بندەست لە ناوچەکەدا و لە ئاستی دەوڵەتەکاندا بەرنە پێشێ، دەتوانێ بە هەنگاوێکی کاریگەر لەو ڕێگایەدا بە حیساب بێت. هەر بۆیە ئەو مەسەلەیە جێگای تایبەتی لە کار و تیکۆشانی ئێستا و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٠**

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەئمووریەتێکی قورس!




حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جێژنی یوبیلی ئەڵماسی خۆی دەگرێ. ئەوەش ئەرکمان دەخاتە سەرشان کە خۆمان و حیزبەکەمان هەرچی باشتر لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستا و قۆناخەکانی داهاتووی خەباتی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هاوئاهەنگ بکەین. هەرچەند وێنەیەکی ڕوونمان لەو وەزعە نییە کە بەرەوڕوومان دێ، بەڵام هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ئێران و ناوچەکەدا بەڕێوەن و حیزبی دێموکرات دەبێ خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵیان ئامادە بکا.

ئێمە حیزبێکی جیددی و خاباتگێڕین، بۆیە خۆمان و ئەو مەئمورییەتەش بەجیددی دەگرین کە خستومانەتە سەر شانی خۆمان. مانای ئەو قسە ئەوەیە کە تێدەکۆشین گۆشەنیگای ڕوانینی حیزب بۆ دونیای دەوروبەر و ئەو وەزعە نوێیە کە خەریکە شکڵ دەگرێ بەرینتر بکەینەوە لەوەیکە هەیە.

بەڕاستی خەریکە هەلومەرجێکی تەواو تازە دێتە پێش.هەلومەرجێک کە لێمان دەخوازێ ئێمەش خۆمان بۆ سواربوونی ئەو شەپۆلانە کە بەرەوڕوومان دێن ئامادە بکەین. پێشبینی و قۆستنەوەی شەپۆلان و سواربوونیان بۆ چوونە پێش بۆ حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی ئێمە هەلپەرستی نییە بەڵکوو دووربینی سیاسی و هەلناسییە.

ئێستا کە یادی حەفتاو پێنج ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەماندا جەژن دەگرین، باشتر لە پێگە و ڕیسالەتی حیزبی خۆمان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا حاڵی دەبین. دەبینین کە میللەتەکەمان لە هەموو بارێکەوە لە دوایەیە. هەندێک میللەت



سەرچاوە
Serchawe

موشکیلەی ڕێگاوبانیان هەیە، هەندێ میللەت گیروگرفتی ژینگەیان هەیە، هەندێک گیروگرفتی وزەیان هەیە، هەندێکیان مەسەلەی کورتخایەنیان هەن و هی واش هەن موشکیلەی درێژخایەنیان هەن. ئێمە هەموویمان پێکەوە هەن. ژێرچەپۆکەین، ئازادیمان پێشێل دەکرێ، حکومەتی خۆمان نییە و چارەنوسی سیاسی خۆمانمان بەدەستەوە نییە، لەباری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە لە هەژاری و مەینەتبەشیدا دەژین. نەخشێکی ئەوتۆمان لە پەرەسەندنی خۆمان و نیشتمانەکەماندا نییە.

حیزبی دێموکرات بۆ وەڵامدانەوە بەو وەزعە درووست بووە. تێکۆشان لە وەزعێکی ئاواشدایە کە نەخشی حیزبی ئێمە بەرجەستە و پڕبایەخ دەکا.

نێوەڕۆکی پەیامی حیزب ئەوەیە کە کورد و کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێنە دەر؛ ئێمە ئەوە حەفتاوپێنج ساڵە لەو ڕێگایەدا خەبات دەکەین و بە ڕابردووی پڕ لە شانازی خۆشمانەوە دەنازین بەڵام لەو بارودۆخە نوێیەدا کە ئێستا هاتۆتەگۆڕ، لە یوبیلی حەفتاوپێنج ساڵەی حیزبدا، ئەگەر دەمانهەوێ کاریگەر بین و ئەو مەئموریەتە بەرینەسەر کە خستومانەتە سەرشانی خۆمان، پێویستیمان بەوەیە خۆمان و تەشکیلات هەڵکێشینە ئاستێکی چەندقات سەرەوەتر لەوەی ئێستا و پێشوومان.

حیزبی ئێمە دەبێ بتوانێ وەڵامدەری مەسەلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان بێت. لەوەش زیاتر دەبێ لە بردنەپێشی سیاسەتی ئێرانیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ. ئەوەش وامان لێ دەخوازێ، هونەرەکانی خەبات و تێکۆشان و مەیدانداریی و ململانێی سیاسی لە سەردەمی دونیای گلۆباڵدا فێربین.

خەباتی ئەمڕۆی حیزبی ئێمە لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر لەسەرترە هەر بۆیەشە پێویستیی بە لێوەشاوەیی و زەرفیەتی فکری و سیاسی و ئەخلاقی زۆرتر هەیە. ئێمە نامانهەوێ لە سیاسەتی کوردستان و ئێران و ناوچەدا بکەوینە پەراوێزەوە؛ هەربۆیەش تێدەکۆشین وەک ڕابردوو لە سەنگەری هەرەپێشەوەی خەباتی میللەتەکەماندا بین.

دیسکۆڕس و گوفتمانی سیاسی لە کوردستان بریتییە لە ڕزگاری و ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. پایەکانی بەرنامەی سیاسی و جیهانبینی سیاسیی حیزبی ئێمەش لەسەر ئەو چوار کۆڵەکەیە دامەزراون.

هەموو خەڵکی کوردستان داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە بەرنامەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەبیننەوە. بە میلیۆن کەس لە کوردستان ئامادەن گوێ لە پەیامی سیاسی حیزبی ئێمە بگرن و بۆ

بردنە پێشی ئەو پەیامە مایە لە سەرومانڵی خۆیان دانێن. ئەوە سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەیە کە کەم هێزی سیاسی لە مێژوودا توانیویانە وەدەستی بێنن بۆیە ئێستا دەبێ خۆشمان و تەشکیلاتەکەمان لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا بین کە خەڵک لێمانیان هەیە.

کۆمەڵگای کوردستان تەواو بۆتە کۆمەڵگایەکی سیاسی. کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان خەریکە سەرهەڵدەدا. پێشکەوتنخوازی و نوێبوونەوە و چاوکرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی بۆتە بەشێک لە کاراکتەری کەسایەتی کچان و کوڕانی کوردستان. قرچەقرچی شکانی مۆرەکانی بڕبڕەی پشتیی کۆمەڵگای سوننەتیی لە کوردستان، دێتە گوێی هەموو گوێیەک کە توانای بیستنی هەبێت. خەڵک نەک هەر خوازیاری ئەوەن دەستی ئاخوند لە سیاسەت و حکومەت و یاسادانان دووربخەنەوە، بەڵکوو خەریکە زەینی خۆشیان لە بیرکردنەوەی مەزهەبی ئازاد دەکەن.

ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ کۆمەڵگایەک بەرەوڕووین کە زۆری فەرق هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای سێ چوار دەیەی ڕابردوو. خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی نەوەی تازەی کوردستان دەستیان کردووە بە موتاڵا و چاوخشاندنەوە بە سەرتاسەری مەوقعیەتی خۆیان و هۆیەکانی ئەو وەزعەی تێیدان بۆیە درووشمی سیاسی ڕۆژانە و هەندێک وشە و دەستەواژە و فۆرمۆڵی ئاسانی سیاسی ناتوانن بۆ ئەوان بەس بن؛ دەورانی بمرێ فلانەکەس و بژی فیسارەکەس لە سیاسەتی کوردیدا تێپەڕیوە.

حیزبێک کە پێشڕەویی ئەو میللەتە بکا دەبێ بلند بڕوانێ و توانای ئەوە لەخۆیدا درووست بکا کە بە بڵندانـدا بفڕێ. جا ئەوە با ڕیسکیش بێ مەگەر حیزبی ئێمە هەموو ژیانی هەر خەتەرکردن نەبووە؟

خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و رووخانی ئەو ڕێژیمە، کە بۆ ئێمە زۆرگرنگە و لەو مەیدانەشدا کەس ناتوانێ موزایەدەمان بە سەردا بکا، تەنیا قۆناخێکە لە خەباتی ئێمە لەسەر ڕێگای ڕزگاری میللەتەکەماندا. ئێمە دەمانەوێت میللەتەکەمان بەرینە ئاستی میللەتانی ئازاد و بەختەوەری دونیا بۆیە ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕاستی زۆر قورسە.

ڕۆڵی ئێمە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا کورت نابێتەوە. ئێمە تەکانی ئاخر لە کۆمەڵگای کوردستان دەدەین .مەئموریەتی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر ڕەوڕەوەی پەرەسەندی خۆی واتە تەیک ئۆف (take off) بە کۆمەڵگای کوردستان بکات. کاتێک فڕۆکە دەکەوێتە حەرەکەت لە سەرەتادا لەسەر تەگەرەکانی دەڕوا بەڵام پاش ماوەیەک تەیک ئۆف دەکا یانی ئیدی دەکەوێتە سەر قودرەتی ماتۆڕەکانی خۆی و لە ئاسمانانـدا دەکەوێتە مەلە و دەڕواتە پێش. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا تەیک ئۆف بەو قۆناخە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگایەک دەڵێن کە ئیدی ئەو کۆمەڵگایە

دەکەوێتە سەر چەرخەکانی پێشکەوتنی خۆی و دەتوانێ بۆخۆی گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەرکا و بڕواتە پێش.

کاری حیزبی ئێمە ئەوەیە ئەو تەکانە توونده لە میللەتی خۆمان بدا و بیخاتە سەرمەداری تەیک ئۆفکردن واتە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر مەداری ئازادی و دێموکراتی و مۆدێڕنیتە.

کۆمەڵگای کوردستان دەبێ لە ستەمی میللی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕزگاری بێت.

پێش هەرشتێک پێویستە میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی دیکە حاکمیەت و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی سیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. پاشانیش دەبێ مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەستەبەر بکرێن. لەوەش زیاتر پێویستە مافەکانی منداڵان، ژنان، کەمئەندامان، کەمایەتییە مەزهەبی و ئیتنیکی و...لە کوردستاندا دابین بکرێن.

لە زانستە سروشتییەکاندا دەگوترێ ئامانجی تەکامول، تەکامولی زۆرترە. ئامانجی دێموکراسیش بۆ حیزبی ئێمە دێموکراسی زۆرتــرو زۆرتــر و هەر زۆرتــرە. ئەزمــوونە مێژووییەکــان ئەوە دەردەخەن هەر بەو ئەنــدازە کە پیــادەکردنی عەدالەتــی کۆمەڵایەتی لە سەر حیسابی قوربانی کردنی ئازادی ئاکامەکەی کارەساتخوڵقێنە، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئازادیش لەسەر حیسابی لەبەرچاونەگرتنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کارەساتی بەدوادا دێ؛ بۆیە حیزبی ئێمە چ لە بەرنامە سیاسییەکەی و چ لە سیاسەتی ڕۆژانەیدا هیچ کاتێک لەو مەسەلەیە غافڵ نییە. ئەوەشە ئەو مەوقعیەتە بێوێنەیەی بە حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەخشیوە.

**ئەوەش مەئموریەتێکی گەورە و قورسە کە هاویشتومانەتە سەرشانی خۆمان.**

**با هێزی بیر و چاوەکانی حیزب، هێزی بازوو و ئەژنۆکانی حیزب، بۆ ئەنجامدانی ئەو مەئموریەتە گەورەیە بخەینە ژێر تەوانی دە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٠**

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەبات لە پێناوی ئازادی و عەدالەتدا!




سیستمی دەوڵەتی ڕەفاه، واتە ئەو لیبراڵ دێموکراسییەی لە ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور و ژاپۆندا هەیە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەموو سیستەمە سیاسی و ئابوورییەکانی دیکەی دونیا، مۆدێلێکی سەرکەوتووترە. ئێستا با بزانین ئەو سەرکەوتنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

لیبراڵ دێموکراسی بالانسێکی مەعقول لە نێوان ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەدا پێک دێنێ کە لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان و لە هەمان کاتیشدا هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، یەک لە یەکی پێویستترن. ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە بریتین لە بەشداری ئازادانە و دێموکراتیکی خەڵک لە پرۆسەی سیاسیدا، کارابوونی بازاڕ، هەروەها دابین و دەستەبەرکردنی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسەکان و دەستە و تاقم و گرووپە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا.

ئەزموونی ئەو چەند دەیەی دوایی لە زۆر شوێنی دونیادا نیشانی داوە، کە دێموکراسی و گەشەسەندنی ئابووری، ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ و دەروەستبوونی دەوڵەت بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەدا نەڕۆنە پێش، نەک هەر تا ڕادەیەکی زۆر ئەترەکتیڤ بوونی خۆیان لە دەست دەدەن، بەڵکوو لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەی گەورەش بەرەوڕوو دەبن.

چەرخی بیستەم ئەو دەرسانەی فێرکردووین کە دێموکراسی هەمیشە لە حکومەتێکی دیکتاتۆری باشترە. لیبرڕاڵ دێموکراسیش

هەمیشە لە دێموکراسییەک کە لە سەر بناخەی هەڵبژارنێکی میکانیکی و کێبەرکێی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی دامەزرابێ، باشترە. لەوەش زیاتر ئێکۆنۆمییەک کە لەسەر بناخەی بازاڕی ئازاد دامەزرابێ، لەو ئێکۆنۆمییانەی کە بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشدادارێژراو دەڕۆنە پێش، سەرکەوتووترە. هەروەها دەوڵەتی ڕەفاه باشتر و سەرکەوتووترە لە ئێکۆنۆمییەک کە تەنیا بە پێی پرەنسیپەکانی بازاڕی ئازاد هەڵدەسووڕێ.

لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە سیستەمەکە بتوانێ زۆرترین بەختەوەری و خێر و خۆشی و ڕەفاه بۆ ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە خەڵک دەستەبەر بکات. بە واتایەکی دیکە ئەو سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووە کە بتوانێ ئازادی و کامەرانی و بەختەوەری و ڕەفاه بۆ هەمووان دابین بکات. ئەوەش وەختێک ئیمکانی هەیە کە دەوڵەت بتوانێ هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا هەیە دەستەبەر بکات.

ئەوە ڕوونە کە لیبراڵ دێموکراسییەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە بە دەوڵەتی ڕەفاه ناسراون، نەیانتوانیوە بە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن کە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا هاتوون. بەو حاڵەش لە نێو هەموو دەوڵەت و حکومەتەکانی دیکەی دونیادا، ئەوە تەنیا ئەو دەوڵەتانەن کە بردنە پێش و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و هەوڵ دەدەن لە سیاسەت و بەرنامەکانیاندا گرنگیی و بایەخیان پێبدەن. تەنیا لە لیبراڵ دێموکراسییەکاندایە کە بازاڕی ئازاد و دێموکراسی بە پرەنسیپە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە و هەوسارکراون. واتە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بوونەتە چوارچێوە بۆ دێموکراسی و ئێکۆنۆمی بازاڕی ئازاد. هەر ئەوەشە کە ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە چاو ئەوانی دیکە بەنرختر و سەرکەوتووتر کردووە.

ئاخر دێموکراسی ئیدی تەنیا هەر بریتی نییە لە هەندێک پرەنسیپ و ڕێسا و یاسای تایبەت بە قانوونی ئەساسی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. دێموکراسی لە پێناسەیەکی هاوچەرخدا، بریتییە لەو سیستەمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بە باشترین شێوە تێدەکۆشێ عیززەت و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێ و هەلومەرجی گەشەسەندنی شەخسیەتی ئینسانی مرۆڤەکان، بخوڵقێنێ. ئەگەر لە بیۆلۆژی و فیزیک و شیمیدا، ئامانجی تەکامول و هەڵدان بریتییە لە تەکاموکی زۆرتر، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئامانجی دێموکراسی بریتییە لە دێموکراسییەکی هەرچی زۆرتر، قووڵتر و بەرینتر و دەوڵەمەندتر. واتە سیستمێک کە ئازادی لە ترس و ئازادی لە نەبوونی و ئیحتیاج، بۆ هەموو ئینسانەکان دەستەبەر دەکات. واتە ئازادی دەداتە تاکەکانی نێوکۆمەڵ و بەوجۆرە دوکتور قاسملوو وتەنی شەخسییەت بە ئینسانەکان دەدا.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە لیبراڵ دێموکراسی ئەو سیستمەیە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێ و دەستەبەریان دەکات؛ سیستمێک کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دابین بکات، ئەوە ئەو سیستمەیە کە ئینسانەکان بەهێز دەکات و کەسایەتی و شەخسییەتیان پێدەبەخشێ و بەوجۆرە باشترین میکانیزم و هەلومەرجیان بۆ پێکدێنێ تا بتوانن ئازادانە و بەشێوەیەکی وشیار و کاریگەر، بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن؛ ئەوە لە باری سیاسییەوە.

هەر ئەو سیستمە زۆر بە جیدیش تێدەکۆشێ پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەر بکات و دەرفەت و شانسی وەک یەک بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەسکەوتەکانی پەرەسەندنی ئابووری بۆ هاووڵاتیان پێک بێنێ؛ بەڵام ئەو دەستە و تاقم و کەس و گرووپانەی کە بە هۆکاری جۆراوجۆری مەوزوعی و مەحکەمەپەسند، ناتوانن لەگەڵ ئەوانی دیکە لە بازاڕدا کێبەڕکێ بکەن و لەو دەرفەت و شانسانە کەڵک وەرگرن کە لەئارادان، ئەوە کۆمەڵ بەرپرسایەتی دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و خێروخۆشی بۆ ئەوان وەئەستۆی خۆی دەگرێ. بەو جۆرە لەو سیستمەدا ئینسانەکان لەلایەک ئازادن لە سەرکوت و زەبروزەنگ و هەڵاواردن و ئیستبداد و سەرەڕۆیی سیاسی و لەلایەکی دیکەشەوە ئازادن لە ئیحتیاج و نەبوونی و فەقر و دەست تەنگی.

کاتێک شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو مەسەلەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە نێو تەشکیلاتی حیزب، پاش پەسندکرانی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب، چوومە خزمەتی و پێم گوت ئێستا کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکمان لە کۆنگرەدا پەسند کردووە، واباشە تیئۆریزەشی بکەین بۆ ئەوەی ئێمە کادرەکانی حیزب بتوانین باشتر بیبەینە نێو خەڵک. لە بیرم دێ پێی گوتم تیئوریزەکردنی ناوێ. مەسەلەکە زۆر سادەیە. عەداڵەتت دەوێ یان نا؟ ئازادیت دەوێ یان نا؟ سۆسیالیزمی دێموکراتیک تێکەڵاوێکە لەو دووانە. سیستمێکە کە بتوانێ هەردووکی ئەو دوو ئامانجانە وەدی بێنێ.

لە سەرتاسەری مێژوودا ئازادی و عەداڵەت ئەو دوو ئامانجە گەورەن کە هەمیشە ئینسان لە پێناویاندا خەباتی کردووە. بە سەدان هەزار تێکۆشەر و بگرە بە میلیۆنان کەس لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا، گیانی خۆیان بەخت کردووە. ئیدی ئەمڕۆ ئازادی و عەداڵەت تەنیا هەر وەک ئامانج بە حیساب نایەن، بەڵکوو وەسیلەی دابینکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەتن بۆ ئینسانەکان و کۆمەڵگا ئینسانییەکان.

لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەت و ئازاد لە ترس و ئازاد لە فەقر لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێناسە دەکەن. بۆیە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ باشترین زمانی سیاسی و خاباتگێڕانەی هاوبەشمان دەدەنێ بۆ تێکۆشان لە پێناو ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا.

لە بەیاننـامەی جیهـانی مافەکـانی مرۆڤـدا هـاتووە، کە هەمـوو گەلان و هەمـوو ئینسـانەکان مـافی ئەوەیـان هەیە کە چ لە ئاستی میللی و نیشتیمانیدا و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، تێبکۆشن سیستمێکی سیاسی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی ئەوتـۆ دامەزرێـنن، کە لەوێـدا هەمـوو ئەو مـاف و ئازادییـانە کە لەو بەیاننـامەدا هـاتوون، پیـادە کـرابن بـۆیە خەبـات لە پێناوی دێموکراسیدا ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستانە.

لە سیسـتمێکی دێموکراتیکـدا کـورد هەم سـتەم و سـەرکوت و زەبروزەنگـی سیاسـی و میللـی لەسـەر لادەچـێ و هەم دەرفەتـی لەباریشـی بـۆ پێکـدێ تـا بەکەڵکـوەرگرتنی ئـازادانە لە سـامانە سروشـتی و ئینسـانییەکانی کوردسـتان و نـاوچە، ڕێگـای پەرەسەندنی ئابووری خۆی بدۆزێتەوە و بەوجۆرە کوردستان ببێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە و بازاڕێکی بەرین بـۆ ئـاڵوگۆڕی کـاڵا و هێـزی کـار و خێروبێرەکـانی پەرەسـەندن و پێشکەوتنی ئـابووری و تێکنۆلـۆژی. لەخـۆڕا نییە خەبـات لە ڕێگـای ئـازادی و دێموکراسی و عەدالەتـی کۆمەڵایەتیـدا سـەرلەوحەی کـارو تێکۆشـانی سیاسـی و فەرهەنگی خەبـاتگێڕانی حیـزب و جەوهەری بەرنامەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# حیزبی دێموکرات و شوێنی دین لە کۆمەڵدا



**شوێن و ڕۆڵی دین لە کۆمەڵگادا، بەدرێژایی مێژوو هەمیشە مەسەلەیەکی گرنگ و جێگای باس بووە.**

هەر لەو دەمەوە کە مرۆڤ لە سێزدەهەزارساڵ لەمەوبەرەوە دوای ئەوەیکە فێری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوو واتە توانی دێ و پاشانیش کاتێک پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر توانی شار دروست بکا، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ئینسانییەکان هەمیشە لە دەستی کەسانێکدا بووە کە دەسەڵاتیان هەبووە زۆری لە خەڵکەکە بکەن، یا لەوەش گرنگتر توانای ئەوەیان هەبووە بەسەر بیرو زەینی خەڵکدا زاڵ بن.

پاشان دەرکەوت کە دەسەڵات چونکە دەتوانرێ دەستاودەست بکرێ بە تەنیا بۆ بردنە پێشی ئەومەبەستە بەس نییە. ئەوەی دواتر بە ناوی بڕوا و دین ناسرا لەو بارەوە بایەخی زۆرتری پەیدا کرد و باشتر توانی ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە نۆڕمی دەسەڵاتداری لە هەموو کۆمەڵگا ئینسانییەکاندا بریتی بووە لەوەیکە شا کە دەسەڵاتدار بووە لە هەمان کاتدا ڕێبەری ئایینیش بووە؛ واتە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی هەر یەک بوون. دواتر لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا بەرەبەرە ئەوە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی هەر یەک بن بەرەو بنبەست و کۆتایی خۆی ڕۆیشت و ئەو تیئۆرییە هاتەکایەوە کە ئەو دوو دەسەڵاتە هاوزێی یەکتر بن.

کاتێک ئارییاییەکان لە سێ هەزارساڵ لەمەوبەرەوە لە باشووری ڕووسیە و ئوکراین کۆچیان کردە ئەو ناوچانەی کە ئێستا پێی دەوترێ فەلاتی ئێران، ئێمەی کورد سێ چوارهەزار ساڵ پێش لەوان لەوێ بووین و ئەوانمان لە نێو شارستانیەتی خۆماندا وەرگرتن. دواتر کە ئیمپڕاتۆڕی ماد و هەخامەنشی درووست بوو، ئەو دەسەڵاتە گەورە نەیدەتوانی لە فۆڕمی شا و

کاهیندا درێژە بکێشێ. چونکە لەو ناوچە یان و بەریەندا گەلێک مەزهەب و ئایینی جۆراوجۆر هەبوون و پاشاکان نەیاندەتوانی لە یەک کاتدا هەم پاشا و هەم ڕێبەری ئایینی ئەو هەموو دین و مەزهەبە جۆراوجۆرانەی خەڵکی ئەو ناوچانە بن کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون. ئیتر دەسەڵاتداریەتیی یەکتای ئاسمانی و زەمینی بەرەبەرە بە ناچاری گۆڕدرا بۆ دەسەڵاتداریەتی دوانەیی ئایینی و حکومەتی بەڵام هاوتەراز و هاوپایەخ. بەو جۆرە بیرۆکەی جیایی دین لە دەوڵەت لە مێژوودا چەکەرەی کرد. لە ئیمپراتۆری ڕۆمیشدا کاتێک پێتەختی دەوڵەت لە ڕۆمەوە بۆ کۆنستانتینوپل گوازرایەوە و پاپ لە ڕۆم مایەوە بەرەبەرە کلیسا لە دەوڵەت جیا بوویەوە بەڵام دواتر هەردووکیان لە دەسەڵاتی کلیسادا دیسان یەکیان گرتەوە. هەزاروچوارسەدساڵ لەمەوبەر ئیسلام هات و یەکیەتیی دین و دەوڵەتی لە پێغەمبەردا کۆکردنەوە. دواتریش تا کاتێک چوار خەلیفەی ڕاشدین دەسەڵاتدار بوون، دەسەڵاتی سیاسیی و ئایینی لە یەک جێگادا بوون و لە ڕاستیدا هەریەک بوون بەڵام کاتێک پاشایەتییە سەربەخۆکان لە ناوچەدا سەریان هەڵدا و بە تایبەتی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و کەڵکوەرگرتنی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە قانوونە غەیرە شەرعییەکان، لە کردەوەدا دین و دەوڵەت تەنانەت لە وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا لێک جیابوونەوە؛ واتە تەنانەت تێئۆریزیەنە موسوڵمانەکانیش جیایی دین و دەوڵەتیان لە نەزەریە پەردازی ئیسلامدا تێئۆریزە کرد. ئەو نەزەریە تا چەرخی بیستەم و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی سەلەفی و ئیخوانولموسلمین و وەهابیەت و دواتر سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی کە هەرکامەیان بە جۆرێک بانگەشەی گێڕانەوە و زیندووکردنەوەی حکومەتی پێغەمبەر لە سەدری ئیسلامدا دەکەن، لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا کاری پێدەکرا.

لە ئورووپاشدا دەزانین کە ئەوە کلیسای کاتۆلیک بوو کە سەرەنجام توانی جێگای ئیمپراتۆری ڕۆم بگرێتەوە. ئەو کلیسایە تا سەدەی نۆهەم بە کەڵکوەرگرتن لە لەت لەت بوونی ئیمپراتۆری فرانکەکان و شەڕوململانێ میللی و مەزهەبییەکان توانی بۆ ماوەی شەشسەد ساڵ دەسەڵاتی خۆی ڕابگرێ بەڵام دواتر شەڕە ئایینی و مەزهەبییەکان و بزووتنەوە ڕیفۆڕمخوازەکان و ڕێنسانس بوونە هۆی درووستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکان. ئەوەش کۆتایی بە دەستتێوەردانی دین لە کاروباری دەوڵەتدا هێنا.

ئەو کورتە مێژووە بۆمان دەردەخا کە فاکتۆر و هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا ئینسانییەکان، شوێنەواری کاریگەر و بڕیاردەریان هەیە و زەمینەی جیایی دین لە دەوڵەت پێکدێنن واتە مێژوو ئەوەمان فێردەکا کە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان زەمینەی سێکۆلاریزم پێک دێنن بۆیە سێکۆلاریزم یەکێک لە مەرجەکانی کۆمەڵگایەکی دێموکرات و مۆدێرنە.

ئەوە ئیدی ئەمڕۆ بۆتە قانوونێکی دونیاپەسەند و بە پڕەنسیپێکی سەرەکی دەوڵەتداری و بەڕێوەبەری لە دونیادا دەزانرێ. ئەگەر لێرەولەوێ لە هەندێ گۆشەوکەناری دونیادا، وەک کۆماری ئیسلامی، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە دەسەڵاتی دینی و

سیاسی هێشتاش هەر یەکدەستن و دین و دەوڵەت تێکەڵاون بە کەچڕەوی و لادان لە قاعیدە بە حیساب دێ و هیچ داهاتوویەکی نییە و تەنیا وەک ئەزموونێکی تاڵ دەژمێردرێ و زۆر ناکێشێ کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە لەگەڵ ڕەوتی دونیای هاوچەرخ دەکەوێتەوە.

دێموکراسییەکانی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوادا و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دونیادا، وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا ئینسانییەکان، مۆدێلێکی سەرکەوتوویان وەک سەرمەشق بە هەموو مرۆڤایەتی بەدەستەوە داوە. ئێمەش وەک حیزبێکی دێموکرات و میللی کە دەمانهەوێ میللەتەکەمان بکەینە خاوەنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و هاوچەرخ و ئازاد و ڕزگار، چ لە بەرنامەی سیاسی و چ لە کردەوەدا لە سەرمەشقەکانی دێموکراسی ئیلهام وەردەگرین. وەک حیزبێکی دێموکرات و وەک ئەوە کە دەمانهەوێ بەتەنیا یا لەگەڵ هێزەسیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بەدەستەوە بگرین، دەبێت هەر لە ئێستاوە پابەندبوونی خۆمان بە عورفیگەرایی و تێگەیشتنی خۆمان بۆ خۆمان و بۆ هەموو لایەک لەو چەمکە نیشان بدەین.

ڕاستە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە بەڵام زەمینەی جیایی دین لە دەوڵەت و حکومەت لە کوردستاندا ئامادەیە. ئەزموونی نەک هەر شکستخواردوو بەڵکوو کارەساتخوڵقێنی کۆماری ئیسلامی، هیچ ئیعتیبارێکی بۆ حکومەتی دینی لە هیچ کوێ نەهێشتۆتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە پایە فکری و تیئۆریکییەکانی زەرورەتی جیایی دین لە دەوڵەت لەلایەن فەیلەسوفە ئورووپایی و شەرقی و تەنانەت موسوڵمانەکانیشەوە لەمێژە گەڵاڵە کراون و لەوبارەوە ئەدەبیاتێکی زۆر و دەوڵەمەندمان لە بەردەستدایە کە دەبێت لە پەروەردە و فێرکردندا کەڵکی لێوەرگرین.

کوردستان هەرگیز جوغرافیای سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی ئایینی و مەزهەبی نەبووە. کوردستان و کۆمەڵگای کوردستان بۆ بە عورفی بوون ئامادەن و حیزبی ئێمە لە پێش هەمووان و باقی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لەو بارەوە دەست وێکدەن و کاری جیددی و بەرپرسانە بکەن. لەو نێوەدا چەند مەسەلەی گرنگ هەن کە دەبێ وەبەرچاوبگیرێن:

یەکەم ئەوە ئێمە نابێت تێکۆشین دین و مەزهەب بکەینە وەسیلەی بردنەپێشی مەبەستە سیاسییەکانی خۆمان. ئەوە لە لایەک لەگەڵ بەرپرسایەتی و گەورەیی و میللی بوونی حیزبی دێموکرات نایەتەوە و لە لایەکی دیکەش ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوانەی دەیانهەوێ لە سیاسەتدا لە دین کەڵکی خۆیان وەرگرن، ئەوە سەرەنجام دینە کە ئەوان دەخاتە

خزمەتی خۆی و کەڵکی خۆیانی لێوەردەگرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە لە کوردستاندا گەلێک دین و مەزهەب و تەریقەت و فیرقەی جۆراوجۆر هەن و هەمووشیان پەیڕەوانی خۆیانیان هەیە و حیزبی ئێمە وەک ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان، دەبێ ئەو دین و مەزهەبانە و پێڕەوەکانیان بە یەک چاو تەماشا کات و بایەخی وەک یەکیان پێ بدا.

عورفیگەرایی لە تێگەیشتنی حیزبی ئێمەدا، بەمانای سێکۆلاریزمە. ئێمە دژی هیچ دین و مەزهەبێک نین و لە هەمان کاتیشدا حیزبێکی ئایینی و مەزهەبیش نین. پەیڕەوانی هەموو دین و مەزهەبەکان ئەگەر بەرنامەی سیاسی حیزبیان قبووڵ بێ دەتوانن لە حیزبی ئێمەدا تێکۆشانی سیاسییان هەبێ و لە تەشکیلاتی حیزبدا بڕۆنە پێش. جا ئەوە چ موسوڵمان بن یا مەسیحی، بودایی، کەلیمی، شیعە، سوونی، یارسان یا پەیڕەوی هەر دین و مەزهەبێکی دیکە لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. جگە لەوە بەجێهێنانی فەرائیزی دینی و مەزهەبیش لە ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا پێویستە وەک شتێکی ئاسایی تەماشای بکرێ و وەربگیرێ و وەک شتێکی فەرهەنگی و کولتوری سەیری بکەین.

ئێمە کە دەڵێین عورفیگەرایین مەبەستمان ئەوە نییە کە دین و مەزهەب لە نێو میللەتەکەمان و لە نێوکۆمەڵگای کوردستان لە ڕیشە هەڵکێشین. ڕاست بە پێچەوانەوە دەمانهەوێت دین و مەزهەب شوێنی شایستەی خۆی بدرێتێ و ئەو کار و ئەرکە بەڕێوەبەرێ کە ڕیسالەتی خۆیەتی. دین لە ئەساسدا سەروکاری لەگەڵ ئەخلاقیات و ویژدانیات هەیە هەر بۆیە کارکردەکەشی پێویستە لەو بوارەدا بمێنێتەوە و ئالودەی کاروباری دەوڵەتی و ئیدارەکردنی کاروباری عموومی نەکرێت کەواتە ئێمە نامانهەوێ دین و مەزهەب لە ویژدانی کۆمەڵگای کوردستان و میللەتەکەمان بەرینە دەر. دەمانهەوێ تەقەدوس لە ئیدارەکردنی کۆمەڵ و دەوڵەتداریدا بەرینە دەرێ. نەک دەوڵەت، بەڵکوو هیچ کەس و حیزب و لایەنێک مافی دەستێوەردان لە ویژدان و ئیعتیقاداتی خەڵکیدا نییە.

لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتووە کە هەموو کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەڕێوە دەچن واتە ئازادی دین و مەزهەب لە بەرنامەی سیاسی حیزبی ئێمەدا دەستەبەرکراوە. ئێمە بە مەسئولیەتەوە ئەوەمان لە بەرنامەی سیاسی خۆماندا گونجاندووە. جەوهەری عورفیگەرایی لە تێگەیشتنی حیزبی ئێمەدا ڕەواداریی لیبراڵ و تۆلێرانسە کە پایەیەکی دێموکراسییە و بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات پرەنسیپە. لیبراڵیزمی سیاسی، دین وەک سیستمێکی ئەخلاقی و ئەو بایەخە گرنگانە تەماشا دەکا کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئینسانییەتی ئینسانەکان پێویستن.

هەموو دینەکان و تەنانەت ئیسلامیش هەمیشە خۆیان لەگەڵ وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان گونجاندووە. ئەمڕۆ

تەنانەت لە مەککە و مەدینەشدا ئاسان نییە وەک ڕابردوو دەستی خەڵک بپەڕێنی یا قەساس بکەی. مامۆستاکانی زانکۆی ئەستەمبوڵ دەڵێن کاتی خۆی کە ئیسلام مەنعی کردووە ژن بەتەنیا سەفەر بکا لە بەر ئەوە بووە کە ڕێگاکان نائەمن بوون. ئێستا کە ڕێگا و وەسیلەکانی سەفەر ئەمینن ئەو مەنعە ئیدی دەبێ هەڵگیرێ. مەبەست ئەوەیە بڵێین مۆدێرنیتە و دێموکراسی و عورفیگەرایی مەیدان بۆ دین و مەزهەب خۆش دەکەن تا بایەخە ئەخلاقی و ویژدانییەکان پەرە پێبدەن و ئەرکی مەعنەوی و ڕیسالەتی خۆیان بەجێ بێنن. مەبەست ئەوەیە بڵێین ئێمە دەبێ لە سیاسەت و کردەوەدا بە خەڵکی خۆمان ڕابگەیەنین کە مەبەستی ئێمە لە سێکۆلاریزم ئەوە نییە دین لە کۆمەڵدا ڕیشەکێش کەین بەڵکوو دەمانهەوەی تەقەدووس لە کاروباری دەوڵەتی و ئیدارەکردنی کۆمەڵگادا دوورخەینەوە. ئەزموونی چاخەکانی نێوەڕاستی ئورووپا و مێژووی ئیسلام و تاقیکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لەوبارەوە قەڵایەکی پتەون کە ئەو سیاسەتە درووستەی حیزبی دێموکرات پاڵی ویداون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە




لە دونیای ئەمڕۆدا تێکڕای حەشیمەتی سەر ڕووی زەوی، بەو هەموو زمان و کولتوور و دین و مەزهەبە جۆرواجۆرانەوە کە هەیانە، لە چواچێوەی دەوڵەتەکاندا دەژین. بەردی بناخەی سیستمی نێونەتەوەیی لەسەر ئەوە دانراوە کە دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی سیاسی لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا و لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەپێی قانوون و عورفی نێونەتەوەیی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆی دابین و دەستەبەر بکا.

ئەوە فەلسەفەی دروستبوونی دەوڵەتی میللییە و مەشروعیەت بە حاکمیەتی سیاسی دەوڵەت دەدا. هاووڵاتیان بۆ کەڵکوەرگرتن لەو ماف و ئازادییانەی کە مرۆڤایەتی هاوچەرخ پێیان ڕەوا دەبینێ، لە پێش هەر شتێکدا پەنا بۆ دەستوری وڵاتەکەیان و باقی ئەو یاسا و قانوونانە دەبەن کە لە سیستمی سیاسی و قەزایی وڵاتەکەیاندا جێیان بۆ کراوەتەوە.

ئەگەر دەستور یان قانوونی ئەساسی و سیستمی قەزایی وڵات نەیتوانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دابین بکا، یا حاشای لەو ماف و ئازادییانە کرد، یا لە کاتی پێشێلکرانی ئەو ماف و ئازادییانەدا، ئەوانی بێ دیفاع هێشتنەوە و دادی نەپرسین، هاووڵاتیان هاوار و پەنا بۆ پەیماننامە و کۆنڤانسیۆن و باقی ئەو ئەنستیتۆ و دامەزراوانە دەبەن کە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا ئەرکی بەرگری لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەمایەتی و گەلانی چەوساوە و خەڵکە بوومییەکانیان بە ئەستۆوەیە.

ئەو نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتی میللی و حاکمیەتی سیاسی و حکومەتی تایبەت بە خۆیان نییە، بە

کەڵکوەرگرتن لە زمانی مافەکانی مرۆڤ و ئەدەبیاتی یاسای نێونەتەوەیی، تێدەکۆشن دەنگی مەزڵومیەتی خۆیان بە دونیا بگەیەنن. لەوەش زیاتر ئەوان خەبات دەکەن تا دەسەڵات و حاکمیەتی سیاسی و حکومەتی تایبەت بەخۆیان لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان دابمەزرێنن تا بتوانن ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، کە لە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا بە ڕەسمی ناسراون، بۆ خەڵکی خۆیان دابین و دەستەبەر بکەن.

بەو پێیە یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ نەک هەر ئیلهام بە بزووتنەوەی میللی و نیشتیمانی گەلانی چەساوە دەبەخشێ، بەڵکوو ئەو بزووتنەوانە تەشویقیش دەکات. لە کاتی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، واتە لە ساڵی ١٩٤٨دا، ژمارەی دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ٥٦ دەوڵەت بوو. ئێستا ٧٠ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە مێژووییە، ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بەرانبەر زیادی کردووە و گەیشتۆتە ١٩٦وڵات. دیارە ئەو ژمارەیە هەروا لە زیادبونیشدایە .

ئەوە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، نەک هەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی بندەست تەشویق دەکەن، بەڵکوو لە ڕاستیدا سەرچاوەی ئیلهامیشن بۆ بردنە پێشی خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە پێناو وەدەستهێنان و دابین و دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوسی دەستەجەمعی خۆیان بەدەستی خۆیان.

لە ڕاستیدا گەلانی ژێرچەپۆکەی ئیستیعمار و میللەتانی چەوساوەی دیکە لە سەر ئەو بڕوایەن کە باشترین و درووستترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان، بریتییە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و حکومی و حەقی حاکمیەتی میللی و دامەزراندنی دەوڵەتی میللیی تایبەت بەخۆیان. ئەزمونی ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەت و حکومەتی میللەتانی دیکەدا، ئەوانی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتداریەتی و حکومەتی گەلان و میللەتانی دیکەدا، ئەوان هەرگیز ناتوانن بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆیان بگەن.

یاسای نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، گەلێک ڕێگا و ئاڵتێرناتیوی دەستنیشان کردوون. وەک حکومەتی مەحەللی، ئۆتۆنۆمی، فیدڕالیزمی ناوچەیی و نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی نێوخۆیی و شەریکایەتی عادڵانە و بەرانبەر لە قودرەت و حاکمیەتی سیاسیدا.

ئەگەر دەوڵەتێک ئامادە نەبێت لە دەستووری خۆیدا ئەو داخوازە ڕەوایانەی گەلانی ژێرچەپۆکە و چەوساوەی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی دەستەبەربکات، ئەوە ڕێگا بۆ ئەو گەلانە خۆش دەکات کە لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو یەکە

سیاسییەدا بۆ دابینکردنی مافی چارەنوسی خۆیان بگەڕێن. ئەوەش یا لە ڕێگای سیاسی و دیالۆگەوە یا لە ڕێگای شەڕ و خەباتێکی خوێناوی و بێ ئامان و توندوتیژەوە مەیسەر دەبێت.

لە ڕاستیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس و وەدەسهێنانی حەقی حاکمیەتی میللی یا شەراکەتی عادڵانە لە حاکمیەت و حکومەتدا، تەنیا زەرفێکن کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانیان تێدا دابین دەبێت. سەدان ساڵ جولەکەکان لە سەرتاسەری دونیادا پەرت و بڵاو بوون. لە هیچ وڵاتێکدا وەک هاووڵاتی ڕەفتاریان لەگەڵ نەدەکرا و تەنانەت لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بە میلیۆن کەسیان لێ قەتڵوعام کرا بۆیە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراند و ئەوەتا بە هەموو وجودیانەوە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە تێدەکۆشن.

لە دونیای ئەمڕۆدا گەلانی بێ دەوڵەت و ژێرچەپۆکە، کەمایەتییە نەتەوەیی و کولتوری و مەزهەبی و ئیتنیکییەکان و کەسانی چەوساوە و مەینەتبەش لە هەرکەس و دەستە و تاقم و گروپێکی دیکە زیاتر پێویستییان بەو حیمایەت و پارێزگارییە نێونەتەوەییە هەیە کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان دەستەبەریان دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە لەبەرچاوگرتن و هەڵسەنگاندنی وەزعی سیاسی ئێران و ئاستی ئێستای بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ناوچەکەدا، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، هەموو داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەکرێ دابین و دەستەبەر بکرێن. بەو مەرجەی لە دەستور و قانونی ئەساسی ئێراندا حەقی شەراکەتی سیاسی لە حاکمیەتی سەرتاسەری و حەقی حکومەتی خۆجێی و نیشتیمانیی بۆ گەلی کورد، بە شێوەی خودموختاری یا فیدرالیزم دەستەبەر بکرێت. ئەو داخوازە سیاسییە واقعبینانە و مەسئولانەیە. لە ڕوانگەی قانوونی نێونەتەوەییەوە مەشروعە و دەکرێ لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا پشتیوانیی و هاوپێوەندیی لەگەڵ نیشان بدرێ. لە ئێرانی فرەگەل و نەتەوەشدا ئاسانتر ئیمکانی وەدیهاتن و دەستەبەربونی هەیە. لەوەش زیاتر دەزانین کە یەکێک لە فاکتۆرەکانی دێموکراتیزەکردن و دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی مەرکەزیش لە ئێراندا بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و حاکمیەت لە نێو ئەو گەلانەی کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدان. ئەوەش دەتوانێ پشتیوانی بۆرژوازی میللی ئێرانی ، ئەگەر بەراستی خوازیاری دێموکراسی و سێکۆلاریزم و وەلانانی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی بێت، بۆ لای ئەو ڕاستییە مۆبیلیزە بکات کە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، بەشێکە لە خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێراندا.

حیزبی دێموکرات هەر لەو کاتەدا بڕوای قوڵیشی بەوەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەشێکە لە نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی بێ ڕەزامەندیی خۆی بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە. ڕەنگە لە نێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا هەبن کە

پێیان وابێ یەکگرتنەوەی کوردستان لە چوارچێوەی واحیدێکی سیاسی گەورەی یەکگرتوودا، باشترین ئالتێرناتیوە بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان.

لایەنگرانی ئەو بۆچوونەش حەقی خۆیانە، خۆیان لە چوارچێوەی حیزبێکی دیکەدا ڕێکخەن و بۆ بردنەپێشی ئەو ئامانجە خەبات بکەن بەڵام هێرش کردنە سەر ئامانج و سیاسەت و ستراتیژییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەساسدا نەک هەر بە خەبات لەو ڕێگایەدا بە حیساب نایە، بەڵکوو ڕاست بنکۆڵکردنی مەشروعیەتی ئەو خەبات و تێکۆشانەیە کە بە دەیان هەزار کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات ئەوە حەفتاو پێنج ساڵە بە مایەدانان لە گیان و سەروماڵیان، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بێوچان بەڕێوەی دەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٠



سەرچاوە Serchawe

## چەند پرسیار و وەڵامێک لە سەر پرسی یەکگرتنەوە لە بەرێز و تێکۆشەر هاوڕێ کاک برایم لاجانی



### یەکگرتنەوە: لاپەڕەی زێڕینی کارنامەی کاری حیزبی و تەشکیلاتیمانە لەو دەساڵەی دووایی دا!

**لوقمان باختە**

**لوقمان باختە**: چۆن یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات هەڵدەسەنگێنی؟

**برایم لاجانی**: یەکگرتنەوەی حیزب و ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب، بەسەرکەوتنێکی گەورەی کاری تەشکیلاتی و حیزبیمان دادەنرێ .یەکگرتنەوە نیشانی دا کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەی لەسەریەتی، سەرەڕای ئەو هەموو زەبرە قورسانەی وێی کەوتوون، سەرەڕای ئەو هەموو کەندوکۆسپانەی لەسەر ڕێگای کار و تێکۆشانی دان، هێشتاش توانا و زەرفیەتی ئەوەی تێدایە بە ڕێگای ڕاستی خۆیدا بڕواتەپێش، توانای ئەوەی تێدایە بەسەر گیروگرفتەکانی نێوخۆی دا زاڵ بێ و ڕۆژ بەڕۆژ لەباری سیاسی و فکریەوە دەوڵەمەنتر بێ و بە پوختەیی زۆرتر بگات. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات لە بنەڕەتدا حیزبێکی گەلی و جەماوەریەو هێز و تواناکنی خۆی لە میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان وەردەگرێ.

**لوقمان باختە**: دەکرێ ئەو مەسەلەیە پتر ڕوون کەیەوە؟

**برایم لاجانی**: یەکگرتنەوە وەڵام دانەوەیە بە بانگەوازی زەمان. وەڵام دانەوەیە بەو پاڵەپەستۆ و فشارەی لەلایەن بیروڕای

گشتیی خەڵکی کوردستان و بەدەنەو جەماوەری حیزب لە پێوەندیی دەگەڵ پڕشوبڵاوی ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا خرابووە سەر ڕێبەرایەتیی حیزب و جوڵانەوەی میللەتەکەمان.

ئاخر ئێمە لە هەلومەرجێکدا دەژین کە دونیای دیجیتاڵ و ڕاگەیەنە گشتی و کۆمەڵایەتیەکان هەموو جیهان و کوردستان و خەڵکیان لێک گرێ داوە. ئەوەش هێزوتوانایەکی لە ڕادەبەدەری بەخەڵک و میللەت و بەدەنەی حیزب و ئەندامانی حیزب بەخشیوە. ئیدی سەردەمی ئەوە بەسەرچووە لە تاریکخانەی شانەی حیزبی و هەستەی حیزبی و تەشکیلاتدا مەسەلە حیزبی و سیاسیەکان تاوتوێ بکەی و بڕیاریان لەسەر بدەی. حیزب و ڕێبەرایەتیەکەی ناتوانن گرنگی و بایەخ بە بیروبۆچوونی بەدەنەی حیزب نەدەن و لەبەرانبەر بیروڕای گشتیدا بێ تەفاوت بن. سیاسەت و حیزب و ڕەوتێک کە هەست بە فشاری بیروڕای گشتی لەسەر خۆی نەکا، دەبێتە ڕەوتێکی بێ ڕەبت و جیا لە کۆمەڵانی خەڵک. ئەودەمیش دەبێتە فیرقەیەکی مەزهەبی یا ڕەوتێکی سکتاریستی دوورە پەرێز.

**لوقمان باختە**: مەبەستتان ئەوەیە کە حیزبی ئێمەش وەک بەشێک لە خەڵکی کوردستان لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان و ئاڵووگۆڕەکاندایە؟

**برایم لاجانی**: بەڵێ ڕاست مەبەستم ئەوەیە. نەوەی نوێی کوردستان و حیزبی ئێمەش، وەک هەموو خەڵکی دونیا، لەبەر ڕووناکایی دەسکەوتە زانستی و پێشکەتنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکاندا، لێکدانەوەی تازە بۆ وەزعی خۆیان و خەباتی میللەتی خۆیان دەکەن ، لە بەر ڕووناکایی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و زانستیەکاندا لێکدانەوە بۆ مەسەلەو بابەتە جۆراوجۆرەکان دەکەن، ڕادەمێنن و چاو بە شتەکاندا دەخشێننەوە و سەرلەنوێ خۆیان و دەورووبەریان هەڵدەسەنگێنن.

جەوهەری مۆدێرنیتە هەر ئەوەیە. یانی توانای ئەوەت هەبێ لە خۆت و لە موقەدەساتی خۆت وەدوورکەوی و لە دورەوەڕا تەماشای خۆت و پیرۆزیەکانت بکەی. یانی ئازایەتی ئەوەت تێدا پەیدا بێت پرسیار بکەی، ڕەخنە بگری و بتەکانی خۆت بشکێنی.

لە ژیانی شەخسی و میللی و حیزبیمان دا جاری وایە دەگەینە جێگایەک کە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی کردوومانە، ئەوەی بڕوامان پێی بووە، ئەوەی بە دروستمان زانیوە، هەڵەبووە، ناراست بووە، یا درووست نەبووە. ئەوە پێی دەگوترێ نوختە گۆڕان. لە کۆنتێکستی حێزب و خەباتی ئێمەدا، ئەو یەکگرتنەوەیە لە ژیانی حیزبی و تەشکیلاتی و سیاسی ئێمەدا بەو نوختە گۆڕانە دادەنرێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە فەزای سیاسی و حیزبایەتی و کاری ڕووناکبیریی لە کوردستانی ئێران دا

بەرەوە سالمسازی دەڕوات. خەریکە فێردەبین عەقڵ و مەنتق دێنینە نێوکاری سیاسی و حیزبایەتی. بە واتایەکی دیکە فێردەبین خێری گشتی کە ئامانجی کاری سیاسیە دەخەینە پێش تێبینیە شەخسی و حیزبیەکان. یانی حەقیقەت و خێری گشتی بخەینە پێش و سەرووی تێبینیەکانی دیکە. ئەوە ئەو قۆناخەیە کە فێر دەبین سیاسەت و حیزبایەتی لە ئیحساسات و هەست و سۆز و ڕق و کینە پاک کەینەوە.

**لوقمان باختە**: باست لە نوختە گۆڕان کرد، ئەوە چەند ساڵە ئەو مەسەلەیە لە گۆڕێ دایە. بۆ ڕاست لەو هەلومەرجەدا ئەو گۆرانکاریە روودەدا؟

**برایم لاجانی**: دیکارت کە بانگی لەخەوڕابوونی ئورروپای دا دەڵێ بیردەکەمەوە بۆیە هەم. ئەو ڕەوتە ئاکامی بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژە. ئاکامی بیرکردنەوەی ڕێبەری و بەدەنەی حیزبە. ئاکامی خۆهەڵسەنگاندنەوەی ڕێبەری و حیزبە بەگشتی. بۆ یە ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و تەشکیلاتیمانە و هەموومان شانازی ئەوەمان هەیە تێیدا بەشدار بووینە. هەموومان بەشمان پێی وەیەتی. بە تایبەت لەبەر ئەوەی لە نێو تەشکیلاتی خۆمان و لەنێو مقەڕەکانی خۆمان و لەنێو کۆڕوکۆبوونەوەکانی خۆماندا ئەو کارەمان دەست پێکرد و بە سەرەنجاممان گەیاند. بۆ یە دەبێ هەزار ئافەرین بەخۆمان و بە ڕێبەریمان بڵێین.

ئاخر وەک باسم کرد لە کاری حیزبی و سیاسیدا دەبێ هەمیشە چاومان لە وێنە گشتیەکەبێت. نابێ چاو لە وێنە گشتیەکە وەرگێڕین .ڕاستە دەبێ بایەخ بە وردەکاریەکانیش بدەین، بەڵام دەبێ فێربین شتە بچکۆلەکان و وردەکاریەکانیش هەر لە چوارچێوەی وێنە گەورەکەدا ببینین و هەڵسەنگێنین. ئەو کارە حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان بەهێز دەکات، هەر بۆیە کارێکی درووستە. بەڵام دەبێ لە دەستەوتێکی تەشکیلاتیەوە بیکەینە سەرکەوتنیکی سیاسیش.

دەکرێ و ڕەوایە ڕەخنە لە حیزب و ڕێبەریی خۆمان بگرین، بەڵام قەت نابێت وێنە گەورەکە ونکەین. واتە دەبێ هەمیشە ئامانجە بنەڕەتیەکانی میللەتەکەمانمان لەبەر چاوبێ و بەدوای وەدیهێنانی ئەوانەوە بین. ئەگەر خۆمان بەرانبەر خۆمان نەوەستین و ئینێرژیەکانمان بە فیرۆ نەدەیەن، زوو دەتوانین لە ڕەوتی خەباتدا کەمووکوڕیەکانمان چارەسەر بکەین. ئەوەندە بەسە تەماشای میللەتەکەمان بکەین و بزانین ئەوان لە چ هەلومەجێکدا خەبات دەبەنە پێش. ئەگەر ئیلهام لەوان واتە لە میللەتەکەمان وەرگرین، بەسەر کەمووکوڕیەکانی خۆشماندا زاڵ بین.

پێم وایە پرسیت بۆ ڕاست لەو هەلومەرجەدا ئەو ئاڵوگۆڕە روودەدا؟



سەرچاوە Serchawe

نوختە گۆڕان قەت لە پڕ ڕوونادات. نوختە گۆڕان ئاکامی گەلێک ئاڵوگۆڕی بچووک و گەورەیە کە بەرەبەرە لەسەر یەک یەک کەڵەکە دەبن و لە نوختەیەکدا دەبنە ئاڵووگۆڕ. ویرۆس ئاوایە بەرە بەرە زاوزێ دەکات و لە کەسێکەوە بۆ کەسانی دیکە دەڕواو پاشان بڵاو دەبێتەوە و لەپڕ دەبێتە ئەپێ دیمی و دەست دەکات بە تەنینەوە.

ئەوەش هەروایە لەو چەندساڵەی دواییدا ئاڵوگۆڕێکی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەو لە کوردسیاندا ڕوویانداوە. ئەو ئاڵووگۆڕانە کاریگەری خۆشیان لەسەر حیزب و تەشکیلاتەکەی هەبووە. شوێنەواریان لەسەر سیاسەتی کوردی و حیزبی کوردیش هەبووە. هەموو تێگەیوین کە سیاسەت و حیزبایەتیش لە کوردستان پێویستی بە خوێندنەوەی تازە و میتۆدی تازە و بیرکردنەوەی تازە هەیە.

**لوقمان باختە:** سەبارەت بە میکانیزمەکانی یەکگرتنەوە قسەت چیە؟

**برایم لاجانی:** بزووتنەوەی کورد بەگشتی و حیزبی ئێمە کە ماتۆری ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی گەلی و میللی و دێموکڕاتیکە، بزووتنەوەیەکی جەماوەریە. بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری چەند دەنگی و پلۆڕال و فرە ڕەنگە. ئاخر هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارن و بزووتنەوەی هەمووشیانە. حیزبی دێموکرات شتێک نیە جیا مەخرەجی هەرەگەورەی هاوبەشی ئەو هێزو توانایانەی لە نێو بزووتنەوەکەدان. حیزبی دێموکراتی هەمیشە وەک چەترێکی هاوبەش بووە، هەموو مێژووی حیزبی دێموکرات حکایەت لەو ڕاستیەدەکات. هەموو ئەو دەنگانە، هەموو ئەو بیروبۆچوونانە، هەموو ئەو فەرهەنگ و وردەفەرهەنگانەی لە نێو کورد و بزووتنەوەدا هەن لە حیزبی دێموکراتیشدا جێگایان دەبێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "فۆڕمۆڵ"ی ئەو ڕاستیە تەشکیلاتیە یە. لە حیزبی ئێمەدا دەبێ هەمیشە ڕێگای جیابیری و موخالەفەت و ڕەخنەو پرسیار هەبێت .لە حیزبی دێموکراتدا هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بکەن و لەو ڕێگایەدا مایە لەخۆیان و سەر و ماڵ و گیرفانیان دادەنێن جێگایان دەبێتەوە.

**لوقمان باختە:** ڕۆڵی ڕێبەریی لەو یەکگرتنەودا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**برایم لاجانی:** وەک باسمان کرد حیزبی دێموکڕات حیزبێکی جەماوەریە. حیزبێکیش کە ناسنامەیەکی جەماوەری هەیە، هەمیشە هەر جەماوەری دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی پوختەبوونی حیزب بەگشتیە، نیشانەی پوختەبوونی ڕێبەریی حیزبیشە. بە جۆرێک کە ئەو ڕێبەریە ئێستا بۆخۆی بۆتە ئاڵاهەڵگری ئەو سالمسازیە لە حیزبی ئێمەدا. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە ئاکامی بە سەرنجام گەیشتینی دیالۆگی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبە، دەبێ بزانین کە ڕێبەریمان خۆیان ڕاهێنەری و مامۆستای ئەو وەرزشە دەستەجەمعیەمان بوونە.

ئەوە ئاکامی ئەو پرسیارانەیە کە لە حیزب و تەشکیلات و لە نێوخەڵکدا لەگۆڕێدابوون. حیزبی دێموکرات بۆ وای لێهات، چۆن دەتوانین لەو بنبەستە دەرچین، چۆن دەکرێ حیزبەکەمان بەهێز کەینەوە، چۆن دەتوانین کاراو کاریگەر بین؟ چبکەین؟ چمان لەدەست دێ؟ چ لە توانای خۆمان دایە. دەبێ بگوترێ کە ئەوە هەر پرسیاری خەڵک و بەدەنە نەبوون، پرسیار و خەمی ڕێبەری حیزبیش بوون .بۆیە ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی وەهۆشهاتنەوەی دەستەجەمعی و تەشکیتلاتیمانە، وەهۆشهاتنەوەی ڕێبەری و بەدەنەیە پێکەوە.

**لوقمان باختە**: چ دەرسێک دەبێ لەو ڕووداوانە فێربین؟

**برایم لاجانی**: ئەو جیابوونەوەیە سیاچاڵەیەک بوو کە هەموو ئینێرژی ئێمەی هەڵلووشیە نێوخۆی. چاردەساڵ هەموو تواناکانی ئێمەی سەرفی ململانێ و بەربەرەکانی دەگەڵ یەکتری کرد. بەڵام لەهەمان کاتدا دەگەڵ نهیلیزمی خۆشمان ئاشنای کردین. بەو مانایەی کە هەموومان سەرمان وەبەردی ڕەقی ئاکامی کار و کردوەکانی خۆمان و شێوە بیرکردنەوەی خۆمان کەوت. ئەوەش هانی داین لە خەوی قوڵی خۆ بەحەقزانی ڕاپەڕین و دەستبکەین بە وەرزشێکی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی بۆ خۆتەکاندن و هەستانەوە و چوونە پێش. فێربووین کە جێگای هۆ و هۆکار واتە عیللەت و مەعلوول و جێگای فاکتۆرەکان و ڕووداوەکان تێکەڵ نەکەین.

ئەودەرسەی کە دەبێ فێری بین ئەوەیە کە لە حیزبێکی دێموکرات و جەماوەری گەورەی وەک حیزبی دێموکراتدا کە خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی ئیلیتی حیزبی هیچ کات ناتوانێ دەست بەسەر دامەزراوە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی حیزب دا بگرێ.دەستووری حیزب و قانوونی ئەساسی حیزب پێویستە وەبەرچاوبگیرێ و بۆ هەمووان وەک یەک بێت.

حیزبی دێموکرات کاکڵ یا هەستەیەکی سەختی هەیە کە هەمیشە و لەهەر هەلومەرجێکدا ئەو هەستە ئەسڵیە حیزب لە بەرانبەر کارەسات و قەیرانەکان دا دەپارێزێ. ئەو هەستە ئەسڵیە هێندە بە هێز و ڕەسەنە جاری وایە ئیلیتی حیزبیش دەباتە پێش و شانازی و سەربڵندییان بە نسیب دەکات. ئەوە کە بەدەنە و ڕێبەری حیزب لەحاڵی خۆپالاوتنی سیاسی و فەرهەنگی دان، لە باری سیاسی و ئەخلاقیەوە خۆیان هەڵدەسەنگێننەوە، نیشانەی ئەوەیە هەموومان هێمن گوتەنی بەرەو بەرزی واتە ئێکسیلینس و تەعالی دەڕۆین. خەریکین لە زەرورەتێک کە هاتنەدەری حیزبە لەو وەزعەی تێیدایە، فەزیلەت درووست دەکەین. فەزیلەتێک کە لەلایەن هەموومانەوە بە شتێکی پێویست دادەنرێ و هەستی پێدەکرێ.

هەموو تێگەیووین کە سودێک لە جێگۆڕکێی ئیلیتی حیزبی و تەشکیلاتیدا نیە. دەبێ ئاڵوگۆڕ لە مەتن و زەمینەو میتۆدەکانی کاری سیاسی و حیزبیمان دا پێک بێت. ئەگەر بتوانین ئەو دەرسە چاک فێربین خزمەتێکی زۆرمان بە حیزب و تەشکیلاتی

حیزب کردوە. ئەو یەک گرتنەوە لاپەڕەی زێڕێنی کاری حیزبی و تەشکیلاتی ئەو چەند ساڵانەی دواییمانە.

**لوقمان باختە: بەدەنەی حیزب بەگشتی و تێکۆشەرانی قەدیمی حیزب لەو پێوەندیەدا چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟**

**برایم لاجانی**: جاری وایە وەزعێک دێتە پێش کە هەموو هەست دەکەین ئاڵوگۆڕ هەم پێویستەو هەم ئیمکانیشی هەیە. جا لە وەختی ئاوادا هەمووومان وەک مەئموریەت تەماشای ژیانی خۆمان دەکەین. واتە ژیانی خۆمان بۆ بردنەپێشی ئەو پەیام و ریسالەتە تەرخان دەکەین کە پێمان وایە کەوتۆتە سەرشانمان. ئەوە ڕاست ئەو وەزعەیە کە بۆ ئێمە تێکۆشەرانی حیزب هاتۆتەپێش، دەبێ هەرکاممان تێکۆشین قازانج و بەرژەوەندیەکانی حیزب و میللەتەکەمان بەرینە پێش، لەو ڕێگایەوەیە بۆخۆشمان بە گەورەیی و سەروەری و سەرفرازی دەگەین. واتە قازانجی گشتی و خێری گشتی بخەینە ریزی پێشەوەی هەموو تێبینیەکانی دیکە. ئاڵمان و چین و ژاپۆن لەو بوارەدا دەتوانن سەرمەشقی ئێمە بن. ئاڵمانیەکان لە چاو خشاندنەوە بە خۆیان و رابردووی خۆیان و بەهاو نرخ و بایەخەکانیاندا ئازا و نەترسن. چین چاویان بە ئایینی ئۆرتۆدۆکسی خۆیان دا گێرایەوە، واتە مارکسیسم و مائۆئیسزمیان وەلانان و دەرگای دونیایان بەرووی خۆیان دا بۆ پێشکەوتن کردەوە.

ئێمەش تێکۆشەرانی حیزب لەسەرمانە بە ڕابردووی خۆمان و مێژوومان و بزووتنەوەکەماندا بچینەوە و سەرلەنوێ خۆمان هەڵسەنگێنینەوە. دەبێ ئامادەیی و ئازایەتی ئەوەمان تێدا بێت قاوغە کۆنەکان بشکێنین ، ئاسۆ دوورەکان ببینین و جۆرێکی دیکە تەماشای دوونیا بکەین.

تواناو زەرفیەتی حیزبی ئێمە زۆر لەوەش زیاتر و گەورەتریشە. با هەلومەرجێک درووست کەین لەو توان و هیزەی هەمانە بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین. تێکۆشەرانی حیزب بەگشتی و بەتایبەتی پێشمەرگە قەدیمیەکان، ئەرکی سەرشانیانە ببنە ماتۆڕی بردنەپێشی ئەو پرۆژە حیزبی و تەشکیلاتیە کە ئێستا کەوتۆتە دەستووری کاری حیزبی و تەشکیلاتیمان. دەبێ ببنە کۆئەندامی هەرس واتە جیهازی هەزمی ئەو یەکگرتنەوەیە، ورد وردی بکەن و بە شادەمارەکانی حیزبدا بیگەیەننە سەرجەم بەشە جۆراوجۆرەکانی لەشی حیزب.واتە ئینترنالیسێرەی بکەن. ڤیتەڕان لە حیزبی مەدا، پێشکسووت لە حیزبی مەدا ئێستا ئەرکی ئەوەیە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو یەکگرتنەوەیە بکاتە مەئموریەتی ژیانی خۆی. لە باری حیزبی و ئەخلاقیەوە ئەوە ریسالەتی ئێمەیە. با تێکۆشین ئەو ڕۆڵەی خۆمان بە بەباشی بەرێوەبەرین. ئەوە مەیدانی سەرهەڵدان و گەشەی بێمایەییش لە تەشکیلاتدا واتە mediocrity کەم دەکاتەوە.

ئایندەی خەباتی ئێمە و حیزب و بزووتنەوەی ئێمە زۆر ڕوونە، ئەو یەکگرتنەوە سەرەتای چوونەدەری ئێمەیە لەو توونێلەی تێیکەوتبووین. ئەو قسانەم لە ئارەزووپەروەریەوە واتە good wishing ەوە سەرچاوە ناگرن، لە خۆشبینیشەوە واتە

لە ئۆپێییمیزمیشەوە کە مەرجی بنەڕەتی کاری سیاسی و حیزبیە سەرچاوە ناگرێ. بەڵکوو لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرن کە بە ملیۆن کەس گوێ لە پەیام و قسەی حیزبی ئێمە دەگرن، بچووکترین دەرفەت بێتە پێش نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێرانیشدا بە هاودەنگی دەگەڵ هێزە کوردستانیەکانی دیکە، هێزی هەرە کاریگەر و پارامیتری هەرەجدین لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و ناوچەکە.

مەیدانێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی بزووتنەوە بکەن هاتۆتە پێشێ، ئەو یەکگرتنەوە مەیدانەکە لەوەش گەورەتر دەکات، بۆ زۆربەمان مەیدان هەر لە ئێستاوە گەورەتر بووە. ئەوە ئێمەین دەبێ بە بگەیەنینە ئاستی ئەو مەیدانە تا بتوانین یاری تێدا بکەین. با خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو بەرپرسایەتیەی ئەو یەکگرتنەوە دەیخاتە سەرشانمان، چوونکە ئەو ئەکگرتنەوە ناتوانێ هەموو گیروگرفتەکانمان چارەسەر کات، بەڵام دەتوانێ دەرفەتی زیاتر بۆ دیتنی کەمووکەڕیەکانمان و بەڕەسمییەتناسینی کێشەکانمان پێکدێنێ. ئەوەش بە پوختەیی و بلوغی زیاتری سیاسی دەگەیەنێ.

**لوقمان باختە**: زۆر سپاس بۆ وەڵامەکانت و بەشداریت کاک برایم لاجانی بەرێز و خۆشەویست

**سەرچاوە: ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

---

## قەیرانی کۆتایی



**"تۆماس هیلاند ئیریکسن" کۆمەڵناسی بەناوبانگیی نۆرویژ، لە کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا بەناوی "هەشت تایبەتمەندیی هەرە گرنگی گلۆباڵیزم" دەڵێ: یەکێک لە نیشانەکانی دەورانی گلۆباڵیزم ئەوەیە کە دەکرێ ڕووداوێکی بچکۆلەی ناوچەیی بەخێرایی باوبرووسکە ببێتە کێشە و پرسێکی جیهانی و نێونەتەوەیی.**

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەبینرێ، نموونەی ڕاستەقینەی ئەو ڕاستییەیە کە ئیرێکسن باسی دەکات. پاش گیران و کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی غەریبە لە تاران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی پۆلیسی "ئەخلاق"! و بەخاکسپاردنی لە زێدی خۆی (سەقز) لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی تووڕە و وەزاڵەهاتوودا، ئەو ڕووداوە بووە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە دۆخی سیاسیی کوردستان، ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا.

خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو، لەسەر کێلی ژینا نوسراوە "ژینا گیان تۆ نامرێ، ناوت ئەبێتە ڕەمز". لە ماوەی چەند کاتژمێردا ئەو حەقیقەتە خۆی نیشان دا بەجۆرێک خەڵکی سەقز، دیواندەرە و شارەکانی دیکەی کوردستان بە نیشانەی ناڕەزایەتی بەدژی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە هاتنە سەر شەقامەکان. دواتر ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە ناسینیی کۆمەڵگەی کوردستان و بەو دڵنیاییەی کە خەڵکی کوردستان هەمیشە لەکاتی پێویستدا وەڵامی بانگەوازی هێزە پێشڕەوکانی خۆی دەداتەوە، لە پەیامێکی کورتدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ مەحکوومکردنی

جینایەتی کوشتنی ژینا دووکان و بازارەکان دابخەن و هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ بنەماڵەی ئەو قوربانییە تازەی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. هەروەک چاوەڕوان دەکرا خەڵک لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە پیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەرییان بەڕێوەبرد. بەوجۆرە ئەو رووداوە دۆمینۆ ئاسا هەموو شارەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، لە تاران، تەوریز، ئیسفەهان، رەشت، گیلان، ئابادان، ئەهواز، قوم، مەشهەد، ئەردەبیل، زەنجان و هتد، لاوان، ژنان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" رژانە سەر شەقامەکان و کۆماری ئیسلامیان لە تەواویەتی خۆیدا هێنایە ژێر پرسیار. ئەو ئاگرە بەجۆرێک پەرەی سەند لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ولاتی گرتەوە، ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە مەدەنییە وەک هەمیشە تەواوی هێزی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی هێنایە مەیدان، بەلام خەڵک بەگشتی و لاوان و ژنان و خوێندکاران بەتایبەتی لە ماوەیەکی کورتدا شەقام و مەیدانی شارو شارۆچکە، قوتابخانە و زانکۆکانی ولاتیان لە دەستی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هێنایەدەر و ناوی ژینا بوو بە سەردێڕی هەواڵی هەموو مێدیاکانی دنیا، خەباتی ژنان و لاوان و کۆمەلانی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیی و مافی تاکەکان سەرجەم رۆژنامە و گۆڤارە ناسراوەکانی جیهانی داگرت و بوو بە باسی هەرەگەرمی نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارلمان و کابینەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان.

**مەک میلان، سەرۆک‌وەزیرانی پێشووی ئینگلیز، شەش دەیە لەمەوبەر لە پێوەندی دەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی لەبەریەک هەڵوەشانی سیستەمی ئیستیعماریدا، گوتی:** ئەوە "شنەبای ئاڵوگۆڕە هەڵی کردوە". ئەو لێدوانەی ناوبراو دروست بوو. زۆری نەکێشا نەسیمی ئاڵوگۆڕەکان هەموو ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی گرتەوە و بوو بەهۆی گۆڕانکارییەکی گەورە.

ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییانەی ئێستای ئێران و کوردستانیش بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە دۆخی سیاسی ئێران و کوردستان دێتە ئەژمار. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زاراوەیەک هەیە پێی دەگوترێ "قەیرانی کۆتایی" لە راستیدا ئەوەی دەبینرێ بریتییە لە سەرەتای پرۆسەی کۆتایی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئیدی کۆمەلانی خەڵک و بەتایبەتی چین و توێژە خەباتگێرەکان، توانای تەحموولی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیان نەماوە و لەولاشەوە ڕێژیم ئیدی هەموو ئیعتیبارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و مەزهەبیی لەدەست داوە.

**سیلۆ تاراکو، یەکێک لە رووناکبیرانی بەناوبانگی نۆرویژ دەڵێ؛** لەو زۆرانبازی و ململانییەدا کە لەنیوان خەڵک و رێژیم لە ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، سەرەنجام ئەوە خەڵکن سەر دەکەون و دەیبەنەوە، چوونکە خەڵکی ئێران ئیدی نایانهەوێ لەژێر دەستی دەسەلاتێکی دینیدا ژیان بەسەر بەرن. ئەو بزووتنەوەیە هەر ئێستا گەلێک دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێناون.

لەو بزووتنەوەیەدا هەمووگەلانی ئێران، چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، لاوان، ژنان، خوێندکاران، کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بەشدارن. ژینا بۆتە سیمبولی یەکیەتی و یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هەموو خەڵکی ئێران.

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە کاری لەسەر ئەوە کردبوو بزووتنەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران دابپڕێنیت، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو دواییانە دەریانخست ئەو "کوردستان هەراسی" و "کوردۆفۆبیایە" ئیدی ڕەویوەتەوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئیران بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕواننە خەبات و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی. لەوەش زیاتر کوردستان وەک سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامی خەبات و تێکۆشانی خۆیانی سەیر دەکەن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مووشەک و چەکی مۆدێرن بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەکات، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا ماتەوزەی ئەوەی تێدایە ببێتە قەڵای ڕاپەڕینی سەرانسەریی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی.

ئەو بزووتنەوەیە توانیویەتی هاوپێوەندی و پشتیوانییەکی گەورەی جیهانی و نیونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. یەکیەتی ئوروپا، وڵاتانی ئورووپایی، کانادا، ئەمریکا و و نیوزلەندا، ئوسترالیا هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران نیشان داوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، وەرزشوانان و سینەماکاران لە سەرانسەری دونیادا هاوپێوەندیی خۆیانیان دەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران دەربڕیوە. ئەوە پتر لە سێ هەفتەیە بزووتنەوەی خەڵکیی ئیران لەسەرجەم هەواڵ و میدیاکان یەکەمە، کە ئەمە نیشانەی گرنگی و بایەخی ئەو ڕاپەڕینەیە.

کۆماری ئیسلامی پاش هاتنەسەرکار، هاوکات هێرشی بۆ سەر کوردستان، ژنان و زانکۆکانی ئێران دەست پێ کرد. سەرکوتی ژنان و زانکۆکان و کوردستان بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبی لە ئیراندا کە ئەوە پتر لە چل ساڵە بەردەوامە. سەیر ئەوەیە ئێستا هاوکات کوردستان، ژنان و زانکۆکان، هێرش و پەلاماری خۆیان بۆ سەر دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردوە و بوونەتە هەوێنی لێکگرێدانی بزووتنەوەی سەرتاسەری و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی.

تایبەتمەندیەکی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە وەک ویکیپیدیا وایە! هەموو کەس دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات و شوێنەواری خۆی لەسەر دابنێ. ئێران وڵاتێکی فرەگەل، فرەفەرهەنگ، فرەدین، فرەمەزهەب، فرەدەنگ و فرە ڕەنگە

بزووتنەوەکە و ڕاپەڕین و سیاسەتەکەشی دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بێت. ئەو بزووتنەوەیە خاڵی هەرە بەهێزی ئەوەیە کە بزووتنەوە و ڕاپەڕینی هەمووانە، هەموو بە دەنگ و ڕەنگ و داخوازی و ناسنامەی خۆیانەوە تێیدا بەشدارن و دەیانهەوێ ڕەگەڵی کەون ئەگە ئەو بزووتنەوەیە ئاوا بڕواتە پێش و کەس نەتوانێ هێژمۆنی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی بەسەردا بسەپێنێ و تێبکۆشێ ئەوانی دیکە پەڕاوێز بخات، هیچ شک لەوەدا نییە بە ئامانجەکانی خۆی دەگات، کە بریتییە لە ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەشی مەزهەبی و دامەزراندنی دێموکراسی لە ولاتەکەماندا.

ڕووداوەکانی ئەو چەند هەفتەیە نیشانیان دا خەڵکی ئێران لە توانا و ئیمکانی دایە خەباتی خۆیان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرنەپێش و بە سەرنجامی خۆشی بگەیەنن. ئەوان چاوەڕوانییان لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە لە باری سیاسی و ئەخلاقییەوە پشتیوانییان لێ بکەن. ئێمە هیچ کاتێک پێمان خۆش نیە هێزە دەرەکیەکان لە باری نیزامییەوە دەست لە کاروباری نیوخۆی وڵاتەکەمانەوە وەردەن، بەڵام داوامان ئەوەیە دەست لە سیاسەتی سازان و ساتوسەودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. ئەوە گەورەترین یارمەتییە بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران.

**شتێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا، لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا، بێجگە لە فاکتۆری دەرەکی، فاکتۆرێکی دیکەش کاریگەریی گەورەی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە هەیە. ئەویش ئەوەیە؛ ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییانە سەرەنجام لەبن قورسایی گەندەڵی و ناکارامەیی خۆیاندا دادەتەپن.**

کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارێکەوە بە بنبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی گەیوە. توانای چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نییە کە خەڵکی ئێران دەگەڵیان بەرەوڕوویە، درووشمی لانیکەمی داخوازی ناڕازییان بریتییە لە هەڵوەشانەوەی حیجابی ئیجباری، دەگەڵ دروشمی لانی زۆری داخوازیی خەڵک، واتە نەمانی دیکتاتۆری و دابینبوونی ئازادی و دێموکراسی، بەجۆرێک لێکگرێدراون کە هیچیان بەبێ یەکتر جێبەجێ نابن. بۆیە خاوەنڕایان دەڵێن ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدات سەرەتای کۆتایی پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی و تەواوبوونی چاخەکانی نێوەڕاستی ئێرانە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

## نەخۆشی ئەگەر نەتکوژێ، بەهێزترت دەکا!




یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب بە سەرکەوتنێکی گەورەی کاری تەشکیلاتی و حیزبی دادەنرێ. ئەو یەکگرتنەوەیە بە هەموو لایەکی نیشانی دا سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەکان، کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا و زەبرە قورسەکان، هێشتا حیزبەکەمان توانا و مایەی ئەوەی تێدایە بە ڕێگای ڕاستی خۆیدا بڕواتە پێش، توانای ئەوەی تێدایە بەسەر گیروگرفتە نێوخۆییەکاندا زاڵ بێ و ڕۆژ بەرۆژ لەباری سیاسی و فکرییەوە دەوڵەمەنتر و پوختەتر بێ.

ئەو یەکگرتنەوەیە وەڵامدانەوەیە بە بانگەوازی زەمان، بە پێداویستییەکانی ئەو هەلومەرجەی کە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێیدا تێدەپەڕێ. وەڵامدانەوەیە بەو پاڵەپەستۆ و فشارەی لەلایەن بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و جەماوەری حیزب، لە پێوەندیی دەگەڵ پەرشوبڵاوی ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا خرابووە سەر حیزب بەگشتی و ڕێبەریی حیزب بەتایبەتی. ئیدی سەردەمی ئەوە بەسەرچووە تەنیا لە تاریکخانەی شانە و هەستەی حیزبی و تەشکیلاتیدا مەسەلە حیزبی و سیاسییەکان تاوتوێ بکرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێ. حیزب و ڕێبەرایەتییەکەی ناتوانن گرنگی و بایەخ بە بیروبۆچوونی بەدەنەی حیزب نەدەن و لە بەرانبەر فشاری بیروڕای گشتیدا بێ تەفاوەت بن. سیاسەتێک، حیزبێک و ڕەوتێک کە هەست بە فشاری بیروڕای گشتی لەسەر خۆی نەکا، دەبێتە ڕەوتێکی بێ ڕەبت و جیا لە کۆمەڵانی خەڵک.



سەرچاوە
Serchawe

یەکگرتنەوە ئاکامی بیرکردنەوەیەکی دوور و درێژە. ئاکامی بیرکردنەوەی ڕێبەری و بەدەنەی حیزبە و ئاکامی خۆهەڵسەنگاندنەوەی ڕێبەری و حیزبە بەگشتی؛ بۆیە ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و تەشکیلاتیمانە و یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان، بزووتنەوەکەشمان بەهێزتر دەکا. هەربۆیە کارێکی دروستە، بەڵام دەبێ لە دەسکەوتێکی تەشکیلاتییەوە بیکەینە سەرکەوتنێکی سیاسی و میللی و نەتەوەییش.

دەکرێ و ڕەوایە ڕەخنە لە حیزب و ڕێبەریی خۆمان بگرین، بەڵام قەت نابێ وێنە گەورەکە ون کەین. واتە دەبێ هەمیشە ئامانجە بنەڕەتییەکانی میللەتەکەمان لەبەرچاو بێ و بەدوای وەدیهێنانی ئەوانەوە بین. ئەگەر خۆمان بەرانبەر خۆمان نەوەستین و وزەکانمان بەفیڕۆ نەدەین، زوو دەتوانین لە ڕەوتی خەباتدا کەموکوڕییەکانمان چارەسەر بکەین. ئەوەندە بەسە تەماشای میللەتەکەمان بکەین و بزانین ئەوان لە چ هەلومەرجێکدا خەبات دەبەنە پێش. ئەگەر ئیلهام لەوان واتە لە میللەتەکەمان وەرگرین، بەسەر کەموکوڕییەکانی خۆشماندا زاڵ بین. ئەوە ئەو دەرسەیە کە یەکگرتنەوە فێری کردین.

لەو چەند ساڵەی دواییدا گەلێک ئاڵوگۆڕی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە و لە کوردستاندا ڕوویان داوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریی خۆیان لەسەر حیزب و تەشکیلاتەکەی هەبووە، شوێنەواریان لەسەر سیاسەتی کوردی و حیزبی کوردیش هەبووە. ئێستا ئەگەر لەخۆمانی نەگۆڕین هەموو تێگەیوین کە سیاسەت و حیزبایەتیش لە کوردستان پێویستی بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و، میتۆد و بیرکردنەوەی نوێ هەیە. حیزبی دێموکرات حیزبێکی جەماوەرییە. حیزبێکیش کە ناسنامەیەکی جەماوەریی هەیە، هەمیشە هەر جەماوەری دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە نیشانەی پوختەبوونی حیزب بەگشتییە، نیشانەی پوختەبوونی ڕێبەریی حیزبیشە. بە جۆرێک کە ئەو ڕێبەرییەی ئێستا بۆخۆی بۆتە ئاڵاهەڵگری ئەو سالمسازییە لە حیزبی ئێمەدا. ئەگەر ئەو یەکگرتنەوەیە ئاکامی بە سەرنجام گەیشتنی دیالۆگی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبە، دەبێ بزانین کە ڕێبەریمان بۆخۆی ڕاهێنەر و مامۆستای ئەو وەرزشە دەستەجەمعییەمان بووە.

هەموو تێگەیوین کە سودێک لە جێگۆڕکێی ئیلیتی حیزبی و تەشکیلاتیدا نییە. دەبێ ئاڵوگۆڕ لە مەتن و زەمینە و میتۆدەکانی کاری سیاسی و حیزبیماندا پێک بێت. ئەگەر بتوانین ئەو دەرسە چاک فێربین، خزمەتێکی زۆرمان بە حیزب و تەشکیلاتی حیزب کردوە. ئەو یەکگرتنەوەیە لاپەڕەی زێڕینی کاری حیزبی و تەشکیلاتی ئەو چەند ساڵانەی دواییمانە.

ئایندەی خەباتی ئێمە و حیزب و بزووتنەوەی ئێمە زۆر ڕوونە، ئەو یەکگرتنەوە سەرەتای چوونەدەری ئێمەیە لەو توونێڵەی تێی کەوتبووین. ئەو قسانەم لە ئارەزووپەروەرییەوە سەرچاوە ناگرن، لە خۆشبینیشەوە نایەن کە مەرجی بنەڕەتی کاری سیاسی و حیزبیین. بەڵکوو لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە بە میلیۆن کەس گوێ لە پەیام و قسەی حیزبی ئێمە دەگرن،


بچووکترین دەرفەت بێتە پێش نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێرانیشدا بە هاودەنگی دەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی دیکە، هێزی هەرە کاریگەر و پارامیتری هەرەجدین لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و ناوچەکە. مەیدانێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی بزووتنەوە بکەن هاتۆتە پێشێ، ئەو یەکگرتنەوەیە مەیدانەکە لەوەش گەورەتر دەکا، بۆ زۆربەمان مەیدان هەر لە ئێستاوە گەورەتر بووە. ئەوە ئێمەین دەبێ بگەینە ئاستی ئەو مەیدانە تا بتوانین یاریی تێدا بکەین. با خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو بەرپرسایەتییەی ئەو یەکگرتنەوە دەیخاتە سەرشانمان.

دواقسە: ئەو یەکگرتنەوە ناتوانێ هەموو گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکا، بەڵام دەتوانێ دەرفەتی زیاتر بۆ دیتنی کەموکوڕییەکانمان و بەڕەسمییەتناسینی کێشەکانمان پێک بێنێ. ئەوەش تووشی چەلێنجی تازە و نوێمان دەکا و شانسی زیاتر بۆ گەشە و پوختەبوون و هەڵدان و گەورەبوونی زۆرتری حیزبەکەمان پێک دێنێ. ئامانجی تەکامول گەشە و ئاڵوگۆڕ و هەڵدانی زۆرترە. حیزبی ئێمە لە ڕەوتی ژیان و خەباتی خۆیدا هەروا هاتوە و گەورەتر و بەهێزتر بووە. لە داهاتووشدا هەر وا دەبێ. نەخۆشییەک ئەگەر نەتکوژێ بەهێزترت دەکا. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ئەزموونە سەختەدا ئێستا لە هەمیشە بەهێزتر هاتۆتەدەر و بەهێزتریش لە مەیدانی خەباتدا دەڕواتە پێش. با هەرکاممان تێبکۆشین بە مایەدانان لە خۆمان و تواناکانمان کۆمەگ بە چوونەپێشی حیزبەکەمان بکەین و لەو ڕێگایەوە خۆشمان بەرەو بەرزی و گەورەیی هەڵکشێین.

۱۹ی خەرمانانی ۲۷۲۲

---

## ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بانگی ئازادی، ڕیتۆریکی شۆڕشگێرانە، ڕیوایەتێکی دیکە لە بارودۆخەکە



٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ ٤٣ ساڵ بە سەر دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێ. ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە بارودۆخێکدا پێی نایە مەیدانی خەبات کە بزووتنەوەی میللی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە گشتی کەوتبوونە بەر هێرش و پەلاماری سیاسی، تەبلیغاتی و نیزامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگێکی تووندا بوون.

ڕێژیمی ئاخوندی کە تازە دەستەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، پەلامارێکی بەرینی بۆ سەر دەسکەوتەکانی شۆرشی پڕشکۆی گەلانی ئێران دەست پێ کردبوو، ئازادییە سیاسی و دێموکراتییەکان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکران، زانکۆ و زانستگاکان و ناوەندە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان لەژێر پەلاماری کۆنەپەرستیدا بوون، بزووتنەوە خوێندکاری، کریکاری و جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا سەرکوت دەکران، خۆپێشاندانەکانی ژنان بۆ بەرگری لە ئازادی و دەسکەوتەکانیان شەڵاڵی خوێن دەبوون، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و ئەندامانی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ گرتن و ڕاونان و زیندان و ئێعدام بەرەوڕوو بوون. هێزە دژیگەلییەکانی کۆنەپەرستی هێرش و پەلامارێکی دڕندانەیان بۆ هەموو ئەو شار و ناوچە جۆراوجۆرانە دەست پێ کردبوو کە ئاڵای خەبات و بەربەرەکانێیان

بەدژی کۆنەپەرستیی بەدەستەڵاتگەیشتوو بەرز کردبۆوە.

ئەو خەبات و بەربەرەکانێیە بەدژی کۆنەپەرستیی بەدەستەڵاتگەیشتوو، بە هۆی وشیاریی سیاسیی خەڵک و ئەزموونی هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکان لە کوردستاندا لە ئاستێکی بەرز و بەهێزدا بوو. هەربۆیە ڕێژیمی خومەینی ئەگەر لەلایەک هێرشێکی بەرینی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە هێرشێکی تەبلیغاتیی گەورەشی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هێزە پێشڕەوەکانی دەست دابوویە. لە هەمان کاتدا ئابلۆقەیەکی بەرینیشی خستبووە سەر کوردستان بە جۆرێک کە نەیدەهێشت هەواڵی کوشتار و جینایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بگاتە بیروڕای گشتیی ئێران و دونیای دەرەوە. لەوەزعیکی ئاوادا، ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، بە پەیامێکی ڕێبەری گەورەی حیزب و گەلەکەمان، شەهید دوکتور قاسملوو، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کرد. بەمجۆرە دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا، نەک هەر وەڵامدانەوەیەکی دروست و بەجێی ئەو قۆناخە مێژووییە بوو کە بزووتنەوەی میللی و نیشتمانی خەڵکی کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، بەڵکوو پێویستییەکی مێژووییش بوو کە چوونەسەری ئاستی خەبات و بەربەرەکانێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێنابوویە پێش. خۆ لە خۆڕا نەبوو ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر زوودا، لە شەوەزەنگی ئیستبداد و سەرەڕۆیی و بێدادیدا، بوو بە بانگی ئازادی و بەرگری و خەبات و بەربەرەکانێ.

دەنگی کوردستانی ئێران ئەگەرچی ئیمکاناتێکی زۆر کەمی تکنیکی و ماددی و ئینسانیی لەبەردەست دابوو، ئەگەرچی لەژێر گوشار و بۆردومان و تۆپبارانی بەردەوامی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا بوو، ئەگەرچی بەردەوام پاراستێکی توندی لەلایەن ڕێژیمەوە دەخرایە سەر، ئەگەرچی بە هۆی هێرش و پەلاماری ڕێژیم زوو زوو دەبوایە جێگای خۆی لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵ و شاخێکی دیکە بگوێزێتەوە، بەڵام بە هۆی ڕاستوێژی، بە هۆی سەرکەوتنی لە بەربەرچدانەوەی چاوەڕاوی ڕێژیم و بڵاوکردنەوەی بەوەختی هەواڵی بەربەرکانێی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کوردستان، بوو بە دەنگی زوڵاڵ و حەقبێژی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان و جێگای بڕوا و متمانەی بیروڕای گشتی لە کوردستان و تەنانەت لە هەموو ئێرانیشدا. لەوەش زیاتر، دەنگی کوردستانی ئێران، لە ڕێگای بەرنامە جۆراوجۆرەکانیەوە، وەک لێکدانەوەی سیاسیی ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان، بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی و زانیاریی سیاسی و ڕووناکبیری، توانی ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوزانە و پێشکەوتنخوازانە.

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییشەوە شوێنەوارێکی پۆزەتیڤی لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو. خەبات و بەربەرەکانێ بەدژی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیە کۆن و دواکەوتووەکانی وەک ژنبەژنە،

پێوەندییە دواکەوتووە عەشیرەتی و تایفەییەکان، دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی ژنان، مافەکانی منداڵان، کەمئەندامان، کەمایەتییە نەتەوەیی و ئیتنیکی و مەزهەبییەکان و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بە گشتی، بەشێکی گرنگی نێوەرۆکی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیان پێک دەهێنا. ئەمەش لە بردنەسەری وشیاری و ئاگایی خەڵکی کوردستاندا نەخشێکی بەرچاوی هەبووە.

بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تایبەتی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کورد، ژیان و بەسەرهاتی شاعیرانی کورد، مێژووی کورد، ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان، ناوداران و شۆڕشەکانی کورد، ئاشناکردنی خەڵکی کوردستان دەگەڵ فۆلکلۆر و هونەر و بەیت و باللۆرە و گۆرانی و مۆزیک بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی، ڕەهەندێکی دیکەی کار و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بوو کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی لە بردنەسەری ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا کاریگەریی بەرچاوی هەبوو.

لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستان، وشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی دامودەزگای سیاسی و ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ئەرکێکی دیکەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بوو. ئەرکێک کە ڕادیۆ کوردستانی ئێران بە ڕاستی تێیدا سەرکەوتوو بوو. لەو بارەوە ڕادیۆ بەحەق ڕێ‌پێشاندەر و ڕێکخەری خەبات و بەربەرەکانێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. هۆی سەرەکیی سەرکەوتنی ڕادیۆ لەو ئەرکە گرنگەدا ئەوە بوو کە دەنگی کوردستانی ئێران بڵاوکەرەوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. حیزبێک کە بە درێژایی مێژووی خۆی پشتی بە قەڵای لەگیراننەهاتووی خەڵکی کوردستان ئەستوور بووە و جێگای بڕاو و متمانەی ئەوان بووە.

هەروەها دەنگی کوردستانی ئێران ببوو بە پردی پێوەندی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەری و بزووتنەوەی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی وڵاتەکەمان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ ئیزۆلەکردن و دوورەپەرێزخستنەوەی بزووتنەوەی کوردستان دەکردنەوە بڵقی سەر ئاو.

لەپەنا هەموو ئەو ئەرکانەدا، دەنگی کوردستانی ئێران، هاندەر و ئیلهامبەخشی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان بوو بۆ پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەڵگرتنی چەکی دیفاع و بەرگری لەبەرانبەر هێرش و پەلاماری کۆنەپەرستی بۆ سەر کوردستان و گەلی کورددا. ئەدەبییات و ڕیتۆریکی حەماسی و شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازنەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، چوونکە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو نرخ و بەها و پەیام و ئامانج و ئاوات و ئارەزووانە بوو کە بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان و حیزبە پێشڕەوەکەی لەهەناوی خۆیدا هەڵی گرتبوون، بەخێراییش لەسەر دڵی لاوانی کوردستاندا دەنیشتن و دەبوون بە ئیمان و بیروبڕوای شۆڕشگێڕانە. لەخۆڕا نەبوو ئەو سروود و شێعر و گۆرانییانەی لە ڕادیۆ بڵاو دەبوونەوە، یا ڕیتۆریکی حەماسی شێربەگی، ببوونە وێردی سەر زمانی لاوان، منداڵان و گەورە و گچکە و ژن و پیاوی خەڵکی کوردستان.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ئەو زمانە سیاسی و ئەدەبییە ڕەوانە بوو کە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی بەکاری دەهێنا. ڕێبەری حیزب و بەرپرسانی ڕادیۆ هەمیشە داوایان دەکرد نووسەران و وێژەرانی رادیۆ، بۆ بەیان و گەیاندنی بابەت و سیاسەتەکانی حیزب بە خەڵک و بیروڕای گشتی لە زمانێکی سیاسی و سادە کەڵک وەرگرن، تیرمینۆلۆژیی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دونیاپەسندەکان بەکار بێنن و خۆیان لە ئەدەبییاتی چاڵەمەیدانی بپارێزن. بۆیە هەرچەند ڕادیۆ دەنگی کوردستان ئاڵۆزترین مەسەلە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان و تەنانەت جیهانیشی لێک دەدانەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بەپەرۆش و عیشق و تاسەوە گوێیان لێ دەگرت و زۆر چاکیش لێی تێدەگەیشتن. ئەمەش پێگە و ڕۆڵی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازایی کوردستاندا هێندەی دیکەش پڕڕەنگ کردبوو.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە لە کاتێکدا لە ئێران و کوردستان، شوێنەوارێک لە ئازادییە سیاسی و دێموکراتیەکان نەمابوو و ئیستبداد و سەرەڕۆیی باڵی ڕەشی خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا کێشابوو، لەکاتێکدا کە دەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم بە توانایەکی زۆری ماددی و تیکنیکیەوە، دەیەویست خەڵکی کوردستان بەدژی شۆڕش و هاودەستیی دوژمنانی دەرەکی و، دژی ئیسلام و خوا و قورئان و... بناسێنی، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران ڕوایەتێکی دیکەی لە وەزعەکە پێشانی خەڵک و بیروڕای گشتی دەدا. ڕیوایەتێک کە هەر زوو بوو بە ئاڵترناتیو و ڕەتکەرەوەی داستان و حیکایەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بارودۆخەکە.

لە یادی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئیراندا، سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لەو ڕادیۆیەدا ئەرکی خەباتگێڕانەیان بەڕێوە بردوە و بەڕێوە دەبەن و بەزەحمەت و تێکۆشانی خۆیان، دەنگی کوردستانی ئێرانیان بەو پلەیە لە کارایی و پێگەی سیاسی و مەعنەوی گەیاندووە کە بووە سەنگەرێکی گرنگی خەبات و بەربەرەکانی، بۆتە چەکێکی کاریگەر لە بەرگری لە ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا و، بۆتە میراتێکی بەنرخ وپڕبەها لە کولتووری ئازادیخوازانەی میللەتەکەماندا.

با تێبکۆشین لەو سەردەمە تازەدا، ریسالەت و پەیامی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، نەریت و سوننەتە خەباتگێڕیەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بەرینە پێش و لە ڕووی فۆڕم و نێوەڕۆکەوە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەوڵەمەندتر و کاراتر بکەین. بەو هیوایە.

سڵاو لە ٢٧ی جۆزەردانی ٢٠٢٣، چل و سێهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامی لە بەردەم سۆنامیی ڕق و بێزاریی خەڵکدا



ئەمساڵ لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران یادی ٤٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە، لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی هەموولایەنە بەرەوڕوویە. بەهۆی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و بێزاریی چین و توێژە زەحمەتکێشەکان لە سیاسەتە دژیگەلیەکانی ڕێژیم، دۆڵێکی بەرین کەوتۆتە نێوان دەستەڵاتی فەرمانڕەواو و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی وڵاتەکەمان. وەزعێک هاتۆتە پێش کە خەڵک بەئاشکرا و بێ پەردە داوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی و بنەڕەتی دەکەن.

هەموو ئەوانەی چاوەدێریی بارودۆخی سیاسیی ئێران دەکەن لەسەر ئەو بڕوایەن ئیدی ئێستا ڕێژیمی ئاخوندی لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری میللەت دەستەویەخەیە. خەڵک بەجۆرێک لەبەرانبەر ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبیدا ڕاوەستاون کە پارسەنگی خەبات و بەربەرەکانی بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران گۆڕاوە. زۆربەی خەڵک هیچ بڕوا و متمانەیەکیان بە ڕێژیم و دارودەستە جۆراوجۆرەکانی نێو دەستەڵاتی ئاخوندی نەماوە. لەلایەک کەس بڕوا بە وادە و بەڵێنی کاربەدەستانی ڕێژیم و فروفیشاڵی دەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی ناکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی دوایی نیشانی داوە سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتن و ڕاونان و ئێعدامیش، ئیدی کارایی خۆی لەدەست داوە. بەکورتی هەلومەرجێکی تازە هاتۆتە پێش کە ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە. ئێستا لاوان، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، ڕێبەرانی ئایینی، ڕۆژنامەنووسان، بازاڕیان و هتد سەرتاسەری شەقام و شوێنەگشتی و تەنانەت زیندان و

ئەشکەنجەگاکان و ناداگاکانی ڕێژیم و سەرداری سێدارەشیان کردۆتە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی و بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات و بەرخۆدان بەدژی ڕێژیم.

چین و توێژە زەحمەتکێشەکان کە زۆربەی هەرەزۆری حەشیمەتی وڵاتەکەمان پێکدێنن و لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژین، کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بە هۆکاری بنەڕەتیی ئەو بارودۆخە نالەبارە دەزانن کە ئەوان و باقی خەڵکی ئێران دەگەڵی بەرەوڕوون. گەلانی ژێرستەمی وڵاتەکەمان کە لەژێر ستەم و چەوسانەوەی چەند قاتدا بەسەردەبەن، سیستەمی سیاسی و سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی بە کۆسپی سەر ڕێگای گەیشتنی خۆیان بە ئازادی و مافە نەتەوایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان دەزانن. لەوەش زیاتر هەم چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، هەم گەلانی چەوساوەی ئێران و هەم ژنان و لاوان و هێزە پێشڕەوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران، لەوە تێگەیون کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیانەی خۆی، قەت ناتوانێ قازانج و بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکان و ژیانێکی پڕ لە کەرامەت و خۆشبژیوی بۆ خەڵکی ئێران دابین و دەستەبەر بکات.

شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینا کە پار لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی زوودا سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە، دەریخست کە خەڵک نەک هەر بەتەواوی پشتیان لە ڕێژیم کردوە، بەڵکوو هەرچەشنە ئومێدێکیان بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ئازادی و خۆشبژیوی و خێروخۆشیی خۆیان لە سێبەری حکوومەتی ئاخوندیدا لەدەست داوە. ڕاپەڕین و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان لە زانکۆکاندا، لە مەیدانە گشتیەکاندا، لە قوتابخانەکاندا، لە مزگەوت و ناوەندە پیشەشازی و ئابووری و فەرهەنگیەکاندا و لە بازاڕەکاندا، لە بەردەرگای زیندانەکاندا، لەسەر گۆڕی شەهیدەکان و لە چلەی ماتەمینی ئەواندا، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، نیشانی دا کە زۆربەی هەرەزۆری میللەت توانای ئەوەیان تێدایە بۆ ڕزگاری خۆیان و پێکهێنانی گۆڕانکاری سیاسی لە وڵاتەکەیاندا، بەرەنگاری کۆنەپەرستی ببنەوە. ڕاستە حکوومەتی ئاخوندی بەدرێژایی تەمەنی خۆی بە دەیان دامودەزگای جۆراوجۆری سەرکوتی بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی و بۆ خامۆشکردنی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک لەنێو خەڵکدا پێکهێناون. بەڵام ئێستا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە ئەو هێزە سەرکوتکەرانە، سەرەڕای ئەوەی کە بوودجە و ئیمکاناتێکی زۆر و هەموو لایەنایان لە ئیختیاردایە و بۆ کوشتن و تۆقاندنی خەڵکیش بەتەواوی دەستیان ئاوالایە، کەچی لە مەیدانی کردەوەدا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەماوەری تووڕە و ناڕازیدا، کارایی جارانیان نەماوە و ورەی خۆیان لەدەست داوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنانەت دارودەستە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش لەڕووی سیاسی و ئەخلاقیەوە هیچ ئیمان و بڕوایەکیان بەو سیستەمە سیاسییە دواکەوتووانەیە نەماوە کە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە دەستەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتوە و وڵاتەکەمانی لەگەڵ ئەو چارەنووسە تاریکە بەرەوڕوو کردووە کە ئێستا بەدەستیەوە گیرۆدەیە.

هەتا دێ ڕێژیم بێزراوتر دەبێت، کار گەیشتۆتە جێگایەک کە تەنانەت ئەو پایەگا جەماوەرییەشی لەدەست داوە کە ساڵانێک بە هەندێک هۆکاری مەزهەبی و جۆراوجۆری دیکە، وەک لایەنگری کۆماری ئیسلامی لەقەڵەم دەدرا. ئەوەش بەنۆرەی خۆی نیشانەی ئیفلاسی سیاسی و فەلسەفیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەیە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

ئێستا ئیدی خەڵک ڕووی ڕاستەقینەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ماهییەتی دارودەستە جۆراوجۆرەکانی نێو دەسەڵاتی ئاخوندیان بۆ دەرکەوتوە. نە ئیدیعای ئیسلامپەنایی، نە فرۆفیشاڵی دژی ئیمپریالیستی، نە تەبلیغاتی لایەنگریی لە هەژاران و چین و توێژە مەینەتبەشەکان، نە وادە و بەڵێنی بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی ئینسانی ئێرانی و نە دروشمە بریقەدارەکانی دیکەی دەزگا تەبلیغاتی و ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم، ناتوانن خەڵک بەگشتی و بەتایبەتی نەوەی تازەپێگەیشتوویی ئێران کە لە سێبەری حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا گەورە بووە بەفریو بەرن. ئاخر جیا لە نەسلی سەردەمی ساڵی ١٩٧٩، دوو نەسلی دیکەش لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا پێگەیون کە بەئێسک و پێستەوە، نێوەرۆکی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی ئەو ڕێژیمەیان بەتەواوی ناسیوە. ڕادەی نارەزایەتی خەڵک لە دەسەڵاتی ئاخوندی گەیوەتە جێگایەک کە خەڵک لە هەموو ئەو نرخ و بایەخانە بێزارن کە بڵنگۆ تەبلیغاتی و دەزگاکانی سیاسەتگوزاری دیکەی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک کاریان لەسەر دەکەن. لە نێو هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەمڕۆ مزگەوتەکان لە وڵاتی ئێمەدا، بێ ڕەونەوقترین شوێنی خواپەرستی و عیبادەتن. ئەوە مانای ئەوەیە خەڵکی ئێران لەوە تێگەیشتوون کە حکوومەتی ئاخوندی دین و مەزهەبی کردوون بە وەسیلەی بردنەپێشی سیاسەتە دژی گەلییەکانی خۆی و ئامرازێک بۆ پاراستنی دەسەڵات.

ڕێژیمی ئاخوندی لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریەتی خۆیدا، بەو هەموو ئیمکاناتەوە کە وڵاتێکی وەک ئێران دەتوانێ لە ئیختیار هەر حکوومەتێکی بنێت، وڵاتەکەمانی لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەوە تووشی قەیرانێکی قووڵی هەمە لایەنە کردوە کە هەروا دێ و ئاسەوارەکانی پتر دەردەکەون. هەژاری و مەینەتبەشیەکی بەرین، بەرۆکی خەڵکی گرتوە، بێکارییەکی بەرین لە گۆڕێدایە، ڕۆژانە پۆل پۆل لاوان و خوێندکاران وڵات بەجێ دێڵن، ئیعتیاد وەک مۆتەکە بەرۆکی سەدان هەزار بنەماڵەی گرتوە، سیستەمی پەروەردە و فێرکردن خەریکە بەتەواوی بێنێوەرۆک دەبێت، شوێنەوارێک لە ئازادی بەیان و چاپەمەنی وەبەرچاو ناکەوێ، دەزگای قەزایی بەئاشکرا دەستوور لە دامودەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکان وەردەگرێ، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی بەریندا پێشێل دەکرێن، هیچ ڕۆژێک نییە ژمارەیەک ئازادیخواز لە دار نەدرێن، زیندانەکان پڕن لە خەڵکی ناڕازی، ژنان و کچان لە لە هەموو شوێنێک لە بەردەم هەڕەشە و تەحقیر و بێبەشی و هەڵاواردن دان، زانکۆکان بوونەتە پایەگای بەسیج و بنکەی جاسووسی، کەمایەتییە فەرهەنگی و مەزهەبییەکان لەژێر شاڵاوی سەرکوتدان، گەلانی ئازادیخوازی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و تورکمەنسەحرا نەک هەر لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێبەشن، بەڵکوو لەژێر ستەم و

سەرکوتێکی چەند بەرانبەردان. لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیشدا، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران دوورەپەرێز بکەوێتەوە و لە کردەوەدا بکەوێتە دەرەوەی سیستەمی سیاسی و ئابووری و بازرگانی دونیا و ناوچەکە. ئەمەش زیانێکی قەرەبوونەکراوەی بۆ ئێستا و داهاتووی وڵاتەکەمان بەدواوەیە.

ئەو وەزعە کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ بێ دەرەتانییەکی تەواو بەرەوڕوو کردوە. ماهییەتی دواکەوتووانە و دژیگەلیانەی ڕێژیم بەجۆرێکە کە بە هیچ جۆر توانای چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نییە کە وڵاتەکەمان لە ئاکامی دەستەلاتداریەتیی سەرەڕۆیانەی ئەو ڕێژیمەدا، لەگەڵیان دەستەویەخەیە.

ئێستا ئاستی وشیاری خەڵکی وڵاتەکەمان لە چاو ڕابردوو زۆر چۆتە سەر. نەوەیەکی تازە پێی ناوەتە مەیدانی ژیان و خەبات کە چاوکراوەیە و بە ژیانێکی کەمتر لەو ژیانە ڕازی نییە کە مرۆڤایەتی هاوچەرخ بۆ هەمووکەسی بەڕەسمی ناسیوە. یانی ژیان لە ئازادی و دێموکراسی و عیزەت و کەرامەت و شکۆی ئینسانیدا. ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕێوشوێن و پرنسیپیانە ناگونجێ کە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی دەستەڵاتی جەهەننەمیی خۆی تێکۆشاوە بەسەر خەڵکی ئێرانیاندا بسەپێنێ. خۆ لەخۆڕا نییە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئاستەکاندا و لەلایەن هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە، وەک ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێ کە پێویستە لەسەر دەستەڵات لاببرێ.

هەلومەرجێک هاتۆتەگۆڕێ کە ئیتر ڕێژیم ناتوانێ ویستی ئازادیخوازیی خەڵک بەگشتی و لاوان و ژنان و خوێندکاران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان و گەلانی چەوساوەی ئێران خەفە بکات. بۆیە چاوەدێرانی سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە هەڵبژاردنەکانی چەند هەفتەی داهاتوودا، سەرەڕای هەموو ئەو فشار و چاوەڕوانییەی کە ڕێژیم بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا وەڕێی خستووە، خەڵک سندوقەکانی دەنگدان بایکۆت دەکەن یا بەجۆرێک ئەو دەرفەتە بۆ نیشاندانی بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم و سیاسەتەکانی دەقۆزنەوە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە هەموو باریکەوە لەگەڵ بنبەستی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەرەوڕوویە. نە سەرکوتی زۆرتر، نە هەوڵدان بۆ خۆخڕکردنەوەی زیاتر، نە کەلکوەرگرتنی ناڕەوا لە دین و مەزهەب و نە پەلەقاژە بۆ ناردنە دەرەوەی قەیرانەکانی خۆی لە ڕێگای ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکەدا، ناتوانن ئەو ڕێژیمە لەبەرانبەر ئەو مەترسییە حەتمییەدا بپارێزن کە لە پێشیدایە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقعیەتە سیاسییەدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەی دواکۆبوونەوەی ناوەندی ڕێبەرایەتیی خۆیدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێکهات بۆ جارێکی دیکە یەکدەنگ و بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە پێی

لەسەر "بەرزنرخاندنی خەباتی مەدەنی و جەماوەری، یەکخستنی هێز و وزەی خەباتگێڕیی کورد لە ئێران و بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و زەرورەتی یەکگرتوویی و هاوکاریی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی" داگرتەوە.

**حیزبی ئێمە لەوە دڵنیایە کە سەرەنجام زۆر ناکێشێ کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە بەر سونامیی ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران و وەک هەموو ڕێژیمە دژیگەلی و سەرەڕۆکان دەچێتە نێو زبڵدانی مێژوو.**

**٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

## میراتی سیاسی و ئینلایتنمێنتی قاسملوو!




هاوینی ئەمساڵ، سی وپێنج ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوالانیدا تێدەپەڕێ. قاسملوو، وەک سەرکردەیەکی بەوەج و لێوەشاوە، هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە پێناو دابین و دەستەبەرکردنی ئازادی و دێموکڕاسی و مافەنەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە کورددستانی ئێراندا تەرخان کردبوو. هەر بەوتاوانەش لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێکەوتی ١٣ی ژوئێنی ساڵی ١٩٨٩ی زاینی لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش، تیرۆرکرا. کەچی ئیدەئاڵ و میراتی سیاسی و ڕوانگەو بۆچوونەکانی ناوبراو، پاش تێپەڕینی ئەو هەموو وەختە، هێشتاش بۆ تێکۆشەرانی کورد و هەموو ئەوانەی لە پێناو ئازادی و دێموکراسی لە ئیراندا خەبات دەکەن، هەروا ڕێنیشاندەر و سەرچاوەی ئیلهامن. ئاخر ئەو نۆرم و ئیدە و پرۆژە سیاسیانەی قاسملوو، بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵاتەکەمان پێشنیاری دەکردن و لە پێناویاندا کاری دەکرد، نەک هەروا جێی ئیعتیبار و ئاکتوێلن، بەڵکوو بە ڕێگا چارەی ئەو گیروگرفتەجۆراوجۆرانەش دادەنرێن کە وڵاتەکەمان دەگەڵیان دەستەو یەخەیە.

### ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بردنەپێشی خەباتی گەلی کورددا

نەخشی دوکتور قاسملوو لە بردنەپێشی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، هێندە دیار و بەرچاوە، کە بەهیچ جۆر حاشای لێ ناکرێ. وەک ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و لە هەلومەرجە

سەخت و دژوارەکانی ژیان و تێکۆشانی حیزبدا، رۆڵێکی گرنگ و مێژوویی لە پەرەپێدان و بەرینکردنەوە و بردنە پێش وڕێکخستنی خەباتی گەلی کورد، لە پێناو داخوازە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا گێڕا. بەڵام پڕۆژەی سیاسیی قاسملوو زۆر لەوەش گەورەتر و هەموو لایەنەتر بوو. ئەو خوازیاری دامەزراندنی سیتسەمێکی سیاسی دێموکراتیکی ئەوتۆبوو، کە لەوێدا، دەستەڵاتی حکوومەتی لە ئێراندا دابەشبوو بێت، گەلانی ئێران بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان گەیشتبن و لەهەموو دامەزراوە دەوڵەتی و سەرتاسەریەکاندا، نوێنەرایەتیەکی عادڵانەیان هەبێت و دەنگیان ببیسترێ و رێزی لێبگیرێ.

دیسانترالیزاسیۆن و بەهێزکردنی ئەو ناوچانەی لە ئاکامی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسیدا، بە ئەنقەست لە دواکەوتوویی دا ڕاگیراون و پەڕاوێزخراون.

بە شێکی هەرە گرنگی فەلسەفە و پڕۆژەی سیاسیی قاسملوو بریتی بوو لە دیسانتڕالیزسیۆن وبەهێزکردنی هەموو لایەنەی ئەو ناوچە پەڕاوێزخراوانەی کەلە ئاکامی ستەمی سیاسی و نەتەوایەتیدا، لە دواکەوتوویی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا ڕاگیراون. ئەو بە قووڵی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە تەنیا ئەوکاتە دێموکڕاسییەکی ڕاستەقینە لە ئێراندا دادەمەزرێ و گەشەدەکا، کە دەستەڵات لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەماندا، لە شێوەی خودموختاری و پیکهێنانی حکوومەتە ناوچەییەکاندا دابەش کرابێت. بە جۆرێک کە نیاز و داخوازە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی خەڵکی ئەوناوچە جۆراوجۆرانە، لە قانووندا دابین و دەستەبەر کرابن.

ئەو جۆرە مۆدێلە لە حکوومەت، لە وڵاتێکی فرەگەل، فرەزمان و فرە کولتور و فرە مەزهەبی وەک ئێراندا، کە کۆبوونەوەی دەستەڵاتی حکوومەتیی لە ناوەندا، بۆتە هۆی لە ژێرپێنانی ماف نەتەوایەتی و ناسنامە و فەرهەنگ و کولتووری گەلان و کەمایەتیەکانی دیکە، بە پێویستیەکی کۆنکرێت و ئۆبجێکت لە قەڵەم دەدرێ.

دابەشکردنی دەستەڵات و دیسانتڕالیزاسیۆن، بۆ دوکتور قاسملوو، هەر ستڕاتیژیی سیاسی نەبوو، بەڵکوو جۆرێک ڕێکخستنی کۆمەڵگاش بوو. سیستەمێک کە لەوێدا کۆمەڵگە ناوچەیی و مەحەللیەکان، کەمایەتیە نەتەوایەتی و مەزهەبی وفەرهەنگییەکان، بتوانن بە شێوەیەکی سروشتی گەشەبکەن و لە هەرچەشنە سەرکوت و پەڕاوێزخستنیکی دەوڵەتی ڕزگاریان بێت. ئەو کە بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و سیستەمێکی فیدڕاڵی هەبوو، پێی وابوو هەرکام لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، هەر لەوکاتەدا کە دەتوانن ناسنامەی فەرهەنگیی تایبەت بەخۆیان بپارێزن و پەرەی پێبدەن، دەشتوانن کۆمەگ بە ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی یەکیەتیی و سەقامگیریی سیاسیی وڵاتەکەشمان بکەن. ئامانج لەوکارە، ڕێگرتن لە زاڵبوونی دەستەو تاقمێکی ئیتنیکی و مەزهەبی تایبەت بەسەر هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی دیکەی وڵات و

دروستکردنی هەستی تەعەلوق و هاوپێوەندیی و ئیحساسی سەربەخۆیی فەرهەنگی و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان هەموو هاووڵاتیانی ئێران دابوو.

## دیفاع لە مافی کەمایەتیەکان

سەرەڕای هەموو ئەوانە، دوکتۆر قاسملوو لایەنگری سەرسەختی مافی کەمایەتیەکانی دیکەش بوو. ئەو نەک هەر بەرگری لە مافی گەلی کورد دەکرد، بەڵکوو دیفاعی لە ماف و ئازادیەکانی هەموو گەلان وگرووپ و دەستەو تاقمە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێرانیش دەکرد. ناوبراو لە بایەخ و گرنگیی دروستکردنی کۆمەڵگایەک تێگەیشت بوو کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتووره جیاوازەکان، دوور لە هەر چەشنە جیاوازی و هەڵاواردن و سەرکوت و زەبروزەنگێک، پێکەوە لە هارمۆنی و هاوئاهەنگی و لە پێکەوە ژیانی بە ئاشتیانەدا بەسەربەرن.

لەو پێوەندییەدا قاسملوو بۆ داکۆکی و پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان و گەلانی ڕەسەن و خۆجێ، کاری دەکرد.

دوکتور قاسملوو لە خەباتی خۆیدا هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پاراستنی مافی کەمینەکان نەک هەر ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسیە، بەڵکو بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئاشتییش پێویستە. ئەو هەمیشە ئاماژەی بەوە دەکرد کە مافەکانی کەمینەکان لەگەڵ پرسە فراوانەکانی مافی مرۆڤدا تێکەڵ بوون و لێک جیاناکرێنەوە. ئاخر قاسملوو پێی وابوو کە پەراوێزخستنی هەر گرووپێک، سەرکوت و هەڵاوردنی هەر کەمایەتیەک، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا بە گشتی و زیان بە ڕەوتی گەشەی هەموولایەنەی وڵات دەگەیەنێ. پابەندبوونی ناوبراو بەو پرەنسیپانە، قاسملوویان کردبووە کە کەسایەتیەکی کاریزمای خاوەن ڕێز و پرستیژی سیاسیی، بەچەشنێک کە لە نێو گەلان و گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، وەک سەمبوولی یەکگرتوویی لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە بە دژی زووڵم وستەم و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیدا، سەیری بکرێ.

## دوکتۆر قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییدا

دوکتۆر قاسملوو، بێجگە لە تێکۆشان لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ئێراندا، ڕۆڵێکی گرنگیشی لە بردنەپێشی ئامانجی کوردەکان وهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەگێڕا.

بەردەوام کاری بۆ ئەوە دەکرد تا زانیاری و هوشیاریی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاو بکاتەوە. لەوەش زیاتر بۆ ڕاکێشانی هاوپێوەندیی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لە مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان لە نێواندا دابەشکراوە، تێدەکۆشا. ناوبراو لە ڕێگای کارو پێوەندیەکانی دەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان، دەوڵەتەکان و ناوەند و دامەزراوە نێونەتەوەییەکاندا، هەوڵی دەدا چارەسەریی مەسەلەی کورد بخاتە نێو چوارچێوەی پەرەپێدانی عەدالەتی جیهانی و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ.

چالاکیە دیپلۆماسیەکانی قاسملوو بواری جۆراوجۆریان دەگرتەوە. قسەکردن و وتاردان لە سیمنار و کۆڕوکۆبوونەوە جیهانی و نێودەوڵەتیەکاندا، بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکانی مافەکانی مرۆڤدا، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان بۆ تاوتوێکردنی دۆخی نالەباری کورد، فۆرمۆڵەکردنی داخوازەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەسلە پەسندکراوەکانی حقوقی نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، حزووری کاریگەر لە ڕاگەیەنە گشتییە جیهانی و ناوچەییەکاندا، هەموو ئەمانەو لەوەش زیاتر، تەعەهودی ناوبراو بە پرنسیپە ئەخلاقیەکان، پێداگرتنی بەردەوام لەسەر بایەخە ئینسانیەکان، دیفاع لە حەق و عەدالەت و ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان و وەستانەوە بەڕووی کۆنەپەرستیی و دیکتاتۆرییدا، ببوونە هۆی ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو متمانە و ڕێز و ئیعتیبارێکی بەرزی سیاسیی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بۆخۆی وەدەست بێنێ.

هەروەها دوکتور قەسملوو وەک سەرکردەیەکی بە ئەزموون و شارەزای سیاسەتی جیهانی، هەوڵیدەدا هاوپەیمانیی لە نێوان بزووتنەوەی کورد لەگەڵ گەلان و گروپە ستەملێکراوەکانی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا دروست بکات. ئەو چاک لەوە تێگەیشتبوو کە خەبات بۆ مافەکانی گەلی کورد، بەشێکە لە شەڕێکی گەورەتر لە دژی ستەمکاری و ناداد پەروەری و زوولم و ستەم و چەوسانەوە سەرتاسەی دونیادا. ناوبراو تێدەکۆشا بە لێکگرێدانی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ بزووتنەوەی جیهانیی مافی مرۆڤ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی دیکە و تێکەڵ بوون دەگەڵ بەرەی دێموکراسی خوازی، بەرە یا تۆڕێکی گەورەی هاوپشتی و پشتیوانیی لەیەکتر لە نێو بزووتنەوەی کورد و ئەو بزووتنەوانەدا سازبکات کە بتوانێت فشاری زیاتر بخاتە سەر ڕێژیمە سەرەڕۆ و دەستەڵاتە سەرکوتکەرەکان.

## شوێنەواریی دوکتۆر قاسملوو لەسەر سیاسەتی ئێران

قاسملوو لە ڕێگای کەسایەتی خەباتگێرانەی، بەهۆی توانا و لێوەشاوەییە سیاسیەکانی و پابەندبوونی بە دیموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێران هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی لائیک و دێموکرات، بە توندی دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی دەکرد. ئەو هەر زوو هەستی بەو هەڕەشە و مەترسییەکانە کرد کە حکوومەتی

ئاخووندی بۆسەر ئازدی، دێموکراسی، فرەچەشنی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەیتوانی هەیبێ. بۆیە بە هەموو تواناوە هەوڵیدا ئێرانییەکان لە هەموو چین و توێژەکان لە دژی نیزامی سەرەڕۆیی ئاخووندی یەکبخات و لەهەموو دەرفەتێکدا جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سیکۆلار لە ئێراندا، دەکردەوە.

## دژایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ نیزامی ئیسلامی

دژایەتی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ نیزامی ئاخوندی، لە پابەندبوونی ناوبراو بە دێموکراسی، سکۆلاریزم و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو پێی وابوو دەوڵەتێک کە لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی و ئایینی دامەزرابێت، حەتمەن ئەو کەس و گروپ و دەستەوتاقمانە سەرکوت دەکات کەناچنە قالبی ئەو مەزهەب و ئیدەئۆلۆژیەو لەگەڵ تاقمی دەستەڵاتدار لە سیاسەت و دین و عەقیدەدا هاوبەش نین. بەرنامەی سیاسی ئەو بۆ ئێران، بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێک کە لەوێدا حکومەت و ئایین لێک جیا بن و هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە ئایینەکەیان، مافی وەک یەکیان هەبێ و بتوانن بە تەواوی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن.

ڕەخنەی قاسملوو لە نیزامی ئیسلامی نەک هەر لەبەر ڕووناکایی فەلسەفە و تیۆری سیاسی دا درووست بوو، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموون و کاریگەرییە کۆنکریتەکانی تیۆکراسی لە ئێرانیشدا ڕەخنەیەکی بەجێ بوو. ناوبراو نیشانیدا کە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە کردەوەدا بوونەتە هۆی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافی مرۆڤ، سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕین، قەدەغەبوونی تێکۆشانی حیزب و سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان، سانسۆر و سەرکوت و خەفەقان، بەستنی ڕادیۆ و ڕۆژنامە بێ لایەنەکان، گرتن و ڕاونانی جیا بیران و ئازادیخوازانی ئێران، لەپەڕاوێزخستنی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان. بۆیە دژایەتی و بەربەرەکانی دوکتۆر قاسملوو بەرانبەر حکوومەتی سەرەڕۆی مەزهەبی، بە قووڵی لەگەڵ هەوڵی ئەو بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێراندا، یەکیان دەگرتەوە.

## ڕاگرتن و بەرەپێشبردنی میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو

ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە یادی دوکتۆر قاسملوو بەرز ڕادەگرین، پێویستە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و میراتی خاباتگێرانەی ناوبراو پێدابگرینەوە. ئاخر ئێستاشی دەگەڵ بێت، لە ئێراندا کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پرۆژەی سیاسیی قاسملوو، واتە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووری و دێمکراتیک لەسەر بنەمای پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی، لەسەر بنچینەی دیموکراسی و سکۆلاریزم و لێبوردەیی و مافەفەکانی مرۆڤ، لە هەر کاتێکی دیکە ئاکتوێلترە.

## بەرگری و پەروەردە و خوێندن و خۆبەهێزکردن

هەموو هاووڵاتیان، چ کورد و چ غەیرە کورد، لەسەرمانە بەرگری لەو بیرۆکەو ڕوانگەو پرنسیپە سیاسیانە بکەین کە چوارچێوەی ئەو پرۆژەو گەڵاڵە سیاسیە پێک دێنن کە قاسملوو بۆ داهاتووی ئێران پێشناری دەکرد. ئەمەش لە ڕێگای بەشداریی لەخەبات و تێکۆشاندا، لە ڕێگای پەروەردەو فێرکردن و خۆ بەهێزکردنەوە، لە ڕێگای پتەوکردنی ڕیزەکانی بەربەرەکانی بەرانبەر سەرەڕۆیی و ئیستبدادی ڕەشی ئاخووندیدا، لە ڕێگای بەرینکردنەوەی هاوکاری و هاوپێوەندیی لە نێوان هێزو دەستەو تاقم و حیزب و ڕێکخراوە میللی و دێموکرات و ئازادیخوازەکاندا، ئیمکانی جێبەجێ بوونی هەیە.

بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین هاوپەیمانی دەگەڵ کەسایەتی و هێز و لایەنە سیاسیە هاوبیرەکانمان پێکبێنین. بەهەموو تواناوە بۆ پێشخستنی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا تێکۆشین. لەگەڵ گەلان و کەمایەتیە سەرکوتکراوەکانی دیکەی ئێران بەرەی هاوبەش بۆ بردنە پێشی خەبات و ئامانجە ڕەواکانمان دامەزرێنین.
لەو نێوەدا دەستپێشخەرییە پەروەردەییەکان، دەتوانن ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە و ئیدە و نۆرم ڕوانگەو بەهایانەدا بگێڕن کە قاسملوو نوێنەرایەتی دەکردن. قوتابخانە و زانکۆ و ڕێکخراوە مەدەنی وکۆمەڵایەتیەکان، دەتوانن کار و ئیدەو و بیرۆکەکانی قاسملوو بخەنە ناو پرۆگرام و بەرنامە و پلانەکانی خۆیانەوە.

دروستکردنی ئامراز، کاناڵ و کەرەستەی پەروەردەیی، کە تیشک بخەنە سەر ڕوانگەو بیرۆکەو سیاسەتەکانی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی دەگەڵ دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێراندا، دەتوانێت، بۆ لاوان، ڕێبەران و سەرکردە مەیدانییەکان، بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی، بۆچالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ، ببێتە سەرچاوەی ئیلهام وسەرمەشقی کار و خەبات. فیلمی دیکۆمێنتاری، ژیاننامە و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیک لەسەر ژیان و خەباتی دوکتۆر قاسملوو، دەتوانن میراتەکەی بپارێزن و نەیەڵن خزمەتەکانی بە گەلی کورد، بە پرۆژەی دێموکراسی لە ئێراندا و هەروەها بەشدارییەکانی لە بەرهەمهێنانی کولتورێکی دێموکڕاتیک لە ئێراندا، لەبیر بکرێن. بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئاگاهی سیاسیی سەبارەت بە کار و تێکۆشانی قاسملوو لە پێناو ئازادیدا، دەتوانین کولتووری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بنەما و نرخ و بایەخە دیموکراتییەکان لە نێو خەڵک و لاوانی وڵاتەکەماندا پەرەپێبدەین.

## کار و هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

جگە لەوەش دەبێت لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەسەر بەهێزکردنی دەنگی ئەو خەباتەی دوکتۆر قاسملوو دەیبردە پێشێ،

بەردەوام بین. بە هوشیارکردنەوەی کوڕوکۆمەڵە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە خەباتی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئازادیخوازی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بەشداریی و کاریگەریی ڕوانگەکانی قاسملوو لە خەباتی کورد و چۆنیەتی بردنەپێشی دێموکراسی لە ئێراندا، دەتوانین پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆلای خەباتی کورد و گەلانی دیکەی وڵاتەکەمان ڕاکێشین. دەتوانین سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای ئەو هەموو سەرکوت و سەرەڕۆییە ڕاکێشین کە ڕێژیمی ئاخوندی بەسەر خەڵکی ئیرانی دا سەپاندوە. بەجۆرە دەتوانین فشار بخەینە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و وەبەرچاوگرتنی عورفی نێونەتەوەیی. لەسەرمانە پەیوەندیی بەردەوامان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، هیومان ڕایتس ووچ و هەروەها ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک شوڕای مافی مرۆڤ وهتد دا هەبێت. ئەمە دەتوانێت کۆمەک بەوەبکات کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم و زیندان و گرتن و ڕاونانی ئازادیخوزانی وڵاتەکەمان لەلایە کۆماری ئیسلامیەوە، بکەوێتە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی دونیاو سەرەنجام ببێتە هۆی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی پێویست.

شایانی باسە ک کار وداکۆکیکاری نێودەوڵەتی دەتوانێت چەندین شکڵ و شێوە بەخۆوە بگرێت. وەک ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و دۆکیۆمێنت و بەڵگەی شایەتحاڵی، تا دەگاتە بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا. بە حزووری بەردەوام و چالاکانەمان، بە هێنانەگۆڕێ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمەوە لەم کۆڕانەدا، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە خەباتی کورد وەک پرسێکی ئاکتوێل و دیار لە ئەجێندای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا بمێنیتەوە. جگە لەوەش دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ میدیای نێودەوڵەتی، دەتوانێت پەیامەکانمان بە گوێی حەشیمەتێکی خەڵکی دونیا بگەیەنێ.

## دروستکردنی هاوپەیمانی

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتور قەسملوو لە پێوەندیی دەگەڵ بردنەپێشی هاوخەباتی و هاوپەیمانی نێوان هێز و لایەنەسیاسیەکان بپارێزین و بەهیزتریشی بکەین. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی شێوەی ڕێبەرایەتیی دوکتۆر قاسملوو بوو. ئەو مۆدێلە لە سەرکردایەتی و پابەندبوونی بێوچانی ناوبراو بە دۆزی ڕەوای کورد، دەبێت ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتووی میللەتەکەمان. لە ڕێگەی یادکردنەوە و دەستپێشخەری پەروەردەیی و بۆنە کولتوورییەکانەوە، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی قاسملوو لە گەڵماندا هەر بەردەوامە و ئایدیاڵەکانی لەهەوڵ و تێکۆشانماندا بەرەو کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و دیموکرتیک، هەروا ڕێنیشاندەرمانن. هەروەها پێویستە هاوپەیمانی لەگەڵ گرووپە نەتەوەیی و سیاسییەکانی دیکەی ئێران دروست بکەین. بە پتەوکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەدژی نیزامی ئاخووندی، دەتوانین کاراتر بەرەو ئامانجی هاوبەشمان واتە ئێرانێکی دێموکرات و گشتگیرتر

هەنگاو هەڵگرین.

کۆڵەکەکانی ڕوانگەی دوکتور قاسملو، بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و تەعەهودی هەمووان بەئامانجی هاوبەش واتە مەزراندنی ئێرانێکی دێموکرتیک ڕاوەستاون. قاسملوو چاک لەوە تێگەیشت بوو کە خەبات بۆ مافەکانی کورد لەگەڵ خەبات بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێک گرێدراون. هەربۆیەش بە هاوکاری لەگەڵ گرووپەکانی دیکە، کە لەو بەها و نرخانەدا دەگەڵ کورد هاوبەش بوون، بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی بەهێز و یەکگرتوو کە توانای تەحەدای دەسەڵاتی ئاخووندیی هەبێت، لەهیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێخی نەدەکرد.

## خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی

خەبات بە دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بە توندی لەگەڵ خەباتێکی گەورەتر و بەرینتر بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ تێکەڵ بووە. سرووشتی پاوانخوازیی و ئیدەئۆلۆژیکی ڕێژیم بووەتە هۆی زاڵ بونی سەرکوتێکی بەربڵاو، ڕاونان و گرتن و تۆقاندن و تیرۆر. بۆ نموونە سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، سانسۆرکردنی ئازادیی بەیان، قەدەغەکردنی ئازادی کۆڕوکۆبوونەوە و بەرتەسککردنەوەی توندی ئازادییە سیاسییەکان. بۆیە دیدگای دوکتور قەسملوو بۆ ئێرانێکی دێموکراتیک، هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ پراکتیکەکانی ڕێژیمی ئێستادا ناتەبایە. بۆیە میراتی قاسملوو لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی دا دەتوانێت، بە هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانی وڵاتەکەمان ببێتە ستراتیژیەکی هاوبەشی خەبات.

## پێشێلکاری مافی مرۆڤ

کارنامەی ڕەشی ڕێژیمی ئاخووندی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە بە بەردەوامی مەحکووم کراوە. پرسەکانی وەک گرتن و ڕاونانی ئازادیخوزان، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان، دادگاییکردنی نادادپەروەرانە، بێ سەروشوێنکردنی ڕەخنەگران و جیابیران تەنیا بەشێکی ئەو کارنامە ڕەشەن. سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، لەوانە کورد، بەهایی و سوننە، ڕووبەڕووی هەڵاوردن و توندوتیژیی سیستماتیک دەبنەوە. بەرگری دکتۆر قاسملوو لە مافەکانی کەمینەکان لەم چوارچێوەیەدا بە تایبەتی جێگای سەرنج و بەرچاوە. ناوبراو بەشێوەیەکی سەرسەخت و شێلگیرانە بانگەشەی بۆ ماف و ئازادییەکانی ئەو کەس و دەستەو تاقمانە دەکرد کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە پەراوێزخراون و بە شێوەیەکی سیستەماتێک دە چەوسێنرینەوە.

کەواتە بەدۆکیۆمێنتکردن و ئاشکراکردنی ئەم پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ لایەنێکی گرنگی خەباتە. بە کۆکردنەوەی بەڵگە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی کەیسەکان بە دەزگا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، دەتوانین ڕێژیم لە قاودەین و لە پێوەندیی دەگەڵ ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەدا کە بە دژی خەڵک بەڕێوەی دەبات، بیخەینە بەردەم لێپرسینەوە. لەو پێوەندییەدا دەبێت شەفافیەت و دادپەروەری بکەینە بنەمای کار. لەسەرمانە ڕاست و ڕەوان بین و ڕاپۆرتەکانمان بە بەڵگەو دۆکیۆمینتی باوەڕپێکراو و جێگای متمانەوە بخرێنە بەرچاوی کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان.

## بۆ بردنەێش و دەوڵەمەندکردن و بەکارهێنای میراتی سیاسی و ئینلایتنمێنتی قاسملوو دەتوانین گەلێک دەستپێشخەریی بکەین:

### بەهێزکردنی تۆڕەکانی بەرگری

پێویستە تۆڕی جۆراو جۆر بۆ بەرگری لە مان و مەوجودییەت و داکۆکی لە مافەڕەواکانی گەلەکەمان دروست بکەین و بەهێزیان بکەین، بەجۆرێک کە ئەوتۆڕانە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاستی دونیادا لۆبی بۆ مافەکانی کورد و دیموکراسی لە ئێراندا بکەن. دامەزراندنی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و کەڵک وەرگرتن لە کەناڵە دیپلۆماسییەکان بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی ئێران، بەشێک لەو ستراتیژیەن. بە پێکەوە کارکردن دەگەڵ ڕیکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ دەتوانین هێزێکی بەهێزتر بۆ گۆڕانکاری لە ئێران و ناوچەکەدا دروست بکەین.

هەروەها تۆڕەکانی بەرگریی دەتوانن پشتیوانی لەو کەس و گروپانە بکەن کە لە نیوخۆی وڵاتدا بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤ و وەدیهینانی داخوازەکانی گەلی کورد کار و خەبات دەکەن. ئەمەش دابینکردنی سەرچاوەی ماددی و و ڕاهێنان و هاودەنگی و هاوپێوەندیی نێودەوڵەتی بۆ چالاکوان و ڕێکخراوە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێتەوە. بە بەهێزکردن و بەرینکردنەوەی ئەو تۆڕانە دەتوانین توانای بەرگری و بەرخۆدانیان لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگدا بەرینەسەر و مەیدانی کارو خەباتیان بۆ هەموارتر کەین. هیچ گومانی تێدانییە کە کارو بەرگرییەکی لەوجۆرە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاڵووگۆڕی پڕ مانا بە قازنجی ئازادی و دێموکراسی لە ولاتەکەماندا.

### پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە مافی مرۆڤ

پەروەردە ئامرازێکی بەهێزە بۆ گۆڕانکاری. بە کارکردن لەسەر فێربوون و ئاشنابوون دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، بە جێکردنەوە

بۆ پەروەردەی مافی مرۆڤ لە نێو میدیا کۆمەڵایەتیەکان و کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی و فەرهەنگییەکان و گوتاری گشتیدا، دەتوانین ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە مافی کەمینەکان و بەها دێموکراتیکەکان لە نیو خەڵکدا بەرینەسەر. ژیان و خەبات و کارەکانی دوکتور قاسملوو لەوبوارەدا دەتوانن ببنە سەرمەشقی هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە.

هەروەها لەسەرمانە لەبەرنامە پەروەردەییەکاندا، پێ لەسەر پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دابگرین. تۆوی پەرەپێدانی ڕووحییەی ئازایەتیی مەدەنی لە نێو کووڕوکچەلاوەکاندا بچێنین. بە هاندانی خەڵک بە ئاشنابوون و لە گەڵ ماف و ئازادەکانیان و تەشویقی ئەوان بۆ بەشداری چالاکانە لە کاروباری کۆمەڵگاکانیاندا، دەتوانین هاوڵاتییەکی هوشیا و چالاک پەروەردە بکەین. ئەمەش بۆ دامەزراندن و بردنەپێشی دیموکراسییەکی بەهێز و بەردەوام و گشتگیر لە ئێراندا پێویستە.

## بردنە پێشی خەبات و تێکۆشان بە مافەکانی گەلی کورد و دێموکراسی لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتیدا

یاسای نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی بەرین بۆ پاراستن و پەرەپێدان و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی دابین دەکات. بە ئاماژەدان بە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان کە دەوڵەتی ئێرانیش ئیمزای کردوون و بۆ وەبەرچاوگرتن و پیادەکردنیان بەر عۆدەبووە، دەتوانین ڕێژیم لە ئاستی جۆراوجۆردا سەبارەت بەسیاسەتە دژی گەلیەکانی لە کوردستان و ئێران بخەینە بەر لێپرسینەوە. ئەمەش وەک باسمان کرد لە ڕێگای پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بەئۆرگانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداریکردن لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا، جێبەجێ دەبێت.

هەروەها هاوکاری و پەیوەندیگرتن لەگەڵ میکانیزمە یاساییە نێودەوڵەتییەکان، دەتوانێت پشتگیریی یاسایی و مەعنەوی و ئەخلاقی بۆ چالاکوانان و تێکۆشەرانی کورد و باقی هاووڵاتیانی دیکە، لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ کۆنەپەرستی ئاخووندیدا دەستەبەر بکات. بە کەڵک وەرگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەتوانین پەنابەری، پاراستنی یاسایی و جۆرەکانی تری هاوکاری بۆ ئەو کەسانەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێنە ئامانجی ڕاونان و سەرکوت و تیرۆر وەدەست بخەین. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەبات بۆ مافەکانی گەلی کورد، بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ سەرەڕای سەرکوتی حکومەت، هەروا بەردەوام دەبێت.

## پشتیوانی لە کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرگریکردن و پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دا دەگێڕن.

پشتگیریکردنی ئەم ڕێکخراوانە، چ لە ڕووی داراییەوە و چ لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی دیکەی وەک تواناسازییەوە، دەتوانێت لێوەشاوەیی و کارایی ئەوان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری مەدەنی و کۆمەڵایەتی زیاد بکات. ئەمە پشتیوانی لە میدیای سەربەخۆ، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، چالاکوانانی بوارەکانی مافەکانی ژنان، منداڵان، ژینگە، سەندیکا کریکاری و پیشەیی وبزووتنەوە خوێنکاریەکان و هتد دەگرێتەوە.

لە ڕێگای پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیندوو، چالاک و خۆڕاگر، دەتوانین بناغەیەک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی بەردەوام دروست بکەین. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان پێشکەش دەکەن، داکۆکی لە پێکهێنانی ڕیفۆرم چاکسازی لە سیاسەت دا دەکەن و حکومەت دەخەنە بەرلێپرسینەوە. بۆیە بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراوانە بۆ پێشخستنی دیدگای دوکتور قاسملوو لە پێوەندی دەگەڵ دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک،گشتگیر، سکۆلار و دیسانترالیزە لە ئێراندا پێویستە.

## بەهێزکردن و پەرەپێدانی دیپلۆماسی کولتووری و فەرهەنگی

دیپلۆماسی کولتووری دەتوانێت ئامرازێکی بەهێز بێت بۆ دروستکردنی پرد و پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی گەلان و نەتەوەکان لە یەکتر. بە پێشخستنی فەرهەنگ و کولتوور و زمان و ئەدەبیات و کەلەپووری کوردی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەگەڵ ناوەند و دامەزراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتی و جیهانییە پێوەندیدارەکاندا، وەک بەشداری لە پێشانگا هونەریەکان، جەژن و فیستیڤاڵە موسیقیەکان، کۆڕوکۆبوونەوە ئەکادیمی و زانستیەکان و هتد دا، دەتوانین ئاستی هۆشیاری و ئاگاهی بیروڕای گشتی دونیا سەبارەت بە خەباتی کورد بەرز کەینەوە و هاودەنگیی و هاوپێوەندیی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان وەدەست بێنین.

هەروەها دیپلۆماسی کولتووری دەتوانێت هەرچەشنە ڕوانگە و بۆچوونێکی نەرێنی و زانیارییەکی هەڵە کە سەبارەت بە کورد و خەباتە ڕەواکەی لە نێو بیروڕای گشتیدا بڵاوبۆتەوە. پووچەڵ بکاتەوە. بە نمایشکردن و نیشاندانی لایەنە جوان و ئینسانیەکانی کولتوور و فەرهەنگ و شایی و هەڵپەڕکێ و خواردن و جلوبەرگ و کولتووری ئازادیخوازانەی کورد، دەتوانین ڕێز و حورمەت و تێگەیشتنی زیاترلە نێو گەلاندا بۆ پشتیوانی لە خەباتی میللەتەکەمان وەدەست خەین. ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی جیهانی گشتگیرتر، جیهانێک کە لەوێدا هەموو گەلان و نەتەوە و دەستەو تاقم و گروپە جۆراوجۆرەکان، پێکەوە لە ئاشتی و تۆلێرانسە و پێکەوە هەڵکردنی دێموکراتیک دا بژین و فەرهەنگ و کولتووری یەکتر دەوڵەمەند کەن.

## ئەنجام

یادی ۳۵ ساڵەی تیرۆرکردنی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، دەرفەتێکی باشە بۆ وەبیرهێنانەوە و بیرکردنەوە لەوە کە چۆن دەتوانین میراتی سیاسی و فکری و کولتووی خەباتگێڕانەی ناوبراو بەرینە پێشێ. چ وەک کورد و چ وەک هاووڵاتی ئێران، ئەرکی ئەوەمان لەسەر شانە کە لە پێشدا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو لە پێناویاند خەباتی دەکرد - دیموکراسی، سکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی کەمینەکان، ڕیز لەیاد و ناوی ئەو سەرکردە گەورەیە بگرین. تەنیا بە کارو خەباتێکی چالاکانە بۆ ئەم ئایدیاڵانە دەتوانین خەونی ئەو بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیک کە لەوێدا هەموو هاووڵاتیان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەدی بهێنین.

خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو تەنیا لە هەوڵدان بۆ مافەنەتەوایەتیەکانی گەلی کورددا سنووردار ناکرێتەوە؛ بەڵکو تێکۆشانی ناوبراو، ئینلایتنمێنی قاسملوو، داخوازیەکانی هەموو ئەو ئێرانیانەی لەخۆگرتبوو کە خوازیاری ئازادی، دێموکراسی و و دادپەروەری بوون. بۆیە کارەکانی، ژیان و خەباتی، نەخشەڕێگایەکمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی فرە کولتوور دەخەنە بەدەم، کە لەسەر بنەمای بەها دیموکراتیکەکان و مافەکانی مرۆڤ دامەزرابێت. بە بردنەپێشی ئایدیاڵەکانی و سووربوون لەسەر ئەو خەباتەی ئەو ژیان و گیانی خۆی لە پێناویدا بەختکرد، دەتوانین ڕۆحی قاسملوو بە زیندووی بهێڵینەوە و ڕێگا بۆ داهاتوویەکی گەش بۆ هەموو گەلانی ئێران و چین و توێژە زەحمەتکیشەکانی وڵاتەکەمان خۆش بکەین.

میراتی سیاسی و فکری قاسملوو، بریتیە لە پابەندبوونی شێلگیر بە عەداڵەت و دێموکراسی و مافەکانی گەلانی چەوساوەی ئێران. ئێستا کە هەروا لە پێناو دامەزراندنی ئێرانێکی دیموکراتیک و گشتگیر، لەخەبات و بەربەرەکانی داین، با ئیلهام لە ژیان و خەبات و ئیدەئاڵەکانی دوکتور قاسملوو وەربگرین. با ئەو ئەسڵ و پرەنسیپە سیاسیانەی شکڵیان بە کەسایەتی سیاسی ئەو دابوو، بکەینە ڕێنمای خۆمان لە هەوڵەکانماندا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیمکراتیک لە ئێراندا،

**واتە سیستەمێکی سیاسی ئەوتۆ کە لەوێدا هەموو ئینسانەکان، بە کەرامەت و بە ئازادی و ڕێزەوە،پێکەوە بژین.**

**پووشپەڕی ۲۷۲٤**

## چۆن میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو بەرینە پێش؟
## لە سی‌وپێنجەمین ساڵی شەهیدبوونی د. عەبدولڕەحمان قاسملوودا:




پووشپەڕی ئەمساڵ، سی‌وپێنج ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسی و ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێدەپەڕێ. بەوحاڵەش میراتی سیاسی و خەباتگێرانەی دوکتور قاسملوو، لە ئیلهامبەخشین بە تێکۆشەرانی کورد و داکۆکیکارانی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروا کاریگەر ماوەتەوە.

ڕۆڵی گرینگی دوکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورددا، بەهیچ جۆر حاشای لێناکرێ. ناوبراو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات نەخشێکی سەرەکیی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بینی. بەڵام تێکۆشانی ئەو تەنیا هەر لە پیناو ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستاندا نەبوو؛ ئامانجی سەرەکیی ناوبراو بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا، سیستەمێک کە لەودا کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە، مافەکانیان دەستەبەر کرابن و دەرفەتی ئەوەشیان هەبێت لە دامەزراوە دەوڵەتی و میللی و سەرانسەرییەکاندا نوێنەرایەتییەکی عادڵانەیان هەبێت.

لە فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا، باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمی و دەستەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و دڵنیابوون لە دابینبوونی مافەکانیان. قاسملوو لەوە تێگەیشتبوو کە دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دەتوانێت گەشە بکات کە دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ و ڕێگە بە حوکمڕانیی نێوخۆیی بدرێت. بەجۆرێک کە پێداویستی و خواستەکانی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات وەبەرچاو بگیردرێن.

دوکتور قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی کەمایەتییەکان، نەک تەنیا هەر کوردەکان، بەڵکو هەموو گرووپە پەراوێزخراوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران بوو. ئەو خەونی بە دامەزرانی کۆمەڵگەیەکەوە لە ئێراندا دەبینی، کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتووره جیاوازەکان، بتوانن بە هاوئاهەنگی و دوور لە جیاکاری و هەڵاواردن، لە پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و تۆلێرانسدا بەسەربەرن.

دوکتور قاسملوو جگە لە هەوڵەکانی لەپێناو مافەکانی گەلی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەبوو. ئەو بەردەوام کاری بۆ وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتی دونیا، سەبارەت بەدۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرد. لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسیی بۆ خەباتی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کەڵکی وەردەگرت.

دووربینیی سیاسی و پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دیموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێرانیش هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی سێکۆلار و دێموکرات بەتوندی دژایەتیی ڕێژێمی ئیسلامیی ئایەتوڵلاکانی دەکرد. ئەو ڕێژیمی ئاخوندیی بە مەترسیی بۆ سەر ئازادی، پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و مافەکانی مرۆڤ دادەنا. بۆیە بەردەوام بۆ یەکخستنی ئێرانییەکان بە هەموو پێشینە و ڕوانگە سیاسیە جیاوازەکانیانەوە بۆ ڕاوەستان لەدژی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا و جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار دەکردەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یاد لە میراتی سیاسی و فکریی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە، زۆر گرنگە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و سوننەتی خەباتگێڕانەی ئەو پێ دابگرینەوە. ئاخر لە ئێراندا کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوور، لەسەر بنەمای دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی مرۆڤ، هەروەک جاران ئاکتوێلە. بۆیە ئەرکی سەرشانمانە، چ کوردەکان و چ خەڵکانی دیکەی ئێران، وەک یەک چالاکانە بۆ بەرزڕاگرتنی ئایدیاڵ و ئارمانج و پرەنسیپە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو کار بکەین. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگای



سەرچاوە
Serchawe

بردنەپێشی خەبات، پەروەردە و بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی سیاسیدا جێبەجێ بکرێ. پێویستە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە میللی و دێموکراتەکان، لەپێناو پێشخستنی دۆزی دێموکراسی و مافی کەمایەتییەکان لە ئێراندا تێبکۆشین.

جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر بردنەپێشی ڕوانگە و بۆچوونەکانی دکتۆر قاسملوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا سەبارەت بە بەرحەقبوونی خەباتی گەلی کورد، سەبارەت بە پێویستی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، دەتوانین ئەمڕۆش پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرۆژەیە ڕاکێشین کە د. قاسملوو کاری لەسەر دەکرد. پرۆژەیەک کە ڕێگا چارەی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتۆر قاسملوو بپارێزین، دەوڵەمەندتری بکەین و تێبکۆشین لەگەڵ فاکتەر و ئاڵوگۆڕە تازەکان هاوئاهەنگی بکەین. ڕۆڵی قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خەباتگێر و شێلگیربوونی ناوبراو لەسەر بردنەپێشی دۆزی کورد، وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو چاوی لێ دەکرێت. لە ڕێگەی یادکردنەوەی بەردەوامی، لەڕێگەی دەستپێشخەریی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی سیاسی قاسملوو، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی ناوبراو هەمیشە لە دڵماندا زیندووە و ئایدیاڵەکانی لە ڕێنماییکردنی خەباتی ئێمە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی عادڵانەتر، ڕێنیشاندەرمانن.

لە ٣٥مین ساڵی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو دا، جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تەنیا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ بردنەپێشیان تەرخان کرد -دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبووردەیی و مافی کەمینەکان- دەتوانین وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی ئەو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی نیشان بدەین. تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بەڕاستی ئاوات و ئارەزووەکانی قاسملووی نەمر بەدی بهێنین کە سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئیراندا دامەزرابێ، بەجۆرێک کە هەموو هاووڵاتییان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیشتبن.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## کام پەیام و هەڵوێست قازی محەممەدی کرد بە پێشەوا؟



هەرکام لە ئێمە بە جۆرێک ڕێبەرین چونکە لانیکەم ڕێبەرێبەرایەتی ژیانی خۆمان دەکەین. زۆر کەسیش لەنێو ئێمەدا هەن کە لەبواری گەورەتردا بۆ نموونە لە ئاستی بنەماڵە، مەدرەسە، کارخانە و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کاری ڕێبەرایەتی دەکەن. ڕوونە کە مەیدانەکانی کاری ڕێبەرایەتی جۆراوجۆرن و هەر بەو پێیەش ئەرکەکانی ڕێبەر، بەرپرسایەتی و ڕۆڵیشی جۆراوجۆرن. بەڵام مەسەلەیەک هەیە کە لە هەموو حاڵەتەکانی ڕێبەرایەتیدا وەک فاکتۆرێکی گرینگ خۆی نیشان دەدا، ئەویش ئەوەیە کە لەهەر حاڵدا ڕێبەر سەروکاری دەگەڵ ئینسانان هەیە. ئەو ئینسانانە یا هاووڵاتین، یا هاونیشتیمانن، یا هاوڕێی حیزبین، پێشمەرگەن، سەربازن، یا کارمەند و کرێکار و هتد...

کاری ڕێبەر ئەوەیە خەڵک واتە ئینسانەکان لە دەوری دروشم و ستراتیژی و ئیدەئاڵ و بەرنامەکانی ڕێکخراو، حیزب، بزووتنەوە، مەدرەسە و کارخانە و بە کورتی ئەو دامەزراوە کۆ بکاتەوە کە ڕێبەرایەتیی دەکا. ئەو دەبێ هاندەر بێ، دینام بێ، ماتۆر بێ، گەرموگوڕی بە کار و خەبات لەونێو دەوروبەری خۆیدا بڵاو بکاتەوە. شادی و خۆشی دابەش بکا. هەمووان بەشدار بکات و کەس هەڵنەاوێرێ. ڕێبەر دەبێت کۆسپان تەخت بکا، پردان درووست بکا، دیواران بڕووخێنی. دەبێ خەم لەبەر بێ و مەڵحەمی برینان و هۆی ئارامیی دڵە شکاوەکان بێت. ڕێبەر بە هاوکاری دەگەڵ هاوکارەکانی دەبێ فەرهەنگ و کولتوورێک درووست بکەن کە نێوەرۆکەکەی بریتی بێت لە ڕوانگەیەک کە وەک ئەستێرەی گەش بدرەوشێتەوە و خەڵک بەدوای

خۆیدا بکێشێ. فەرهەنگێک کە بایەخ بە پێوەندیە ئینسانیەکان بدا و ڕەنگە جۆراوجۆرەکان لە خۆیدا جێ بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا ئامادەیی بۆ چوونەپێش و گۆڕان و دروستکردنی بەهای نوێ تێدا بێت.

لە مێژوودا زۆر نموونەی ئەوجۆرە ڕێبەرانەمان هەن کە بوونەتە سەرمەشق و ئێستاش هەروا سەرچاوەی ئیلهامن. من هەوڵ دەدەم دوونموونە لەو سەرمەشقانە باسکەم و پاشان پێشەوا قازی بە پێوانانەی ئەوان هەڵسەنگێنم تا بزانین ڕەمزی بوون بە پێشەوا و پێشەوامانەوەی قازی لەچیدایە؟

## سوقڕات

سوقڕات گرینگی زۆری بە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ دەدا. ناوبراو ئەو پرسیارە فەلسەفیانەی دەهێنانە گۆڕ کە چۆن دەتوانین ژیانێکی جوان و پڕ لە فەزیلەت و عادڵانە درووست بکەین. هەروەها ئەو بە سەخاوەتەوە ئامادە بوو گیانی بۆ ئیدە و بایەخە بەرز و تازە و ئینسانیەکان بەخت بکا کە بڕوای پێ بوون. سوقڕات بە ئاتێنیدا دەگەڕا و دەیپرسی ژیانی باش و پڕ فەزیلەت کامەیە؟ جوانی چیە؟ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر چۆنە؟ دادپەروەری چیە؟ کۆمەڵگەیەکی عادڵانە چۆنە و کام سیفاتی هەن و تایبەتمەندیەکانی چین؟

سوقڕات ئەو پرسیارانەی زۆرتر ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی ئاتێنێ دەکردن. ئەو لاوانی بۆ خەبات و بەربەرەکانی و ڕاپەڕین هان دەدان. ئەو بە هێنانەگۆڕێ پرسیار سەبارەت بە ژیانی پڕ فەزیلەت و کۆمەڵگەی عادڵانە دەیەویست سەرنجی خەڵک بۆ وەزعی نالەباری کۆمەڵگەی ئەودەمی ئاتێنێ ڕاکێشێ. جیالەوە هەمیشە خەڵکی هان دەدا کە خۆیان و توانا و زەرفییەتەکانی خۆیان بناسن. چونکە کەسێک دەتوانێ دەگەڵ خەڵک بحاوێتەوە کە خۆی بناسێ. ئەو جۆرە حەرەکەتانەی سوقڕات و ئەو پرسیارانەی ئەو بە دڵی کاربەدەستانی ئەودەمی ئاتێنێ نەبوون. هەربۆیە نەیارەکانی کە دەسەڵاتداران بوون ئەویان بە کەسێکی ئازاردەر دەزانی و هەر لە بەر ئەوەش بوو مەحکوومیان کرد کە جامی ژەهر بخواتەوە.

پرسیارەکانی سوقڕات هەموو خەڵکیان دەگرتەوە. هەموو لە کۆمەڵدا بەرامبەر یەکتر ڕێبەرن و دەبێ بپرسن ژیانی باش و پڕ فەزیلەت چیە؟ ئەوە یارمەتیمان دەدات کە سەرنج بدەینە ژیانی هاووڵاتیانمان کە لە وەزعێکی سەخت و دژواردان، حەقخوراون و ئەگەر پێویست بێ یارمەتییان بدەین. جاری وایە دیتن و بەسەرکردنەوەیەک گەورەترین یارمەتییە. کەسێک کە پێویستیی بە یارمەتییە زۆری بۆ گرنگە یارمەتیدەر ئاوڕی لێ بداتەوە. سوقڕات بۆ خۆشی هەموو جارێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێ نەبوو کە دەیهێنانە گۆڕێ، بەڵام مەبەستی ئەو ەبوو خەڵک وەبیرکەوتنەوە بکەون. لە لایەکی دیکەشەوە دەیەویست ئەوە بڵێ کەسێک کە بەدڵەوە ئەو پرسیارانە دێنێتە گۆڕێ دەبێت کەسێکی ئاقڵ و بە هۆش بێت. لە فەرهەنگی

یۆنانیدا کەسێکی زیرەک و خاوەن هۆش ئەو کەسەیە کە توانای دیتنی داهاتووی هەیە و دووربین و ئایندە بینە. کەسێکیش کە دووربینە و توانای دیتنی داهاتووی هەیە ڕوانگە دەدا، ڕێ دەستنیشان دەکا و قەتاری حەرەکەتی کۆمەڵ دەخاتە ڕێ. کەسێکی ئاوا جەهەت دەستنیشان دەکا، خەت دەدا، خەڵک بەدوای خۆی دادەکێشێ و خەڵک بۆخۆیان وەدوای دەکەون و دەیکەنە پێشەوا و بەم جۆرە ڤیزشون دروست دەکا. ئەو دەبێتە پێشەوا و مەشخەڵ هەڵدەگرێ و ئاڵای پەیامەکەی بەرز دەکاتەوە و دەبێتە خاوەن ڤیزشون. مەبەست لە ڤیزشون بانگ و پەیامی خێری گشتی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە کە ئینسانەکان لەوێدا لە فەزیلەتدا بژین. پەیام و ڤیزشونی مەزن ئەوانەن کە ڕوویان لە هەموو خەڵکە و کەس هەڵناوێرن و دەبنە کانیاوێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی تینوون. پەیام و ڤیزشوونی مەزن ئەو پەیامەیە کە دەیەوێ کۆمەڵ بەرەو بەختەوەری و ئازادی و فەزیلەت بەرێ و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بە سەعادەت و بەختەوەری بگەیەنێ. ئەرستوو کە قوتابیی سوقڕات بوو دواتر ئەو قسەی سوقڕاتی دەوڵەمەندتر کرد کە دەڵێ کەس ناتوانێ بەختەوەر بێت ئەگەر کۆمەڵگەکەی و کەسانی دەوروبەری بەختەوەر نەبن.

## عیسای مەسیح

دەرکەوتوە کەسێک کە بە خێری گشتییەوە ماندووە و لە خەمی میللەت و گەل و وڵاتدایە، لە قەیران و سەختی و دژوارییەکاندا باشتر خۆی ڕادەگرێ و چاکتر دێتەدەر لە کەسانێک کە زۆرتر هەر لە خەمی خێری شەخسیی خۆیاندان. عیسای مەسیح نموونەیەکە لەو چەشنە کەسانە. ئەو یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرانی مێژووی مرۆڤایەتییە و هێشتاش زۆرترین پەیڕەوی هەن. بزانین پەیام و مۆدێلی ڕێبەرایەتیی عیسای مەسیح چی و چۆن بوو کە ئاوا بوو بەو ڕێبەرە گەورە و بەو پەیامبەرە مەزنە. شێوەی مودیرییەتی ناوبراو و پێوەندییەکانی ئەو لەگەڵ خەڵک و چۆنیەتیی پێوەندیگرتنی بە خەڵکەوە و نێوەرۆکی پەیامەکەی زۆر ئاسانە، بەڵام لە هەمان کاتدا پیادەکردن و پراکتیزەکردنی زۆر سەخت و دژوارە. هەمووی ئەوە دەکرێ لە چوارخاڵدا کورت کەینەوە. لەڕاستیدا ئەو چوار خەڵە ئەو یاسا و قانوونانەن کە پێویستە هەموو ئەو کەسانە دەکاریان بکەن کە ڕێبەرایەتیی خەڵک دەکەن و دەیانەوێ ئینسانەکان لە دەوری پەیامێک یان ڤیزشونێک کۆ کەنەوە و کۆمەڵ بەرەو ئەو ئامانجە مۆبیلیزە بکەن واتە وەگەڕ بخەن.

**یەکەم**، مرۆڤەکان هەموویان خاوەن بایەخن و لەباری ئینسانییەوە هاوبەهان. بۆ عیسای مەسیح هەموو ئینسانەکان لە چوارچێوەی ئایینی ئەو و پەیامی ئەودا وەک یەک هاوبایەخن. بناخەی ئەو بیرە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە ناوبراو هەموو ئینسانەکانی بە یەک چاو تەماشا دەکردن. ئەو نەیدەهێشت جیاوازییە ڕواڵەتییەکان ببنە هۆی لێکهەڵاواردنی ئینسانەکان بەمجۆرە و خودی و ناخودی درووست ببێ. کەسێک کە جیاوازی لەنێو ئینسانەکان دادەنێ. دیواران دروست دەکا و لەهەر حاڵدا ئەگەر بەشێکانیش ڕاکێشێ، بەشێکیش لە خۆی دەتارێنێ و دوور دەخاتەوە. پەیامی مەزن ئەو پەیامەیە کە ڕووی لە

هەموو کۆمەڵگە و هەموو میللەت بێت.

**دووەم**، دەبێت توانا و قودرەتی لێبوردن و بەخشین و عەفوکردنمان هەبێت. ئینسان قابیلی هەڵەیە. هەڵەکردن بەشێکە لە سروشتی ئینسان. بەڵام بەخشین و لێبوردەیی شتێکە پێوەندیی بە هاوپێوەندیی ئینسانییەوە هەیە. بەخشین و لێبوردن نیشانەی لاوازی و شلوشەوێقیی ڕێبەر نیە، ڕاست بە پێچەوانەوە لێبوردەیی و بەخشین بە گوناهانەوە، متمانە دەخوڵقێنێ و باشترین ئامڕازیشە بۆ پێشگیریکردن لە دووبارەبوونەوەی هەڵە.

**سێهەم**، کارکردن و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ عیسای مەسیح و پەیڕەویکردن لێی سەخت و دژوارە. ئەو لێی دەویستی. ئەو چاوەڕوانی و ئینتیزار و داخوازیی لە هەموو ئەو کەسانە هەیە کە ئەویان قبووڵە. بەڵێ ژیان لە کۆمەڵدا، ژیان لەنێو میللەتدا مایەدانان لە خۆی دەوێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە هەر ڕێبەر نیە کە ئینتیزار و چاوەڕوانی لە خەڵک و تاکەکانی نێوکۆمەڵ هەیە، بەڵکوو ئێمە هەموومان دەبێت ئینتیزار و چاوەڕوانیمان لێکتر هەبێت و لێکترمان بوێت و لە ڕێبەریشمان بوێت. نەک هەر لە کاری هاوبەش و هاوکاریی یەکتری و ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، بەڵکوو لە هەموو هەڵسان و دانیشتنماندا پێویستە ڕەچاوی دۆخی یەکتر و دەورووبەری خۆمان و تەنانەت سروشت و حەیوانات و داروددرەخت و ژینگەش بکەین.

ئەوە کە داخوازیت لە هاوکار و هاواڵ و هاوولاتی و هاونیشتیمانی و ئەو کەسانە هەبێت کە ڕێبەرایەتییان دەکەی، بە هیچ جۆر مانای ئەوە نیە کە تۆ ڕێبەرێکی ئۆتۆریتاری. کەسێک کە داخوازیی لێ دەکرێ، چاوەڕوانیی لێ دەکرێ، ئینتزاراتی لێ دەکرێ، یانی دەگەڵ چاڵش بەرەوڕوو دەکرێ. ئەوەش ناچاری دەکا خۆی هەڵکێشی، خۆی بەرێتە پێشی، خۆی بەهێز بکا، خۆی کامڵ بکا، خۆی پوختە بکا. دیارە دەبێت داخوازی و چاوەڕوانییەکان واقعبینانە بن و لەگەڵ توانا و زەرفییەتەکان و هەلومەرج بێنەوە. ئەگەر وا نەبێت، ئەو چاوەڕوانی و ویستانە دەبنە ئامڕاز و وەسیلەیەک بۆ دەسەڵاتنواندن. ئاخر کاتێک کارێک دەکەی کە نایەڵی ئینسانەکان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن، پێش بە پەرەسەندنی ئەوان دەگری و خۆشت لە توان و لێوەشاوەییەکانی ئەوان بێبەش دەکەی.

**چوارەم**، عیسای مەسیح ئینسانەکانی خۆش دەویستن. هاوکار و پەیڕەو و هاوولاتیانی خۆی و ئەندامانی کۆمەڵگەی ئینسانی خۆش دەویستن. ئەو تەنانەت ناحەزانی خۆشی خۆش دەویستن. فەلسەفەی ئەوە لەوەدایە کە خۆشەویستی و موحیبەت هێزێکی هێندە گەورەی هەیە کە دەتوانێ ڕق و قین و تووڕەیی و تەنانەت دووژمنایەتیش ڕامانێ و لەنێو بەرێ. موحیبەت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. خۆشەویستی خوڵقێنەر و درووستکەرە. ڕوونە تایبەتمەندی و خسڵەتێکی لەوچەشنە بەڕاستی سەختە مرۆڤ بتوانێ لەخۆیدا پەروەردەی بکات. ئەوە توانایەکی تا ڕادەیەک فەوقی بەشەری دەوێ. بەڵام ڕێبەری

گەورە کە میللەتێک چاوی لێیەتی دەبێت ئەو توانایە لە خۆیدا دروست بکات. موحیبەت کلیلێکە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بکەینەوە و بڕوا و متمانەیان وەدەست بێنین. ڕایانکێشینە مەیدانی کار و تێکۆشان بۆ بەشداربوون لە کارکردن بۆ خێری گشتیدا. هەر ئەوە کە بتوانی خەڵک و هاوکار و هاوباوەڕەکانی خۆت خۆش بوێن، بۆخۆی مانا دەدا بە ژیان و نێوەرۆکی ژیان دەوڵەمەند دەکا. یۆنانیەکانیش باسی موحیبەتیان کردوە، بەڵام ئەوان زۆرتر باس لە دۆستایەتی دەکەن.

ئاخر دۆستایەتیش شتێکە پێوەندی بە کەیفییەتی پێوەندییەکانی نێوان ئینسانەکانەوە هەیە. ئەرستوو دەڵی دۆستایەتی گیانێکە لە دوو جەستەدا. دۆستایەتیش وەک موحیبەت و خۆشەویستی لە ڕێگای دیتن و وەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانەوە یەکیەتی دروست دەکا. ئاخر هونەر ئەوەیە لە جیاوازییەکان ڕا و بە جیاوازیەکانمانەوە بگەینە وەحدەت و کۆنسێنسوس، واتە ڕێککەوتن. وەحدەتێک کە جیاوازییەکان نابینێ و بە لەنێوبردنی جیاوازییەکان پێکدێ، پایەدار نابێ و زۆریش پڕمەترسییە.

دەبێ بگوترێ کە ئاوێتەبوونی ئەو چوار خسڵەتە بەرزەیە لە کەسایەتیی عیسای مەسیحدا کە ئەویان کردە ئەو ڕێبەرە گەورە. ئەو بە هاواری نەخۆش و لێقەوماوانەوە دەچوو. گوناهباری دەبەخشین، موحیبەت و خۆشەویستی لێ دەباری. برینی سارێژ دەکردن. پردی لەنێو جیاوازییەکاندا دروست دەکردن. دیواری دەڕووخاندن. کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی وەلادەبردن. گرێ پووچکەی دەکردنەوە. سوڵحی دەکردن. کاری سەخت و تێکۆشانی لە خۆی و پەیڕەوانی دەویست. ماندوویی‌نەناس بوو. بڕوای بە کار و پەیامی خۆی هەبوو. خەڵکی لە دەوری خۆی و لە دەوری یەکتر و لە دەوری پەیامی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش کۆ دەکردەوە. نەک هەر دیفاعی لە بڕوا و مەرامی خۆی دەکرد، لە هەمووی گرینگتر، ئەو ئامادە بوو بۆ بردنەپێشی پەیام و ڤیزشونی خۆی و ئیدەئاڵەکانی بە سەخاوەتەوە بمرێ. عیسای مەسیح لە دادگای ناساڵحی ئیمپڕاتۆڕیی ڕۆمدا بە تاوانبار لەقەڵەم درا و لە خاچ درا. بەڵام لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا، میداڵی ئیفتیخار و سەربەرزی و شانازی پێ بەخشرا و ئەوەتا ئێستاش ئەستێرەی پەیامەکەی هەروا دەدرەوشێتەوە تیشکان داوێ.

من پێم وایە هەر ئەو ڕەمزانە کە سوقرات و عیسای مەسیحیان کردنە پێشەوا و مامۆستا و ڕێبەر و خاوەن پەیام و ڤیزشون، قازی موحەممەدیشیان کردە پێشەوا. خوێنەر دەبێت زەحمەت بکێشێ بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆمار بخوێنێتەوە، تا باشتر ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوێت. لێرەدا تەنیا چەند بەڵگە لە وتەکانی پێشەوا قازی دەخەینە بەرچاو تا بۆمان دەرکەوێ کە پێشەوا بەڕاستی پەیامی بۆ میللەتی کورد پێ بووە و بۆ ئەو پەیامەش و لەسەر بردنەپێشی ئەو پەیامەش لەدار درا. هەر ئەو هەڵوێست و پەیامەشە قازی کردۆتە پێشەوا و هەروا وەک پێشەواش ماوەتەوە و هەمیشەش لە ویژدانی میللی و لە مێژوویی کوردا بە پێشەوایی دەمێنێتەوە.

"بە ئالأی موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژانی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهووریی کوردستان و یەکیەتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم"

(سوێندی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان)

"ئەوە کە لەڕێگای ئازادیی میللەتی خۆمدا بکوژرێم، جگە لە ڕەحمەتی خودا شتێکی دی نیە. بەمەرگی جوامێرانەی خۆم شانازی دەکەم"

(قازی موحەممەد لە بەناو دادگادا)

"ئەو مافە بە کەس نادەم سوکایەتی بە میللەتی من بکات. من لەپێناوی ئەو میللەتەدایە کە ئێستا بە ئێعدام مەحکووم بووم. قازی موحەممەد ئیدی شتێکی دیکەی نیە لە دەستی بدا، کەسێک دەست لە گیان هەڵگریٚ، قسەی دڵی خۆشی دەکا. ئەوەی کە لە خوام دەویست، یانی شەهادەت لە ڕێگای خوا و وەتەندا بە دەستم هێناوە"

(قازی موحەممەد لە بەناو دادگادا)

"ئەنگیزەی من بۆ ئەو کارانە کە کردوومن سەرزەمین و میللەتەکەم بووە، هەر کارێک لە گەڵ من دەکەن بیکەن، بەڵام دەست لە ئازاری میللەتەکەم هەڵگرن"

(بەرگرییەکانی لە بەناو دادگادا)

"لە ئاخرین سەعاتەکانی ژیانمدا، خودا بە شاهید دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختیاری ئێوەدا گیان و ماڵی خۆم فیدا کردوە و لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێخیم نەکردوە"

(وەسیەتنامەی پێشەوا)

"کوردستان سەرزەمینی میللەتی کوردە و ماڵی ویە. کەس مافی حەسادەت و بەخیلیی نیە. هەموو لە ماڵی خۆدا ئازادن. هەرچی لەدەستان دێت بۆ ئازادیی کورد درێخی مەکەن"

(وەسیەتنامەی پێشەوا)

"میللەتی مە چیی لە میللەتانی دیکەی دونیا کەمتر نیە، زانست و عیلم نەبێت. فێری زانست و عیلم بن تا لە کاروانی بەشەرییەت وەدوا نەکەون"

(وەسیەتنامەی پێشەوا)

"خودایە دادی مەزڵومان بستێنە و میللەتی کورد لەژێر سوڵتەی ئەو خوێنخۆرانە ڕزگار کە"

(بیست دەقیقە پێش لە داردرانی لە کاتی موناجات لەگەڵ خودادا)

تا دوا لەحەزاتی ژیان دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە تەواوی دونیا ڕادەگەیەنم کە میللەتی کورد حەقی ژیانی ئازادی هەیە"

(ڕۆژنامەی کوردستان، دەوری یەکەم ژمارە ٣٠)

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## دوکتور شەرەفکەندی؛ ڕووناکبیری ئۆرگانیک و خەبات بۆ هێژموونی فەرهەنگی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورددا!




هەڵسەنگاندنی ژیان و خەباتی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەبەر ڕووناکایی تیئورییەکانی ئەنتۆنیۆگرامشیدا، بەتایبەتی چەمکەکانی ڕووناکبیری ئۆرگانیک و هێژمونی فەرهەنگی، دەتوانێ دەرگایەکی تازەمان بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی ناوبراو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کوردستاندا بە ڕوودا بکاتەوە. گرامشی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا نیشان دەدات کە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان تەنیا هەر لە شکڵی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نیزامیدا دەرناکەون، بەڵکوو بۆ ئەوان مەیدانی سەرەکی خەبات و ململانێ و بەربەرەکانی بریتییە لە: مەیدانی کار و تێکۆشانی فەرهەنگی و فیکری. لێرەدایە کە دەبینین دوکتور شەرەفکەندی نەک بەتەنیا هەر وەک ڕێبەرێکی سیاسی، بەڵکوو وەک ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ و ئۆرگانیک دەورێکی سەرەکی هەیە.

### ڕووناکبیری ئۆرگانیک و دوکتور شەرەفکەندی

گرامشی ڕووناکبیران لە دوو دەستەدا دابەش دەکات: ڕووناکبیرە سونەتییەکان کە سەر بە دامەزراوە جێکەوتووەکانی وەک زانستگە، دین و نیهادە بۆرۆکراتیکە دەوڵەتییەکانن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لە ڕاگرتن و پاراستنی هەلومەرجی

مەوجووددا نەخشیان هەیە. هەروەها ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک کە لە نێو دڵی بزووتنەوە چینایەتی، نەتەوایەتی، یا کۆمەڵایەتییەکان دێنەسەر و بیرو ئەندێشەکانیان بۆ ڕێکخستن و ڕێبەری کردنی خەبات و تێکۆشانی ئەو جووڵانەوانە دەکار دەکەن. بەوجۆرە ڕووناکبیری ئۆرگانیک نەک هەر لە بوورجی عاجەوە تەماشای وەزعەکە ناکات، بەڵکوو دێتە نێو جەرگەی مەیدانی خەبات.

شەرەفکەندی مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕێکی بەرجەستەی شیمی بوو، بۆیە دەیتوانی ژیانێکی خۆش و ئارام لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکاندا بەرێتە سەر. بەڵام ئەو ڕێگایەکی دیکەی هەڵبژارد. ناوبراو بە بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەبەرکردنی بەرگی پێشمەرگایەتی، زانست، ئێعتیبار و توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد تەرخان کردن. ئەوە گۆڕانە لە ڕووناکبیریی سوننەتییەوە بۆ ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک و خەباتگێڕ.

دوکتور شەرەفکەندی نەک هەر لە بوارەکانی نەزەری و داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا چالاک و کاریگەر بوو، بەڵکوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی خەڵک پێوەندیی هەبوو، ڕۆڵی لە ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەیدا هەبوو. لەوەش زیاتر، تەنانەت لە بردنەپێشی دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ پرسی کورد لە ئێراندا، چالاک و هەڵسووڕ بوو. بە تەعبیری گرامشی کەسانێکی ئاوا ڕۆڵی (عەقڵی جەمعی) بزووتنەوەیەک دەبینین. ئەو جۆرە کەسانە ڕێبەرانێکن کە دەتوانن نارەزایەتیی خەڵک لە پرشووبڵاوی دەربێنن و ئاستی وشیاریی سیاسی و ڕێکخستنی بزووتنەوەکە بەرنە سەر. بۆ نموونە: دوکتور شەرەفکەندی بە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی دەزگای چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزب، نەخشێکی بنەڕەتی لە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا گێڕا. ئەو ئەرکە بەتەنیا هەر بریتیی نەبوو لە کاری ڕاگەیاندن و بەس، بەڵکوو جۆرێک خەباتی فەرهەنگی بوو بۆ هێنانەکایەی ڕیوایەت و دیسکۆرسێکی تازە لە بەرانبەر ڕیوایەت و وێژمانی فەرمی ڕێژیمدا.

## خەبات بۆ هێژموونی فەرهەنگی

لە ڕوانگەی گرامشییەوە، دەسەڵاتی سیاسیی جێکەوتوو کاتێک شکڵ دەگرێت کە چینێک، دەستەیەک یا توێژێکی کۆمەڵایەتی بتوانێ، نەک هەر بەتەنیا لە ڕێگای زەخت و زۆرەوە، بەڵکوو لە ڕێگای وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی زۆربەی کۆمەڵگەوە، هێژموونی بەدەستەوە بگرێت. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە نموونەیەکی زیندووە. ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای دەکارکردنی سەرکوت و زەبروزەنگ و ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییەوە توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ.

شەرەفکەندی بە باشی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی هەر بەتەنیا لە بواری نیزامی و سیاسیدا، بە ئاکام ناگات. ئەو دەیزانی بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان بە سەرکەوتن بگات، پێویستە هێژموونی فیکری و فەرهەنگی و ڕیوایەتێکی تایبەت بەخۆیی وەک ئاڵتێرناتیڤی فەرهەنگ و ڕیوایەتی ڕێژیم، بێنێتەکایەوە.

ئەو هێژموونییەی دوکتور شەرەفکەندی مەبەستی بوو لەسەر چەند پایە ڕاوەستابوو.

### یەکەم: دێموکراسی وەک نرخ و بایەخی سەرەکی

دوکتور شەرەفکەندی هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئامانجی حیزبی دێموکرات بەتەنیا هەر ئەوە نیە، کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکات، بەڵکوو بریتییە لە: دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک کە بتوانێ ماف و ئازادییەکانی هەموو گەلانی ئێران و هاونیشتیمانانمان دابین بکات. ئەو سیاسەتە پێشگیریی لەوە دەکرد کە جووڵانەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ئێران دابڕێ و وەک جووڵانەوەیەکی ناوچەیی نەتەوەیی کورد دوورەپەرێز بکەوێتەوە.

### دووهەم: مافی گەلان و هاوپێوەندیی نێوانیان

دوکتور شەرەفکەندی لەو بڕوایەدا بوو کە بەبێ هاوکاری و هاوپێوەندیی خەباتگێڕانەی هەموو هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران ئیمکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدا نیە. هەربۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە نێوان بزووتنەوەی کوردستان و باقی بزووتنەوە ئازادیخوازیەکانی دیکەی وڵاتەکەمان پرد دروست بکات.

### سێهەم: پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی ناسنامە و شوناسی کوردستان

کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا گەلی کورد و خەڵکی کوردستان وەک (جیاوازیخواز) و (دژی ئیسلام) بناسێنێ و لەنێو بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێراندا بەدناویان بکات. دوکتور شەرەفکەندی بەپێداگرتن لەسەر زەقکردنەوەی فەرهەنگ و زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردستان، بەتایبەت لە ڕێگای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، ناسنامە و شوناسێکی سیاسیی نوێی خوڵقاند، کە نەک هەر خاوەنی ڕەگ و ڕیشەیەکی ڕەسەن بوو، بەڵکوو پشتی بە بایەخە بەرزە جیهانییەکانی وەک ئازادی و عەداڵەتیش دەبەست.

ئەو هەوڵانە بە بەشێک لە خەباتی هێژموونیک دادەنرێن کە گرامشی لە لێکۆڵینەوەکانیدا باسیان دەکات. خەباتێک کە نەک هەر کار لەسەر داگیرکردنی خاک، بەڵکوو کار لەسەر دەستبەسەرداگرتنی زەین و بیر و دڵی خەڵکدا دەکات.

## ڕۆڵی شەرەفکەندی لە سەردەمی قەیرانی هێژموونیکدا

دوکتور شەرەفکەندی لە سەردەمێکدا بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دنیا لەگەڵ ئاڵوگۆڕیی گەورە و قووڵ بەرەوڕوو بوو. ڕووخان و لەبەریەک هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤییەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات، بزووتنەوە چەپی و ناسیۆنالیستییەکانی لە سەرتاسەری دنیادا تووشی قەیران کرد. گرامشی ئەو قۆناغانە، ئەوجۆرە ڕووداوانە بە قەیرانی هێژموونیک لە قەڵەم دەدات. لەو حاڵەتانەدا ئیدئۆلۆژییە قەدیمییەکان مەشروعییەتی خۆیان لەدەست دەدەن و هیچ دیسکۆرس و وێژمانێکی تازەش نەهاتۆتە ئاراوە تا جێگایان بگرێتەوە. لەو دۆخەدا شەرەفکەندی توانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێلێونبوون و سەرلێشێواوی ڕزگار بکات. دوکتور شەرەفکەندی بزووتنەوەی کوردستانی لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکان هێنادەر و پێی لەسەر بردنەپێشی سیاسەتێکی عەمەلی، پراگماتیستی و دێموکراتیک داگرت. خەباتی گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستانی لە شکڵی جووڵانەوەیەکی مەحەللی هێنایەدەر و لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازەکانی سەرتاسەری ئێران و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ئاستی دنیادا لێکگرێدان. ئەو هەنگاوانە، لە هەلومەرجی تایبەتی ئەوددمدا، شەرەفکەندیان کرد بە مێعماری هێژموونییەکی ئاڵتێرناتیڤ. هێژموونییەک کە دەیتوانی لە بەرانبەر ڕیوایەتی کۆنەپەرستانەی ڕێژیمدا ڕابوەستێ و ڕێگا و ڕێبازێکی تازەش بۆ پتەوکردنی پێکەوە ژیانی گەلانی ئێران پێشنیار بکات.

## دادگای میکۆنۆس و تێکشکاندنی هێژموونی و ڕیوایەتی ڕێژیم لە ئورووپا

تێرۆری شەرەفکەندی لە ١٣ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، لە ڕێستۆڕانتی میکۆنۆس لە بەرلین، هەوڵی کۆماری ئیسلامی بوو، بۆ لەبەینبردنی دەنگی ئەو ڕیوایەتە ئاڵتێرناتیڤە. بەڵام ئاکامەکەی بە پێچەوانەی ویستی ڕێژیم هاتەدەر. دادگای میکۆنۆس، کە دواتر پێکهات، کاربەدەستانی هەرە بەرزی ڕێژیمی وەک تاوانباری ئەو تێرۆرە ناساندن و مەحکوومی کردن. ئەو مەحکوومییەتە، لە ئاستی نێونەتەوەییدا، زەبرێکی کاریگەریی لە مەشروعییەتی کۆماری ئیسلامیدا. لەوەش دەرکەوت کە تەنانەت بەکارهێنانی توندوتیژی و تێرۆر و تۆقاندنیش ناتوانن جیاوازییە هێژموونییەکان بشارنەوە.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی کوردستان دادگای میکۆنۆس و بڕیارەکانی سەرکەوتنێکی سیاسی و فەرهەنگی گەورە بوون. بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی دنیا دەرکەوت کە کوردەکان نەک هەر تێرۆریست نین، بەڵکوو قوربانی

تێرۆر و توندوتیژی دەوڵەتیشن. ئەوە ئەو شتەیە کە گرامشی وەک سەرکەوتن لە مەیدانی فەرهەنگ و بیروڕای گشتییدا باسی دەکات.

## شەرەفکەندی وەک سیمبولی ئەخلاق و ڕێبەرایەتیی دێموکراتیک

کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئەخلاقیشەوە یارمەتییەکی گەورەی بە دروستبوونی هێژمونی ئاڵتێرناتیڤ کرد. گرامشی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕێبەرایەتیی هێژموونیک دەبێت لەسەر بناغەی ئەخلاق و ڕەزامەندیی ڕاوەستێ، نەک بەتەنیا لەسەر ئەساسی زەخت و زۆر. تایبەتمەندییەکانی وەک سینگفرەوانی، سەداقەت، ئازایەتی، دلێری، فیداکاری و لەخۆبوردوویی لە کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندیدا زەق و بەرچاو بوون. ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە دوکتور شەرەفکەندی ببێتە جێگای متمانەی بەدەنە و ڕێبەرایەتی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەو هیچکات خەڵکی وەک ئامرازی بردنەپێشی مەبەست و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆی نەدەدی، بەڵکوو ژیانی خۆی بۆ بەرگری و دیفاع لە ماف و ئازادی و ئامانجەکانی ئەوان تەرخان کردبوو. ئەو لایەنە ئەخلاقییە لە مێتۆدی ڕێبەرایەتیی دوکتور شەرەفکەندیدا، ئەو ڕیوایەت و هێژموونییەی بەهێز دەکرد کە بزووتنەوەی کوردستان وەک ئاڵتێرناتیڤی هێژموونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێنابوویە کایەوە. بەر لەوەش زیاتر مەشروعییەتیشی بە هێژموونی ئاڵتێرناتیڤ دەبەخشی.

## ڕووناکبیری ئۆرگانیک لە بزووتنەوەی کوردستاندا

بزووتنەوەی میللی و دێموکراتیکی کوردستان بەدرێژایی مێژوویی خۆیی پێویستی بە کۆمەڵێک لەو ڕووناکبیرانە بووە کە بتوانن زمانێکی هاوبەش لە نێوان سیاسەت، فەرهەنگ و خەڵکدا دروست بکەن. دوکتور شەرەفکەندی باشترین نموونەی ئەو ڕووناکبیرانەیە.

ئەو بەهۆی ئاگاهی زانستیی و وشیاریی سیاسی خۆی توانی پردێک لە نێوان زانستگا و کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بکات. ئەو لە ڕێگای چالاکی سیاسی و فەرهەنگییەوە، یارمەتیی زۆری بە چوونەسەری ئاستی وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان کرد. بەتایبەتی لە ڕێگای کار و تێکۆشانی وەک مۆدیر و بەڕێوەبەریی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.

بەهێنانە گۆڕ و بڵاوکردنەوەی ئیدە و بیرۆکە دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازەکان، دیسکۆرسێکی تازەی بۆ بزووتنەوەی کوردستان خوڵقاند کە ئێستاش هەروا سەرچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران. ئەوە دەریدەخات کە بەبێ

بەشداری ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە نـاڕواتە پێش و بە سـەرکەوتن ناگـات. هەر بەو جۆرە کە گرامشی دەڵێت: (هەموو بزووتنەوەیەک بۆ سەرکەوتنی خۆی، بێجگە لە سوپایەکی نیزامی، پێویستی بە لەشکرێکی گەورە لە بیرۆکەو ئیدە و ئەندێشە هەیە.)

## کۆتایی:

ژیان و خەباتی دوکتور شەرەفکەندی لەبەر ڕووناکـایی بیروبۆچوونەکـانی گرامشیدا، نوێنگەی یەکگرتنـی نێوان ئەندێشە و کردەوەیە. دوکتور شەرەفکەندی وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک تـوانی زانست و ئەزمـوونی خـۆی بخاتە خزمەت جووڵانەوەی میللـی و دێمـوکراتیکی کوردسـتان و بە تێکۆشـان و کـارو چـالاکی لە بوارەکـانی فەرهەنـگ و سیاسـەت و دیپلۆماسـیدا، دیسکۆرسێکی تـازە بێنێتەکـایەو هێژمـوونی ئاڵتێرنـاتیڤ لە بەرانـبەر ڕیـوایەتی دەوڵەتـی نـاوەنـدی و ڕێژیمـی ئـاخوندیـدا بخوڵقێنێ.

تێرۆری ئەو لە بەرلین لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەریخست کە ڕێژیمی ئاخوندی تەواو هەستی بەو هێژمـوونییە ئاڵتێرنـاتیڤە کردبـوو کە شـەرەفکەندی و حیـزبەکەی ئـاڵاهەڵگری بـوون. بەو حـاڵەش ئەو بیرۆکـانە، ئەو ئەندێشە و ئیدەبەرزانە، ئەو وێژمانەی کە شەرەفکەندی و حیزبەکەی بنیاتیاننـاوە، هەروا زیندوونە و ڕێنیشـاندەری خەبـات و تێکۆشانی ئێستا و داهاتووی خەڵکی کوردستانن.

میراتی خەبـاتگێڕانەی شەرەفکەندی نەک هەر بۆ کوردستان، بەڵکوو بـۆ هەمـوو ئـازادیخوازانی ئێران سەرچاوەی وزە و گـڕو وتینە. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرکەوتن لە مەیـدانی سیاسـەتدا، پـێش هەر شتێکی تـر بـریتییە لە: سـەرکەوتن لە مەیدانی فەرهەنگ و بیر و ئەندێشەدا. بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە شەرەفکەندی نموویەکی بەرچـاوی ئەو شتەیە کە ئەنتۆنیۆ گرامشی ئـارەزووی دەکرد:

"ڕێبەرییەک کە بە ئاوێتەکردنی ئەندێشە و ئەخلاق عەمەل، کۆمەڵگە بەرە و ئازادی و دێموکراسی ڕێبەریی بکات."

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان وەک قوتابخانە و دامەزراوەیەکی پەروەردەیی


کوردستان
تراویلکەی خۆشبژێوی!

هەشتا ساڵ بەردەوامی و ئیدامەکاری بۆ ڕۆژنامەیەک، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە تەمەنی چاپەمەنی و دامەزراوە مەدەنییەکان تا ڕادەیەکی زۆر کورت و پچڕپچڕە، خۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی گەورەیە. بەو حاڵەش بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو ماوە دووروودرێژە بە تەنیا هەر تێپەڕینێکی تەقویمی نیە، بەڵکوو گێڕانەوەیەکە لە تێپەڕین بە نێو چەند ڕێژیمی سیاسی و ئەزموونکردنی چەندین قۆناغی سەرکوت و ئومێد و هەروەها ژیان لە مەتنی یەکێک لە ئاڵۆزترین گرێکوێرە سیاسییەکانی ئێراندا.

یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (ژانویەی ١٩٤٦)، هاوکات لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بڵاو کرایەوە. بەڵگە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو ڕۆژنامەیە تەنانەت لە هەلومەرجە سەخت و دژوارەکانیشدا، لە ساڵەکانی سەرکوت و زەبروزەنگیشدا، چ بە شێوەی ژێرزەمینی و چ دوور لە نیشتمان بڵاو بووەتەوە. بەڵام بایەخی "کوردستان" بە تەنیا هەر لەوەدا نیە کە ڕۆژنامەیەکی قەدیمییە و بەس، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە چۆن توانیویەتی ڕۆڵی کلاسیکی "ئۆرگانی حیزبی" تێپەڕێنێ و ببێتە دامەزراوەیەک بۆ ڕێکخستنی سیاسی و بنیاتنانی حافیزەی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی لە

کوردستاندا. لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامێکی ئەو پرسیارە بدەینەوە. ڕاگەیەنە حیزبییەکان هەمیشە مەترسیی ئەوەیان لەسەرە ببنە تریبوونێکی یەکلایەنە و بڵندگۆی پڕۆپاگەندەی حیزبی. بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەدا کە لەژێر ستەم و چەوسانەوەی سیستەماتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان، کارکردێکی دیکەیان هەیە و ڕۆڵێکی دیکە دەگێڕن.

**ڕۆژنامەی "کوردستان" بە درێژایی تەمەنی خۆی تێکۆشاوە سێ ئەرکی سەرەکی هاوکات دەگەڵ یەک بەرێتە پێش:**

١- داڕشتنی پرس و بابەتە سیاسییە ئاڵۆزەکان بە زمانێکی سادە، بە جۆرێک کە کۆمەڵانی خەڵک لێی تێبگەن.

٢- گێڕانەوەی ڕووداوە جیاجیاکانی ئێرە و ئەوێی کوردستان و گۆڕینیان بۆ گێڕانەوەیەکی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ بە جۆرێک کە مانا بە ئەزموونی هاوبەشیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببەخشن.

٣- پێکهێنانی دەرفەت و فەزا بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ نەک هەر لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا، بەڵکوو لەگەڵ هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکانیشدا. لێرەدا هونەر ئەوەیە کە وەفاداریی تەشکیلاتی نەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامە دەنگ و ڕەنگی خەڵک و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی دیکە پشتگوێ بخا و تووشی زەینکوێری و دەمارگرژیی حیزبی بێت. ئەوە ئەو ئاڵنگارییەیە کە ئێستاش لەبەردەم ڕۆژنامەی کوردستاندا هەر لە جێی خۆیەتی. یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی خەباتی سیاسی ئەوەیە کە بتوانی نارەزایەتییەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک بگۆڕی بۆ بەرنامەیەکی سیاسیی یەکپارچە. واتە ئەو ستەم و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە و هەڵاواردن و تەبعیزەی لەسەر خەڵکە، بگۆڕی بۆ داخوازیی سیاسی. ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەرتاسەری تەمەنی خۆیدا، لەو بارەوە سەرکەوتوو بووە. "کوردستان" بە هێنانەگۆڕی ئەو ستەم و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە هەمەولایەنەی لەسەر خەڵکی کوردستانە، بە گێڕانەوەی هۆکارەکانی ئەو دۆخە بۆ ستەمی نەتەوایەتی و سیاسی کە سەرچاوەکەی لە چۆنیەتیی حاکمییەتی دەوڵەتی مەرکەزیەوە سەرچاوە دەگرێ، نیشانی داوە کە کێشەی کورد نەک هەر مەسەلەیەکی ئەمنییەتی نیە لە گۆشەیەکی وڵاتدا وەک هەندێک دارودەستەی نێو دەسەڵات باسی دەکەن، بەڵکوو چارەسەرکردنی ئەو پرسە مەحەکی دامەزراندنی دێموکراسییە لە سەرتاسەری ئێراندا. لە لایەکی دیکەشەوە "کوردستان" بە بڵاوکردنەوە و فۆرمولەکردنی داخوازە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، نەک هەر بووەتە زمانحاڵی بزووتنەوەی کوردستان، بەڵکوو بزووتنەوەی کوردستانی لە دەستی نوخبەی کورد دەرهێناوە و بە جەماوەر و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانەوە گرێ داوە. گەلان تەنیا هەر بە خاک و خوێن پێناسە ناکرێن، ئەوان بەوەوە زیندوون کە خاوەنی حافیزەی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کولتوور و فەرهەنگی هاوبەش و گێڕانەوەی هاوبەشن. لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵاتی تاران هەوڵ دەدا کەمایەتییەکان نادیدە بگرێ یا ژیان و خەباتیان بە جۆرێکی دیکە نیشان بدات و بەرچەسپی جۆراوجۆریان لێ بدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە بە



سەرچاوە
Serchawe

دەفتەری تۆمارکردنی ڕووداوەکانی کوردستان و نوێنەری داخوازەکانی گەلی کورد و ئاوێنەی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان بە دژی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی.

لەووەش زیاتر "کوردستان" بە تۆمارکردنی شکان و پاشەکشە و پێشڕەوییەکان و دەستنیشانکردنی هەوراز و هەڵدێرەکانی سەر ڕێگای کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، ئەیهێشتووە ئەزموونی خەباتگێڕانەی نەوەکانی پێشوومان بکەونە نێو هەمبانەی فەرامۆشییەوە. بەو پێیە "کوردستان" ڕۆڵی قوتابخانەیەکیشی گێڕاوە و بووەتە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی. ئەو تایبەتمەندییە، لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی ڕایەڵکە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیەنە کورت ماوەکانە، قووڵایی مێژوویی بەو پرسانە دەبەخشێ کە کوردستان کاریان لەسەر دەکات و ڕێگا لە دووپاتەبوونەوەی هەڵە و کەموکۆڕییەکانیش دەگرێ. ڕەنگە یەکێک لە نەخشە هەرە ئاڵۆزەکانی "کوردستان" ئەو ڕۆڵە بێت کە لە مەیدانی سیاسەتی کوردستانی و ئێرانیدا دەیگێڕێ.

## دوو بواری دەگەڵ یەک ناتەبا:

**تێکۆشان لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا، بریتییە لە:** بەرگری لە هەویەت، ناسنامە و زمان و فەرهەنگ و مەوجوودییەتی گەلی کورد و دیفاع لە مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان و ڕاوەستانەوە بەرانبەر ئەو هێز و دەستە و تاقمانە کە دەیانەوێ کێشەی کورد بکەنە کێشەیەکی ئەمنییەتی یا فۆلکلۆری و فەرهەنگی. تێکۆشان لە مەیدانی سەرانسەریشدا، **بریتییە لە:** گفتوگۆ دەگەڵ ناوەند، دیالۆگ دەگەڵ هێزە دێموکراسیخوازەکانی ئێران و هەوڵدان بۆ لێکگرێدانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە پرۆژەی دێموکراتیزاسیۆنی ئێران. لەو نێوەدا کوردستان هەمیشە تێکۆشاوە لە نێوەڕاست ڕاوەستێ و باڵانسێک بەو ئەرکە گرنگەی خۆی بدات. هیچ کاتێک لە سیاسەتی ناوەندا نەتواوەتەوە و قەتیش لێی دانەبڕاوە. لەو پێوەندییەدا "کوردستان" تێکۆشاوە لە ڕێگای هێنانەگۆڕی داخوازییە هاوبەشەکانی وەک دێموکراسی، مافی شارۆمەندی، پەرەسەندنی هەموولایەنە، عەداڵەتی ناوچەیی، دیسێنترالیزاسیۆن، خودموختاری و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بە گوێی ناوەند بگەیەنێ و لە هەمان کاتدا حەساسیەتەکانی ناوەندیش پێشانی خەڵکی کوردستان بدات.

لە وڵاتێکدا کە زمانی دایکی وەک مەسەلەیەکی خسووسی بە حیساب دێت و ڕاگەیەنە کوردییەکان هەمیشە لەژێر فشار و پاڵەپەستۆی ئەمنییەتی و پۆلیسیدان، بڵاوبوونەوەی "کوردستان" بە دوو زمانی کوردی و فارسی بووەتە هۆی ئەوەی "کوردستان" ڕۆڵێکی گرنگتر لە ڕۆژنامەیەکی ئاسایی بگێڕێ. ئەو ڕۆژنامەیە زمانی کوردی لە حاڵەتی زمانێکی ناوچەیی و مۆزەخانەیی هێناوەتە دەر و بردوویەتییە ئاستی زمانی سیاسەت و حقووق و مۆدێڕنیتە. ئەوەش بۆ خۆی وەڵامێکی جەرگبڕە

بەوانەی دەیانەوێ پرسی کورد تا ئاستی مەسەلەیەکی ئەمنییەتی یا تەنیا و تەنیا فەرهەنگی بێننە خوار. هەشتا ساڵەی تەمەن زەمانی خانەنشینی نیە.

بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"، هەشتا ساڵەیی زەمانی نوێبوونەوە، خۆسازدانەوە، خۆگونجاندن دەگەڵ سەردەم و هەلومەرجی تازەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستی بەرزی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر "کوردستان" دەیهەوێ هەروا کاریگەر بمێنێ، پێویستی بەوەیە ئاڵوگۆڕی جیددی و هەموولایەنە بەسەر فۆرم و نێوەرۆک و میتۆدەکانی کاری خۆیدا بێنێ. بۆ نموونە: دەبێت هەوڵ دا ببێتە ڕۆژنامەیەکی چەند کەناڵی و لە فۆرماتی جۆراوجۆردا بڵاو بێتەوە. بۆ ئەوەی پەیامەکانی بگەیەنێتە نەوەی نوێی کوردستان، دەبێ لە پۆدکاست و ڤیدیۆ و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی سەردەم کەڵک وەرگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە "کوردستان" هەروەک ڕابردوو دەبێت دیقەت و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی خۆی بپارێزێ. لە سەردەمی فەیکنیوزدا، ئەوە گەورەترین سەرمایەی هەر ڕاگەیەنەرێکی گشتی و مێدیایەکی جیددییە. کۆمەڵگەی کوردستان ئێستا کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتووە. "کوردستان" دەبێت تێبکۆشێ دەنگی هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بێت. خەبات و تێکۆشانی ژنان، لاوان، خوێندکاران، کرێکاران، زەحمەتکێشان، بازارییەکان، مامۆستایان و... هتد بە گوێی دونیا بگەیەنێ. ئەوە نێوەرۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەوڵەمەندتر دەکات.

ئێستا لە سەروبەندی دەستپێکردنی سەدەیەکی تازە لە بڵاوبوونەوەی "کوردستان"دا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ئەو ڕۆژنامەیە دەتوانێ لە "ئۆرگانی حیزب"ەوە ببێتە زمانحاڵی هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. وەڵامدانەوە بەو پرسیارە داهاتوو و شوێن و پێگەی سیاسیی "کوردستان" دەستەبەر دەکا. لە کۆتاییدا دەبێت بزانین کە ئەرکی ئەوەڵ و ئاخری "کوردستان" ئەوەیە ڕێگا نەدات میللەتێک خۆی و ناسنامە و مێژووی خۆی لەبیر بکات.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## میراتی سیاسیی کۆماری کوردستان لە ساڵڕۆژی دامەزرانیدا (٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و وانەکانی بۆ پرسەکانی ئەمڕۆی ئێران!)



٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، وەک ڕۆژێکی بەرچاو و گرینگ لە یادەوەریی سیاسیی نەتەوەی کورددا بەگشتی و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، تۆمار کراوە: ڕاگەیاندنی دامەزرانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد. ئەو ڕووداوە، بەتەنیا هەر ڕووداوێکی مێژوویی بۆ یادکردنەوەیەکی نۆستالژیک نییە، بەڵکوو وەک "ئەزموونێکی سیاسی" بۆ پرسە سیاسییەکانی ئێستای ئێرانیش دەرس و پەند و عیبرەتی پێیە: چۆن دەتوانرێ ئازادی، دێموکراسی و عەداڵەت، لە وڵاتێکی فرەگەل و فرەفەرهەنگدا، بەبێ ئەوەی پرسی نەتەوە ژێردەستەکانی وەک کورد بخرێتە پشتگوێ، دابین و دەستەبەر بکرێن؟

ئەمڕۆ ئێران لە شەقامەکانیدا هەناسە دەدات، سەرتاسەری خەڵکی ئێران، بە هەموو چین و توێژ و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانییەوە، بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕیوە و داوای ئازادی، دێموکراسی و کەرامەتی ئینسانی دەکا. بەڵام ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردوو نیشان دەدات کە لاوازبوون یا ڕووخانی سیستەمێکی تۆتالیتەر، بۆ خۆی بەتەنیا، ناتوانێ ببێتە هۆی دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیکی پایەدار. دێموکراسی پێویستی بە "تەلارسازی و ئەندازیاریی سیاسی" هەیە: یاسا، دابینکردنی ماف و ئازادییەکان، حەقی بەشداریی وەک یەک بۆ هەموو هاووڵاتیان لە کاروباری

وڵاتدا، هەروەها بەڕەسمی ناسین و قبووڵکردنی جیاوازییە ئیتنیکی، ئایینی، زمانی و فەرهەنگییەکان. ڕاست لێرەدایە کە میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆماری کوردستان زیندوو دەبێتەوە، بەڵام نەک وەک نوسخەیەکی حازر و ئامادە، بەڵکوو وەک چرایەک کە مەترسی و ئیمکانات و دەرفەت و شانسەکانی سەر ڕێگامان نیشان دەدا.

## کۆماری کوردستان لە کۆنتێکستی مێژوویی خۆیدا

دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، هەورەبروسکە نەبوو لە ئاسمانێکی ساودا، واتە ڕووداوێک نەبوو لە بۆشاییەکی خاڵیدا ڕوو بدات. ئێران، لە دەیەی ١٣٢٠ی هەتاویدا، هاوکات لەگەڵ گەلێک قەیران و گیروگرفتی گەورە بەرەوڕوو بوو: ڕووخان و لەبەریەک هەڵوەشانی دەسەڵاتداریەتیی دەوڵەتی مەرکەزی پاش داگیرکرانی ئێران لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانیدا، بارودۆخی نالەباری ئابووری و بڵاوبوونەوەی هەژاری و نائەمنی، ململانێی هێزە دەرەکییەکان، سەرهەڵدانی گەلێک بزووتنەوەی سیاسی و دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کۆمەڵگەی کوردستان، کە ساڵانێکی زۆر بوو بە ئێسک و پێستەوە، هەستی بە جیاکاری و ستەمی سیستەماتیک، دواکەوتوویی و بێبەشیی ئابووری، سەرکوتی فەرهەنگی و سیاسی کردبوو، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ هەڵکەوتبوو کە داخوازەکانی خۆی بە زمانێکی سیاسی و مۆدێرن بێنێتە گۆڕێ: خودموختاری و مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی، مافی پەروەردە و خوێندن و ژیانی فەرهەنگی بە زمانی کوردی، خۆڕێکخستنی سیاسی، بەشداریی ڕاستەقینە لە ئیدارەی دەوڵەت و دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتدا.

ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا، نوێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە پرسی کورد، نەک کێشەیەکی ئەمنی، بەڵکوو مەسەلەیەکی تەواو سیاسی و حقوقییە. کۆماری کوردستان نیشانی دا کە گەلی کورد، لە ڕێگای خۆڕێکخستنی سیاسی، دامەزراندنی دامەزراوەی مۆدێرن، پشت بەستن بە سەرچاوە و ئیمکاناتی کۆمەڵگەی کوردی، دەتوانێ مۆدێلێکی دێموکراتیک بۆ ئیدارەی کاروباری هەرێمی، بەشداریی بەکۆمەڵ و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بدات. هەرچەند تەمەنی کۆماری کوردستان کورت بوو، بەڵام خودی ڕووداوی ڕاگەیاندن و دامەزرانی کۆماری کوردستان هەڵگری ئەو پەیامە بوو کە: نەتەوەکان ئەگەر بەڕەسمی نەناسرێن و هەوییەت و ناسنامەیان بخرێتە ژێرپێ، درەنگ یا زوو بۆ ئازادی و ڕزگاری دەست بە خەبات دەکەن و نیری ژێرچەپۆکی لە ئەستۆی خۆیان دادەڕنن.

## بایەخی کۆماری کوردستان لە چوونەپێشی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

کۆماری کوردستان گەلێک دەسکەوتی پڕبایەخ و مێژوویی بۆ گەلی کورد تۆمار کرد: یەکەم، داخوازە پڕشوبڵاوەکانی کوردی



سەرچاوە
Serchawe

لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا ڕێکخست. پێش ئەوەدەمیش خەبات و بەربەرەکانی لەگۆڕێدا بوو، بەڵام کۆماری کوردستان داخوازە پڕشوبڵاوەکانی کوردی لە فۆرمی بەرنامەیەکی سیاسیدا ڕێکخست: حیزب، بەرنامەی سیاسی، ڕێبەرایەتی، سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئاسۆ و ڕێبازێکی سیاسیی ڕوون.

دووەم، پرسی ناسنامە و هەوییەتی نەتەوەیی و فەرهەنگی لەگەڵ سیاسەتێکی مۆدێرن و هاوچەرخ لێک گرێ دا. کۆماری کوردستان مەسەلەی ناسنامە و فەرهەنگی کوردی لە چوارچێوەی بچووکی فۆلکلۆری و خێڵەکی هێنایە دەر و خستییە چوارچێوەی مافی هاووڵاتی و حەقی دیاریکردنی چارەنووس، واتە ئەو جێگایەی کە دەوڵەتەکان نەک هەر نابێت سەرکوتی بکەن، بەڵکوو دەبێت لە بەرانبەر پیادەکردنیدا وەڵامدەر بن.

سێهەم، تۆمارکردن و بەدەستەوەدانی ئەزموونی حوکمڕانییەکی خۆماڵی. هەرچەند ئەو حوکمڕانییە خۆماڵییە کورت ژیا، بەڵام بە شاهیدی مێژوو ئەزموونێکی ئیداری و حکوومیی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئیدارەی کاروباری هەرێمی، پەروەردە و فێرکردن، ژیانی فەرهەنگی و کولتووری، سازماندانی هاوپێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ ناوەند و ئەیالەتەکانی دیکە. لەخۆڕا نییە ئەو تاقیکردنەوەیە وەک تەجروبەیەکی سەرکەوتوو لە یادەوەریی بەکۆمەڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا، بە خەتی زێڕین تۆمار کراوە. نەتەوەکان تەنیا هەر بە دروشمی سیاسی ناژین، بەڵکوو بە وەسەریەکنانی ئەزموون و تاقیکردنەوە گەشە دەکەن و دەچنە پێش. جا با تێکشان و پاشەکشەش بێت.

## پێشەوا قازی، سیمبولی خەبات و تێکۆشان

ناوی پێشەوا قازی لەو ڕیوایەتەدا، وەک ئەستێرە و ڕەمز لە ئاسمانی خەباتی گەلی کورددا دەدرەوشێتەوە. ئەو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و یەکێک لە سیمبولە گەورەکانی سیاسەت و خەباتی گەلی کوردە. شەهیدبوونی پێشەوا و لەداردانی (دەگەڵ هاوڕێکانی) تەنیا هەر کۆتاییەکی پڕ لە تراژیدیی حاکمییەتی کوردی نەبوو، بەڵکوو بوو بە ڕەمزێکی هەمیشەیی و "سیمبولێکی مێژوویی" بۆ خەباتی نەتەوەی کورد. تاران بە لەداردانی پێشەوا قازی دەیەویست ئەو پەیامە بدات کە: کوردایەتی و سیاسەتوەرزیی کوردی نرخ و تێچووەکەی زۆرە. باشتر وایە کورد ئەو بیرە لە سەری خۆی بەرێتە دەر. بەڵام مێژوو زۆر جار شۆخییەکی تاڵ لە خۆی نیشان دەدات. هەندێک جار سەرکوت و زەبروزەنگ ڕەمز و سیمبولی گەورە و پڕنرخ دروست دەکات. ئێستا قازی محەممەد بووە بە ڕەمزی کوردایەتی و سیمبولی "مافخوازیی سیاسی" لە بیر و یادی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا. ئەو دەرسەشی بۆ دوژمنانی کورد تێدایە کە خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی بە گرتن و کوشتن و لەسێدارەدانی ڕێبەرانی کوردستان لەبەین ناچێ.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەر لێرەش دایە ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک ڕێکخراوێکی سیاسی، کە سوننەتی ئەو خەبات و تێکۆشانە دەباتە پێش، لە بیر و زەینی خەڵکی کوردستاندا دەچەسپێ. سوننەت و نەریتێک کە سنوورەکانی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئاسایی دەبەزێنێ و نزیکەی سەدەیەک ئاڵای درێژەپێدانی هەڵدەگرێ. چ موافقی سیاسەت و تاکتیکەکانی حیزبی دێموکرات بین یا نا، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەو حیزبە ئێستا بووەتە ڕێبەری خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و ئەکتەرێکی گەورەی سەر شانۆی سیاسەتی کوردستان و ناوچەکە. هەر ئەوە بۆ خۆی دەسکەوتێکی گەورەیە. ئاخر بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلان، بەبێ ڕێکخستن، بەبێ ڕێبەرایەتییەکی سیاسی بەئەزموون، بەبێ ڕێتۆریکێکی بەرنامەتەوەر، بەبێ نوێنەرایەتییەکی پێشڕەو، لە بەرانبەر دەوڵەتە بەهێز و سەرەڕۆکاندا، دەوام ناهێنن.

## دەرسەکانی کۆماری کوردستان بۆ ئەمڕۆ

ئەگەر دامەزرانی کۆماری کوردستان تەنیا وەک "ڕووداوێکی مێژوویی" ببینین، ئەوە دووی ڕێبەندان تەنیا دەبێتە مەراسیمێک بۆ یادکردنەوەی ساڵرۆژێک. بەڵام ئەگەر وەک "دەرسێکی سیاسی و ئەزموونێکی مێژوویی" تەماشای بکەین، دەتوانێ ببێتە ئامرازی تەفسیر و لێکدانەوەیەکی سیاسیی قووڵ. گرنگترین دەرسەکانی ئەو ئەزموونە مێژووییە بۆ دۆخی ئێستای ئێران دەکرێ بەو جۆرە کورت بکەینەوە.

**یەکەم**. دێموکراسی بەبێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوە بندەستەکان شکست دێنێ. دێموکراسی بەتەنیا هەر سندوقی دەنگدان نییە، بەڵکوو دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلان و هاووڵاتیانە. ئەگەر سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران مافی وەک یەکی هەموو گەلان و نەتەوە بندەستەکانی ئێران، کولتوور و فەرهەنگ و دین و مەزهەب و زمانە جۆراوجۆرەکان دابین نەکات، ئاکامەکەی دەبێتەوە سەرەڕۆیی. ئەوەش قەیرانی لێ دەکەوێتەوە. لە ئاکامدا دەورەیەکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانێی گەلان دەگەڵ حکوومەت، بێمتمانەیی لە نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت، کێشەی نێوان تاران و هەرێمەکان سەرهەڵدەداتەوە و دەورەیەکی دیکە لە سەرکوت و زەبروزەنگ دەست پێ دەکاتەوە.

**دووەم**. یەکپارچەیی دەگەڵ ئەسیمیلاسیۆن و تواندنەوە و یەکسانسازی فەرقی هەیە. بە شێوەیەکی ئاسایی، تەواویەتخوازی لە پشت سەری هەندێک تێرمی پیرۆز وەک "پاراستنی تەواویەتیی ئەرزی" خۆی حەشار دەدات. بەڵام لە کردەوەدا ئەو

سیاسەتە دەبێتە ئەسیمیلاسیۆن. واتە تواندنەوەی هەوییەت و ناسنامەی فەرهەنگی و نەتەوەیی گەلانی دیکەی وڵات لە چوارچێوەی بەرنامەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا. ئەزموونی کۆماری کوردستان ئەو دەرسەی تێدایە کە دەکرێ هەم ئێران بمێنێتەوە و هەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەش دابین و دەستەبەر بکرێن. ئەوەش کاتێک ئیمکانی هەیە کە ئێران ماڵ و وڵاتی هاوبەشی هەمووان بێت، نەک پرۆژەیەکی سیاسی بێت بۆ تواندنەوەی هەموو پێکهاتە و کولتوور و فەرهەنگ و جیاوازی و ڕەنگ و دەنگە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگ و هەوییەتێکی تایبەتیدا.

**سێهەم**. بەئەمنیکردنی پرسی کورد، قەیرانەکە نەک هەر چارەسەر ناکات بەڵکوو قووڵتریشی دەکاتەوە.

ئەزموونی ئێران و وڵاتانی دیکەش دەری دەخات کە هەر کاتێک داخوازە نەتەوەیی و مەدەنییەکان وەک هەڕەشەی ئەمنی پێناسە کراون، ئاکامەکەی بریتی بووە لە ڕادیکاڵتربوونی فەزاکە و داخرانی هەموو کەناڵەکانی گفتوگۆ و دیالۆگ. ئەزموونی کۆماری کوردستان نیشان دەدات کە کێشەی کورد دەکرێ لە ڕێگای وتووێژ و سیاسەتەوە چارەسەر بکرێ نەک لە ڕێگای سەرکوت و هێرش و پەلاماری نیزامییەوە. ئێستا بەتەواوی لە هەموو ناوچەکەدا دەرکەوتووە کە مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نییە.

**چوارەم**. بەدامەزراوەییکردن و نوێنەرایەتی مەرجی ژیانەکین.

بزووتنەوە جەماوەرییەکانی سەر شەقام و ڕاپەڕینە گشتییەکان ماتۆڕی گۆڕانکارین، بەڵام بۆ گەیشتن بە دێموکراسی پێویستیمان بە یاسای بنەڕەتی، تەوافوقی سیاسی، زەمانەتی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان هەیە. کۆماری کوردستان، تەنانەت ئەگەر هەڵە و کەموکوڕیشی هەبووبێت، هەوڵێک بوو بۆ دەزگاسازی و دامەزراوەییکردنی دێموکراسی. ئەمڕۆش بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەرانسەری لە ئێراندا، ئەگەر لەسەر گەڵاڵەیەکی هاوبەش بۆ داهاتووی ئێران پاش تێپەڕین لە دیکتاتۆریی ئاخوندی، ساخ نەبێتەوە، ئیمکانی شکست و بەلاڕێدابردن و دەستبەسەرداگرتنی یەکجار زۆرە.

## دامەزراندنی سیستەمێکی سیکۆلار و دێموکراتیکی فرەگەلی لە ئێراندا، ڕێگاچارەیەکی واقعبینانەی دۆخی ئێستای وڵاتەکەمانە.

ئێستا کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران بۆ وەلانانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقێ و وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی لە حاڵی خەبات و ڕاپەڕینێکی بەریندان، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە پاش ڕووخانی حکوومەتی ئاخوندی چ نەزمێکی سیاسی لە ئێراندا دەبێت دامەزرێ؟

ئەگەر وەڵام تەنیا هەر گۆڕانی سیمای حاکمان و دەسەڵاتداران بێت، قەیرانەکە سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە. بەڵام ئەگەر وەڵام بریتی بێت لە دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتی ئەوتۆ کە بتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتە و کولتوور و فەرهەنگ و دین و مەزهەب و نەتەوە بندەستەکانی ئێران بکات، ئەوددم ئومێدێکی ڕاستەقینە شکڵ دەگرێ.

## ئێرانی دێموکراتیک یانی چی؟

بەرانبەریی هەموو هاووڵاتیان بەبێ هیچ چەشنە جیاکارییەکی نەتەوەیی، زمانی، فەرهەنگی، دینی و مەزهەبی و جنسییەتی.

دیسەنتڕالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا و ئەسپاردنی کاروباری هەرێمی بە ئیدارەی حکوومەتە خۆجێیی و خودموختارییەکان لە چوارچێوەی ئێراندا.

بەڕەسمی ناسینی مافی خوێندن و پەروەردە و فێربوون و بەڕێوەبردنی کاروباری فەرهەنگی و میدیایی بە زمانی زکماکی بۆ هەموو گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد وەک مافێکی سروشتی نەک ئیمتیازی سیاسی.

دەستەبەرکردنی مافی بەشداریی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و جنسی و ئایینییەکان لە ئیدارەی کاروباری وڵات و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیدا.

دابینکردنی عەداڵەتی دەورانی تێپەڕین لە دیکتاتۆریی ئاخوندیەوە بۆ دەورانی تازە. پێکهێنانی دادگا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە لایەن حکوومەتەکانی ناوەندییەوە بە گەلانی بندەستی ئێران ڕەوا بینراوە و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و بنەماڵەکانیان. چونکە تا عەداڵەت دابین نەکرێت، متمانە و ئیعتماد دروست نابێت.

ئەوانە هیچ کامیان بە جیاوازیخوازی لەقەڵەم نادرێن. بەڵکوو ئەلفوبێی دامەزراندنی دێموکراسین لە وڵاتێکی فرەگەل و فرەفەرهەنگی وەک ئێراندا. دێموکراسیی ڕاستەقینە واتە دەوڵەتی ناوەندی لە جیاتی ترس لە فرەچەشنی، بێت لە ڕووی ئیداری و حقوقی و سیاسییەوە مودیرییەتی بکات.

کەواتە ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان هەم دەتوانێ ئاگادارکردنەوە و هۆشداری بێت و هەم دەکرێ وەک مایەی ئومێدیش تەماشای بکەین.

لەو ڕووەوە ئاگادارکردنەوەیە کە وەبیرمان دێنێتەوە بەڕەسمی نەناسینی مافی نەتەوەکان، تەنیا قەیرانەکە حەواڵەی داهاتوو دەکات و بەس. لەو ڕووەشەوە جێگای هیوا و مایەی ئومێدە کە نیشانی دەدات تەنانەت لە هەلومەرجە سەخت و دژوارەکانیشدا، لە ژێر سەرکوت و زەبروزەنگی توونديشدا، ئیمکانی ئەوە هەیە کە گەلانی بندەست بۆ ئازادی و ڕزگاریی خۆیان خەبات بکەن، حیزب و نهاد دامەزرێنن و سیاسەتوەرزی بکەن و داخوازەکانی خۆیان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دێموکراتیکدا بەرنەپێش و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی دنیا بۆ لای خەباتی خۆیان ڕاکێشن.

ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک، ئەگەر بەڕاستی ئازاد و دێموکراتیک بێت، دەبێت مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران لە خۆیدا جێ بکاتەوە. نەک وەک مەسەلەیەکی لاوەکی، بەڵکوو وەک پرەنسیپێکی سەرەکی بۆ دامەزران و سەقامگیرکردنی دێموکراسی. ئەزموونی کۆماری کوردستان ئەوەمان فێر دەکات. دێموکراسی لە ئێراندا بەبێ چارەسەری عادڵانەی پرسی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، یا دانامەزرێ، یا داشمەزرێ دەوام ناهێنێ.

لە دونیایەکدا کە هەموو شتێک بە شێوەیەکی توونـد لێک گرێ دراوە، ئەزموونی دامەزران و لەناوچوونی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، دەتوانێ ببێتە نەخشەڕێگای دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی ئایندەدا. بەو مەرجەی مێژوو نەک بۆ شینگێڕی بەڵکوو بۆ لێفێربوون بخوێنینەوە.

۲۷ی بەفرانباری ۲۷۲۵

---

## هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئێران




**دەرفەتێکی مێژوویی بۆ پێناسە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی سیستەمی سیاسیی ئێران، لەسەر بناغەکانی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، دیسانترالیزاسیۆن، فرەفەرهەنگی و فرەشوناسی!**

ئاڵوگۆڕە خێراکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لاوازبوونی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان و قوڵبوونەوەی قەیرانی هەموولایەنەی کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجێکی بێوێنەی بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی لە ئێران خوڵقاندووە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێوان پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ئێران، دەبێت نەک هەر وەک هاوهەنگاوییەکی تاکتیکی، بەڵکوو وەک هەوڵێکی کارا و بەرپرسانە، بۆ شوێندانان لەسەر پرۆسەی سیاسی و تێپەڕین بەرەو ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لەقەڵەم بدرێت. ئەو هاوپەیمانییە، ئەگەر بتوانێت لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی، دیسکۆرسی مافەکانی مرۆڤ و ئەسڵەکانی دێموکراسی و فرەفەرهەنگیدا هەڵسوکەوت بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەی دوولایەنە بگێڕێت. واتە لەلایەک بەرگری لە داخوازییە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد بکات و لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتی بە چوونەپێشی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێراندا بکات.

بە کەڵکوەرگرتن لە ڕیتۆریکی یاسایی، سیاسی و دیپلۆماتیک، ئەو وتارە لە سێ بواردا، ئەو پرسە بنەڕەتییانەی خوارەوە



سەرچاوە
Serchawe

دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە؛ واتە بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە بۆ خەباتی نەتەوەی کورد و بۆ هەموو ئێران، پێگە و شوێنی ئەو هاوپەیمانییە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکانی ئێران، بایەخی بردنەپێشی پرۆژەکانی دیسانترالیزاسیۆن و فرەفەرهەنگی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا.

## گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەلومەرجی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیدا

هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی لە هەلومەرجی تێپەڕیندا، تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت کاریگەر و شوێندانەر بێت کە لە یەک کاتدا سێ کارکردی هەبێت. یەکیەتی و هاوئاهەنگیی نێوخۆیی، مەشرووعییەتی قانوونی و یاسایی، توانای مانۆڕدانی میللی و سەرتاسەری. جا ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵانەدا کاری سیاسی بکات، دەتوانێت ببێتە پارامیترێکی کاریگەر لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێراندا.

## یەکیەتیی نێوخۆیی و هاوئاهەنگیی دەروونی و نوێنەرایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستان

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر و دوورودرێژ لەگەڵ پرشوبڵاوی سیاسی و تەشکیلاتی، ململانێی ئایدیۆلۆژیک و فشار و سەرکوتی سیاسی و ئەمنییەتی دەستەویەخە بووە. بۆیە پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لەنێوان پێنج حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستاندا، پەیامێکی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان و کاراکتەرە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەنێرێت. ئەو پەیامە بریتییە لەوەی کە کوردەکان نەک هەر نایانەوێت پشێوی و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوان لایەنگر و خوازیاری دروستبوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت بتوانن لە دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، ڕۆڵی تایبەتیی خۆیان بگێڕن. ئەو یەکیەتی و هاوپەیمانییە، سەرمایەیەکی سیاسییە کە دەتوانێت لە ڕەوتی باس و گفتوگۆ و دیالۆگی میللی و سەرتاسەریدا بۆ ئامادەکردن و پەسندکردنی قانوونی ئەساسیی تازە و داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسیی وڵات، قورسایی و ئیعتیباری خۆی نیشان بدات.

وەدەستهێنانی مەشرووعییەتی سیاسی لەسەر بناغەی کارکردن لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و فەرهەنگی و زمانی و مەزهەبییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

بەرنامەی سیاسیی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و سکۆلار و دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی حکوومەت و دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و دابینکردنی مافە

نەتەوەییەکانی ئەوان. ئەو داخوازییانە ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ئەسڵە پەسندکراوەکانی عورفی نێونەتەوەییدا، بێنە گۆڕێ و فۆرمۆڵە بکرێن، نەک هەر وەک هەڕەشە لەسەر حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی ئێران بە حیساب نایەن، بەڵکوو ڕاست لەگەڵ تەعەهودە نێونەتەوەییەکانی ئێران هاوئاڕاستە دەبن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە. پابەند بووە کە بەند و پرەنسیپەکانی ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانە پیادە بکات. ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی بەدەستی خۆیان بە فەرمی دەناسێت. لەوەش زیاتر ماددەی ٢٧ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئیتنیکی و فەرهەنگی و مەزهەبی و زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لە زمان و فەرهەنگ و کولتوور و دابونەریت و ئایینی خۆیان ئازادانە کەڵک وەربگرن.

سەرەڕای ئەوە، بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبی و زمانی و فەرهەنگییەکان، کە لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٩٩٢دا پەسند کرا، ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخاتە سەرشانی هەموو دەوڵەتەکان تا هەلومەرجی بەشداریی کاریگەریی کەمایەتییەکان لە کاروباری سیاسی و هەموو ئەو مەسەلانەدا کە ئەوان دەگرنەوە، دابین و دەستەبەر بکەن.

ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت، داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵە پەسندکراوە جیهانییانەدا بێنێتە گۆڕێ، پرسی کورد و چارەسەرییەکەی نەک هەر وەک "هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی" بە حیساب نایەت، بەڵکوو وەک "دابین و دەستەبەرکردنی تەعەهودی نێونەتەوەیی" لەقەڵەم دەدرێت. ئەوەش بۆ خۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ڕیتۆریکی سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێت.

## پێویستیی سەقامگیریی وەزعی سیاسی لە قۆناغی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا

ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە ئەوە نیشان دەدات کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، بەبێ مەیدانداریی حیزب و لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوە. لە وەزعێکی ئاوادا پێکهاتنی هاوپەیمانییەک کە پێ لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و نەزمی مەدەنی و گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرپرسانە دادەگرێت، دەتوانێت دەستەبەری دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە کوردستاندا بکات.

ئەگەر کوردستان، لە قۆناغی تێپەڕین و گواستنەوەدا بۆ سیستەمی تازە، بتوانێت، نموونە و مۆدێلێکی سەرکەوتوو و دێموکراتیک لە دەسەڵاتی هەرێمی، حاکمییەتی قانوون، ئیدارەیەکی هاوبەش و مەدەنی بەدەستەوە بدات، ئەوە نەک هەر لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە سەرتاسەری ئێران دەدات کە دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات نەک هەر نابێتە مایەی لێکهەڵوەشانی وڵات، بەڵکوو دەبێتە مایەی سەقامگیریی سیاسی.

## ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگ، بناغە تیۆرییەکانی دیسانترالیزاسیۆن

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ئێران بریتییە لە ئینکار و حاشاکردن یان بەکەمگرتنی دیاردەی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی و فرەزمانی لەو وڵاتەدا. واقیعییەتی کۆمەڵناسی ئەوە نیشان دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەکولتوورە. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و دابونەریت و شوناسی تایبەتیی خۆیانن. بۆیە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەوە، پێشمەرجی سەقامگیریی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

## مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی ئێراندا

یاسای نێونەتەوەیی جیاوازی لەنێوان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی" (جودایی) و "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" (خودموختاری و فیدراڵیزم) دادەنێت. لە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگدا، وەک کانادا، ئیسپانیا، بریتانیا، هیندستان و... شێوە جۆراوجۆرەکانی فیدراڵیزم و خودموختاری و حکوومەتی هەرێمی پیادە کراون. هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا دەتوانێت پێ لەسەر پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" دابگرێت. واتە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی کاروباری هەرێمی، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک، بەشداریی کاریگەر لە کاروباری حکوومەتی ناوەندیدا، بەهرەمەندبوونی دادپەروەرانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەروەت و سامانی وڵات. هەموو ئەو داخوازییانە لە چوارچێوەی ئێران و حاکمییەتی و سەروەریی سیاسیی ئێراندا ئیمکانی دابینبوون و دەستەبەرکردنیان هەیە.

## دابەشکردنی حکوومەت وەک ئامرازی پێشگیریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی و ململانێ

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە بواری کێشە و شەڕ و ناکۆکییە قەومی و ئیتنیکی و سیاسییەکان، ئەوە دەردەخەن کە دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات لە بواری سیاسی و ئیداریدا، لە زۆر شوێن پێشگیریی کردووە لە سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکی و ململانێی قەومی و ئیتنیکی. دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ هەرێمەکان و دانی ئیختیارات بەوان بۆ ڕاپەراندنی کاروباری ناوچەکانیان، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی خاوەندارییەتی سیاسی و بەهێزبوونی متمانە لەنێوان

هەرێمەکان و ناوەنددا.

لە ئێرانی داهاتوودا، دەتوانرێت مۆدێلێک لە "فیدراڵیزمی ناهاوسەنگ" پیادە بکرێت. هەر هەرێم و ناوچەیەک بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت بە خۆی، مێژوو و فەرهەنگ و زمان و کولتووری ناوچەکە، دەسەڵات و ئیختیاراتی هەرێمی بدرێتێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئیدارەی خۆی. ئەو مۆدێلە نەک هەر ئیمتیازێکی تایبەتی نییە بۆ ئەو هەرێمانە، بەڵکوو وەڵامدانەوەیەکی قانوونی و یاساییە بە واقیعییەتی فرەنەتەوەییبوون و فرەفەرهەنگی لە ئێراندا.

## ڕۆڵی هاوپەیمانیی کوردستانی لە پێوەندیی نێوان کوردستان و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێراندا

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ڕۆڵی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لەوەی کە دەبێتە پردێکی سیاسی لەنێوان کوردستان و هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکاندا. ئەو ڕۆڵە پێویستیی بە وردەکاریی دیپلۆماتیک و متمانەسازیی دوولایەنە هەیە.

## هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەن و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دیکە

ئەو هاوپەیمانییە کوردستانییە کە لە ڕێککەوتنی پێنج حیزبی سیاسی دروست بووە، نابێت خۆی وەک تەنیا نوێنەری خەڵکی کوردستان بناسێنێت. بەڵکوو دەبێت سازوکار و میکانیزمی پێویست بۆ گفتوگۆ و هاوئاهەنگی لەگەڵ باقی هێز و لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکەی کوردستان ساز بکات. پێکهێنانی ئەنجومەن و شووراى جۆراوجۆری ڕاوێژکاری، ناوەندی دیالۆگ و ئامادەکردنی پلاتفۆرم و بەرنامە و پرۆگرامی سیاسی بۆ کاری هاوبەش و هتد. هەموو ئەوانە دەتوانن پێش لە پاوانخوازی و قۆرخکاری بگرن. دەبێت ئەوە بزانین کە یەکیەتی و هاوئاهەنگی و تەبایی نێوخۆیی لە کوردستاندا هێز و توانای کورد بۆ چەنەلێدان و دانوستان لە ئاستی سەرتاسەریدا زیاتر دەکات.

## کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی ناوەند

لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەرچەشنە هێنانەگۆڕێکی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جیاوازیخوازی دادەنرێت. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنەپێشی ئەو سازوکارانە،

**ئەو چەشنە نیگەرانییە کەم بکاتەوە یان ئەو جۆرە ئیدیعایانە بەرپەرچ بداتەوە.**

١- هێنانەگۆڕی داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ئەسڵەکانی دێموکراسیدا و پابەندبوون بەو

پرەنسیپانە.

٢- پێداگرتن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا.

٣- ئامادەیی بۆ بەشداریی چالاکانە لە نووسین و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی قانوونی ئەساسیدا.

٤- دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی هەموو دانیشتووانی کوردستان بێ ڕەچاوکردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، ئایینی و زمانی و ئیتنیکی.

ئەو سیاسەتە نیشان دەدات کە پرسی کورد و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا، نەک هەر "زێدەخوازیی نەتەوەیی و قەومی" نییە، بەڵکوو بریتییە لە دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی دەسەڵات بە چەشنێکی دادپەروەرانە و دەستەبەرکردنی کەرامەتی ئینسانی بۆ هەموو هاووڵاتیانی ئێران.

### نیشاندانی کوردستان وەک نموونەی ئیدارە و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک

لە دەورانی تێپەڕیندا، ئەگەر دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەسڵ و پرەنسیپەکانی وەک وەڵامدەرەوەبوون، بەرپرسیارەتی قبووڵکردن، حاکمییەتی قانوون و شەفافیەت کار بکەن، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئێران. دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایشی هەرێمی بەبێ سەرکوت، پەرەسەندنی ئابووریی پایەدار، بەڕێوەبەریی چەند فەرهەنگی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی، دەتوانێت گێڕانەوەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران بەدەستەوە بدات.

### لایەنی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی

لە دنیای ئەمڕۆدا، مەشرووعییەتی نێوخۆیی بە پرستیژ و ئیعتیباری نێونەتەوەییەوە گرێ دراوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی دیسکۆرس و گوتاری خۆی لە چوارچێوەی یاسا و عورفی نێونەتەوەییدا بەرێتە پێش، دەتوانێت پشتیوانی و هاوپێوەندییەکی سیاسیی ئەخلاقیی بەرین لە ئاستی دەرەوەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

### ئاکامە پۆزەتیڤەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەموو ئێران

بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تەنیا پێوەندیی بە کوردستانەوە نییە.

**ئەگەر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەورانی تێپەڕیندا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ببات ئەوە نیشان دەدات کە:**

- دیسانترالیزاسیۆن دەتوانێت پێش بە کەڵەکەبوونی ئیمکانات و کۆبوونەوەی لەڕادەبەدەری دەسەڵات لە ناوەند بگرێت.
- بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەریدا سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی بۆ سیستەمی تازە دەستەبەر دەکات.
- قبووڵکردنی فرەکولتووری و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت یەکیەتی و هاوپێوەندیی میللی و سەرتاسەری لە ئێراندا لەسەر بناغەی ڕەزامەندی نەک زوڵم و زۆر پێک بێنێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پرسی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوە و مایەی شەڕ و کێشە و ناکۆکیی سیاسی، دەبێتە دەرفەتێک بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی."

## کۆتایی

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی، ئەگەر پابەندبوونی خۆی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، یاسای نێونەتەوەیی، دێموکراسی، سکۆلاریزم و دیسانترالیزاسیۆن نیشان بدات، دەتوانێت ببێتە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی هاوچەرخی ئێراندا. ئەو هاوپەیمانییە نەک هەر میکانیزمێکە بۆ بردنەپێشی پرسی کورد و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو دەتوانێت لە پرۆسەی تێپەڕین بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر و بنیاتنەر بگێڕێت.

بە پێداگرتن لەسەر چارەسەری پرسی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، بە بەدەستەوەدانی مۆدێلێکی دێموکراتیکی ئیداری لە کوردستاندا، بە جێگیرکردنی حکوومەتی قانوون و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت نیگەرانییەکانی ناوەند بڕەوێنێتەوە و ئومێد بە داهاتوویەکی دادپەروەرانە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا زیندوو بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، ئەگەر دیاردەی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی لە ئێراندا بە فەرمی بناسرێت و ئەو جیاوازییە کولتووری و فەرهەنگییانە لە شکڵ و فۆرمێکی تایبەت بۆ خۆیان وەرگیرێن و ڕێک بخرێن، دێموکراسی نەک هەر بە هەڕەشە بە حیساب نایەت، بەڵکوو دەبێتە پێشمەرجی مانەوە و پایەداری و گەشە و هەڵدانی ئێران. بۆیە بەو مەرجەی یەکیەتیی دەروونیی خۆی بپارێزێت، مەشرووعییەت و پرێستیژی دەرەکی لەدەست نەدات و لە عەقڵانییەتی دێموکراتیک لا نەدات، هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لەو پرۆسەیەدا هەم وەک ئەکتەرێکی میللی و هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییشدا ڕۆڵێکی شوێندانەر ببینێت.

٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## برایم لاجانی: نەخوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی لەنێوچوونی میراتی کولتووری




**دیمانە: گوڵان هیجری**

**ئاماژە:**

**پاراستنی زمانی دایک ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆییە. بۆ ئەوەی نەوەیەکی وشیار، داهێنەر و خاوەن ناسنامەمان هەبێت، دەبێت زمانی کوردی ببێتە زمانی سەرەکیی هەموو کایەکانی ژیان، بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەدا. لەو دیمانەیەدا کاک برایم لاجانی، نووسەر و وەرگێڕ و مامۆستای پەروەردە بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو بابەتە.**

**گوڵان هیجری: سەرەتا بفەرموو چۆن پێناسەی زمانی دایک دەکەیت؟ بۆچی زمانی دایک بۆ گەشە و فێربوون و شکڵگرتنی کەسایەتیی منداڵ هێندە گرنگە؟**

**برایم لاجانی**: زمانی دایک ئەو سیستەمەیە کە منداڵ بۆ دەرک و تێگەیشتن، دروستکردن و بەدەستەوەدانی مانا بەکاری دێنێ و لە ڕێگای ئەوەوە لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی پێوەندی دەگرێ. بۆیە زمانی دایک، بەتەنیا هەر ئامرازێکی پێوەندیگرتن نییە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی ناسنامەیی، سۆزداری و فەرهەنگییە بۆ تێگەیشتن لە خۆ، بۆ دەرکی کەسانی دیکە و واقیعی دەوروبەر. بۆیە لە ڕوانگەی پێداگۆگییەوە، زمانی دایک بناغە و ژێرخانی فێربوون و یادگیرییە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە زمانی دایک هەڵگری ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی و پێناسەی بەکۆمەڵ و سەرمایەی فەرهەنگی و کولتوورییە. لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژی و ئینسانناسیشەوە، زمانی دایک ئامرازی گواستنەوەی حافیزەی مێژوویی، نرخ و بایەخ و نۆرم و پرەنسیپەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە. بۆیە وەلانانی زمانی دایک، نادیدەگرتن و لاوازکردنی، دەبێتە هۆی وێرانکردنی ئەو پێشمەرج و بناغە گرنگانەی کە بۆ فێربوون و گەشە و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ، گرنگ و چارەنووسسازن.

**گوڵان هیجری**: چ بەڵگە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ئارادایە کە نیشان بدات زمانی دایک لە پرۆسەی فێربوونی منداڵاندا کاریگەریی یەکلاکەرەوەی هەیە؟

**برایم لاجانی**: لێکۆڵینەوەکانی یونێسکۆ و لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی جیهاندا، ئەوە نیشان دەدەن ئەو منداڵانەی خوێندن و فێربوونی قۆناغی سەرەتاییان بە زمانی دایکی خۆیان بۆ دەرەخسێ، لە خوێندنەوە و نووسیندا، لە ژمێرە و ماتماتیک و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا، توانا و لێوەشاوەییەکی زۆرتر لە خۆیان نیشان دەدەن. هۆی ئەوەش زۆر ڕوونە. منداڵ لە ڕێگای زمانی دایکەوە "بیر" دەکاتەوە. کاتێک زمانی خوێندن و فێربوون لە جیاتی زمانی دایک دەبێتە زمانێکی دیکە، ناچار دەبێت لە یەک کاتدا دوو کار ئەنجام بدات: وەرگێڕانی زەینی و فێربوونی بابەتە دەرسەکە. ئەمەش بارێکی قورس دەخاتە سەر سیستەمی ناسنامەیی منداڵەکە و ڕادە و خێرایی فێربوون کەم دەکاتەوە یا نیوەچڵی دەکات. خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی ئەوەی فێربوون بە شێوەیەکی سروشتی، قووڵ، پایەدار و بەردەوام بڕواتە پێش.

**گوڵان هیجری**: پێوەندییەکانی زمانی دایک لەگەڵ زمانەکانی دووهەم و سێهەم و کاریگەرییان لەسەر یەکتری چۆنە؟

**برایم لاجانی**: لێکۆڵینەوە زمانناسییەکان دەری دەخەن کە زاڵبوون بەسەر زمانی دایکدا، فێربوونی زمانی دووهەم و سێهەم زۆر ئاسانتر دەکات. منداڵێک کە ستراکتۆر، ڕێزمان و گەنجینەی وشە و زاراوە و لۆژیکی زمانی دایکی بە چاکی فێربووە، دەشتوانێ ئەو توانا و لێوەشاوەییانە بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە بگوازێتەوە و بەکاریان بهێنێت. ئەو منداڵانەی کە زمانی دایکیان لێ سەرکوت دەکرێ یا نادیدە دەگیرێ، زۆرتر وایە کە نە لە زمانی دایکدا و نە لە هیچ زمانێکی دیکەدا بالادەستی و شارەزایی وەدەست ناهێنن. ئەو دیاردەیە لە ئەدەبیاتی زانستیدا پێی دەگوترێ "نیوەزمانی".

**گوڵان هیجری**: لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک چ کاریگەرییەکی لەسەر دروستبوونی ناسنامە و شوناس منداڵ هەیە؟

**برایم لاجانی**: ناسنامە و شوناس منداڵ لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبێت. زمانی دایک زمانی ماڵەوەیە، زمانی یادەوەری و زمانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زمانی هەست و سۆزە. کاتێک قوتابخانە ئەو زمانە بە فەرمی دەناسێ، منداڵ هەست دەکات کە خودی خۆی و فەرهەنگ و کولتووری ئەویش پڕبایەخە. بەپێچەوانەوە، وەلانان و نادیدەگرتنی زمانی دایک لەلایەن سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە، پەیامێکی پڕمەترسی دەگەیەنێ: واتە زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی منداڵەکە و لە کۆتاییدا خودی منداڵەکەش لە پلەیەکی خوارتردان. ئەوە بۆ منداڵ ڕەنگە ببێتە هۆی لەخۆبێگانەبوونی کۆمەڵایەتی، بێ متمانەیی بەخۆ و لێکدابڕانی نێوان منداڵ و کۆمەڵگە.

**گوڵان هیجری**: ئەو مەسەلەیە چ شوێنەوارێک لەسەر گەشە و هەڵدانی کەسایەتی و سەلامەتیی ڕەوانیی منداڵ دادەنێ؟

**برایم لاجانی**: بۆ ئەوەی کەسایەتیی منداڵ گەشە بکات، پێویستی بە ئەمنییەتی ڕەوانی و هەستی وەرگیران و بەهێندگرتن هەیە. زمانی دایک ڕۆڵی بنەڕەتی لەوەدا دەگێڕێ کە منداڵ بتوانێ هەست، ترس، شادی و ئەزموونەکانی خۆی دەربڕێ. منداڵێک کە ناچارە هەست و سۆزی خۆی بە زمانێک بەیان بکات کە چاکی نازانێت و بەسەریدا زاڵ نییە، تووشی سترێس، دڵەڕاوکێ، بێدەنگی و سکوت دەبێ و دوورەپەرێز دەکەوێتەوە. بۆیە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ متمانە بەخۆی پەیدا بکات، لە پۆل و لەگەڵ هاوپۆل و هاوڕێیانی لە چالاکی و یاری و دەرس خوێندندا بەشداریی جددیتر لە خۆی نیشان بدات. ئەوەش یارمەتی دەکات تا کەسایەتیی منداڵ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تەندروست دروست بێت و گەشە بکات.

**گوڵان هیجری**: لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئینسانناسییەوە وەلانان و سەرکوتی زمانی دایک، لە ڕووی فەرهەنگییەوە چ کاریگەرییەک لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ؟

**برایم لاجانی**: زمان فەرهەنگ لەخۆیدا هەڵدەگرێت. پەندەکان، ئیدیۆم و مێتافۆرەکان، حیکایەت و چیرۆکەکان، ئەفسانە و ئەستوورەکان، قارەمانە میللییەکان، سیستەمی کۆمەڵایەتی، نۆرم و ئەخلاق و دابونەریتەکان، تەنانەت شێوەی بیرکردنەوەش لە زماندا خۆیان نیشان دەدەن. کەواتە وەلانانی خوێندن بە زمانی دایک لەلایەن سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە، دەبێتە هۆی لەنێوچوونی ئەو میراتە فەرهەنگی و کولتوورییە. لەوەش زیاتر، لە ئاستی سەرەوەدا فرەفەرهەنگی و فرەکولتووری لەناو دەبات و کۆمەڵگە بەرەو یەکپارچەسازیی زۆرەملێ دەبات؛ دیاردەیەک کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی سیاسی و ناسنامەیی.

**گوڵان هیجری**: ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک چ پەیامێکی بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتەکان پێیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**برایم لاجانی**: ئەو ڕۆژە ئەسڵێکی گرنگی مافەکانی مرۆڤمان وەبیردێنێتەوە، واتە مافی خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک. کاربەدەستانی دەوڵەت و هەموو ئەوانەی لە کاروباری خوێندن و پەروەردەدا کاری بەرنامەدانان و سیاسەتگوزاری دەکەن، دەبێت بەو دەرک و تێگەیشتنە بگەن کە خوێندن و فێربوونی چەندزمانی و خوێندن بە زمانی دایک نەک هەر هەڕەشە نییە، بەڵکوو دەبێ وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ. دەرفەتێکە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێناندا. دەرفەتێکە بۆ وەدەستهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی پایەدار و درێژخایەن. خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک، بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، نەک هەر مافی سروشتیی منداڵانە، بەڵکوو بریتییە لە: سەرمایەگوزارییەکی درێژخایەن بۆ بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەکی پڕ کوالێتی.

**گوڵان هیجری**: کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافی منداڵ لەو پێوەندییەدا دەڵێن چی؟

**برایم لاجانی**: لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک ئیمتیازێکی فەرهەنگی و کولتووری نییە، بەڵکوو بەشێکە لە مافی بنەڕەتیی منداڵ. ئەو مافە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە چەند پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا دەستەبەرکراوە، وەک: کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ، کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و بەیاننامەی مافەکانی کەسانی سەربە کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان.

ئێران وەک وڵاتێک کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەرکی سەرشانییەتی کە بەندەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنانە، بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ، بێ هیچ چەشنە جیاکارییەک دابین و دەستەبەر بکات. لە ئێران ئەگەرچی ئەسڵی ١٥ی دەستوور بەشێوەیەکی سنووردار باس لە خوێندنی ئەدەبیاتی خۆجێیی دەکات، بەڵام لە کردەوەدا زمانی گەلانی ژێرچەپۆکی ئێران لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا هیچ جێگایەکی بۆ نەکراوەتەوە. خوێندنی سەرەتایی تاکزمانی و تەنیا بە فارسییە. ئەوە لەژێرپێنانی سیستەماتیکی ئەو بەڵێنانەیە کە ئێران خستوویەتیە سەر شانی و خۆشی لێ دەبوێرێ.

**گوڵان هیجری**: ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە چین؟

**برایم لاجانی**: سیاسەتی تەکزمانی ئاکامەکەی ئەوەیە کە: ئەو منداڵانەی زمانی قوتابخانەیان لەگەڵ زمانی ماڵەوەیان جیاوازە، درەنگتر فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن، ڕادەی کەوتن و وازهێنان لە قوتابخانە لەناو ئەو منداڵانەدا زۆرترە، لە پۆلدا کەمتر چالاکی لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەو سیاسەتە تەکزمانییە زیانێکی زۆر لە ڕوح و ڕەوانی منداڵ دەدات، منداڵ و شوناس و فەرهەنگەکەی نادیدە دەگرێ و بەفەرمی ناناسێ. لە ڕووی زمانییەوە هەستی شەرم لە منداڵەکەدا دروست



سەرچاوە Serchawe

دەکات، متمانەبەخۆبوونی کەم دەکاتەوە و هەستی خۆبەکەمزانی تێدا دەچێنێت.

لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، سیاسەتی تاکزمانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا نابەرابەریی نێوان ناوەند و ناوچە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران زیاد دەکات، بێ متمانەیی زیاتر لە نێوان گەلانی ئێران و حکوومەتی ناوەندیدا دروست دەکات. لە درێژخایەندا یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی لاواز دەکات و سەرکوتی زمانی دایک، داخوازییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران ڕادیکاڵتر دەکات. دەستەبەرکردنی خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی ئەوەی جیاکاری و نابەرابەری کەم بێتەوە، هەستی هاووڵاتیبوون بەهێز بێت و ئاشتی و سەقامگیری دروست بێت. نادیدەگرتنی ئەو مافە سەرەتاییە لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی چوونەسەری تێچوونی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ دەوڵەت. خوێندن بە زمانی دایک نەک هەڕەشە، بەڵکوو پێشمەرجی گەشە و پەرەسەندنی پایەدار و جێگیربوونی دادپەروەریی پەروەردەییە.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی ناوچەیی و دوورەدیمەنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا: ڕۆڵی بزووتنەوەی کوردستان



ئەو شەڕەی پتر لە دوو هەفتەیە لە نێوان ئێران لەلایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەکی دیکەوە لە ئارادایە، لە ئاستی ناوچەکەدا تەنیا وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی ئەژمار ناکرێت. ئەو شەڕە ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بکێشێت، دەتوانێت ئاکامی زۆر قووڵ و گۆڕانکاریی گەورە لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات و داهاتووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا بەدواوە بێت. لە کاتی لێکدانەوەی دۆخێکی ئاوادا، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە پێشەوە: ئەگەر گوشار و پاڵەپەستۆی دەرەکی ببێتە هۆی لاوازبوونی پێکهاتە و شێوەی دەسەڵات لە ئێراندا، کام لە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە شێوەپێدانی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی ئایندەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو پێوەندییەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان جێگایەکی تایبەتی هەیە.

بۆ تێگەیشتن لەو پرسە، باشتر وایە لە پێشدا چاوێک بە ئەزموونە مێژووییەکاندا بخشێنین. مێژوو ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە ڕێژیمە دیکتاتۆر و تەواویەتخوازەکان، تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی گوشاری نێوخۆییەوە نەڕووخاون. ئەو جۆرە ڕێژیمانە بە شێوەیەکی ئاسایی خاوەنی دامودەزگای ئەمنیی بەربڵاو، ڕایەڵکەی ئابووریی بەرینی سەربەدەسەڵات و ئامرازی زۆر و کاریگەری کۆنترۆڵ و سەرکوتی کۆمەڵایەتین؛ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆوە ببێتە کارێکی سەخت و دژوار. لە مێژووی هاوچەرخدا زۆر نموونەی لەو جۆرەمان هەن؛ وەک ڕووخانی حکوومەتی نازی لە ئاڵمان،

کۆتایی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو چەند دەیەی دواییەدا. هەموو ئەو نموونانە نیشانی دەدەن کە گوشاری دەرەکی و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسیدا بگێڕن.

لە دۆخێکی ئاوادا، شەڕ دەتوانێت وەک شۆکێک بێت بۆ سەر قەوارەی دەسەڵاتی سیاسی؛ شۆکێک کە بناغەکانی سیستەمی سیاسیی زاڵ دەخاتە لەرزە و دەرفەت بۆ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێک دەهێنێت تا ئەوانیش بێنە مەیدان و کاریگەریی خۆیان نیشان بدەن. بەو حاڵەش، ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕووخانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری بەتەنیا نابێتە هۆی جێگیربوونی دێموکراسی. ئاکامی کۆتایی ئاڵوگۆڕەکان بەستراوەتەوە بە توانایی، کارایی و کارکردی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان لە پێوەندی لەگەڵ بنیاتنانی سیستمێکی تازەدا.

یەکێک لەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کاریگەرانەی کە بە درێژایی ئەو چەند دەیەی دوایی لە ئێراندا، توانا و کارایی خۆی لە ڕێکخستنی سیاسی، بردنەپێشی خەبات و ڕاگرتنی ئاڵای بەربەرەکانی دژی سەرەڕۆیی و ئیستبدادی سیاسی نیشان داوە، بزووتنەوەی سیاسی و ئازادیخوازانەی کوردستانە. کوردستان لە هەشت دەیە لەمەوبەرەوە تا ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە ڕووی چالاکیی سیاسی و حیزبایەتی و فەرهەنگ و کولتووری دێموکراسیخوازییەوە، چالاکترین بەشی ئێران بووە. پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، ئامادەیی بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و میراتی خەباتگێڕانە بۆ مافە کولتووری و سیاسییەکان، ئەو تایبەتمەندییانەن کە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا دەکەنەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کوردستان، بریتییە لە هەبوونی فەرهەنگی حیزبایەتی و فرەحیزبی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. لە کاتێکدا کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا چالاکیی حیزبی و ڕێکخراوەیی زۆر سنووردار و ناڕێکخراو بووە، لە کوردستاندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، نەخشێکی کاریگەریان لە گەڵاڵەکردن و هێنانەگۆڕێی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا بینیوە. ئەو حیزبانەی لەو ناوچەیەدا تێکۆشانیان هەبووە، بێجگە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، لە بوارەکانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و ڕۆشنگەرییشدا کاریگەرییان لەسەر خەڵک بەجێ هێشتووە. بۆیە ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە دەتوانێت لە سەردەمی تێپەڕین لە ڕێژیمی دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستمێکی دێموکراتیک، گرنگییەکی زۆری هەبێت؛ چونکە بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک، پێویستیمان بە ڕێکخراو و ناوەند و دامەزراوەی سیاسیی دێموکراتیک هەبێت.

بێجگە لە حیزب و فەرهەنگی حیزبایەتی، فەرهەنگی خەبات و بەرخۆدان و بەربەرەکانیش لە کوردستاندا بە فاکتۆرێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت. بە درێژایی هەشت دەیەی ڕابردوو، کوردستان ئەزموونێکی زۆر و جۆراوجۆری لە خەباتی سیاسی،

بەرخۆدانی مەدەنی بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەکۆمەڵ بەرانبەر سەرەڕۆیی و زوڵم و ستەم و هەڵاواردن وەدەست هێناوە. ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە نەک هەر بووەتە مایەی شێوەگرتنی ناسنامەیەکی سیاسیی تایبەت لە کوردستاندا، بەڵکوو بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە وشیاریی سیاسیی بەکۆمەڵ سەبارەت بە مافی هاوڵاتیبوون، دادپەروەریی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی دێموکراتیکی خەڵک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا.

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە کە پێویستە باسی بکەین، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانیان خوازیاری دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤن. زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو چەند دەیەی دواییەدا، دیسکۆرسەکانی وەک ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم، حکوومەتی خۆجێیی، دابەشکردنی دەسەڵات، هاوبەشی لە دەسەڵاتدارێتیدا، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکانیان لە بەرنامە و پرۆگرامی سیاسیی خۆیاندا گونجاندووە. ئەو چەمکانە بەشێکی گرنگی تێرمینۆلۆژیی ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخی جیهان پێک دەهێنن و وەک ئامراز و میتۆدی قبووڵکراو بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی وڵات و کۆمەڵگە فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

لە سیناریۆیەکی گریمانەییدا، ئەگەر شەڕ و گوشاری دەرەکی ببێتە هۆی لاوازبوون و وەلەرزەکەوتنی قەوارە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، هەبوونی ئەو هێز و ڕێکخراوە سیاسییانە لە کوردستاندا، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەوەدا ببینێت کە نەیەڵێت بۆشایی دەسەڵات بێتە پێشەوە و کۆمەڵگە بەرەوڕووی ئاژاوە و بێسەروبەری بێتەوە. کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی دوورودرێژی لە کاری حیزبی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە، دەتوانێت وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە شێوەپێدانی نەزمی سیاسی و سیستەمی دەوڵەتیی داهاتووی ئێراندا دەور بگێڕێت.

لەو ڕوانگەیەوە، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو ناوچەکانی دیکەی وڵات. فەرهەنگی حیزبایەتی و پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و کولتووری، بەشداریی دەستەجەمعی لە کاروباری سیاسیدا و پێداگرتن لەسەر مافە سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگییەکان، ئەوەمان نیشان دەدات کە تەنانەت کۆمەڵگە فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگەکانیش دەتوانن پێکهاتەیەکی سیاسیی دێموکراتیک دامەزرێنن و پەرەی پێ بدەن. ئەوەش بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کە گیرۆدەی دەستی ناوەندگەرایی و لاوازیی ناوەند و دامەزراوە دێموکراتیکەکانن، دەتوانێت سەرچاوەی ئیلهام و جێگای دەرس لێوەرگرتن بێت. سەرەڕای هەموو ئەوانە، هاتنەپێشی هەلومەرجێکی ئاوا و گێڕانی ڕۆڵێکی لەو شێوەیە،

**پێوەندیی بە گەلێک هۆکار و فاکتۆرەوە هەیە:**

١- هێـزە دێموکراتیکەکـان دەبێـت لە سەرانسـەری ئێرانـدا بتـوانن جۆرێـک لە هاوکـاری و هاوئـاهەنگیی سیاسـی لە نێـوان خۆیاندا پێک بهێنن.


٢- بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیکدا گەڵاڵە بکەن.

٣- کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی دەبێـت پشـتیوانی نەک هەر لە گۆڕانکـاریی کورتخـایەن، بەڵکـوو لە هێـزە دێموکراتیکەکـان و پرۆسەی دێموکراتیزەکردن لە ئێراندا بکات.

مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە شەڕ دەتوانێت ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانکاریی سیاسی، بەڵام ئەوە هێزە سیاسی و کـۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکـانن کە شێوە و مەودای ئاڵوگۆڕەکـان و چـۆنیەتی و دەرەنجـامی ئەو گۆڕانکارییـانە دیـاری دەکەن. ئەگەر لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هەلومەرجێک بێتە پێشەوە کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە قەوارە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، ئەوا ڕۆڵی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دێموکراتیکەکان چارەنووسساز دەبێت. لەو نێوەدا بـزووتنەوەی کوردسـتان بەهـۆی ئەو ئەزمـوونە مێـژووییەی کە لە حیزبـایەتی و میراتـی خەبـاتگێڕانەی سیاسـیدا هەیەتـی، دەتوانێـت نەخشـێکی کاریگەری لە شێوەپێدانی داهاتوویەکی ئازاد و دێموکراتیکدا لە ئێراندا هەبێت.

٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## پێشەوا لە گۆشەنیگایەکی نزیکتر و ڕوونترەوە



ڕێبواری ڕێی دوور کە ئەژنۆی دەلەرزێ و هەنگاوی شل دەبن، وچانێک دەدا و تۆشەبەرەی نێو کۆڵەپشتی دەردێنێ و نانێک دەخوا و سەرلەنوێ هێزی ڕۆیشتن و ورەی دێتەوەبەر.

بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتیش، ١٠ی خاکەلێوە و گەڕانەوە بۆ شەهیدانی نەتەوەکەمان، وەک سەرچاوەی ئیلهام، هەمیشە ورەمان وەبەردێنێتەوە و خەنجەری ڕوحییەی خەباتگێڕانەمان ئاو دەداتەوە.

بۆ تیشکخستنە سەر کەسایەتیی گەورە و مەسیحئاسای پێشەوا، چەند نموونەیەک لە هەڵوێستە بەرز و مێژووییەکانی لە چەند کۆنتێکست و چەند مەوقعییەتی جۆراوجۆردا دەخەینە بەرچاو. مرۆڤی سیاسی و خەباتگێڕ بە هەڵوێستە سیاسییەکانی دا ئیعتیبار و وەجاهەت سیاسی وەدەست دێنێ. جا دوایە کەسایەتیی پێشەوا دەخەینە بەر ڕووناکی.

(بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم)

سوێندی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار

(ئەوە کە لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەی خۆم بکوژرێم، جگە لە ڕەحمەتی خودا شتێکی دی نییە. بە مەرگی جوامێرانەی خۆم شانازی دەکەم)

لە بەناو دادگادا

(ئەو مافە بە کەس نادەم سووکایەتی بە نەتەوەی من بکات. من لە پێناوی ئەو نەتەوەیەدایە کە ئێستا بە ئیعدام مەحکووم بووم. قازی محەممەد ئیدی شتێکی دیکەی نییە لە دەستی بدا، کەسێک دەست لە گیان هەڵگرێ، قسەی دڵی خۆشی دەکا. ئەوەی کە لە خوام دەویست، یانی شەهادەت لە ڕێگای خوا و وەتەندا بە دەستم هێناوە)

قازی محەممەد لە بەناو دادگادا

(ئەنگیزەی من بۆ ئەو کارانە کە کردوومن سەرزەمین و نەتەوەکەم بووە، هەر کارێک لەگەڵ من دەکەن بیکەن بەڵام دەست لە ئازاری نەتەوەکەم هەڵگرن)

دیفاعیات لە بەناو دادگادا

(لە ئاخرین سەعاتەکانی ژیانمدا، خودا بە شاهید دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختیاریی ئێوەدا گیان و ماڵی خۆم فیدا کردووە لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێخیم نەکردووە)

وەسیەتنامە

(کوردستان سەرزەمینی نەتەوەی کوردە و ماڵی ئەوە. کەس مافی حەسادەت و بەخیلی نییە. هەموو لەو ماڵەی خۆیاندا ئازادن .هەرچی لە دەستان دێت بۆ ئازادیی کورد درێخی مەکەن)

وەسیەتنامە

پێشەوا ئەو لووتکە گەورەی جوگرافیای ناسیۆنالیزمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تا پتر لێی بڕوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ماوەیە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چوومەوە و سەرەڕای سەرڤاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننە بەرچاو.

قازی هەر لەو ماوە کورتەدا کە پێی نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی، بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پرشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی نەتەوەکەمان. ئەوەتا ئێستا بووەتە سەمبوولی قوربانیبوون، فیداکاری و بووەتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان.

سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا، پاش تێپەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزووعییەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابینکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی وڵاتەکەمان، دابینکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمییەتی گشتیدا بەشداری بکەن، هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.

بەرنامەی سیاسیی پێشەوا بووەتە مانیفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، هەروا ئامانجی هەرە بەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جووڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسیی کردووە. ئێمە نەسڵەکانی دوای ئەو گەورەترین شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەر ئەوە بێت، کە نەمانهێشتووە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردووەتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی خەباتی نەتەوەییماندا کشا و کوردی لە خەوی غەفڵەتی ژێر چەپۆک ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکەدا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.

پێشەوا مێژووی نەتەوەی کورد و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کوردی خوێندبووەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسییەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرموولە کرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا داڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە، حیزب و تەشکیلاتی مۆدێرنی دروست کرد و دەوڵەتی لە شکڵی کۆماریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسییە پێکهێنا. دواتر لە دادگادا و لە جەریانی سەفەرەکانیدا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسیی خۆی و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کرد و تا سەر پێیان وەفادار مایەوە و گیانی خۆشی لەو پێناوەدا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو نەتەوەدا.

لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعمارییەکاندا، لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری توند بە خەباتی دژی ئیستیعمارییەوە نووسابوون و دواتریش هەموویان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکراسی، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەر سێکیان وەفادار بوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکەڕا و لە هەڵسوکەوتدا دێموکرات بوو و دێموکراتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکاندا، ئەوە تەنیا پێشەوا بووە کە نەکەوتووەتە داوی سەرەڕۆییەوە.

عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکوومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی روون دیارە. ڕێفۆرمی ئەرزی و مەسەلەی دابینکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و ئەمنییەتی قەزایی و سێکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و

حکوومەتـدا هەڵسـوکەوتی نەکـردووە و لە هەمـوو جێگـایەک وەک ڕێـبەری نەتەوەیـی و سیاسـی قسـەی کـردووە. نە دینـی خستووەتە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیزب و حکوومەتی کردوونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب. لە سەرتاسەری ئێراندا ئەو دەم ئاخوندەکان دژی ئیسلاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتییـان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقیعییەتێکی ژیانی ڕۆژانە.

کۆماری کوردستان پرشنگدارترین قۆناغی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمـانە و لە داهاتووشدا تـا چـاو بـڕ بکـات دەمانبێت، هەر لەوێـرا دەست پـێ دەکـات. بیگبانـگ، تەقینـەوەی گەورەی ناسیۆنالیزمی هـاوچەرخی کوردستانی لەوێرا سەرچاوە دەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژییەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگات. پێشـەوا سـەرۆکی حیـزب و سـەرکۆمار بـوو، بەڵام قەت حکـوومەتی نەکـردە ئـاڵقەبەگوێی حیـزب. حیزبـی نەکـردە سـەرباری حکوومەت و زنجیر بۆ دەست و پێی حکوومەت. قەت نەبـوو لە کێـوی سینای دەفـتەری سـەرکۆماری و سـەرۆکایەتیی حیـزبەوە فەرمان نازڵ بکـات. بڕیارەکـان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیـان لەسـەر دەکرا و بە فیلـتەرە پێویسـتەکاندا تێـدەپەڕین، جـا دوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەکرانەوە و بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەشتن.

حیـزب مـاتۆڕی بـردنە پێشـی بەرنامەکـان و ڕێکخسـتنی نەتەوە و مـۆبیلیزەکردنی تواناکـان بـوو نەک دەسـتوپێگر. هەمـوو ئیمکانـاتی حیزبـی خسـتبووە خـزمەت حکـوومەت نەک بە پـێچەوانەوە. قەت خـۆی لە جێـی کـۆمیتەی ناوەنـدی دانەدەنـا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەنا و حیزبیشی لە جێی نەتەوە دانەدەنـا. خـۆی و حیـزب و کۆمار و دەوڵەتـی بـۆ خزمەتـی نەتەوە دەویستن. پێشـەوا بەرانـبەر بیـروڕای گشـتی لەسـەر هەست بـوو. ئەو کەسێک نەبـوو گوێ نەداتە بیـروڕای گشـتیی نەتەوە و ڕوانـگە و بیروبۆچـوونی هاوکارەکـانی بە گرنـگ دەگـرت. مەیـدانی بـۆ دروسـتبوون و پێگەیشـتنی چینـی ناوەنـدیی کـۆمەڵگەی کوردسـتان خـۆش دەکـرد. ئەدیـب و زانـا و فەرهەنگییەکـانی کـوردی لە دەوری حیـزب و کۆمـار کـۆ کردبـوونەوە و خسـتبوونیە خـزمەت نەتەوە و پەرەسـەندنی زمـان و ئەدەب و کولتـوور و پەروەردە و فێرکردنـی نەتەوەیـی. هەموو توانـای ڕووناکبیرانەی کوردی خستبووە خزمەت خەبـات و بەرنامەکـانی حکوومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بەجێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لەوەڕا دێت کە حیزبـی پێشەوایە و پێشەوا دایمەزراندووە.

پێشتر ڕێبەرانی بـزووتنەوەی کورد بە هـۆی پێگە و نفووزی عەشیرەتی و ئـایینییەوە هـاتوونەتە سەر. پێشـەوا لە ڕێگـای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەییەوە هاتبووە سەر. ئەو هەم مەشرووعییەتی هەبوو هەم لێوەشـاوەیی زانستی و سیاسـی و هەم پاکژیی ئەخلاقی و هەم مەحبووبییەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مـایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئـاوا لە نێو نەتەوەی خۆیاندا خۆشەویستن و هەر خۆشەویستیش بمێننەوە.



سەرچاوە
Serchawe

پێشەوا ڕزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ بوو. ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەتەوە پێوەندیی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنە پێشی بەرنامە و پرۆژەکانی کۆمار هێنانە کایە و دامەزراوەگەلێکی بۆ کۆمەڵ و کۆمار دروست کرد، بەڵام وەک پێشەوای نەتەوەیی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسک بۆرۆکراسیی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکات. ئەو بە کردەوە ڕێبەرایەتی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان بوو. خاکەڕا و خۆماڵی و بێ فیز و تەکەببوور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەر و ماڵی فیدای نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات. ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەر بۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتوور دەدا. دەورانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورددا، تا ئەو دە دوازدە ساڵەی دوایی، پرشنگدارترین قۆناغی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردییە کە مێژوو بە خۆیەوە دیویەتی.

ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسییەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەریی کوردی. نەخش و بەشی خەڵک لە بزووتنەوە و دەسەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر بوو. پێشەوا دەسەڵاتی حیزبی و حکوومەتی لە دەستی خۆی و کەسوکارەکانیدا کۆ نەکردبووەوە. چەترێکی گەورە بوو کە هەموو لە ژێریدا جێگایان دەبووەوە. معیار بۆ ئەو خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەرەک بوو.

تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەیەکی لە پشت نەبوو، بەڵام توانی لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەو دەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی نەتەوەیی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە لەگەڵ یەکتردا، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆ بکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێتە ژێر ئۆتۆریتەی نەتەوەیی کۆماری کوردستان.

پاکژیی ئەخلاقیی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدا بوو کە گەورەیی خۆی لە گەورەیی و مەزنیی نەتەوە و خەڵک و هاوکارەکانیدا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. بە پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێت کە بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆی و بەرنامەکانی کۆ بکاتەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئاخر کەسێک کە دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکوومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆ دەکاتەوە، کەسێکە کە توانای سیاسی و فکری و ئەخلاقییەکەی بەرتەسکە، کاراکتێرێکی بێهێزی هەبووە و دەوروبەرەکەشی هیچکارە و لێنەهاتوو بوون.

پێشەوا نیهادسازی کرد، بزووتنەوەی کردە نەتەوەیی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی نەتەوەیی بوو کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێیان دەبووەوە و هەمووشیان بە هی خۆیان دەزانی شاعیر وتەنی بە ملیۆن کورد، سوجدەیان بۆ دەبرد. ئەو خسڵەتە نەتەوەییەی کە وەک میرات بۆ حیزبی دێموکرات بە جێ ماوە هەر لە ئەو دەمەوە دێت کە پێشەوا کردییە حیزبی نەتەوەیی. حیزبی دێموکراتی دروست کرد و لە ڕێگای حیزبەوە بوو بە پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد.

دەڵێن هەر خەباتێک ڕێبەری خۆی دروست دەکات، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و نەتەوەیی و گەورە و بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوارچرا و گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمانپەروەری و مەکۆی کوردایەتی و قیبلە و زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی نەتەوەی کورددا هەر زیندووە و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن. گۆڕی پێشەوا بووەتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە.

ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقیی هەیە. بیری سیاسیی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێت و مەوزووعییەتی هەیە و ڕوو لە گەشەیە. ئەو درەختەی پێشەوا چاندی، هەروا دێت پتر ڕەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئێنێرژییە نەتەوەییەی کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو هێزەی کە نەیهێشتووە حیزبی دێموکرات بشکێ، یان لە ڕەیلی خۆی لابدا، هەر ئەو ئێنێرژییەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگات.

ئەمڕۆ بە ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردووەتە مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانییەکان چ لە بەشی ڕۆژهەڵات یان لە بەشەکانی دیکە، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبییەکانیش، شەجەرەی سیاسیی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشرووعییەتی لێ وەربگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکییەش لە بن نایەت و دەگاتە هەموانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لەسەر تاکی کورد، نەتەوەی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی نەتەوەیی کوردستانی بە جێی هێشتووە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.
ڕاستە کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نەشکا، چونکە شکست ئەوەیە قەت هەڵنەستییەوە. هەر کەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یان زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبیی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە جۆرێک لە کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا ئێستا بوونەتە



سەرچاوە
Serchawe

ڕێفێرێنس و نەسڵەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن. چونکە قۆناغی دەوڵەتی کۆماری کوردستان، لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەرجەستەگیی مێژوویی هەیە و سەردەمی زێڕینی مێژووی دەسەڵاتدارییەتیی هاوچەرخی کوردە.

پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی لەگەڵ تاران و چ لەگەڵ تەورێز و چ لەگەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە نێوخۆییەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێموکراسییەوە دەگرتن. لێزانییەکی بێوێنەی لە فۆرموولەکردنی داخوازەکانی نەتەوەی کورد و پەیامی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا هەبوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبووە ڕێبەرێک تەواو عەیاری نەتەوەیی. لە خۆڕا نەبوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەواییش مایەوە.

پێشەوا فیداکاریی کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاشدا دەزانێ شەهیدی دەکەن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە نەتەوەی کورد و داخوازەکانی نەتەوەی کورد دەکات. لە وەسیەتنامەکەشیدا و لەسەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکات خەبات بەرنە پێش و خواش بە شاهیدی دەگرێ کە بە سەر و ماڵ، خزمەتی نەتەوەی خۆی کردووە و داوا دەکات ئەگەر قسوورییەک هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەم جۆرە ئەو هیچ تەڵەبکار نییە و فیداکاریشی بۆ ئەوە نەکردووە لە نەتەوەکەی تەڵەبکار بێت. تەنیا داوای ئەوەیە نەتەوە پشت بە یەک ببەستن و خۆیان بە عیلم و زانست تەیار کەن و خەبات بەرنە پێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە نێڵە بکەوێت. بۆیە لە پێدەشتی بزووتنەوەی کورددا بووەتە لووتکەی هەرە بەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی.

ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانی و کۆنەپەرستیی ناوچە و تەنانەت زرەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتوونەتە خۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەش کەن، بەڵام نەک هەر نەیانتوانیوە زەڕەیەک لە گەورەیی و خۆشەویستیی پێشەوا کەم کەنەوە، بەڵکوو پێشەوا هەروا دێت و مەزنتر و خۆشەویستر دەبێت و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا ئەمڕۆ بووەتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیر و گرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان. ئەو کەسایەتییەک بوو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، لە نێو نەتەوەی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکات. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارە دەویست و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتمان بوو.

پێشەوا کەسێک بوو کە مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کورتدا کە دەستی بە کاری سیاسی کرد، نەخشی هێندە گەورەی گێڕا کە لە مێژووی نەتەوەی خۆیدا بوو بە گاندییەک، ماندێلایەک. ئەو دروستکەر بوو. خۆی و دەزگای حکوومەتەکەی دوور بوون لە گەندەڵی. ئێستاش دروستکاری نەک بە فەزیلەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو گەندەڵی و دەستپیسییەک بەدوور بوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقییەتی بەرز و ئیستراتیژیی سیاسی و

سەلامەتیی ویژدانی. هەر بۆیەش ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەویی گەورەی لە نێو نەتەوەدا هەبوو. دەڵێن مێژوو ڕوحم بە کەس ناکات. پێشەوا لە نێو ڕێبەرە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە - کە ژمارەشیان بەداخەوە زۆر کەمە - کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچوون و ڕووسوور هاتوونە دەر. لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لە ئەو پیلانە گەورەیەوە دێت کە کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکوومەتەکەی بەڕێوەیان برد. ئەو ڕاستییە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنییەتیی حوکمدانی قازییەکان و لەدارادنیانادا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بێکیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێونەتەوەیی لە دژی ئەو وەڕێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودا بوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەستدا بوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. توانا و لێوەشاوەیی و دروستکاری و مودیرییەت و بەتەگبیریی پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابووەوە. ئەوەی ڕوویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی زلهێزان و کۆنەپەرستی بوو. بە بڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای نەتەوەی کورد لە بەرامبەر نەتەوە و مێژوودا هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێر بن، بەڵام لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە ئەو هەستی بەرپرسایەتی لە بەرامبەر نەتەوە و مێژوودا، لە قازیی نەمر فێر بن.

کەسایەتییە سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکان، بە ئەو پێوانەیە هەڵدەسەنگێنرێن، کە لە کاتی خۆیان و لە دوای خۆیان چ شوێنەوارێکیان بە جێ هێشتووە و چ کاریگەرییەکیان داناوە. جا ئەگەر لە ئەو پێرسپێکتیڤەوە تەماشای کەسایەتیی سیاسیی پێشەوا و ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە ماوەی ڕێبەرایەتیی ئەودا ڕوویان داوە - هەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، تا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و پاشان ئیعدامی پێشەوا - هەر کام لە ئەو ڕووداوانە بە تەنیا و بە سەر یەکەوە و شەخسییەتی سیاسیی پێشەوا و حوزووری پێشەوا لە حافیزەی نەتەوەیی کورددا، ئەوە دەردەخەن کە پێشەوا و هەڵوێستە سیاسییەکانی و کاروکردەوەکانی، گەورەترین ڕووداوی مێژووی سیاسیی کوردن لە مێژووی هاوچەرخی کورددا و تەکانی یەکجارەکییان بە نەتەوەی کورد داوە و بە لووتکەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردستانی دادەنرێت. کورد ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی ئێستاش هەر لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا دەبینێ، ئەو ئامانجانەی کە لە کەسایەتیی سیاسیی پێشەوادا تەجەسومیان پەیدا کردبوو و پێشەوا گیانی خۆشی لە ڕێگای ئەواندا دانا.

ئێستاشی لەگەڵ بێت پێشەوا گەورەترین و بەهێزترین کەسایەتیی سیاسی و خەباتگێڕانەی نێو بیر و زەینی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە وەک سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە پێناوی ئازادیی کورد و کوردستاندا، تەوافوقی نەتەوەیی لەسەرە. ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەواوە، بە هەر پێوانەیەک هەڵیسەنگێنین، بە ڕاوەستانەوەی سیاسی و ڕاسانی کورد لە دژی ئەو وەزعە مەوجوودە دادەنرێت، کە سەدان ساڵە کورد لە نێویدا بەسەر

دەبات. ئەوەتا ئێستاش پێشەوا هێزێکی ئەخلاقی و سیاسیی هێندە گەورە و ئینێرژییەکی پۆزەتیڤی هێندە زۆرمان پێ دەبەخشێ، کە چ وەک تاکی کورد و چ وەک نەتەوەی کورد بەرەو پێشەوەمان دەبات.

پێشەوا دید واتە ئاسۆ یان بە واتایەکی دیکە ڤیژن(Vision) ی دا بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. واتە ئاسۆی ئەو بزووتنەوەی دەستنیشان کرد. بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ڕێگای خەباتی نەتەوەی کوردی دیاری کرد. ڤیژن لەگەڵ هەڵسوکەوتی تاکتیکی فەرقی هەیە. ئێستا پێگەی جووڵانەوەی کورد لە سیاسەتی ڕۆژانەدا هەرچییەک بێت، ڤیژن لە ئەو سیاسەتە تاکتیکیانە بەرزتر و بڵندترە. ڕێگای کەژرەوی و هەڵخلیسکان دەگرێ. ئەوەی پێشەوا کردی نابێت بە ئیدیالیزم دابنرێت و بە ئەو بیانووەوە بە کەم بگیردرێ. ئیدیالیزم خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپ نییە. بەستراوەتەوە بە ئەوەی کە دەتەوێت کورد و کوردستان بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی بەریت یان داوای مەدینەی فازیڵە و کۆمەڵگەی بێتەبەقەی تەوحیدی و دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا دەکەیت. کورد وەک نەتەوەیەک زەرفییەتی ئەوەی تێدایە و حەقی ئەوەشی هەیە بە ئازادی بگات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێ و خۆی بگەیەنێتە ئاستی نەتەوەکانی دیکەی دونیا. واتە مافی ئەوەی هەیە ڕێگای پەرەسەندنی خۆی دیاری بکات. ئەو خەباتەی کورد دەیزاتە پێش بۆ گەیشتنە بە لووتکەی بەرزی پەرەسەندن و پێشکەوتن کە بریتییە لە ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆنووسین.

پێشەوا ڕۆڵەی زەمانی خۆی بوو. ئەو توانی لە ئەو دەرفەت و ئیمکاناتانە کە ئەو دەم بۆ کورد ڕەخسابوون بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرێ. ئەگەر قسە و هەڵوێستە سیاسییەکانی پێشەوا لێک بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەم ڤیژنار بووە و هەم واقیعبین (Grounded) بووە. واتە پێی سیاسەت و هەڵوێستەکانی لەسەر ئەرزی واقیع بووە و چاویشی لە ئاسۆ و ئاسمان و ئەستێرەکان بووە. واتە واقیعبین بووە بەڵام هەرگیز ئاسۆی خەباتی کوردستانی لە بەر چاو ون نەبووە. ئازادیی کوردستان بۆ قازی مەسەلەی سەرەکی بووە. لە ڕوانگەی ئەووەوە کورد مەسەلەی کورتخایەن و درێژخایەنی نییە. کورد مەسەلەی کورتخایەن و درێژخایەنی یەکە: ئازادی و ڕزگاری. مەسەلەی کورتخایەنی کورد درێژخایەنەکەیەتی و مەسەلەی درێژخایەنەکەشی مەسەلەی کورتخایەنییەتی. سیاسەتگوزاریی ڕۆژانەیی پێشەوا، لە ڕوانگەی ستراتیژیکی پێشەوا جیا ناکرێتەوە. ئەوە فەلسەفەی کاری سیاسیی پێشەوایە.

ئامانجی پێشەوا بە لەداردانی پێشەوا نەمرد و تەنانەت گەورەتر و مەزنتریش بووە. پێشەوا بووەتە ئیلهامبەخشی نەسڵە یەکلەدوایەکەکانی نەتەوەی کورد. ئێمە وەزیفەی بردنە پێشی ئەو ئامانجەمان لەسەر شانە. با تێکۆشین شایستەی ئەوە بین کە ڕێبواری ڕێگای پێشەوا و ئامانج و ڕێبازی پێشەوا بین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سیاسەتی خۆمان لە سۆز و عاتیفە و ئایدیۆلۆژی پاک کەینەوە. با تێکۆشین لە هەموو زەرفییەتی ئەو نەتەوەیە بۆ ڕزگاری کەڵک وەرگرین. دەبێ لە پشتی مەنشووری قازانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، سیاسەتەکانی خۆمان بدەینە بەر دید. دەبێ شەهامەتی ئەوەمان



سەرچاوە
Serchawe

هەبێت لە ئەشکەوتی کەهفی هەزارساڵەمان بێینە دەر. دونیای تەنگی سیاسەتی خۆمان بە جێ بێڵین و ڕاست لە قەلبی مەسەلەکە بدەین. مەسەلەی ئێمە زۆر جدییە.

مەسەلەی ژێردەستیی نەتەوەیەکە لە سەدەی ۲۱دا، پێشەوا لە هەلومەرجێکدا ئاڵای ئەو خەباتەی هەڵگرت کە ئیمکاناتێکی زۆر کەمی بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەر دەستدا بوو، ئێمە ئۆقیانووسێک لە دەرفەت و ئیمکاناتمان لە بەر دەستدایە. با تێکۆشین لە ئەو ئیمکاناتە لە ئەو ئینێرژییە زۆرەی کە بۆ خەبات لە نێو نەتەوەکەماندا هەیە، بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین.

۱۰ی خاکەلێوەی ۲۷۲۶



سەرچاوە
Serchawe

## پێڵاوی ژمارە ٤٣




ئەو مەسەلە و کێشە سیاسییانەی وڵاتەکەمان لەگەڵیان بەرەوڕوویە، زۆر و جۆراوجۆرن. هەر بەو پێیە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازیش بەرانبەر بەوان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا لە گۆڕێدان، لەسەر بنەمای ئەو ڕاسپاردە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەسندی کردوون و لە ئەستۆگرتنی خۆی بۆ جێبەجێکردنیان ڕاگەیاندووە. پێویستە هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەمان بێ جیاوازی لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک بن و وەک یەکیش لە ئیمکانات و خێروبێری وڵات کەڵک وەرگرن.

### بەرانبەری لە بەرانبەر یاسادا

کەواتە ئێمە هاووڵاتیانی ئێران، مافی ئەوەمان هەیە دەرفەت و هەلومەرجی وەک یەکمان بۆ بڕەخسێ تا بتوانین کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆمان بەرینە پێش. مافی ئەوەمان هەیە توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆمان بۆ بردنە پێشی وڵاتەکەمان بەکار بخەین چ بەتەنیا و چ بەکۆمەڵ لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەماندا بەدوای بەختەوەریی خۆمان و میللەتەکەماندا بگەڕێین. ئەو ئەسڵە هەموو کەس؛ ژنان، پیاوان، کەم ئەندامان، پەیڕەوانی نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە.



سەرچاوە Serchawe

دابینکردنی ئەو ئەسڵە دەکەوێتە چوارچێوەی مافەکانی شارۆمەندی و لەلایەن کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێران واژۆی کردووە، دەپارێزرێت. بناغەی فەلسەفیی ئەو پرەنسیپە لە هاوبایەخبوونی هاووڵاتیانەوە، کە وەک ئینسان هەموو خاوەنی بەهای وەک یەکن، سەرچاوە دەگرێ. بەپێی مافە سروشتییەکانیش مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و هاوبەهان و خاوەنی ئەقڵ و شعوورن و پێویستە بە گیانێکی برایانە ڕەفتار لەگەڵ یەکتر بکەن و دەوڵەتیش دەبێ بە یەک چاو تەماشایان بکات. ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە هەموو هاووڵاتیان دەرفەتی ئەوەیان بۆ پێک بێ کە لە بەرانبەر یاسادا مافی وەک یەکیان هەبێ و بشتوانن وەک یەک کاریگەریی سیاسی و شوێنەواری سیاسیی لەسەر پرۆسەی چوونەپێشی کاروباری وڵاتەکەیان دانێن.

## کەمایەتییە نەتەوەییەکان

ئەوەی وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دەبینرێ، ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەگەلە؛ واتە دەوڵەتی ئێران لەسەر خاک و نیشتمانی چەند نەتەوە کە هەرکامیان خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەتنیکیی تایبەت بە خۆیانن دروست بووە. زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێران، چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی وڵاتدا، لەسەر ئەو واقیعیەتە کۆکن و لەوەش زیاتر دەڵێن ئەو فرەگەلبوون و فرەفەرهەنگیبوونە بۆ خۆی بووەتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی و خێروبەرەکەت. بەو جۆرە دەبێ ئێران وڵاتێک بێت کە شانس و دەرفەتی وەک یەک بۆ گەشە و هەڵدانی هەموو نەتەوە و فەرهەنگەکان دەستەبەر بکات. لێرەدا پرەنسیپێک زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو نەتەوە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێ و ئیمکاناتی وەک یەکیان لە سەروەت و سامانی وڵات بۆ دابین بکرێ. بەجۆرێک کە گەشەکردن و هەڵدانی هەمەلایەنەی هەرکام لە نەتەوە و فەرهەنگەکان لە جوگرافیای تایبەتیی خۆیاندا، ببێتە مەرجی گەشەکردنی وڵاتی ئێران بەگشتی و لەو لاشەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئێران بەگشتی ببێتە فاکتۆر و مەرجی هەڵدان و گەشەکردن و پێشکەوتنی نەتەوە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێران. تەنیا لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە ئێران لە دۆخی ئێستادا وەک وڵاتێک دەتوانێ بمێنێتەوە و بڕواتە پێش.

نەتەوە بندەستەکانی ئێران ئەو گەلانەن کە وەک کەمایەتیی نەتەوەیی دەژمێردرێن و لەباری نەتەوەیی و ئەتنیکی و کولتووری و زمانی و خاک و نیشتمان و هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە، لە نەتەوەی دەسەڵاتدار جیان. هەموو ئەو گەل و نەتەوانە ڕیشەی مێژوویی چەند هەزار ساڵەیان لەو خاکەدا هەیە و بە هەزاران ساڵە لەسەر زێد و نیشتمانی باوک و باپیرانی خۆیان دەژین و پەیوەستبوونی مێژوویی بەو خاکەیەوە گرێی داون.

گەلی کورد کە بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی دابەشکراوی کوردە، یەکێکە لەو گەلانەی کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا لە هەموو

مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە و بە توندترین شێوەش سەرکوت دەکرێ. شێوەی دەوڵەتداری و سیستەمی سیاسیی ئێستای ئێران وەک ڕێژیمێکی نادێموکراتیک و ناوەندگەرا و ئایدیۆلۆژیک و ئایینی، هیچ دەرەتانێک بە ئێمە کوردەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە نادات تا بتوانین لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆمان کەڵکوەرگرین. لە لایەک دەگوترێ کە زۆرایەتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا نەتەوەی دەسەڵاتدارە و بەگوێرەی ئەسڵی زۆرایەتی و کەمایەتی، دەبێ دەسەڵات لەبەردەست زۆرایەتیدا بێ.

لە دۆخێکی ئاوادا لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانرێ مافە میللی و سیاسییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەستەبەر بکرێ؟ ڕوانگەیەکی سیاسی هەیە کە دەڵێ ئەوە بەسە کە مافی شارۆمەندی بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکرێ و هەموو هاووڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک بن و یەک جۆر ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ.

جارێ با لەوە گەڕێین کە سیستەمی سیاسیی ئێران نە ئێستا و نە لە ڕابردوودا، قەت زەرفییەتی ئەوەی تێدا نەبووە کە هەموو هاووڵاتیانی ئێران وەک یەک تەماشا بکات. بەپێچەوانەوە سەرتاسەری مێژووی ئێران ئەوە نیشان دەدات کە دەوڵەتی ناوەندی هەموو توانا و دەسەڵات و ئیمکاناتی وڵاتی بۆ تواندنەوە و سەرکوتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، واتە کەمایەتییە نەتەوەییەکان، تەرخان کردووە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش با بزانین کە ئایا دابینکردنی مافە شارۆمەندییەکان و دەستەبەرکردنی بەرانبەریی هاووڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا، تەنانەت ئەگەر بە کردەوە جێبەجێش بکرێ، دەتوانێ مافە سیاسییە تایبەتی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی بندەستی دانیشتووی ئێران دابین و دەستەبەر بکات؟

## خاک و نیشتمان

دەوڵەتی ئێران لەسەر خاک و زێد و نیشتمانی هەموو ئەو نەتەوانە دروست بووە، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەوە. کوردستان زێد و نیشتمانی گەلی کوردە. بەلووچستان زێد و نیشتمانی گەلی بەلووچە. خوزستان زێد و نیشتمانی گەلی عەرەبە. ئازەربایجان نیشتمانی ئازەرییەکانە. تورکمانستان زێد و نیشتمانی گەلی تورکمانە. هەروەک گوتمان بە هەزاران ساڵە ئەو نەتەوانە لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین. مێژوویەکی دوورودرێژیان لەسەر ئەو خاکە هەیە؛ مێژوویەک کە شوناس و کولتوور و فەرهەنگ و زۆر تایبەتمەندیی دیکەی پێ بەخشیون کە لە گەلانی دیکەیان جیا دەکاتەوە.

هەر بۆیە ئەوە نادادپەروەرییەکی گەورەیە کە ئەو نەتەوانە لە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێبەش بن. واتە

نەتوانن لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیان چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و کاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فەرهەنگیی خۆیان بەڕێوە بەرن. لەوەش زیاتر ئەوە کە بە تاوانی داواکردنی مافە میللی و سیاسییەکانی خۆیان سەرکوت و قەڵاچۆ دەکرێن، تاوانێکی سیاسییە کە دەوڵەتی ناوەندی بەرانبەر بەوان بەڕێوەی دەبات.

هەوڵدانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی مەوجوودییەتی سیاسی و میللی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو گەلانە و بردنە پێشی سیاسەتی حاشاکردن لە بوون و مەوجوودیەتیان وەک نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامەی تایبەتی و سەربەخۆ، لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە و لە لایەن ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانەوە مەحکووم دەکرێ. زۆرن ئەو کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانەی کە ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخەنە سەر دەوڵەتەکان تا مافە سیاسی و فەرهەنگی و کولتووری و زمانی و میللییەکانی گەلان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و خەڵکە بوومییەکان دەستەبەر بکەن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلان و خەڵکانی بوومی بەو گەل و خەڵکانە پێناسە دەکات کە پێش لە دروستبوونی دەوڵەت بەو شێوەیەی ئێستا، لەسەر ئەو خاکە ژیاون و بەدرێژایی مێژوو توانیویانە زمان و کولتوور و فەرهەنگ و شێوەژیان و نیشتمان و زێد و هەندێک بەها و مێتۆد و دابونەریت و سوننەت و پراکسیس و ئینستیتۆی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان دروست کەن و بیانبەنە پێش و پشتاوپشت بیانگوێزنەوە.

## بارودۆخی کەمایەتییە نەتەوەییەکان

ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، ڕێکخراوی جیهانیی کار، سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنڤانسیۆنێکی تازەی سەبارەت بە مافەکانی نەتەوە و گەل و خەڵکە خۆجێییەکان کە لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەربەخۆکاندا دەژین پەسند کرد. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، وڵاتانی ئەندام بەڵێن دەدەن هەموو بڕگەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنە جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی مافی ئەو گەلە ڕەسەنانە بپارێزن کە لە نێو خاکی ئەواندا دەژین". واتە ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە بەڵگەنامەیەکی یاساییە کە بەرپرسیارەتیی یاسایی دەخاتە سەرشانی دەوڵەت و کاربەدەستانی دەوڵەت. ئەو دۆکیومێنتە یاساییەیش مافی وەک یەک، وەک هاووڵاتی، بۆ هەموو هاووڵاتیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتدا دەستەبەر دەکات. سەرەڕای ئەوەش ئەو دۆکیومێنتە یاساییە نێودەوڵەتییە ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخاتە سەرشانی دەوڵەت کە مافە فەرهەنگی و کولتووری و مەزهەبییەکانی گەلان و خەڵکانی بوومی بەفەرمی بناسێ و ڕێزیان لێ بگرێ.

هەروەها بەرپرسیارەتی دەخاتە سەر دەوڵەت کە پراکسیس و دابونەریت و بایەخ و بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەو گەلانە بەهەند بگرێ و مەیدانی هەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنیان بۆ پێک بێنێ. هەر بەپێی ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییە، دەوڵەت ئەرکی لەسەرشانە تا دەرفەتی خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا، بۆ خەڵکانی بوومی بە زمانی

زگماکیی خۆیان پێک بێنێ و لەو بارەوە دەبێ هیچ چەشنە جیاوازی دانانێکیان دەرحەق نەکرێ.

دەوڵەتەکان لەسەریانە یاسای بنەڕەتی، یاسا و قانوون و سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبەریی خۆیان بەجۆرێک بگۆڕن، کە ڕیفۆرمی پێویستی بۆ وەڵامدانەوە بە جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە تێدا پێک بێ. مەبەست ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە مافە تایبەتییەکانی ئەو گەل و نەتەوە و خەڵکە بوومییانە دەستەبەر بکرێن، کە دەکەونە سنووری سیاسییەکانی دەوڵەتەوە.

یەکێک لە هۆکانی پەسندکردنی ئەو کۆنڤانسیۆنە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە لایەن شورای ئورووپاوە، ئەوەیە کە لە کردەوەدا دەرکەوتووە پرەنسیپی زۆرایەتی و کەمایەتی، کە دێموکراتیکیش دێتە بەرچاو، ناتوانێ وەڵامدەرەوەی کێشەی میللی لە وڵاتە فرەگەلەکاندا بێت. هەروەها پرەنسیپی بەرانبەریی شارۆمەندان لە بەرانبەر یاساشدا، تەنانەت ئەگەر دەستەبەریش بکرێ، دیسان هەر ناتوانێ وەڵامی پێویست بە هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە بداتەوە. بۆیە دەبێ ڕێگەچارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بدۆزرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی بەشێوەی یاسایی، ئۆرگان و ئینستیتۆی تایبەت بە خۆیان بۆ پێک بێ تا لە ڕێگەی ئەوانەوە مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن و کاروباری سیاسی و ئیداریی تایبەت بە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن و لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتیشدا بەشداری بکەن.

### بۆچی کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەبێ مافی تایبەتیی خۆیان هەبێ؟

Jarle Weigård کە یەکێک لە لێکۆڵەرە بەناوبانگەکانی بواری کێشەی کەمایەتییە نەتەوەییەکانە، دەڵێ: "ئەگەر کۆمەڵە کەسێک دەستنیشان بکەین و هەروا بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بەپێی پرەنسیپی هەڵسوکەوتی وەک یەک و یەکسان لەگەڵ هەمووان، پێڵاوی ژمارە ٤٢ بەسەر هەموویاندا دابەش بکەین و داوایان لێ بکەین ئەو پێڵاوە بکەنە پێ، لە کردەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو کارە هیچ ڕەفاهییەتێک بۆ هەندێک لەو کەسانە پێک ناهێنێ و لەوەش زیاتر تەنانەت ڕەنگە ئەو پێڵاوە تەنگ بێ یان گەورە بێ و ببێتە هۆی نەخۆشی بۆ ئەو کەسە. لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێ کە ڕەفتاری وەک یەکمان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە نەکردووە؛ چونکە ئەو ڕەفتارەی ئێمە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە ئاکامی وەک یەکیان لەو سیاسەتەی ئێمە دەست نەکەوێ. هەر بەو جۆرە ئەگەر دەنگی کەسانی سەربە کەمایەتییەکی نەتەوەیی لە بەرانبەر دەنگی کەسانی سەربە زۆرایەتیی دەسەڵاتدار و زاڵدا حیساب کەین، زوو بۆمان دەردەکەوێ کە شانسی ئەوە زۆر گەورەیە کە دەنگی کەمایەتییەکە لە نێو دەریای دەنگی زۆرایەتیدا بخنکێ".

**بۆیە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە هەموو سیاسەت و میکانیزمێکی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا بگرێتە بەر. زۆرایەتیی دەسەڵاتدار هەمیشە دەسەڵات و ئیمکاناتێکی زۆری لەبەردەستدایە تا قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرێتە پێش.**

**پرسیار ئەوەیە کە ئەو زۆرایەتییە چ ئەرکێکی لەسەر شانە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە بتوانێ قازانج و بەرژەوەندییەکانی هەمووان دابین بکات و باڵانسێک پێک بێنێ کە هەموو لایەک هەست بە بوون و دادپەروەری بکەن؟**

**٣١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

## سەبارەت بە وتارەکەی کاک مستەفا هیجری لە پارلمانی ئورووپا!




وتارەکەی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئورووپا بە زمانی کوردی، لە لایەن چاوەدێرانی سیاسی، وەک کردەوەیەکی سیاسیی چەند لایەنە هەڵدەسەنگێنرێ. ئەو کردەوەیە نەک هەر نیشانەی حزووری سیاسیی نەتەوەیی کورد لە ئاستی دامەزراوەکانی یەکیەتیی ئورووپادایە، بەڵکوو لە چوارچێوەی دیپلۆماسی و خەباتی مێژوویی گەلی کورد لە ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیدا، مانایەکی سیمبولیک و کارکردانەی هەیە. لەو وتارەدا ئەو کردەوەیە لە سێ ئاستدا لێکدەداتەوە. ئاستی شوناسی و سیمبولیک، ئاستی دیپلۆماتیک و مافەکانی مرۆڤ و ئاستی ریتۆریک دیسکۆرسی خەباتگێڕانە.

زمانی کوردی وەک ئامرازی خۆناساندن وخۆنیشاندانی سیاسی خاوەنی ئەو بایەخەیە. وتاردان بە زمانی کوردی لە دامەزراوەیەکی ڕەسمی یەکیەتیی ئورووپادا، لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە کردەوەیەکی سیمبولیک لەقەڵەم دەدرێ. کردەوەیەک کە چەند پەیامی گرنگی تێدایە. بەڕەسمی ناسینی شوناس و زمان و فەرهەنگی کوردی لە فەزایەکدا کە بەشێوەیەکی ئاسایی تەنیا زمانی ڕەسمی دەوڵەتەکان بەکار دەهێنرێت.

بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازی خەبات و بەربەرەکانی مەدەنی بایەخێکی دیکەی ئەو ئەکتەیە. ئەوە بۆیە زۆر گرنگە

چوونکە زمانی کوردی لە ئێراندا لەگەڵ کۆسپ و بەربەست و سەرکوتی جۆراوجۆری دەوڵەتی بەرەوڕووبە. نیشاندانی سوژە و کاراکتەرێکی سیاسی کورد کە نەک هەر لە جوگرافیای ئێراندا، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دەدوێ و کێشەی کورد دێنێتە گۆڕێ.

لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نوێنەرایەتیدا، کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک لە دامەزراوەیەکی نێونەتەوەییدا خۆی لە خۆیدا بە شێوەیەکی سیمبولیک بریتییە لە هێنانەگۆڕی داخوازە ڕەواکانی کورد. ئەوە بەو مانایەیە کە نەتەوەیەک تەنانەت ئەگەر دەوڵەتیشی نەبێت، دەتوانێت زمانەکەی لە ئاستی نێونەتەوەیدا بەکار بێنێ و گوێی لێ بگیرێ.

ئاستی دیپلۆماتیک و مافەکانی مرۆڤ: پارلەمانی ئورووپا یەکێک لەو دامەزراوانەیە کە لە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپادا و لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و چاودێری بە سەر مافە نەتەوەیی، زمانی و ئایینییەکاندا، ڕۆڵێکی پڕبایەخ دەگێڕێ. بۆیە حزووری ڕێبەرێکی سیاسی گەلی کورد لە ئێران لەو ئەنستیتۆ گرنگەدا پەیامێکی چەند لایەنە دەگەیەنێ.

بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد: ئەو کردەوەیە پرسی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و ئێرانییەوە، دەگوێزێتەوە بۆ ئاستێکی ئورووپایی.

**کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسی گشتی:** پێشکەشکردنی وتار وەک نوێنەری گەلی کورد لە پارلمانی ئورروپادا بۆخۆی بە جۆرێک لە کاری دیپلۆماسیی گشتی دادەنرێت. دیپلۆماسییەک کە ئامانجەکەی بریتییە لە ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی بیروڕای گشتی، کۆڕوکۆمەڵەکانی لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری لە ئورووپا.

**پێداگرتنەوە لەسەر ئەسڵەکانی مافەکانی مرۆڤ:** لەو جۆرە دەرفەتانەدا، بە شێوەیەکی گشتی، ڕێبەرانی گەلانی بندەست پرسی ماف و ئازادییەکان، مەسەلەی چەوسانەوە و هەڵاواردنی پێکهاتەیی، مافی بەشداری و هاوبەشی لە پرۆسەی سیاسیدا، مافی خوێندن بە زمانی دایک، مافە نەتەوەیی و ئایینی و زمانییەکان دەخەنە بەرباس. هەموو ئەوانەش لە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون. بەوجۆرە ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بە زمان و ڕیتۆریکی مافەکانی مرۆڤ دەردەبڕدرێن و لە ئاکامدا باشتریش وەردەگیرێن.

**دۆزینەوەی ئەو کاناڵانەی ڕەوایی بە خەباتی کورد دەبەخشن:** حزووری سیاسی و ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پارلمانی ئورووپادا، بۆ هەر حیزبێکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە، مەشروعییەت دروست دەکات. ئەوە بەتایبەتی

ئەوکاتە گرنگە، کە ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە، ئەو بزووتنەوانە، وەک بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێوخۆدا لەگەڵ سەرکوت و زەبروزەنگ بەرەوڕوون و حەقی تێکۆشانی سیاسییان نییە.

**دیسکۆرسی خەباتگێڕانە:** لە ڕیتۆریکی خەباتگێڕانەی کورددا سێ توخمی سەرەکی هەن. شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی، خەبات و بەربەرەکانی و بەرخۆدان، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی دێموکڕاتیدا.

لەو پێوەندیەدا وتارەکەی کاک هیجری چەند کارکردی هەیە. پێناسەکردنەوە، یا داڕشتنەوەی سەرلەنوێی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی دیپلۆماتیکدا و گواستنەوەی بۆ کۆنتێکستێکی مەدەنی. ئەوە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەگوترێ تێکەڵکردنی بەرخۆدانی سەخت دەگەڵ خەبات و بەربەرەکانییەکی نەرم. بەرهەمهێنانی دیسکۆرسێکی تازە بۆ کورد لە ئێران، کە پێ لەسەر لابردنی ستەم و هەڵاواردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لەف ۆڕمی فیدڕالیزمدا دادەگرێ.

بایەخێکی دیکەی ئەو بڕیارەی سکرتێری گشتی هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی ڕیوایەتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو بەشەکانی کوردستاندایە. کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی لە ئاستی پارلمانی ئورووپادا، بەجۆرێک دەبێتە هۆی درووستبوونی پێوەندییەکی سیمبۆلیک لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەمە حافیزەی بەکۆمەڵی کورد بەهێزیت دەکات و دەبێ بگوترێ هەر چەشنە کار و خەباتێکی لەو چەشنە لە ئاستی نێونەتەوەییدا کۆیادی بەکۆمەڵی کوردەکان بەهێزتر دەکات و خەبات و تێکۆشانی کورد دەباتە پێشتر و ئاسۆیەکی تازە بە ڕووی میللەتەکەماندا دەکاتەوە.

### بایەخی ئەو کارە لە سیاسەتی ئێراندا

وتارەکەی کاک مستەفا لە فەزای سیاسیی ئێرانیشدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. هێنانەگۆڕێی مەسەلەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لە پارلمانی ئورروپادا، کار دەکاتە سەر گفتوگۆی نێوان ئورووپا و ئێران لە بواری سیاسی و مەسەلەی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤدا. ئەوەش بە نۆرەی خۆی سەرنجی دونیا و بیروڕای گشتی ئورووپا بۆ لای خەباتی گەلی کورد ڕادەکێشێ. لەوەش زیاتر، هێنانەگۆڕێی پرسی کورد لە ئێران لە پارلمانی ئورووپادا، بە جۆرێک لە فەزای سیاسی ئێرانیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

### بەهێزکردنی وێژمانی مافتەوەر لە سیاسەتی کوردیدا

ئەو جۆرە دەرفەتانە دەبنە هۆی ئەوەی کە نوێنەرانی کورد پێ لەسەر بردنەپێشی خەباتێکی سیاسی و مەدەنی و دوور لە

توندوتیژی دابگرن.

بەوجۆرە دەتوانین بڵێین کە ئامادەبوون و پێشکەشکردنی وتار بەزمانی کوردی لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پارلمانی ئوورووپادا، هەر بەتەنیا بە ڕووداوێکی مێدیایی دانانرێ. بەڵکوو کارێکی سیاسی و دیپلۆماتیکی چەندلایەنەیە لە چوارچێوەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

۱ی بانەمەڕی ۲۷۲٦

## گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی!



قووڵبوونەوەی قەیرانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجێکی بێوێنەی بۆ دارشتنەوەی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا پێک هێناوە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا، دەبێت نەک هەر وەک کردەوەیەکی تاکتیکی، بەڵکوو وەک هەوڵێکی کارا، بۆ شوێندانان لەسەر پرۆسەی سیاسی و تێپەڕین بەرەو ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لە قەڵەم بدرێت.

ئەو هاوپەیمانییە، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی، مافەکانی مرۆڤ و ئەسڵەکانی دێموکراسیدا سیاسەت بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت. واتە بەرگری لە داخوازییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد و کۆمەک بە چوونەپێشی دێموکراسیخوازانە لە ئێراندا بکات. هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت شوێندانەر بێت کە سێ کارکردی هەبێت: یەکێتیی نێوخۆیی، شەرعییەتی یاسایی و توانای مانۆڕدانی نەتەوەیی و سەرتاسەری. جا ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵانەدا هەڵسوڕێت، دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێران.

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر و دوورودرێژ لەگەڵ پرشوبڵاوی و ململانێی ئایدیۆلۆژی و فشار و

سەرکوتی سیاسی و ئەمنییەتیدا دەستەویەخە بووە، بۆیە پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، پەیامێکی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان و کاراکتەرە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەنێرێت. ئەو پەیامە بریتییە لەوە کە کوردەکان نەک هەر نایانهەوێت پشێوی و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوان لایەنگر و خوازیاری دروستبوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بخوڵقێنێت بتوانن لە دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیکدا لە ئێراندا، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە. ماددەی یەکەمی هەردووکی ئەو پەیماننامەیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان بە ڕەسمی دەناسێت.

ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت، داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵە پەسندکراوە جیهانییانەدا بێنێتە گۆڕێ، پرسی کورد و چارەسەرییەکەی نەک هەر وەک "هەڕەشە" هەژمار ناکرێت، بەڵکوو وەک "دابین و دەستەبەرکردنی تەعەهودی نێونەتەوەیی" دەوڵەتی ئێران لە قەڵەم دەدرێت. ئەوەش بۆخۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ڕێتۆریک و زمانی سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێت.

ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە ئەوە نیشان دەدات کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، بەبێ حزووری حیزب و لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوە. لە وەزعێکی ئاوادا پێکهاتنی هاوپەیمانییەک کە پێ لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و نەزمی مەدەنی و گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرپرسانە دادەگرێت، دەتوانێت دەستەبەری دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە کوردستاندا بکات.

ئەگەر کوردستان، لە قۆناغی تێپەڕین و گواستنەوەدا بۆ سیستەمی تازە، بتوانێت نموونە و مۆدێلێکی سەرکەوتوو و دێموکراتیک لە دەسەڵاتی ناوچەیی و خۆجێیی، سەروەریی یاسا، ئیدارەیەکی هاوبەش و مەدەنی بەدەستەوە بدات، ئەوە نەک هەر لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە سەرتاسەری ئێران دەدات کە ناوەندییەت (دیسانترالیزاسیۆن) و دابەشکردنی دەسەڵات نەک هەر نابێتە مایەی پشێوی، بەڵکوو دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی.

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ئێران بریتییە لە حاشاکردن لە دیارەی فرەنەتەوەیی. واقیع ئەوە نیشان دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و داب و نەریت و ناسنامەی

تایبەتیی خۆیانن، بۆیە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشمەرجی سەقامگیریی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

یاسای نێونەتەوەیی جیاوازی لە نێوان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی" (جودایی) و "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" (خۆبەڕێوەبەری و فیدراڵیزم) دادەنێت. هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا دەتوانێت پێ لەسەر پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" دابگرێت. واتە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی کاروباری ناوچەیی، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک، بەشداریی کاریگەر لە کاروباری حکومەتی ناوەندیدا، بەهرەمەندبوونی دادپەروەرانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەروەت و سامانی وڵات. هەموو ئەو داخوازییانە لە چوارچێوەی ئێران و حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی ئێراندا ئیمکانی دەستەبەرکردنیان هەیە.

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ڕۆڵەکانی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لەوەی کە دەبێتە پردێکی سیاسی لە نێوان کوردستان و هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکاندا. دەبێت ئەوە بزانین کە یەکێتی و هاوئاهەنگی و تەبایی نێوخۆیی لە کوردستاندا، هێز و توانای کورد بۆ دانوستان لە ئاستی سەرتاسەریدا زیاتر دەکات.

لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەر چەشنە هێنانەگۆڕێی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جیاوازیخوازی دادەنرێت. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنەپێشی ئەو میکانیزمانە، ئەو چەشنە نیگەرانییانە کەم کاتەوە یان ئەو جۆرە ئیدیعایانە بەرپەرچ بداتەوە. لە دەورانی تێپەڕیندا، ئەگەر دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەسڵ و پرەنسیپەکانی وەک وەڵامدەرەوەبوون، بەرپرسیارێتی قبووڵکردن، سەروەریی یاسا و شەفافیەت کار بکەن، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئێران.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، شەرعییەتی نێوخۆیی بە پرستیژ و ئیعتیباری نێونەتەوەییەوە گرێ دراوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی گوتاری خۆی لە چوارچێوەی یاسا و عورفی نێونەتەوەییدا بەرێتە پێش، دەتوانێت پشتیوانی و هاوپێوەندییەکی سیاسی و ئەخلاقیی بەرین لە ئاستی دەرەوەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تەنیا هەر پەیوەندیی بە کوردستانەوە نییە. ئەگەر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەورانی تێپەڕیندا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، ئەوە نیشان دەدات کە: ناوەندییەت دەتوانێت پێش بە کەڵەکەبوونی ئیمکانات و کۆبوونەوەی لە ڕادەبەدەری دەسەڵات لە ناوەند بگرێت. لەوەش زیاتر بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەریدا سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی بۆ سیستەمی تازە دەستەبەر

دەکات. ئاخر قبووڵکردنی فرەکولتووری و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت یەکێتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و سەرتاسەری لە ئێراندا لەسەر بناغەی ڕەزامەندی، نەک زوڵم و زۆر، پێک بێنێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پرسی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوە و مایەی شەڕ و کێشە و ناکۆکیی سیاسی، دەبێتە دەرفەتێک بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی" لە ئێرانی ئازاد و دێموکراتیکدا.

١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە Serchawe

## یەکیەتی، هاوپەیمانی و ئەرکەکانی حیزب لە هەلومەرجی تازەی خەباتدا



**ڕاپۆرتێکی شیکاری سەبارەت بە وتەکانی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە سیمیناری سیاسی و تەشکیلاتیی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٣ی مانگی مای ٢٠٢٦ی زایینی لە ئۆسلۆ.**

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٣ی مانگی مای ٢٠٢٦ی زایینی، کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سیمینارێکی سیاسیی تەشکیلاتیدا کە لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ بۆ بەڕێزیان پێکهاتبوو، بەشداریی کرد و لەسەر پرس و بابەتە سیاسی، حیزبی و تەشکیلاتییە هەنووکەییەکان بەدرێژی قسەی کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا، وێڕای ئەوەی کە ڕووناکایی خستە سەر هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، هێڵە گشتییەکانی کار و تێکۆشانی حیزبیشی بۆ ئەو قۆناغە نوێیە دەستنیشان کردن کە خەباتی حیزب و گەلەکەمان بە نێویدا تێدەپەڕێت. باسەکانی بەڕێزیان لە گەلێک بارەوە بایەخ و گرنگیی سیاسی و تەشکیلاتی و ستراتیژیکییان هەیە.

وتارەکەی کاک مستەفا، بەتەنیا هەر ڕاپۆرتێک سەبارەت بە وەزعی ئێستای حیزب یا لێکدانەوەی هەلومەرجی ئێستا

نەبوو، بەڵکوو لە ڕاستیدا بریتی بوو لە وێناکردنی نەخشەڕێگای تێکۆشان لەو قۆناغە هەستیارەدا کە خەباتی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی سەرانسەریی ئێرانی تێدایە. لە هەلومەرجێکدا کە ئێران بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و پڕقەیرانترین دەورانە سیاسییەکانی خۆیدا تێدەپەڕێ، هەر وتەیەکی بەرپرسانە، هەر لێکدانەوەیەکی واقیعبینانە، هەر خۆئاڕاستەکردنێکی بەوەخت و بەجێی تەشکیلاتی، دەتوانێ لە دیاریکردنی پێگە و مەوقعییەتی هێزە سیاسییەکاندا، ڕۆڵێکی چارەنووسساز بگێڕێ. بۆیە پێویستە وتەکانی کاک مستەفا لە چوارچێوەی بەرپرسایەتیی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێگەی جووڵانەوەی میللی - دێموکراتیی کوردستان و پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی سەرتاسەری بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، هەڵسەنگێنین.

هەوەڵین تەوەرەی گرنگی قسەکانی کاک مستەفا بریتی بوو لە پێداگرتنەوە لەسەر پێگەی جەماوەری و بەرینی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزب، بە یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێران دەژمێردرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە کە ڕیشەی لە مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستاندایە و سەرەڕای دەیان ساڵ سەرکوت و زەبروزەنگ، ڕاونان و گرتن و تیرۆر و هەڵاواردن، شەڕ و فشار و پیلانی ئەمنییەتی و گیروگرفتی نێوخۆیی، هێشتاش بە یەکێک لە سەرەکیترین هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەقەڵەم دەدرێ. ڕوونە کە هەرچەشنە دووبەرەکییەکی نێوخۆیی، تەنانەت ئەگەر لە جیاوازی و ناکۆکییە سیاسی، تەشکیلاتی و فکرییەکانیشەوە سەرچاوە بگرێ، لە کۆتاییدا دەتوانێ لە هێز و توانای سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبێکی مێژوویی وەک حیزبی دێموکرات کەم کاتەوە. هەر بۆیە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب بەتەنیا هەر ڕووداوێکی حیزبی و ڕێکخراوەیی نەبوو، بەڵکوو بریتی بوو لە پەیامێکی سیاسیی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان، هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیش. ئەو پەیامە ئەوە بوو: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ لە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەرس وەربگرێ، بەسەر گیروگرفتە نێوخۆییەکانیدا زاڵ بێت و خۆی بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی گەورەتر لە داهاتوودا ئامادە بکات.

سکرتێری گشتیی حیزب بە دروستی پێی لەسەر ئەو ڕاستییە داگرت کە پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب، پێگەی حیزبەکەمان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو چووەتە سەرێ. ئەوەش بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە. چونکە ئیعتیبار و پرێستیژی سیاسی نەک هەر بەتەنیا بە دروشمدان و بەرزکردنەوەی دروشم، بەڵکوو لە ڕێگای کاری سیاسیی بەردەوام، عەقڵانییەت، یەکگرتوویی سیاسی و تەشکیلاتی، قبووڵکردنی بەرپرسایەتی و توانای کاری بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییەوە دابین و دەستەبەر دەبێت. ئاخر حیزبێک کە بۆ خۆی تووشی دووبەرەکی و ئاژاوەی نێوخۆیی بووبێت، ناتوانێت بانگەشەی ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی بزووتنەوەیەکی میللی و دێموکراتیکی بەرین و جەماوەریی گەورە بکات. بەڵام حیزبێک کە بتوانێ یەکیەتیی ڕیزەکانی خۆی

دابین بکات، دەتوانێ بە بڕوابەخۆبوونێکی زۆرترەوە بچێتە مەیدانی تێکۆشانی سیاسی و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەدا، قورسایی و ئیعتیبارێکی زۆرتر وەدەست بێنێ.

بۆیە پاراستنی ئەو دەستکەوتە گەورە حیزبی و تەشکیلاتییە، واتە یەکگرتنەوەی حیزب، ئەرکێکی تەشکیلاتی، ئەخلاقی و مێژوویی‌یە. کادر و ئەندام و بەرپرسانی حیزب دەبێت چاک بزانن کە یەکگرتنەوە بەتەنیا هەر بە ئیمزا و دەرکردنی بەیاننامە وەدەست نایەت. پاراستن و بردنەپێشی ئەو یەکگرتنەوەیە، پێویستی بە فەرهەنگ و کولتووری سیاسی، سنگفراوانی، تۆلێرانس، دیسیپلین و وەبەرچاوگرتنی ئەسڵ و پرەنسیپە تەشکیلاتییەکان هەیە. لەوەش زیاتر پێویستی بەوەیە کە فێربین قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەرژەوەندییە شەخسی و گرووپییەکانمان، بخەینە ڕیزی پێشەوە.

تەوەرەی دووهەمی وتەکانی کاک مستەفا، بریتی بوو لە پرسی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا. پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا، بە یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی بزووتنەوەی کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا دادەنرێ. پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە نیشانی دا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، سەرەڕای هەبوونی جیاوازیی فکری، سیاسی و بەرنامەیی لە نێوانیاندا، دەتوانن لەسەر پرسە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون و هاوکاری بکەن. ئاخر لە بزووتنەوەیەکی میللی و دێموکراتیک و جەماوەریدا، جیاوازیی فکری و نەزەری، شتێکی تەواو سروشتییە. هیچ جووڵانەوەیەکی زیندووی گەلی و دێموکراتیک و میللی نییە کە بۆچوون و جیاوازیی فکری و نەزەری تێدا نەبێت. لێرەدا پرسە ئەسڵییەکە ئەوەیە کە ئایا هێزە سیاسییەکان دەتوانن ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان خۆیان ئیدارە بکەن یان نا؟ ئایا دەتوانن ململانێی نێوانیان لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵک لێک جیا کەنەوە؟ ئایا دەتوانن بەرامبەر دوژمنی هاوبەش واتە سەرەڕۆیی، دیکتاتۆری، تەبعیز و هەڵاواردن، ناوەندگەرایی و کۆبوونەوەی دەسەڵات، نادیدەگرتن و ئینکاریی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ژێرچەپۆکە، ئاستێک لە هاوکاری و هاودەنگیی بەرپرسانە لە نێوان خۆیاندا پێک بێنن؟

وەڵامی کاک مستەفا بەو پرسیارانە ڕوون بوو: ئەو گوتی دەبێت فێربین کە سەرەڕای جیاوازییە فکری و ئایدیۆلۆژییەکانی نێوانمان، بۆ دابین و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێراندا، لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین. ئەو قسەیە لە ڕاستیدا یەکێک لە گرنگترین پەیامە سیاسییەکانی ناوبراو بوو لەو کۆبوونەوەیەدا. لە سیاسەتی مۆدێرندا، بلوغی سیاسی بەمانای لەناوبردن و سەرکوتکردن و حەزفکردنی جیاوازیی بۆچوون و جیاوازییە فکری و نەزەرییەکان نییە، بەڵکوو بەمانای ئیدارە و بەڕێوەبەریی عەقڵانی و هۆشمەندانەی ئەو جیاوازیانەیە. ئەو هێز و لایەنانەی کە پێیان وایە یەکیەتی و یەکگرتوویی تەنیا لە ڕێگای وەک یەک لێکردنی تەواوی ڕوانگەکانەوە

دابین دەبێت، لە ڕاستیدا سیاسەتیان لەگەڵ قۆرخکاری و مۆنۆپۆلیسم لێ تێکەڵ بووە. بە پێچەوانەوە هێز و لایەنە بە ئەزموون و پوختەکان، چاک دەزانن کە هاوکاریی سیاسی دەکرێ لەسەر بناغەی ئەسڵ و پرەنسیپە هاوبەشەکانەوە شکڵ بگرێ. ئەسڵە بنەڕەتییەکانی وەک: مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری، لەناوبردنی تەبعیز و هەڵاواردن و ئاپارتاید، بەرانبەریی شارۆمەندی و فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی و فرەدینی و فرەزمانی و هتد.

لەو ڕوانگەیەوە هاوپەیمانیی کوردستانی بەتەنیا هەر هاوپەیمانییەکی سیاسیی کاتی و تاکتیکی نییە، بەڵکوو دەتوانێت ببێتە زەمینەی پێکهاتن و گەشەی فەرهەنگێکی نوێی سیاسی لە کوردستان. فەرهەنگێک کە لەوێدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبری لێدان و ڕەشکردن و تێکدانی یەکتر، بیر لە بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی پێگە و مەوقعییەتی بزووتنەوەی کوردستان دەکەنەوە. لەجیاتی تەعەسوب و وشکەبیریی ئایدیۆلۆژیک، بیر لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دەکەنەوە و لەجیاتی ململانێی نابەجێ و خۆخۆری، هاوکاریی ستراتیژیک دەخەنە دەستووری کاری خۆیانەوە. ئەوە ڕاست ئەو شتانە بوون کە سکرتێری حیزب لە ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی ویستن. واتە هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرتر، تۆلێرانس و هەوڵ و تێکۆشان و مایەلەخۆدانێکی زۆرتر بۆ بەهێزترکردنی ئەو هاوپەیمانییە و بەرەوپێشبردنی.

تەوەرەی سێیەمی باسەکەی کاک مستەفا هیجری بریتی بوو لە مەوقعییەت و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو هێزە دێموکرات و ئازادیخواز و نیشتمانییەکانی سەرانسەری ئێراندا. ئەوە زۆر گرنگە کە بزانین ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی سەرتاسەری، ئەو چاوەڕوانییەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە سەبارەت بەوەی کە بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی بەرەیەکی سەرتاسەری لە هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران ڕۆڵی شیاوی خۆی بگێڕێ. ئەو چاوەڕوانییەش لە خۆڕا نییە. ئاخر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی درێژ و پڕ لە شانازی لە خەبات بە دژی ستەم و سەرەڕۆییدا بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەو حیزبە هەمیشە تێکۆشاوە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی دێموکراسی لە ئێراندا بێنێتە گۆڕێ. بە پێچەوانەوە پرۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی کە تێکۆشاوە بزووتنەوەی کوردستان وەک جیاوازیخواز، بەستراوە، یا پرسێکی ئەمنییەتی بناسێنێ، ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە پایەدارترین و ڕیشەدارترین بەشەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە سەرتاسەری ئێراندا بە حیساب دێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە پرسی کوردستان هەر پرسێکی ناوچەیی یا ئێتنیکی نییە، بەڵکوو یەکێک لە سەرەکیترین ئەزموون و پێوانەکانی دێموکراسییە لە ئێراندا. هەر هێزێکی سیاسی کە باس لە دێموکراسی دەکا لە ئێراندا، دەبێت هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە مافەکانی خەڵکی کوردستان، مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دیسانتڕالیزاسیۆن، دادپەروەریی زمانی و فەرهەنگی، بەشداریی وەک یەک لە پێکهاتەی هەیکەل و قەوارەی دەسەڵاتدا ڕوون بکاتەوە. هەر بەو جۆرە کە مافەکانی خەڵکی کوردستان، بەبێ دامەزرانی سیستەمێکی دێموکراتیک و سیکۆلار و دیسانتڕالیزە لە ئێراندا، بە شێوەیەکی بەردەوام

و پایەدار دەستەبەر ناکرێن، دێموکراسیش بەبێ چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، ناتەواو و ناسەقامگیر دەبێت. کەواتە پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی سەرانسەری لە ئێراندا پێویستییەکی حەتمی و ستراتیژیکە، نەک بژاردەیەکی تاکتیکی.

سکرتێری گشتیی حیزب بە دروستی پێی لەسەر ئەو ڕاستییە داگرت کە مافەکانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە ڕێگای دامەزران و سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێراندا دابین و دەستەبەر دەبێت. ئەو وتەیە لە ڕووی سیاسی و تیۆرییەوە زۆر گرنگ و پڕبایەخە. چونکە ئەوە دەردەخات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەک خەباتی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەرانسەری و گشتیی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ ئازادی و دێموکراسی جودا ناکاتەوە و، لەلایەکی دیکەشەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دێموکراسی ڕاستەقینە لە ئێراندا، بەبێ بەڕەسمی ناسینی مافەکانی خەڵکی کوردستان ئیمکانی نییە. لێرەدا لەگەڵ پێوەندییەکی زیندووی دیالێکتیکی ڕووبەڕووین. کوردستان پێویستی بە سەقامگیربوونی دێموکراسی هەیە لە ئێراندا و دێموکراسیش بۆ جێگیربوون و گەشە و هەڵدانی خۆی پێویستی بە کوردستانە. کوردستانێک کە ستەم و چەوسانەوەی سیاسی و میللی و کۆمەڵایەتی لەسەر نەمابێ و کەوتبێتە سەر جادەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەموو لایەنە.
تەوەرەی چوارەمی باسەکەی سکرتێری حیزب بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی سەرانسەری. کۆماری ئیسلامی هەر بەتەنیا ڕێژیمێکی تۆتالیتار نییە؛ ئەو ڕێژیمە ماهییەتێکی ئایدیۆلۆژیک، دواکەوتوو، دژەدێموکراتیک و دژی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی هەیە. بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو هەموو جۆرەکانی ئازادیی سیاسی، ئازادیی بەیان، ئازادیی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، مافەکانی ژنان، مافەکانی کرێکاران، مافەکانی گەلان، کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد بە شێوەیەکی سیستەماتیک سەرکوت کردوون. لە بەرانبەر ڕێژیمێکی لەو چەشنەدا، خەباتی پەرشوبڵاو و ناهاوئاهەنگ کارایی نییە. بۆیە هێزە دێموکراسیخوازەکانی ئێران، وەک کورد و بەلووچ، عەرەب، تورکمان و فارس و هتد پێویستییان بە چوارچێوەیەکی سیاسیی هاوبەش هەیە؛ چوارچێوەیەک کە هەم تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ڕێبەری بکات و هەم ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ ئێرانی پاش ڕووخانی ڕێژیم وێنا بکات.

ئەو بەرە دێموکراتیکە دەبێ لەسەر بناغەی چەند ئەسڵی سەرەکی شکڵ بگرێت: تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک، جودایی دین لە دەوڵەت، دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بەرانبەریی ژن و پیاو، قبووڵکردنی واقیعییەتی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی لە ئێران، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی هەموو خەڵکی ئێران. ئەگەر بەرەیەکی لەو چەشنە، نەک هەر بەتەنیا لەسەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەسەر بناغەی ئوسووڵی پۆزەتیڤ و ڕوون دامەزرێ، دەتوانێ لە داهاتووی ئێراندا ببێتە هێزێکی کارا و جێگای متمانەی گەلانی ئێران. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەبەرچاوگرتنی ئەو پێشینە مێژووییەی کە هەیەتی، ئەو ئیعتیبارە سیاسی و ئەزموونە تەشکیلاتییەی کە هەیەتی، دەتوانێ یەکێک لە ماتۆڕە بەهێزەکانی ڕەوتی

بردنە پێشی ئەو پڕۆژە سەرانسەرییە بێت.

بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی لەو چەشنە، تەشکیلاتی حیزب دەبێت خۆی ئامادە بکات. ئەوە یەکێکی دیکە لە پەیامەکانی کاک مستەفا هیجری بوو ڕوو بە سەرانسەری ئۆرگانیزمی حیزبی. هەلومەرجی ئێستا هەم دەرفەتی گەورە و هەم هەڕەشە و مەترسیی لەگەڵ خۆی بۆ هێناوینەتە پێشەوە. وەک ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێستا لەگەڵ قەیرانی شەرعییەت دەستەویەخەیە، بەدەست قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە گیرۆدەیە، لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا لەگەڵ شەڕ و ململانێ و فشاری سیاسی و دیپلۆماسی بەرەوڕوویە. دەریایەک خوێن و فرمێسک کەوتووەتە نێوان خەڵک و ڕێژیم. ئیدی کۆمەڵگەی ئێران وەک ڕابردوو بۆ ڕێژیم کۆنترۆڵ ناکرێت. نەسلێک پێی ناوەتە مەیدانی کار و ژیان کە لە دەستی سەرەڕۆیی، هەژاری، هەڵاواردن، گەندەڵی و سەرکوت و زەبروزەنگ و مەینەتبەشی وەزاڵە هاتووە. ژنان، لاوان، خوێندکاران، کرێکاران، مامۆستایان، گەلانی ژێر ستەم، هەرکامیان بە جۆرێک دەنگی بێزاری و نارەزایەتیی خۆیان بە دژی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بەرز دەکەنەوە. بۆیە ئەو هەلومەرجە دەتوانێ ببێتە زەمینەی گۆڕانکاریی گەورە و چارەنووساز.

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە هەڕەشە و مەترسییەکانیش کەم نین. ڕێژیم هەوڵ دەدات بزووتنەوە ڕەسەنە جەماوەرییەکان وەک پرسێکی ئەمنییەتی پێناسە بکات، دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان هێزە خەباتگێڕەکاندا ساز بکات، پرسی کوردستان بە کێشە و ململانێ ناوچەیی و دەرەکییەکانەوە گرێ بدات و لە ڕێگای تەبلیغاتی ژەهراوییەوە پرسی کوردستان بەرێتە ژێر پرسیار. لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا، هوشیاریی سیاسی، ئینزیباتی تەشکیلاتی و پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی نێوان هێزە خەباتگێڕەکان گرنگییەکی حەیاتییان هەیە. حیزب دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە نە تووشی کردەوەی هەڵنەسەنگێنراو و ئاوانتۆریزم بێت و نە گرفتاری پاسیفیزم و دەستەپاچەییش بێت. نابێت نە دەرفەتەکان لەدەست بدەین و نە هەڕەشە و مەترسییەکانیش بە کەم بگرین. سیاسەتی بەرپرسانە ئەوەیە کە هاوکات هەم دەرفەتەکان و هەم هەڕەشەکان ببینین.

لە ڕووی تەشکیلاتییەوە، وتەکانی سکرتێری گشتی بانگەوازێکی ڕوون و ئاشکرا بوون. ئەندامان و کادرەکانی حیزب دەبێ لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا، چالاکتر، ڕێکوپێکتر، بەدیسپلینتر و بەرپرسانەتر هەڵسووڕێن. پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ حیزب و لایەن و کەسایەتییە خەباتگێڕە سەرانسەرییەکان دەبێت زیندووتر و گەرمتر و بەهێزتر بکرێن. نیگەرانی و خراپ تێگەیشتنی هەندێک کەس و لایەن لە پرسی کورد، دەبێت بە زمانێکی سیاسی و مەنتیقی و دێموکراتیک و لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا وەڵام بدرێنەوە. دەبێت ڕوونی کەینەوە کە جووڵانەوەی کوردستان نەک هەر لەسەر ئازادیی ئێران هەڕەشە نییە، بەڵکوو یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ئازادی و دێموکراسییە لە وڵاتەکەماندا. دەبێت ئەوە ڕوون کەینەوە کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان هیچ ناتەباییەکیان لەگەڵ مافەکانی خەڵکی ئێران نییە. مافخوازیی خەڵکی کوردستان ڕووی لە ئیستبداد و سەرەڕۆیی و ناوەندگەرایی و ئەو سەرکوت و مەینەتبەشییەیە کە حکوومەتی ناوەندی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوویەتی. لە کۆتاییدا دەبێت نیشانی بدەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ هەم



سەرچاوە
Serchawe

بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بکات و هەم لە بنیاتنان و دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک بۆ هەموو خەڵکی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ.

لەو قۆناغەدا ڕێتۆریک یان گوتاری سیاسیی حیزب گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە دەبێت هەم شێلگیر بێت و هەم بەرپرسانەش بێت؛ هەم پێ لەسەر حەقانییەتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان داگرێ و هەم ئاسۆیەکی هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ سەرانسەریی ئێرانی لە چاوان ون نەبێت؛ هەم سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسیی ڕێژیم لەسەر کوردستان لەقاو بدات و هەم داهاتووی هاوبەش و دێموکراتیکی نەتەوەی ئێمە لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران وێنا بکات. ئێمە هەر لەو کاتەدا کە بە هیچ جۆر نابێت لە مەوقعییەتێکی لاوازەوە قسە بکەین، بەڵام نابێت تووشی غرووری سیاسیش بین. نفووز و ئیعتیباری سیاسی ئەو کاتە دەوامی دەبێت کە شانبەشانی واقیعبینی، ئەخلاقی سیاسی و بەرپرسایەتیی تەشکیلاتی بڕواتە پێش.

لە کۆتاییدا دەتوانین سەرجەمی قسەوباسەکانی کاک مستەفا هیجری لەو سیمینارەدا وەک پەیامێکی ستراتیژیک ببینین. ئەو پەیامە لەسەر بنەمای چەند ئەسڵ ڕاوەستاوە: پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب، پشتیوانی لە هاوپەیمانیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، پەرەپێدانی هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ هێزە ئازادیخواز و دێموکراسیخوازە سەرانسەرییەکان، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین و دێموکراتیک، ناساندن و بردنەپێشی دروستی پرسی کورد لە ناو کۆمەڵگەی ئێران و دنیادا و ئامادەکردنی تەشکیلاتی حیزب بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کارا و پێشڕەو لە مانگ و وەرزەکانی داهاتوودا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمڕۆ لە بەرانبەر بەرپرسایەتییەکی مێژووییدا ڕاوەستاوە. ئەو بەرپرسایەتییە هەر بەتەنیا بەرگریکردن لە ڕابردووی پڕ لە شانازیی حیزب نییە، بەڵکوو بەرپرسایەتییە بەرانبەر بنیاتنان و دروستکردنی ئایندەیەک کە لەوێدا خەڵکی کوردستان و خەڵکی هەموو ئێران بتوانن لە ئازادی و بەرابەری و کەرامەت و دادپەروەریدا پێکەوە بژین. ئەگەر یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب بپارێزین، ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بەهێزتر بکەین، ئەگەر ئاستی هاوکاریمان لەگەڵ هێزە دێموکراسیخوازە سەرانسەرییەکان بەرینە سەرتر و ئەگەر تەشکیلاتی حیزب بە وریایی و هوشیاریی زۆرترەوە کار و تێکۆشانی خۆی درێژە بدات، کوردستان دەتوانێت لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا دەورێکی کارا و چارەنووسساز و گەورە ببینێ. ئەوەش هەمان ئەو پێگەیەیە کە مێژوو و خەڵک و هەلومەرجی ئێستای خەبات لە ئێمەی دەخوازن.

١٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## پێویستیی ڕاوەستان بەدژی سێدارە و بەرگری لە گیانی زیندانیانی سیاسی!




لەم هەفتە و مانگانەی دواییدا، وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا تادێت پتر بووەتە جێگای نیگەرانی! هەواڵەکان لە نێوخۆی وڵاتەوە ئەوە دەردەخەن کە ڕەوتی سێدارە و لەسێدارەدانی زیندانیان، خێراییەکی زۆری بەخۆوە گرتووە. ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی خەڵک، لەگەڵ هەڕەشەی جیددی و دەستبەجێی سێدارە، بەرەوڕوون. ئەوە نەک هەر سەبارەت بەو کەسانە ڕاستە کە بەهۆی بەشداری لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەدا گیراون، بەڵکوو ئەو زیندانیانەش دەگرێتەوە کە ساڵانێکی زۆرە بە تاوانی سیاسی لە زینداندا ڕاگیراون. ئێستا پاش ماوەیەکی دوورودرێژی بێخەبەری، لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە حوکم دەدرێن و سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا، چاوەڕوان دەکرا کە فەزای ئەمنییەتی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا کەمتر بێتەوە. بەڵام هەموو بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە سەرکوت و زەبروزەنگ نەک هەر لە کەمی نەداوە، بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەتی لە هەندێک ناوچەدا زۆرتریش بووە. گرتن و ڕاونانی خەڵک، دانانی پرسگە لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، سەپاندنی حوکمی قەزایی قورس بەسەر گیراوەکاندا، چاوەدێریی پۆلیسی

بەسەر هەر چەشنە چالاکییەکی مەدەنییدا، داخستنی ئینتێرنێت و سەپاندنی تاریکیی دیجیتالی بەسەر خەڵکدا، فشار و پاڵەپەستۆ خستنە سەر بنەماڵەی زیندانیان، هەڕەشە لە هەواڵدەران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، بە نیشانەی توندتربوونی سیاسەتی ئەمنییەتی و فەزای سەرکوت و زەبروزەنگ لەقەڵەم دەدرێن.

ئەو وەزعە لە کوردستاندا زۆر بەرینتر و زەقتریشە. ڕێژیم بەردەوام هەرێمی کوردستانی عێراق بە مووشەک و درۆن، بۆردومان دەکات. کەمپەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، وەبەر مووشەک دەدرێن. لەو پێوەندییەدا تا ئێستا خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و ژمارەیەکیش شەهید و بریندار بوون، کە لە نێویاندا ژن و منداڵیش دەبینرێن. ئەوە پێشێلکردنی یاسا و عورفی نێونەتەوەییە.

هاوکات لەگەڵ ئەمە، هەواڵی پڕ لە نیگەرانی سەبارەت بە وەزعی نێوخۆی زیندانەکان بڵاو دەبێتەوە. هەلومەرجی ژیان و گوزەران لە نێو زیندانەکاندا، لەگەڵ لانیکەمی ستاندارده جیهانییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ناگونجێت. زیندانیان لە هۆڵی ناتەندروست و قەرەباڵغ و بێ ئیمکاناتدا ڕادەگیرێن. لە خزمەتگوزارییە دەرمانی و لەشساغییەکان بێبەشن. لە ژێر فشاری دەروونی و جەستەییدان. ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن. دەستیان بە پارێزەر ڕاناگات. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەخرێنە ژێر لێپرسینەوە و بازجویی. هەڕەشە لە بنەماڵەکانیان دەکرێت و بۆ شوێنی نادیار ڕادەگوێزرێن.

لە پەنای هەموو ئەوانەدا ڕێژیم شەپۆلێکی تازەی گرتن و ڕاونان و تۆقاندنی دەست پێ کردووە. چالاکانی ژینگە، چالاکانی مەدەنی، کرێکاری، خوێندکاری، مامۆستایان و هەموو ئەوانەی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەکەن، بەکۆمەڵ دەگیرێن و ڕەوانەی گرتووخانەکان دەکرێن. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو سەرکوتە هەر ڕووی لە چالاکانی سیاسی نییە، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی و پیشەیی و سەندیکاییش دەگرێتەوە.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، بۆ لەقاودانی ئەو وەزعە، ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕن. بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و ڕاوەستان بەرانبەر سێدارە، نەک هەر بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقییە، بەڵکوو هەنگاوهەڵێنانێکی زەرووریە بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی ئینسانی و پێشگیریکردن لە سەرکوت و زەبروزەنگ و توندوتیژیی دەوڵەتی. ئەزموونی وڵاتانی دیکە و تاقیکردنەوەی خۆشمان ئەوە نیشان دەدات کە فشاری نێوخۆیی و نێونەتەوەیی، زۆر کات دەتوانێت پێش بە جێبەجێبوونی حوکمی سێدارە بگرێت و ببێتە هۆی باشتربوونی هەلومەرجی ناو زیندانەکان.

کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، سەندیکا و یەکێتییە کرێکاری و پیشەییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان، خوێندکاران و

هەروەها هەموو لایەنگرانی مافی مرۆڤ، دەتوانن لەو پێوەندییەدا کردەوە و چالاکیی هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتر بەڕێوە ببەن. دەتوانن داوای ناردنی لیژنەی نێونەتەوەیی بۆ سەردانی زیندانەکان بکەن، دەتوانن داوا بکەن کە دەوڵەتەکان فشاری دیپلۆماتیک بخەنە سەر ئێران، داوای بایکۆتی بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیم بکەن، دەتوانن پارێزگاری لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بکەن، دەتوانن بە دەرکردنی بەیان و نووسینی ڕاپۆرت سەبارەت بە وەزعی زیندانەکان، ببنە هۆی کەمبوونەوەی فشار و پاڵەپەستۆی دەروونی و جەستەیی لەسەر زیندانیانی سیاسی و باقی گیراوانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان.

لە کۆتاییدا دەبێت پێ لەسەر ئەوە داگرینەوە کە بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و ڕاوەستان بەدژی سێدارە، بەشێک لە بەرپرسایەتیی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعیی ئێمەیە. لە کاتێکدا کە زۆربەی زیندانییەکان ناتوانن دەنگی خۆیان بە دەرەوە بگەیەنن، هەموومان لەسەرمانە ببینە دەنگی ئەوان و هاواری ئەوان بە دنیا بگەیەنین. تا کاتێک سێدارەکان ڕانەگیرێن، کۆتایی بە ئەشکەنجە لە زیندانەکاندا نەیەت و زیندانیانی سیاسی ئازاد نەکرێن، کار و تێکۆشان و هەوڵ و خەباتی ئێمە لەو پێوەندییەدا دەبێت هەر بەردەوام بێت. پاراستنی عیزەت و کەرامەتی ئینسانی و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، ئەرکێکە کە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێت لە بیر خۆمانی بەرینەوە!

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## جووڵانەوەی میللی و دێموکراتیکی کوردستان (بزووتنەوەیەکی ڕەسەن، سەربەخۆ و سەرچاوەگرتوو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان)



جووڵانەوەی میللی و دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بزووتنەوەیەکی ڕیشەدار، ڕەسەن، گەلی و مێژووییە. زادەی گۆڕانکارییە ناوچەیی و کاتییەکان و شەڕ و ململانێ و قەیرانە دەرەکییەکان نییە. هەر بۆیە مانەوە و چوونە پێشیشی بە ڕاوەستان و بەردەوامیی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامییەوە نەبەستراوەتەوە. ئەو بزووتنەوەیە پێش لەو قەیران و شەڕ و ململانێیانەش هەبووە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا سەری هەڵداوە. هێز و گوڕی مانەوە و پێشکەوتنی خۆی لە ڕەنج و ستەم و چەوسانەوە و داخوازییە نەتەوەییەکانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد وەرگرتووە. ئێستاش هەروا لەسەر ئەو ڕێگا و ڕێبازە ماوەتەوە و هێز و تواناکانی خۆی لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی دوور لە ستەم و چەوسانەوە وەردەگرێ.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە درێژایی دەیان ساڵ لەگەڵ هەڵاواردنی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتی بەرەوڕوو بووە. بێبەشی و مەینەتبەشیی ساختاری، سەرکوت و زەبروزەنگ، قەدەغەبوونی خوێندن بە زمانی دایک، سەرکوتی ئازادی و مافە دێموکراتیکەکان، سنووردارکردنی مەیدان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا، بە چاوی ئەمنییەتی ڕوانینە کوردستان، میلیتاریزەکردنی ڕێگا و کێو و بەرزایی و بەندەنەکان، هەڵاواردن لە ڕووی پەرەسەندنی

ئابووری و کۆمەڵایەتی، ڕاگرتنی کوردستان لە دواکەوتووییدا، گرتن و ڕاونان و زیندان و ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی، ئینکار و سەرکوتی ناسنامەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، هەموویان بە هۆکار و زەمینەی بنەڕەتیی سەرهەڵدان و چوونەپێشی ئەو بزووتنەوەیە لەقەڵەم دەدرێن. بۆیە بە هیچ جۆر ناکرێت لەژێر ڕووناکایی ڕووداوەکانی ئەو چەند مانگەی دوایی ئێران و ناوچەکەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو جووڵانەوەیە بکەین و وەک بەشێک لەو شەڕەی تەماشا کەین کە ئێستا لەگۆڕێدایە.

ئەو جووڵانەوەیە وەڵامدانەوەیە بە پرسێکی مێژوویی؛ پرسێک کە ڕیشەی لە نەبوونی دێموکراسیدایە لە ئێراندا، واتە ناوەندگەرایی، دیکتاتۆری و ئیستبدادی سیاسی، واتە نەبوونی ئازادی و پێشێلکرانی ئەسڵە سەرەتاییەکانی مافەکانی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان و حاشاکردن لە فرەفەرهەنگی و فرەنەتەوە بوونی وڵاتی ئێران.

بزووتنەوەی کوردستان وەک بەرهەمی دەستێوەردانی دەرەکی و دەستکردی بێگانە، یا ئاکامی شەڕ و ململانێ ناوچەییەکان و پرۆژە ئەمنییەتییەکانی زلهێزەکان و هێزە هەرێمییەکان لەقەڵەم دەدات. ئەو سیاسەتە هەر لە هەوەڵەوە بەشێک بووە لە ئەدەبیاتی حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکانی تاران لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا. هەر کاتێک خەڵک، چ لە کوردستان و چ لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، داوای ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا کردووە، حکوومەتە سەرەڕۆیەکانی تاران ئەوانیان بە "دەستی دەرەکی" و "نۆکەری بێگانە" و "جیاوازیخواز" و "هەڕەشەی ئەمنییەتی" داناوە و هەر لەسەر ئەو بناخەیەش دەستیان کردووە بە سەرکوتکردنیان. ئامانج لەو ناووناتۆرەش هیچ شتێک نییە بێجگە لە بیانوو دۆزینەوە بۆ پەلاماری خەڵک و هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئازادیخوازانی دیکەی وڵاتەکەمان.

بەڵام ڕاستی مەسەلەکە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی گەلی و جەماوەرییە، هێز و گوڕ و تینی خۆی لە خەڵکی کوردستانەوە وەردەگرێ و پشتی بە قەڵای لەگیراننەهاتووی گەلی کوردستان بەستووە. ئەو بزووتنەوەیە هێزی خۆی لەو باوک و دایکانە وەردەگرێ کە کوڕەکانیان لەسێدارە دەدرێن، کچ و کوڕەکانیان دەخرێنە زیندان، ڕۆڵەکانیان چەکی پێشمەرگایەتی دەکەنە شان و دەبنە پێشمەرگە. ئەو بزووتنەوەیە هێزی خۆی لە لاوانی کوردستان وەردەگرێ کە بۆ ئازادی و ژیانێکی ئاسوودە و پڕ خێروخۆشی بۆ خۆیان و گەلەکەیان خەبات دەکەن؛ گوڕ و تین لەو مامۆستا، نووسەر، ڕووناکبیر، بازاڕی و کرێکار و زەحمەتکێشانە وەردەگرێ کە داخوازییەکانی خۆیان لە بەرنامەی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان و ئامانجە سەرەکییەکانی هاوپەیمانیی کوردستانیدا دەبیننەوە. لەوەش زیاتر، بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە ماتۆڕە سەرەکییەکانی بریتییە لە: بزووتنەوەی ژنانی کوردستان بۆ ئازادی و دێموکراسی و بەرابەری و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزی. ئاخر ئەمڕۆ هەموو دەبینین کە ژنان لەو بزووتنەوەیەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.



سەرچاوە
Serchawe

بەگوێرەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، هیچ حکوومەتێک مافی ئەوەی نییە حاشا لە شوناس و ناسنامەی میللی و نەتەوەیی نەتەوەیەک بکات و پەنا بۆ سەرکوتی ببات. مافی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا، مافی ئازادیی بەیان، مافی ئازادیی ئایین و عەقیدە، مافی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە، مافی خوێندن بە زمانی زگماکی، مافی وەک یەک بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی ئابووری و ڕەفاهیی وڵات، مافی پاراستن لە بەرانبەر هەڵاواردن و جیاکاریی سیاسی و مەزهەبی و میللی و... هتد، لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بە حیساب دێن. بزووتنەوەی کوردستان لەسەر بناخەی ئەو ویست و داخوازی و ماف و ئازادییە بنەڕەتییانەوە سەری هەڵداوە و ڕاوەستاوە. بزووتنەوەی کوردستان نە شەڕخوازە و نە توندوتیژیتەوەرە، بەڵکوو لە جەوهەری خۆیدا بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و عەدالەتخوازە. داوای دێموکراسی بۆ ئێران و بەفەرمی ناسینی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەکات.

دیارە شتێکی ڕوونە کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا کە تووشی قەیران و شەڕ و ململانێ لەگەڵ هێز و لایەنە جیهانی و ناوچەییەکانە، هەوڵ بدات کە هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی و جەماوەری و گەلی بە پاشکۆی ئەو شەڕ و ململانییەی خۆی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان بناسێنێ. لەو ڕێگایەوە دەیەوێت سەرنجی بیروڕای گشتیی ئێران و ناوچە لەسەر پرس و کێشە و گیروگرفتەکانی نێوخۆی وڵات دوور بخاتەوە. لەوەش زیاتر، دەیەوێت بەو کارە پاکانە بۆ سەرکوتی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی و هێزە پێشڕەوەکانی بکات. بەڵام ئەو ڕیوایەتەش لە ڕووی مێژووییەوە ناڕاستە و هەم لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسیشەوە ناڕەوایە.

بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران زۆر لەو شەڕ و ململانێیانە پێشتر سەری هەڵداوە کە ئێستا هەن. ئەو بزووتنەوەیە لە ئەزموونی کۆماری کوردستان و تەنانەت زۆر پێشتریشەوە سەری هەڵداوە. میراتی سیاسیی ڕاپەڕینی سەرتاسەری ساڵی ١٣٥٧ی پێوە دیارە؛ میراتی شەڕ و خەبات و بەربەرەکانیی دەیەکانی دواتری بە دژی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستان پێوە دیارە؛ ڕەنگی بزووتنەوەی بەرینی ژینا و ڕەنگی بزووتنەوەی سەوز و بزووتنەوە سەرتاسەرییەکانی دیکەی وڵاتەکەمانی پێوە دیارە. بۆیە هێنانەخواری ئەو بزووتنەوەیە بۆ ئاستی ئەوەی کە بەشێکە لە شەڕی ئێستای ناوچەکە، چەواشەی مێژوو و شێواندنی ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکانە. بزووتنەوەی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە تایبەتمەندی و داخوازیی تایبەت بە خۆی هەن، بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و دێموکراسیخوازانەی سەرتاسەریی ئێرانە و هیچ کاتێک لێی جیا ناکرێتەوە. ئاخر بزووتنەوەی کوردستان هەم لە پێناو دێموکراسی بۆ ئێران و هەم بۆ مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان خەبات دەکات.

واقعییەت ئەوەیە پرسی کوردستان لە ڕێگای سەرکوت و زەبروزەنگەوە چارەسەر ناکرێ. مێژوو نیشانی داوە بە نکۆڵی لە شوناس و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەئەمنییەتیکردنی مەسەلەی کوردستان، میلیتاریزەکردنی کوردستان، داخستن و

خنکاندنی فەزای سیاسی، قەدەغەکردنی تێکۆشانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پرسی کورد نەک هەر لەنێو ناچێت، بەڵکوو مەسەلەکە قووڵتر و ئاڵۆزتریش دەکات. بۆیە ڕێگاچارەی پرسی کوردستان بریتییە لە: دیالۆگ و گفتوگۆی جیددی و بەرپرسانە. بریتییە لە: قبووڵکردنی ئەوەی ئێران وڵاتێکی فرەفەرهەنگ و فرەنەتەوەیە و دەبێت هەر ئاواش سەیر بکرێت. بریتییە لە: دابەشکردنی دەسەڵات و دیسانتراڵیزەکردنی حکوومەت و وەبەرچاوگرتنی داخوازییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەکانی ژێرچەپۆکەی ئەم وڵاتە.

لە ڕووی سیاسییەوە، پرسی کورد بەشێکە لە پرۆسەی تێپەڕینی ئێران بەرەو دێموکراسی. هیچ داهاتوویەکی دێموکراتیک بەبێ چارەسەری پرسی کوردستان، ئیمکانی جێبەجێبوونی لەگۆڕێدا نییە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەزمان، فرەئایین و فرەفەرهەنگە؛ ئەگەر نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران بیەوێ دێموکراتیک و دادپەروەرانە و سەقامگیر بێت، پێویستە واقعییەتی فرەفەرهەنگی و فرەنەتەوەی بوونی ئێران قبووڵ بکات. دێموکراسی بەتەنیا هەر سندووقی دەنگدان نییە، دێموکراسی یانی دابەشکردنی دەسەڵات، ڕێزگرتن و قبووڵکردنی جیاوازییەکان، دابینکردنی مافەکانی کەمایەتییەکان، کۆتاییهێنان بە ئیستبداد و دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و فاشیزم و ڕاسیزم.

لەو ڕوانگەیەوە، جووڵانەوەی کوردستان نەک هەر هەڕەشە نییە لەسەر ئێران و دێموکراسی لە ئێران، بەڵکوو یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی دێموکراسییە لە ئێراندا. ئەو جووڵانەوەیە بە هێنانەگۆڕی ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، خوازیاری ئێرانێکی ئازادتر، دێموکراتیکتر و ئینسانیترە.

لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە، خەڵکی کوردستان مافی ئەوەیان هەیە حکوومەتی خۆیان بۆ ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان هەبێت، حەقی ئەوەیان هەیە بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن و فەرهەنگ و کولتووری خۆیان گەشە پێ بدەن. مافخوازی تاوان نییە، بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و ناسنامەی کولتووری تاوان نییە، خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و خودموختاری تاوان نییە، ئەوەی کە دەبێت مەحکووم بکرێت، سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتن و ڕاونان و ئیعدامی ئازادیخوازانەیە.

بۆیە دەبێت بە ڕاشکاوی بگوترێت کە بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیە، جەماوەری و ڕەسەن و گەلی و مێژووییە. ئەو بزووتنەوەیە بە هیچ جۆر پاشکۆی شەڕی ڕێژیم و ئەمریکا نییە. سەر بە هێزە دەرەکییە ناوچەیی و جیهانییەکان نییە. هەر بۆیە نە سەرکوت دەکرێ و نە لە ناو دەچێ. ئاڵای ئەو بزووتنەوەیە بە دەست خەڵکی کوردستانەوەیە کە دەیان ساڵە لەپێناو ئازادی و مافەکانی خۆیاندا خەبات دەکەن و بە دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵە هەرە بەوەجەکانی خۆیان لەو خەباتەدا کردووەتە قوربانی.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان بەشی هەرە زیندوو و وشیار و کارای جووڵانەوەی دێموکراسیخوازیی سەرتاسەریی ئێرانە. ئەو بزووتنەوەیە درێژەی دەبێت، چونکە ڕیشەی لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێراندایە. هەر بزووتنەوەیەک کە هێز و ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەرگرێ، لەبەین ناچێ. ڕەنگە هەزینەیەکی زۆریش بدات، بەڵام هەرگیز سەرکوت ناکرێ و ئاڵاکەی ناکەوێتە سەر ئەرز.

داهاتووی ئێران کاتێک ڕوون و پڕشنگدارە کە مافەکانی نەتەوەکانی ئێران دابین و دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر کرابن. بۆیە بەبێ بەدیهاتنی مافەکانی کورد، هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی لە ئێراندا ناڕواتە پێش و جێبەجێ نابێت.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## ئاگربەستێک کە نابێتە ئاشتی! (ئێران لەنێوان شەڕ و ئیستبداد و تێپەڕین بەرەو دێموکراسیدا)



ئەوەی ساڵانێکی زۆر وەک هەڕەشە و مەترسی باسی دەکرا، ئێستا وەڕاست گەڕاوەتەوە. ئێران جارێکی دیکە لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنە بەرەوڕوو بووەتەوە. قەیرانێک کە ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ئایدیۆلۆژیک و ئاژاوەگێڕانە و نابەرپرسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودایە.

لە مانگی ژووئەنی ساڵی ٢٠٢٥دا، دامەزراوە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ، نەتەنز و ناوەندەکانی دیکەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئەسفەهان کەوتنە بەر پەلاماری سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل. پاش ئەوە ئێران بۆ ماوەیەک بە ڕواڵەت ئارامییەکی بەخۆیەوە گرت. ئارامییەک کە بەر لەوەی نیشانەی سەقامگیری بێت، وەک ناوبڕێک لە نێوان دوو جەنگدا دەهاتە بەرچاو. دواتر لە بیست و هەشتەمی فێبریوەریی ٢٠٢٦دا سەرلەنوێ شەڕێکی تازە هەڵگیرسایەوە. شەڕێک کە ئەوەتا ئێستا ئەوە چەند ڕۆژە بەهۆی ئاگربەستێکی لەرزۆک و کاتی و ناپایەدار، بە شێوەیەکی کاتی ڕاوەستاوە. ئاگربەستی ڕۆژی ٨ی نیسان، کە بە هۆی ناوبژیکردنی پاکستانەوە هاتە دی، نە کۆتایی شەڕ و نە سەرەتای ئاشتییە. بەڵکوو ڕاوەستانی کاتیی ئەو شەڕ و توندوتیژییەیە کە سێبەری بەسەر ئێراندا کێشاوە و ئیمکانی ئەوەی هەیە دیسان دەست پێ بکاتەوە.

ئەو ئاگربەستە، وەک دێتە بەرچاو، پێش ئەوەی ڕێککەوتنێکی سیاسی بێت، بە جۆرێک لە پاشەکشەی ناچاری دادەنرێت.

هەروەک چۆن خومەینی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا، قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی وەک وەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئیسلام و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا، ئێستاش ڕێژیم هەوڵ دەدات ئەو ئاگربەستە بە سەرکەوتن ناو ببات. بەڵام ڕاستییەکە زۆر لەوە تاڵترە کە بکرێت بە پڕوپاگەندە و فڕوفیشاڵ بشاردرێتەوە. کاربەدەستانی ئەمڕۆی ڕێژیم هەر وەک خومەینی ناچار بوون جامی ژەهرەکە بخۆنەوە. بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارە جامی ژەهرەکە تاڵتر و کوشندەترە.

ئاخر ئەمجارە مەسەلە هەر ڕاوەستانی شەڕێکی کلاسیک نییە، مەسەلەکە بریتییە لە لەنێوچوونی ژێرخانی ئەتۆمیی ئێران، وێرانبوونی توانا سەربازی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، لاوازبوونی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێران و تەریککەوتنەوەی، واتە لاوازبوونی ڕێژیمێک، کە ساڵانێکی زۆر خۆی بە زلهێزی ناوچەکە دەزانی. ڕێژیم بۆ ماوەی چوار دەیە هەموو ئیمکانات و سەروەت و سامانی ئێرانی خستبووە خزمەت پەرەپێدانی ئەو سیاسەتەی کە بۆ خۆی ناوی نابوو پرۆژەی قووڵایی ستراتیژیک و توانای ناوچەیی بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکان. کەچی هەموو ئەو سەرمایە نەتەوەییەی ئێران کە لەو ڕێگایەدا خەرج کرا، نە ئەمنییەت و خۆشگوزەرانیی بەدواوە بوو نە توانی پێگەیەکی سیاسی و دیپلۆماتیک بۆ ڕێژیم دەستەبەر بکات.

ئێستا هەر ئەو دەسەڵاتەی کە ئێرانی تووشی شەڕ کرد، دەیەوێ ئەو ئاگربەستە کاتییە بە سەرکەوتن هەژمار بکات. ئەو قسانە نەک هەر ڕاست نین بەڵکوو زۆرتر مەسرەفی نێوخۆییان بۆ ڕێژیم هەیە. ڕێژیم لەو ڕێگایەوە دەیەوێ شکست و لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە.

ئێران لەو شەڕەدا نە سەرکەوتووە و نە سوڵح و ئاشتیش لە ئارادایە. ئێران لە قەیرانێکی قووڵی هەمەلایەنەدایە، ئابڵۆقەی ئابووری و بازرگانی لەسەرە، بەدەیان جۆر سزای سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، ئورووپا و ئەمریکاوە خراونەتە سەر ئێران. کۆمەڵگەی ئێران سەرکوت کراوە، ژینگە بەرەو وێرانی دەچێت، هەژاری و نەداری و گرانی و ئاوسان وەک دێوەزمە دەستیان خستووەتە بینەقاقەی خەڵک. بێکارییەکی بەربڵاو و ملیۆنی خەریکە هەموو ئێران دەگرێتەوە، ئازادی نییە و خەڵک لە تاریکیی دیجیتاڵیدا بەسەر دەبات. ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوی ناوە مقاوەمەت و بەرگری، بۆ خەڵک شتێک نییە جیا لە هەژاری و نەداری و مەینەتبەری، نائەمنی و بێداهاتوویی.

ئەو ئاگربەستە هیچ کام لە کێشەکانی چارەسەر نەکردووە. مەسەلەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، توانای مووشەکیی ڕێژیم، ڕۆڵی ڕێژیم لە ناوچەکەدا، حزووری داردەستە نیابەتییەکانی ڕێژیم، ئاسایشی کەنداو، تەنگەی هورمز، بایکۆتەکان، ئابڵۆقە ئابوورییەکان، پوڵ و داراییەکانی ئێران کە لە دەرەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، پرسی پشکنینی دامەزراوە

ئەتۆمییەکان لەلایەن ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، هەروا لەسەر مێزی وتوێژن. کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێژیم زۆر لە یەک دوورن. دونیا دەیەوێ دەستی کۆماری ئیسلامی بە وزەی ئەتۆمی ڕانەگات، دەیەوێ توانای مووشەکیی ئێران کۆنترۆڵ بکرێت، دارودەستە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا چەک بکرێن. لەولاشەوە ڕێژیم داوا دەکات هەموو بایکۆتەکانی لەسەر لابچن، داراییەکانی ئێران لە دەرەوە ئازاد بکرێن، هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بڕۆنە دەر و حەقی پیتاندنی یۆرانیۆمی بدرێتێ. ڕێژیم هەزینە و تێچوونی ئەو قەیرانەی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. لاوان دەرفەتی ژیان و پێشکەوتنیان لەدەست چووە. کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینەکان، چین و توێژە هەژار و مەینەتبەشەکان، لە ژێر فشاری گرانی و بێکاری و ئاوساندا پشتیان چەماوەتەوە. ژنانی ئێران لە ژێر سەرکوت و زەبروزەنگدان. نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران هەروا لە ئازادی و دێموکراسی و مافە ڕەواکانیان بێبەشن. جیاکاری و هەڵاواردنی مەزهەبی و ئایینی بە توندی بەڕێوە دەچێت، ڕۆژنامەنووس و لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەگیرێن و ڕەوانەی زیندانەکان و سەرداری سێدارە دەکرێن.

لە وەزعێکی ئاوادا هێزە نیشتمانی و دێموکراتیکەکان دەبێت ببنە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆ و زوڵاڵ. ئەوان دەبێت دەنگی کۆمەڵانی خەڵک بن نەک ڕێژیمی ئاخوندی. ئەوان دەبێت ڕێگای سێیەم هەڵبژێرن.

ڕێگای سێیەم تەنیا ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی ئێرانە. واتە نە شەڕ و نە ئیستبداد و سەرەڕۆیی. واتە تێپەڕین بۆ ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و سێکۆلار. ئێرانێک کە لەگەڵ دونیا و دراوسێکانی لە ئاشتی و سوڵحدا بێت. ڕێگای سێیەم دەبێت لەسەر چەند ئەسڵ دابمەزرێت. حەقی حاکمییەتی خەڵک، جودایی دین و دەوڵەت، دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەرانبەریی ژن و پیاو، لابردنی جیاکاری و هەڵاواردنی سیاسی، مەزهەبی و نەتەوەیی لەسەر نەتەوەکانی ئێران، ئازادیی زیندانیانی سیاسی، سەربەخۆیی دەزگای قەزایی، هەڵبژاردنی ئازاد، سیاسەتێکی دەرەوەیی لەسەر بناخەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران.

ئەو وەزعە، لە زۆر ڕووەوە، هاوینی ساڵی ١٣٦٧مان وەبیر دێنێتەوە. ئەودەمیش ڕێژیم پاش ساڵانێک دروشم دان، لەپڕ پاشەکشەی کرد. بەڵام دیتمان پاشەکشەی سەربازی و ئاگربەست، ئازادیی سیاسیی بەدواوە نەهات. ڕاست بە پێچەوانەوە، ڕێژیم دەستی کرد بە سەرکوتی خەڵک و هێزە ئازادیخواز و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان. کۆمەڵکوژی لە زیندانەکاندا وەڕێ خست. شکستی خۆی لە دەرەوە، بە سەرکوتی خەڵک قەرەبوو کردەوە.

ئەمڕۆ ئەو مەترسییە لە ئارادایە. هەرکات کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە شکستی خواردووە، ماشێنی سەرکوت و گرتن و ڕاونان و سێدارەی لە نێوخۆ وەگەڕ خستووە. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران دەبێت وشیار بێت. ئاگربەست ڕەنگە ئەمجارەش ببێتە هۆی وەڕێخستنی کۆمەڵکوژییەکی دیکە لە نێوخۆ لەلایەن ڕێژیمەوە. ئەو هەموو لەسێدارەدانانەی ئەم ڕۆژانە هەواڵەکانیان

بڵاو دەبێتەوە، دەکرێت بە نیشانەی ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی لە زیندانەکاندا هەژمار بکرێت.

بۆیە ئەرکی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان ئەوەیە ئەو وەزعە بگۆڕین بۆ دەرفەتێک بۆ خۆڕێکخستن، بۆ پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەوە ئامادەیە هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت و دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران درێژ دەکات. ئەگەر هێزە نیشتمانی و ئازادیخوازەکان، هێزە کۆماریخواز و چەپ و دێموکرات و لیبراڵەکان، ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە زوڵملێکراوەکان، ئەگەر ژنان و لاوان و کرێکاران و مامۆستایان و خوێندکاران و ڕێکخراوە پێشەییەکانیان، هەموو بتوانین لەسەر لانی کەمی داخوازییە هاوبەشەکان پێک بگەین، ئەوە دەتوانین ئومێدەوار بین قەیرانی ڕێژیم بکەینە دەرفەت بۆ تێپەڕین لە سەرەڕۆیی مەزهەبی بەرەو ئێرانێکی دێموکراتیک.

دەبێت بزانین کە کۆتایی ئیستبداد بۆ خۆی نابێتە گەیشتن بە ئازادی. ئازادی و دێموکراسی پێویستی بە کار و خەبات و خۆڕێکخستن و هاوکاری و بەرنامەی ڕوون هەیە. ڕەوتێکی لەو جۆرە پێویستی بە بەرەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک هەیە، پێویستی بە فەرهەنگی دێموکراتیک و سنگفراوانی و بەرپرسیارێتی هەیە. ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی نابێت ببێتە مەیدانی تۆڵە و ڕق و توندوتیژی. ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بناخەی دادپەروەریی سەردەمی تێپەڕین، مافی شارۆمەندی و بەرانبەر بۆ هەموو هاووڵاتیان، ئاشتیی نەتەوەیی، وەڵامدەربوونی تاوانباران، دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان دابمەزرێت.

ئاگربەستی ئەمڕۆ هەرچەند لەرزۆک و ناپایەدارە، بەڵام ڕاستییەک دەردەخات. کۆماری ئیسلامی ئیدی ناتوانێت بە دروشم و شوعارە کۆنەکانی قەیرانەکانی خۆی چارەسەر و ئیدارە بکات. مەشروعییەتی ئایدیۆلۆژیکی خۆی لەدەست داوە، توانای ئابوورییەکەی تەواوەتەوە، سیاسەتە ناوچەییەکانی تێکشکاون و بێ ئاکام بوونەتەوە. خەڵکی ئێران ئیدی ئامادە نین هەزینە و تێچووونی مانەوەی ئەو ڕێژیمە بدەن.

کاتی ئەوەیە هەموو هێزە ئازادیخواز و دێموکراتیکەکان یەکدەنگ هاوار بکەن: ئێران دەبێت دەورانی سەرکوت و زەبروزەنگی نێوخۆیی و ئاژاوەگێڕیی دەرەکی بەجێ بێڵێت. ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە ئەو ڕێژیمە بڕوخێت و ڕێژیمێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار.

ئاگربەست ئەگەر نەبێتە ئاشتی و گۆڕانکاریی سیاسی و سیستماتیک، تەنیا دەبێتە سەرەتای شەڕێکی دیکە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران بتوانن ئەو وەزعە بکەنە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەی

سیاسی، ڕەنگە ئەو ئاگربەستە لەرزۆکە ببێتە سەرەتای کۆتایی ئەو چەرخەی کە ئەوە پتر لە چوار دەیەیە سەرکوت و زەبروزەنگ و سەرەڕۆیی و شەڕ و مەینەتبەریی بەسەر ئێراندا سەپاندووە.

۲۱ی بانەمەڕی ۲۷۲٦

## خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک و شەپۆلی تازەی زەبروزەنگی ڕێژیم




لەو حەوتــوو و مانگــانەی دواییــدا، ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامی بە کەلکــوەرگرتن لە فەزای شــەڕ پەرەی بە ســەرکوتی سیستەماتیک داوە و بارودوخێکی پڕ لە توندوتیژیی و پۆلیسیی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە، پاش کۆمەڵکوژیی ڕۆژەکانی ١٨ - ١٩ی بەفرانباری زستانی ڕابردوو، تەنانەت توندتریش بووە! بارودۆخێک هاتۆتەگۆڕێ کە ئێستا ئەو سیاسەتە بۆتە ڕێکاری سەرەکیی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی نێوخۆی ئێراندا. ئامانجی ئەو سیاسەتە بــریتییە لە ســەرکوتی هەر چەشــنە نــاڕەزایەتی و خەبــاتێکی مەدەنــی، تێکۆشــانی سیاســی و هەرجــۆرە بەربەرەکــانییەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە نێوخۆدا!

لەو ڕۆژانەدا، دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، بەتایبەت وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپا بەردەوام خەریکی گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پەروەندەسازی دژی ئەوانن. ئەو ڕەوتە بەتایبەتی لە کوردستان و خووزستان و بەلووچستان و تورکمەنسەحرادا، بێ دەست ڕاگەیشتن بە پارێزەر، بێ وەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە قەزاییەکان و ئەسڵە بنەڕەتیەکانی دادرەسی عادڵانە توندتر بەڕێوە دەچێ.

ئەو کارە لە تێرمینۆلۆژیی ماف و یاسادا، پێی دەگوترێ گرتنی سەرەڕۆیانە. ئەمەش بە پێشێلکردنی ئاشکرای بەندی ٩ی کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە دادەنرێ. دامەزراندنی هەزاران بازگەی پشکنین لە شارە گەورەکان و بەتایبەتی لە کوردستاندا، فەزای گشتیی وڵاتی کردۆتە فەزایەکی پۆلیسی و پڕ لە خەفەقان. پشکنینی موبایل و جانتا و ماشین و کەلوپەلی شەخسی، کۆنترۆڵی پەیام و چالاکیی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پێشێلکردنی حەریمی ژیانی خسوسی و بنەماڵەیی دادەنرێ. ئەوەش دیسان هەر پێچەوانەی پەسندکراوە نێونەتەوەییەکانە. لەوەش زیاتر ئەوکارە بە لەژێرپێنانی بنەمایەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێ؛ واتە ئازادیی بەیان و ئازادیی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری.

پاش فەرمانی تازەی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕێژیم سەبارەت بە "پەلەکردن لە دەرکردنی حوکم و جێبەجێکردنی حوکمەکان" شەپۆلێکی تازە لە دەرکردنی حوکمی ئێعدامەکان، بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەستی پێ کردووە. هیچ بەیانییەک نییە کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی و گیراوەکانی دیکەی بزووتنەوە نارەزایەتیەکان، بە تۆمەتی بێبناخە و هەڵبەستراو نەبرێنە سەر داری سێدارە. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەو جۆرە حوکمانە، بەپێچەوانەی ئوسوڵەکانی دادڕەسی ددپەروەرانە و ستاندارده قەزاییەکان دەرکراون و جێبەجێ دەکرێن؛ ئەوەش یانی پێشێلکردنی "مافی ژیان" کە پێشێلکردنی بەندی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و سەرجەم ئەسڵە بنەڕەتییەکانی یاسای سزادانی نێونەتەوەییە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ بەئاشکرا دەنگی بێزاری و نارەزایەتی خۆی بە دژی ئەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بەرز کاتەوە و هەڵوێست و بەرپەرچدانەوەی هەبێت.

لایەنێکی دیکەی ئەو سەرکوتە بریتییە لە مووشەکهاوێژیی بەردەوام بۆ سەر کەمپی بنەماڵە ئاوارەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان. ئەو هێرشانە تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەگەڵ ئەمریکا، ئێستا زیاتر و توندتریش بوون. ئەوەش لە یاسای نێونەتەوەییدا پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانە. هەروەها نادیدەگرتنی ماددەی دووهەمی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ دەکارنەکردنی توندوتیژی، بۆ پەلامارنەدانی خەڵکی مەدەنی و سیڤڵ، بۆ سزانەدانی بەکۆمەڵ و پاراستنی مافە نەتەوەیی، سیاسی، ئێتنیکی، مەزهەبی و ئایینییەکانی جۆراوجۆرییەکانە. ئەو هێرشانە لەکاتێکدا دەکرێنە سەر بنەماڵەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لەو چەند مانگەی دواییدا هیچ چالاکییەکی چەکدارانەیان بەدژی ڕێژیم نەبووە و هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەیان پاراستوون کە دەوڵەتی عێراق، هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوانیان وەبەرچاو گرتوون.

دەبێت بگوترێ کە کار و تێکۆشانی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە بە شێوەیەکی سەرەکی کاری سیاسی، فەرهەنگی،

میدیایی و پەروەردەییە و ڕوونە کە ئەو هێرشانە بەشێکن لە ستراتیژیی ڕێژیم بۆ بە ئەمنییەتیکردنی پرسی کوردستان، بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتی دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ کپکردنی دەنگ و ڕەنگی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەمان.

هەروەها دادستانی کۆماری ئیسلامی لەو چەند حەوتوویەدا بە شێوەیەکی غیابی، حوکمی تالان و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی سەدان کەس لە خەڵکی ئێرانی دەرکردوە. بڕیاری داوە بە وەزارەتی دەرەوە کە ئەو کەسانە مافیان نیە پارێزەریان بۆ بەدواداچوونی ماف و داواکانیان هەبێت. ئەمەش پێشێلکرانی ئەسڵی شەخسیبوونی تاوان و سزادان و لەژێرپێنانی مافی خاوەنداریەتی و هەبوونی موڵک و ماڵی شەخسییە. لەوەش زیاتر ئەو کارە بە سزادانی بەکۆمەڵ دادەنرێت و کردەوەیەکی نایاساییە. ئەو کارە لەگەڵ ئەو هەڕەشە و گورەشانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەدژی تێکۆشەرانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات دەیکەن، نیشانەی ئەوەیە ڕێژیم دەیەوێ ئەو سەرکوت و زبروزەنگە بۆ دەرەوەی وڵاتیش درێژ بکاتەوە.

پچڕاندنی ئینترنێت لە ئێراندا کە ئەوە بۆ چەند مانگ دەچێ و یەکێک لە بەرینترین و درێژترین ماوەکانی پچڕانی ئینترنێتە لە ئاستی جیهانیدا؛ یەکێکی دیکە بوارەکانی سەرکوتی سیستماتیکی خەڵکە. هەڵبەت ئەمەش پێشێلکردنی مافی خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە، کە بە یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دادەنرێ. هەروەها پێشێلکرانی ئازادیی ڕادەربڕینە، کە ئەسڵێکی سەرەتایی ڕاگەیەندراوی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە. لەوەش زیاتر ئەو کارە دەچێتە ڕیزی سزادانی بەکۆمەڵ کە بە پێچەوانەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانە؛ وەک سزادانی بەکۆمەڵی بە میلیۆن میلیۆن خەڵکی وڵات. ئامانجی ڕێژیم لەو کارە سەرکوت و کپکردنی دەنگی خەڵک و پێوەندیی خەڵک دەگەڵ یەکتر و دەگەڵ دونیای دەرەوەیە. لەو ڕێگایەوە ڕێژیم دەیەوێ هەواڵ و دەنگ و باسی نێوخۆی وڵات بڵاو نەبێتەوە و نەگاتە ناوەندە جیهانی و کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکانی دەرەوە.

ئەزموونی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی و ئەزموونی خەباتی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران نیشانی پێمان دەڵێ ناڕەزایەتیی مەدەنی، خەبات و بەربەرەکانیی جەماوەری، خۆڕاگری و بەرگریی بەکۆمەڵ و شارستانیەنە و دوور لە توندوتیژیی باشترین میتۆد و ئامرازی خەباتن بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم. مانگرتن، ڕێپێوان، تۆمارنووسین، خۆڕێکخستنی بەکۆمەڵ، دروستکردنی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و سیاسی و مەدەنی دەتوانن تێچوونی ڕێژیم بۆ سەرکوتی خەڵک بەرنە سەر، چەند دەستەیی لە ڕیزەکانی ڕێژیم و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیدا پێک بێنن و بواری سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی بەرینی سەرتاسەری درووست بکەن؛ بزووتنەوەیەک کە ئێران بەرەو ئازادی و دێموکراسی بەرێت.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی هێزە سیاسیەکانی دیکە کوردستانی ئێران، وەک ڕابردوو، پێ لەسەر زەرورەتی خەباتی سیاسی و جەماوەریی دادەگرنەوە و ئامادەن لەو ڕێگایەدا لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی وڵاتەکەمان هاوکاری و هاوئاهەنگی بکەن و بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتێک، هەموو تواناو و زەرفییەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان دەکار بکەن.

لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی بەکەلکوەرگرتن لە فەزای شەڕ و هەڕەشەی دەرەکی، سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی هێندەی دیکەش تووند و بەرین کردۆتەوە، تەنیا ڕێگای کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕاوەستان و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو سیاسەتە، بریتییە لە بەربەرەکانی، خەباتی مەدەنی و جەماریی بەکۆمەڵ و بەهێزکردنی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی. هێزە ئازادیخواز و نیشتیمانی و چەپ و دێموکراتیکەکانی وڵات بەتایبەتی لە کوردستان و لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا، دەتوان لەو پێوەندیەدا ڕۆڵێکی پێشڕەوانە و کاریگەر بگێڕن.

"لە شان و باهۆی خۆم ڕادی هەڵگرم ئاڵای ئازادی."

٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبایەتی، ئەرێ یان نا؟




بەداخەوە لە نێو ئێمەدا بیرۆکەیەک خەریکە پەرە دەگرێ کە لایەنگری ئەوەیە خەڵک لە کاری سیاسی و حیزبایەتی دووری بکەن. کاکڵی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە دەڵێ حیزبایەتی و کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە نێو کوردانـدا، بەدەستی هەندێک کەسەوە، یا بەدەستی هەموومانەوە، گەندەڵ بووە و بووەتە مەیدانی کەڵەک و درۆ و ڕیا و تەزویر. بۆیە وا باشە لە پێشدا کاری کلتووری بکەین تا نەتەوەکەمان بۆ حیزبایەتی و کاری سیاسی ئامادە دەبێ.

پێویستە بگوترێ کە پێوەندییەکی زۆر نزیک و دیالێکتیکی لە نێوان کلتوور و سیاسەتدا هەیە. کلتوور و فەرهەنگ شوێن لەسەر سیاسەت دادەنێن و سیاسەتیش هەر بەو جۆرە کاریگەری و شوێن لەسەر کلتوور دادەنێ. ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییەکان لە کۆمەڵگەدا زۆر لەسەرەخۆ دەچنە پێش، هەر بۆیە بۆ گۆڕینی کلتوور و فەرهەنگیش، وا باشترە سیاسەت و کاری سیاسی بکەین. بەو حاڵەش منیش لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە تێکۆشین سیاسەتی خۆمان سالمتر بکەین. چونکە ئەگەر بەتەمای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کلتوورییەکان ڕاوەستین و هەروا دەست لەسەر دەست دانێین، پێم وایە قەت ناتوانین بگەینە ئاستی نەتەوەکانی ئازاد و بەختەوەری دونیا.

بەڵام هەر لەو کاتەشدا نابێ سەبارەت بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی کلتووری لە خۆماندا، کەمتەرخەم بین. چونکە پێشکەوتنی کلتووری و فەرهەنگی، وزەی تازە و پێویست بۆ هەڵسوڕانی ماتۆڕی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکەن. بەشداری لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا، چالاکبوون و هەڵسوڕان لە کاروباری گشتیدا، یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە و لە زۆربەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا، بە فەرمی ناسراوە. لەوەش زیاتر ئێستا بە جۆرێک پێی دەگوترێ ئیتاعەت و خوداپەرستیی سەردەم. کەواتە سیاسەتکردن و کاری سیاسی، بریتییە لە بەشداری و هەڵسووڕان لە کاروباری گشتی و کۆمەڵایەتیدا. سیاسەت بە زانستی "بەڕێوەبردنی کۆمەڵ" پێناسە دەکرێ. هەر بۆیە پێوەندیی بە "دەسەڵات" و "هێز"ەوە هەیە. لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە تەنانەت بیرکردنەوەی سیاسیش، دەکەوێتە ژێر شوێنەوار و کاریگەریی سیاسەت.

بەداخەوە ئێستاش لە نێو ئێمەدا، تێگەیشتنمان بۆ سیاسەت هەر ئەو تێگەیشتنەیە کە لە نێو خەڵکی ئاساییدا هەیە. ئەو تێگەیشتنەی کە دەڵێ سیاسەت درۆیە. سیاسەت بەر و پشتی نییە. سیاسەت فێڵە. سیاسەت دایک و باوکی نییە. سیاسەت کلاوبازییە.

ڕاستە ئێستاش لە زۆر جێ درۆ و کەڵەک و فێڵ و تەزویر لە سیاسەتدا وەبەرچاو دەکەون و لە سیاسەتی کوردیشدا ئەوە هەر وایە. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لە داهاتووشدا شتی وا هەر ڕوو دەدات. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی پڕ لە ئینسافەوە بڕوانینە سیاسەتی کوردی بەگشتی، دەبینین کە سیاسەتی ئێمە لە مێژە ئەو قۆناغەی بەجێهێشتووە. ئەو هەموو فیداکاری و شێلگیرییەی لە سیاسەتی کوردیدا دەبینرێ، (سەیریکە خوێناویە ڕابردوومان)، پێمان دەڵێ کە ئەو دیاردە نەرێنییانە، لە سیاسەتی کوردیدا، جەوهەر و نێوەرۆک نین، ئەگەر بەرچاویش بکەون، ئەوە بە نەخۆشیی سیاسەت دادەنرێن نەک خودی سیاسەت.

لە نێو ئێمەشدا ئەو نەخۆشییانە سەرهەڵدەدەن، بەتایبەت بەهۆی ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەوە کە بزووتنەوەی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو دیاردە دزێوانە لەبارترە. بۆیە نابێ چاوەڕوان بین کە بەو زووانە دووڕوویی سیاسی، زمانهەراشی بۆ شاردنەوەی بێباوەڕیی، دەسەریەکخستنەوەی دەستەواژە بێناوەرۆکەکان بۆ حەشاردانی بێنەوایی فکری و هەروەها شانۆسازی بۆ بازاڕگەرمی ئەجێندا تایبەتییەکان، دەست لە یەخەی سیاسەت و حیزبایەتیی ئێمە بەردەن.

بەڵام هەموومان دەزانین کە ئەو جۆرە کردارانە، لە دەرەوەی "مەحفەل"ە خۆدییەکاندا، لە دەرەوەی ئەڵقەی تەنگی دەوروبەری کەسەکاندا، لە نێو بیروڕای گشتیی نەتەوەکەماندا، لە نێو گۆڕەپان و مەیدانی ئەسڵیی بزووتنەوەی



سەرچاوە Serchawe

نەتەوەییدا، لە نێو کۆمەڵانی بەرینی نەتەوەی کورددا، کڕیاریان نییە. هەر ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی ئێمەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو کوردانیشدا سیاسەت خەریکە بەرەبەرە بایەخ و گرنگیی خۆی پەیدا دەکا. دەبێ بگوترێ کە لە نێو هەموو چالاکی و کار و کردەوە ئینسانییەکاندا، سیاسەت و کاری سیاسی لە هەمووان بە جیدیتر دادەنرێن. دەبێ بگوترێ کە ئەگەر بۆ کەس سیاسەتکردن پێویست نەبێ، لەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا و لەو دونیای گلۆباڵەدا، سیاسەت و حیزبایەتی بۆ کورد نەک هەر پێویستن بەڵکوو واجب و فەرزیشن.

١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# ئێران دەتوانێ چ وانەیەک لە هیند فێر بێت؟




ئێران وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرەکولتوور، فرەزمان و فرەئایین، لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی خۆیدا هەمیشە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدا بووە؛ ئەویش چۆنیەتیی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگە فرە ڕەنگەیە. ئەوە لەکاتێکدایە ئەو فرە فەرهەنگیبوونە، نەک هەر ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێت سەرنجی بدرێتێ، بەڵکوو بەو مەرجەی لە شکڵی دامەزراوە و سیاسەتگوزارییەکی بەرین و وەخۆگردا بەفەرمی بناسرێ، دەبێتە زەمینە و دەرفەتێکی بەهێز بۆ پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش. لەو پێوەندییەدا ئەزموونی وڵاتی هیند، وەک گەورەترین وڵاتی دێموکراسی و چەند فەرهەنگیی دونیا، دەتوانێ، بەتایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستان، بەلووچستان، ئازەربایجان، خوزستان و تورکمەنسەحرادا، گەلێک وانەی بەنرخی لە زۆر بارەوە بۆ ئێران تێدا بێت.

دیسانترالیزاسیۆن یەکێک لەو بوارانەیە. مەبەست لە دیسانتڕالیزاسیۆن بریتییە لە: ئەسپاردنی بەشێک لە دەسەڵات و ئیختیاراتی سیاسی، دارایی، پەروەردەیی، کولتووری، ئیداری و حکوومەتی لەلایەن ناوەندەوە بەو هەرێمانەی کە هەلومەرجی تایبەت بەخۆیان هەیە. لە هیند ئەو کارە لە ڕێگای پیادەکردنی سیستەمی فیدراڵی و هەندێک سازوکاری دیکەوە، کە دەرفەت بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بڕیاردان لەمەڕ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا دەخوڵقێنن، جێبەجێ کراوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە شکڵ و قەوارە و پێکهاتەی سیاسی لە ئێراندا بەتوندی سانتڕالیزەیە و

هەموو دەسەڵاتی حکوومەتی لە ناوەندا کۆ کراوەتەوە. دۆخەکە بەجۆرێکە کە تەنانەت لە بوارەکانی فەرهەنگی، پەروەردەیی و پەرەسەندنی ناوچەییشەوە، بڕیارەکان زۆرتر لە ناوەندەوە، بێ وەبەرچاوگرتنی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان، دەدرێن و ڕادەگەیەنرێن. لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا، دیسانترالیزاسیۆن دەکرێ بریتی بێت لە: دابینکردنی خودموختاری بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا.

هەر لەو پێوەندییەدا سازوکارێکی دیکە بریتییە لە: فیدراڵیزمی ناتەریب. لە وڵاتی هیند هەندێک ئەیالەت، وەک ئەیالەتەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی هیند، بە وەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەت بەخۆیان، خاوەنی دەسەڵات و ئیختیاراتی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی خۆیانن. ئەو جۆرە فیدراڵیزمە، ئەو ڕاستییە بەفەرمی دەناسێت کە هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات، دەکرێ لە باری ئیداری و دەسەڵاتی حکوومەتییەوە، ئیختیاراتی جیاوازیان بدرێتێ و خودموختاریی تایبەت بە خۆیان هەبێت. ئەو مۆدێلە بۆ ئێران دەتوانێ وەک سەرمەشق چاوی لێ بکرێت. بەتایبەتی بۆ ئەو هەرێمانەی کە بە بەراورد لەگەڵ ناوەند و ناوچەکانی دیکەی وڵات، وەک کوردستان، خاوەنی زمان و فەرهەنگ و کولتوورێکی جیاوازن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، بەفەرمی ناسینی ناسنامە و شوناسی نەتەوایەتی، ئیتنیکی، زمانی، فەرهەنگی، قەومی، ئایینیی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ. خۆ لەخۆڕا نییە کە تیۆرسێنە بەناوبانگەکانی وەک چارلز تایلۆر و ئەکسیل هۆنێت، لەو پێوەندییەدا پێ لەسەر گرنگی و بایەخی سیاسەتەکانی بەفەرمی ناسینی شوناس و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان دادەگرن. کەواتە بەفەرمی ناسینی شوناس و زمان و فەرهەنگ و کولتووری کوردی، نەک هەر مافێکی فەرهەنگیی گەلی کوردە، بەڵکوو پێداویستییەکی گرنگیشە بۆ دابینکردن و بەهێزکردنی یەکگرتوویی سیاسی.

سیاسەتی فرەزمانی لە یاسای بنەڕەتیی هیندا جێگای بۆ کراوەتەوە. ئەو وڵاتە بیست و دوو زمانی فەرمیی هەیە. هەر هەرێمێک دەتوانێ زمانی فەرمیی خۆی هەبێت. کەچی لە ئێراندا، ئەگەرچی زمانە یاسای بنەڕەتیدا زمانی نەتەوەکان -وەک زمانە ناوچەییەکان- بەفەرمی ناسراون، بەڵام لە کردەوەدا ئەو ئەسڵە هەرگیز جێبەجێ نەکراوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک لە کوردستاندا، دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ لە کەمکردنەوە و لەنێوبردنی نابەرانبەرییەکاندا، بەتایبەتی لە نەهێشتنی نابەرانبەری پەروەردەییدا ببینێ و، ببێتە هۆی گەشە و هەڵدانی فەرهەنگی و پەرەسەندنی سەرمایە ئینسانییەکان.

لە مافی نێونەتەوەییدا، بۆ نموونە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و لە ڕاگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبارەت بە مافەکانی گەلان و خەڵکە بوومییەکاندا، مافی کەمایەتییە نەتەوەیی،



سەرچاوە
Serchawe

زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکان و خەڵکان و گەلانی بوومی و خەڵکە ڕەسەنەکان، پێی لەسەر داگیراوە. ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە کە ئەو ئەسڵانە پیادە بکەن و لە سیاسەتگوزاریی خۆیاندا وەبەرچاویان بگرن. هەرچەند کوردەکان لە ئێراندا وەک کەمایەتی پێناسە ناکرێن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو میکانیزم و سازوکارانەی لەو پەیماننامە ناونەتەوەییانەدا هاتوون، دەکرێ لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکەی وەک ئازەربایجان و بەلووچستاندا پیادە بکرێن و وەبەرچاو بگیردرێن. بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافە فەرهەنگی و زمانییەکان و مافی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردانەدا، ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانە نرخ و بایەخێکی زۆر گرنگیان هەیە.

سێکۆلاریزمیش یەکێکی دیکە لەو بوارانەیە کە لە ئەزموونی هینددا بۆ ئێران جێگای لێ فێربوونە. سێکۆلاریزمی هیندی بەمانای وەدەرنانی دین لە گۆڕەپانی فەزای گشتیدا نییە، بەڵکوو بەمانای بێلایەنیی دەوڵەت و حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ ئاییندایە. ئەو ئەسڵە هەلومەرجی پێکەوەژیانی بە ئاشتیانەی بۆ پەیڕەوانی هەموو ئایینە جۆراوجۆرەکان لەو وڵاتەدا پێکهێناوە. لە ئێران کە دارشتنی قەبارە و شکڵی سیاسیی دەوڵەت لەسەر بناخەی ئایین دانراوە، پێداچوونەوە بەو شکڵە لە حکوومەتداری و پێوەندیی نێوان دین و دەوڵەت، دەتوانێ کێشە و ململانێ و وێکەوتنە مەزهەبییەکان کەم کاتەوە و جیاکاری و نابەرابەری تا ڕادەیەکی زۆر، بۆ نموونە لە ناوچە سوننینشینەکانی وەک کوردستاندا، لەبەر یەک ببات.

یەکێکی دیکە لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان وڵاتانی هیند و ئێران ئەوەیە کە لە هینددا سیستەمی فرە حیزبی و ململانێی سیاسیی ڕاستەقینە لەگۆڕێدایە. ئەوەش دەرفەت و ئیمکان بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان، دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکان، پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکان پێکدێنێ تا لە ڕێگای حیزبە ناوچەییەکانەوە، شوێنەواری خۆیان لەسەر پرۆسەی سیاسی دانێن. کەچی بۆ نموونە لە کوردستانی ئێراندا، سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی، بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان نەتوانن بە شێوەیەکی فەرمی و ئازادانە، کاناڵی فەرمیی خۆیان بۆ بەیان و هێنانەگۆڕی داخوازە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی خۆیان هەبێت. ئاخر بەرینکردنەوەی فەزای سیاسی و بەهێزکردنی دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانی وەک حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دەتوانێ یارمەتی بە بەرەوپێشبردن و ئیدارەکردنی بە ئاشتییانەی ململانێ و هێنانەگۆڕی داخوازە سیاسی و فەرهەنگی و کولتوورییەکان بکات.

لەوەش زیاتر دەستەواژەی پەرەسەندنی ناهاوسەنگ لە کۆمەڵناسیی پەرەسەندندا بەباشی دۆخی ناوچە و هەرێمە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان و بەلووچستان لە ئێراندا ڕوون دەکاتەوە. کوردستان و بەلووچستان و ناوچە دووردەستەکانی دیکەی ئێران، بەگوێرەی پێوەرەکانی پەرەسەندنی ئینسانی، بە بەراورد لەگەڵ ناوەند، لە ئاستێکی خوارەوەتردان. لە هیند لەو پێوەندییەدا، دەوڵەت سیاسەتی جیاوازیدانانی ئەرێنی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ناوچانەدا وەبەرچاو دەگرێ کە کەمتر پەرەیان سەندووە. لەو ڕێگایەوە دەوڵەت توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازییەکان پڕ

بکاتەوە و نابەرانبەرییەکان لەناو ببات. کەچی لە ئێراندا ئەو ناوچانە نەک هەر سەرنجێکی تایبەتیان پێنادرێ، بەڵکوو لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و نیزامی و ئەمنییەتیشدان.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێ کە هیچ مۆدێلێک ناتوانرێ بە شێوەیەکی میکانیکی بگوێزرێتەوە. ئەزموونی هیند ئاکامی گەشە و هەڵدان و بارودۆخی مێژوویی تایبەت بەو وڵاتەیە. بەو حاڵەش ئەسڵەکانی وەک دیسانترالیزاسیۆن، دێموکراتیزاسیۆن، بەفەرمی ناسینی فرە زمانی و فرە کولتووری و فرە نەتەوەیی، دەستەبەرکردنی بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسیدا، دابینکردنی مافە فەرهەنگی و کولتووری و نەتەوەییەکانی گەلانی وڵات و کەمایەتییەکان، دەتوانن وەک سەرمەشق لە ئێراندا دەکار بکرێن و وەک دەرس فێریان بین و لە داڕشتنەوەی هەیکەلی سیاسیی ئێراندا کەڵکیان لێ وەرگرین.

ئەوە بۆ کوردستانی ئێران دەتوانێ بریتی بێت لە: تێپەڕین بەرەو ئازادی، بەرەو خودموختاری، بەرەو حکوومەتی ناوچەیی، هاتنەدەر لە دوورەپەرێزی و دواکەوتوویی هەموولایەنە و بەشداریی کاریگەر و چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا. شتێک کە نەک هەر بە قازانجی کوردەکانە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی هەموو ئێران و خەڵکی ئێرانیشدایە. بۆ؟ چونکە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی ڕاستەقینە نەک بە حاشا لێ کردن لە گەلان و فەرهەنگ و ئایین و زمان و شوناسە جۆراوجۆرەکان، بەڵکوو لە ڕێگای قبووڵکردن و بەفەرمی ناسین و ئیدارەکردنی داهێنەرانەی ئەو جیاوازیانەوە دابین و دەستەبەر دەکرێت.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# غیابی کوردستان لە مەیدانی جامی جیهانیدا




بەدەستپێکردنی جامی جیهانی، جارێکی دیکە گوڕوتین و تەبی فوتباڵ، دونیای داگرتووە. ئاڵاکان دەشەکێنەوە، دەنگی سرووده نیشتمانییەکان دەچێتە تەشقی ئاسمان، بە میلیۆنان ئینسان لە گۆڕەپانەکاندا، لە کلوب و ماڵ و کافێ و قاوەخانە و شەقامەکاندا، تەماشای کێبڕکێکان دەکەن و میللەتەکان خۆیان لە بەدەنی یازدە یاریزاندا ڕێک دەخەن. لەو ساتەوەختانەدا، فوتباڵ ئیدی بەتەنیا هەر وەرزش نییە، مەیدانێکە، شانۆیەکە گەلان لەوێدا خۆیان بە دونیا نیشان دەدەن. ئاخر هەر تیمێکی نیشتمانی، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، مێژوو، زمان و غرووری نەتەوە و نیشتمان دەخاتە سەرشان و دەیباتە گۆڕەپانەکە.

کەچی لەو مەیدانە جیهانییەدا، پرسیارێکی گرنگ لە پێوەندیدا لەگەڵ نەتەوەی کورددا دێتە گۆڕێ؟ کوردستان لە کوێیە؟ بۆ یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی دونیا لە گەورەترین مەیدانی خۆنیشاندانی میللەتاندا حزووری نییە؟ بۆ لاوی کورد کاتێک تەماشای جامی جیهانی دەکات، دەبێت تەماشای ئاڵای خەڵکانی دیکە بکات. بۆ ئەو دەبێ فەڕانسە، ئەڕژانتین، مەڕاکش، ئاڵمان، پاکستان، سووریە، میسر، تورکیە و هتد لە مەیدانەکاندا ببینێ، بەڵام تیمێک نابینێ کە ناوی کوردستان لەسەر سینەی یاریزانەکانی بدرەوشێتەوە.

ئەو غەیبەتە بەتەنیا هەر وەرزشی نییە، بەڵکوو سیاسیشە. جامی جیهانی بەڕواڵەت کێبڕکێی نێوان وڵاتانە، بەڵام لە



سەرچاوە Serchawe

ڕاستیدا ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو سیستەمە جیهانییە هاوچەرخەیە کە لەسەر بنەمایەکی دەوڵەتتەوەر، بنیات نراوە. لێرەدا تەنیا ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەڕەسمی ناسراون، ڕێگایان هەیە پێ بنێنە ئەو مەیدانەوە. ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتی خۆیان نییە، تەنانەت ئەگەر مێژوو، زمان، نیشتمان، ئەدەبیات، فەرهەنگ، یادەوەریی بەکۆمەڵ و ئیرادەی سیاسیشیان هەبێت، لێرە وەلا دەنرێن. کوردەکان ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادان. نەتەوەیەک کە خاوەنی ناسنامەی مێژوویی خۆیەتی، بەڵام بێ دەوڵەتە. نەتەوەیەک کە لە مێژوودا حازرە، بەڵام لە سیستەمی سیاسی جیهاندا غایبە.

لەو گۆشەنیگایەوە کوردستان بەتەنیا هەر جوگرافیایەک نییە، بەڵکوو برینێکی مێژووییە بەسەر جەستەی سیستەمی سیاسیی نێونەتەوەییەوە. نەتەوەی کورد لەنێوان چەند دەوڵەتدا دابەش بووە: ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق. هەریەک لەو دەوڵەتانە، بەشکڵ و ڕادەی جۆراوجۆر، تێکۆشاون شوناسی کوردی ئینکار، یا کۆنترۆڵ بکەن، یا لە چوارچێوەی ناسنامەی خۆیاندا بیتوێننەوە. لە دۆخێکی ئاوادا فوتباڵیش لە سیاسەت دانابڕێ. وەختێک یاریزانێکی کورد، بە پیراهەنی تیمی میللی دەوڵەتێکەوە دێتە مەیدان کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا زمان، فەرهەنگ و مافە سیاسییەکانی ئەو و گەلەکەی سەرکوت دەکات، وەزعێکی ئاڵۆز و تراژیدی دێتە کایەوە. بەهرە و لێوەشاییی و شارەزایی کورد دەکەوێتە خزمەت ئاڵایەک کە لە زۆرترین حاڵەتەکاندا نوێنەرایەتی ئازادیی وی ناکات.

ئەو دژایەتییە بۆ لاوی کورد ناخۆشە. ئەو ڕەنگە بە درەوشانەوەی یاریزانێکی کورد لە ڕیزەکانی تیمی میللی ئێران، عێراق، تورکیە یا سووریەدا خۆشحاڵ بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانێ کە هەر هەمان یاریزان ڕێگای پێ نادرێ بە ناوی کوردستانەوە بێتە نێو گۆڕەپانی یاری. ئەو دەزانێ کە شادی و خۆشحاڵییەکەی ناتەواوە؛ چونکە شانازییە فەردییەکانی یاریزانە کوردەکان ناگۆڕێت بۆ شانازییە نەتەوەییەکان. لێرەدا فوتباڵ دەبێتە ئاوێنەیەک کە هەم توانا و بەهرەی کورد دەردەخات، هەم بێبەشی و چەوسانەوەی سیاسی کوردستانیش نیشان دەدات.

ئەمڕۆ فوتباڵ کاریگەرترین ئامرازی دروستکردنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانییە. دەوڵەتەکان فوتباڵ بۆ دروستکردنی هەستی نیشتمانی، بەهێزکردنی یەکێتیی نەتەوەیی، شاردنەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان و نمایشی هێزی نەرم بەکار دێنن. خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی پێش دەستپێکردنی یاری، ئاڵای سەرشانی یاریزانەکان، فرمێسکی ئەوانەی تەماشای کێبڕکێکە دەکەن، جەژن و شایی و هەڵپەرکێی شەقامەکان پاش بردنەوە و ڕیوایەتی میدیایی لە "غرووری نەتەوەیی"، هەموویان بەشێک لە ماتۆڕی ماشێنی نەتەوەسازیین. دەوڵەتەکان چاک دەزانن کە فوتباڵ دەتوانێ هەندێک کار بکات کە سیاسەتی ڕەسمی زۆرجاران لەبەرامبەریدا دەستەوەستانە؛ واتە دروستکردنی هەست و سۆزی نەتەوەیی و هاوپێوەندیی نیشتمانی.



سەرچاوە
Serchawe

کەواتە نەتەوە بێدەوڵەتەکانیش ناتوانن لە پێوەندیدا لەگەڵ فوتباڵدا بێباک و بێتەفاوەت بن. ئەگەر فوتباڵ گۆڕەپانی خۆنیشاندانی نەتەوەکان بێت، کوردەکان دەپرسن کە چۆن لەمەیدانێکدا کە ئێمە بەڕەسمی ناناسێ، دەکرێ حزووری سەمبۆلیک بۆ خۆمان دروست کەین؟ چۆن دەتوانین لە فوتباڵ بۆ زیندووڕاگرتنی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکراوی کورد کەڵک وەرگرین؟ چۆن دەکرێ لاوی کورد لە تەماشاچییەکی پاسیڤی ئاڵای میللەتانی دیکەوە، بکەینە هەڵگرێکی وشیار و ئاگای شوناس و ناسنامەی خۆی؟

**یەکەمین هەنگاو** لەو پێوەندییەدا بریتییە لە تێگەیشتنی سیاسی لە فوتباڵ. لاوی کورد دەبێت بزانێت کە جامی جیهانی بەتەنیا هەر کێبڕکێیەکی وەرزشی نییە، بەڵکوو مەیدانی خۆنیشاندانی دەوڵەتەکانە. هەرکات تیمێک بەئاڵای خۆیەوە پێ دەنێتە مەیدان، لە ڕاستیدا، ئەوە یەکەیەکی سیاسی بەڕەسمی ناسراو، دێتە بەردەم دونیا و خۆی ڕادەنێ. غیابی کوردستان لەو مەیدانەدا شتێکی بە ڕێکەوت نییە؛ ئاکامی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و پێشێلکرانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردە. کەواتە ئەرکی بنەڕەتی ئەوەیە "هەستی غیاب" بگۆڕین بۆ "هۆشیاریی سیاسی."

**ئەرکی دووەم ئەوەیە** کە ڕەمز و سیمبۆڵ و نیشانە بۆ وەرزش و فوتباڵی کوردستانی بەرهەم بێنین. ئەگەر کوردستان و نەتەوەی کورد هێشتا لە ڕیزەکانی فیفادا جێگای خۆی نییە، مانای ئەوە نییە کە نەتەوەی کورد حەقی نییە بیر لە وەرزش و ڕێکخستنی فوتباڵی خۆی بکاتەوە و کاری لەسەر بکات. ڕێکخستنی تیمەکانی فوتباڵ، پێکهێنانی کێبڕکێ لەنێوان تیمی شار و هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، پشتیوانی کردن لەو کلوب و نادی و یانانەی کە ناسنامەی کوردیان هەیە، دروستکردن و دیزاینکردنی جلوبەرگ، ئاڵا، خوێندنەوەی سروود و گێڕانەوەی ڕیوایەتی تایبەت بە فوتباڵی کوردی، هەموویان دەکرێ بەشێک بن لە پرۆژەی میللەتسازی. ئاخر نەتەوەکان پێش ئەوەی لەلایەن یاسای نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی بناسرێن، لە زەین، زمان، فەرهەنگ و یادەوەری و یادگەی خەڵکی خۆیان و ڕۆڵەکانی خۆیاندا دروست دەبن.

**هەنگاوی سێیەم بریتییە** لە کەڵک وەرگرتن لە میدیاکان، ڕاگەیاندنە گشتییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان. لە دونیای ئەمڕۆدا مەیدانەکانی فوتباڵ تەنیا هەر هۆڵ و گۆڕەپانە گەورەکان نین، بەڵکوو ئینستاگرام، ئێکس، تیکتۆک، یوتیوب، تێلێگرام و میدیا کوردییەکان، بەشێک لە مەیدانەکەن. لاوانی کورد دەتوانن بە دروستکردنی نێوەڕۆک سەبارەت بە فوتباڵیستە کوردەکان، مێژووی فوتباڵ لە شارەکانی کوردستان، جیاوازی دانان لەسەر یاریزانە کوردەکان، بێبەشی ناوچەکانی کوردستان لە ئیمکاناتی وەرزشی، ئارەزووی هەبوونی تیمی میلی کوردستان، مەسەلەکە لە ئاستی هەست و سۆزی فەردییەوە بگوێزنەوە بۆ ئاستی دیسکۆرس و گفتوگۆیەکی میللی و نەتەوەیی. لەو بارەوە هەر وێنەیەک، هەر فیلم و ڤیدیۆیەک، هەر داستان و ڕیوایەتێک دەتوانێ یارمەتی بە هێنانەبەرچاوی نەتەوەی کورد بکات.

**ڕێگای چوارەم بریتییە** لە پێوەندیی فوتباڵ بە زمانی کوردییەوە. زمان کۆڵەکەی ئەسڵیی ناسنامەی نەتەوەییە. ڕاپۆرتی فوتباڵ بەزمانی کوردی، تەفسیر و لێکدانەوەی وەرزشی بە کوردی، ناولێنانی تیمەکان و ڕووداو و کێبڕکێکان بە کوردی، بەرهەمهێنانی ڕیتۆریک و تێرمینۆلۆژیی فوتباڵ و وەرزش بە زمانی کوردی، پەروەردەکردنی ڕاپۆرتەری کورد کە بەکوردی کێبڕکێکان بگوازێتەوە نێو ماڵەکان، هەموویان نرخ و بایەخی سیاسی خۆیان هەیە. کاتێک فوتباڵ بە زمانی کوردی تەفسیر و شیکار دەکرێ، هەر ئەوە نییە کە یارییەک بە کوردی دەگوێزرێتەوە، بەڵکوو مانای وایە جیهانی کوردی ساز دەبێت. نەتەوەیەک کە زمانەکەی لە هونەر، وەرزش، فوتباڵ، ئەدەب و عیرفان و زانست و فەلسەفە و سیاسەت و میدیاکاندا بەکار دێنێ، لەبەرامبەر سەرکوت و ئینکار و حاشادا، بەرگری و دیفاع دەکات.

**ئەرکی پێنجەم بریتییە** لە دووریکردن لە ناسیۆنالیزمی کوێر و بەرچاوتەنگ و ڕقتەوەر. ناسیۆنالیزمی کورد ئەگەر دەیەوێ ئەخلاقی، مۆدێرن و ڕزگاریخواز بمێنێتەوە، نابێت ئالوودەی ڕق و قین و نەفرەت لە نەتەوە و گەلانی دیکە بێت. پرسی کورد ڕق و قین لە فارس و تورک و عەرەب و گەلانی دیکە نییە، مەسەلەی ئێمە بریتییە لە ئینکاری مافە نەتەوەییەکانمان، سەرکوتی سیاسی، پێشێلکرانی حەقی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان بەدەستی خۆمان. فوتباڵ دەتوانێ هەم ئامرازی پەرەپێدانی شوناسی سیاسی بێ و هەم داوێکیش بێت بۆ کەوتنە نێو چاڵی دەمارگرژی و تەعەسوب و کەللەڕەقی. ئەگەر لاوی کورد فوتباڵ بۆ بەکەمگرتن و سوکایەتی بە میللەتانی دیکە بەکار بێنێ، ئەوە هەر ئەو مەنتقە بەکار دێنێت، کە بۆخۆی قوربانی ئەوەیە. بەڵام ئەگەر فوتباڵ بکەین بە کاناڵێک بۆ بەیانی کەرامەت، زمان، شوناس، مێژوو و هێنانەگۆڕی داخوازە سیاسییەکانمان، ئەودەم فوتباڵ دەبێتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاگایی ڕزگاریخوازانە.

**مەسەلەیەکی دیکە** کە پێویستە بەهەندی بگرین بریتییە لە سەرنجدان بە ژنانی کورد لە فوتباڵدا. ناسیۆنالیزمێک کە ژنان لە ژێردەستەییدا ڕابگرێت، ناتوانێت پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازانە بێت. کچان و ژنانی کوردستان دەبێ بەشێکی گرنگی مەیدانی فوتباڵ بن؛ نەک هەر وەک تەماشاچی و جەماوەری فوتباڵ، بەڵکوو وەک یاریزان، فوتباڵیست، هەواڵدەر، موفەسیر، ڕۆژنامەنووس، داوەر و ڕێکخەر و هتد. حزووری ژنانی کورد لە فوتباڵدا هەم خەباتە بەدژی پیاوسالاری و هەم خەباتە دژی ستەم و ئینکاری نەتەوەیی. ئاخر نەتەوە بەبێ ژنان و کچانی خۆی قەت بە کەماڵ ناگات. کوردستانێک کە داوای ئازادی دەکات، دەبێت ئازادی لە ماڵ، قوتابخانە، مەیدانەکانی وەرزش و میدیاکانەوە دەست پێبکات.

**خاڵێکی دیکە بریتییە** لە لێکگرێدانی فوتباڵ لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی. ناوچە کوردستانییەکان لە سووریە، تورکیە، ئێران و عێراق، لە زۆر بواردا، بۆ نموونە لەباری ئابووری، ئیمکانات و دامەزراوەی پەروەردەیی و وەرزشی، بەرەو ڕووی تەبعیز و هەڵاواردنی ئیداری بوونەتەوە. لاوی کورد دەپرسێت بۆ بەهرە و توانای لاوانی کورد نابینرێت؟ بۆ شارەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان ستادیۆمی وەرزشی و فوتباڵیان تێدا نییە؟ بۆ لە ناوچە کوردستانییەکاندا، ئەکادیمیای وەرزشی و ناوەندی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی لاوانی کورد نابینرێ؟ بۆ سەرمایەگوزاری لە ناوچە کوردستانییەکاندا نییە؟ بۆ زۆربەی لاوانی خاوەن بەهرەی کورد لە دەستی هەژاری و مەینەتبەشی و پەراوێزخرانی دەوڵەتیدا، وەک گوڵ پەرپەر دەبن؟ لێرەدا داخوازییەکانمان بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەبنە داخوازی سیاسی و نەتەوەیی بەدژی ستەم و تەبعیز و ئاپارتاید.

خاڵی هەشتەم بریتییە لە بنیاتنانی یادەوەریی وەرزشی کوردستانی. هەر نەتەوەیەک بۆخۆی قارەمان، ڕیوایەت و خاترە و ئەفسانە و ئەفسانەی خۆی دروست دەکات. کوردەکانیش دەبێت مێژوو و کولتوور و فەرهەنگی وەرزشی تایبەت بەخۆیان دروست کەن. یاریزانە بەناوبانگەکان، تیمە خۆجێییەکان، کێبڕکێ گرنگەکان، فوتباڵیستە دەرەوشاوەکان، ئەو کچانەی ڕەچەشکێن بوون، ئەو لاو و مێرمنداڵانەی لە کوچە و کۆڵان و زەوییە خاکیەکانی گوندەکاندا، خەونی گەورەیان دیوە، هەموو دەبێت بچنە نێو یادەوەریی میللیمانەوە. بەبێ یادەوەریی بەکۆمەڵ نەتەوە لێک بڵاو دەبێت. یادەوەریی وەرزشی دەتوانێت ببێتە بەشێک لە یادەوەریی نەتەوەیی و میللی.

فوتباڵ بۆ ئێمەی کورد دەتوانێ ببێتە قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی خۆڕێکخستن، دیسپلین و ئینزیبات، هاوکاری و متمانە بەیەکتر. ئاخر هیچ تیمێکی فوتباڵ بەبێ هاوکاری ناتوانێ بمێنێتەوە. هیچ فوتباڵیستێک بەتەنیا نابێتە قارەمان. پاسدان بەیەکتری، بەرگری، هێرشی بەکۆمەڵ، متمانە بە هاوتیمەکەت، وەرگرتنی ڕۆڵی تایبەتی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش؛ ئەوانە هەموویان ئەو نرخ و ئەسڵ و پرنسیپانەن کە نەتەوەیەکی ژێردەست بۆ ڕزگاریی خۆی پێویستی پێیان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە فوتباڵ هەر بەتەنیا هەستی نەتەوایەتی هەڵناخرێنێ، بەڵکوو دەتوانێت کولتووری کاری بەکۆمەڵیش پەرە پێبدات.

بەڵام دەبێت واقیعبین بین. فوتباڵ بەتەنیا ناتوانێ میللەتێک ئازاد بکات. هیچ کێبڕکێیەکی وەرزشی جێگای سیاسەت، خۆڕێکخستن، پەروەردە، خەبات و بەربەرەکانی مەدەنی، دیپلۆماسی و هێنانەگۆڕی داخوازییە نەتەوەییەکان ناگرێتەوە. مەترسی ئەوەیە کە فوتباڵ سڕمان بکات؛ واتە لاوی کورد بە تەماشای فوتباڵ هەیەجان بیگرێ، بەڵام شەممی سیاسی و پرسیاری سیاسی بۆ نەیەتە پێش. بۆیە تەماشای فوتباڵ و بەکاربرانی دەبێت ئاگاهانە بێت. فوتباڵ دەبێت پرسیارمان لا دروست کات: بۆ کورد لەو مەیدانەدا نییە؟ چۆن دەتوانین حزووری خۆمان لەو مەیدانەدا بسەپێنین؟

لە کۆمەڵگەی دەوڵەتتەوەری ئەمڕۆدا، ئەو میللەتانەی دەوڵەتیان نییە، ناچارن بۆ ئەوەی ببینرێن، داهێنان لە خۆیان نیشان دەن. ئەگەر کوردستان لە مەیدانی جامی جیهانیدا حزووری نییە، دەتوانێ لە مەیدانەکانی فەرهەنگ، هونەر، میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینتەرنێت، یانەکان، کێبڕکێ وەرزشییەکان، دیاسپۆرا، وەرزشی ژنان و یادەوەریی وەرزشیدا، وجودی خۆی بسەپێنێ. حزوور هەمیشە هەر بەتەنیا لە ڕێگای بەڕەسمی ناسینی دەوڵەتییەوە دەستەبەر نابێت؛ زۆر جار لە

زەین و بیری نەوەیەک و چەند نەوەیەدا شکڵ دەگرێ و دوایی دەبێتە داوایەکی سیاسی و مێژوویی.

لاوی کورد دەبێت بزانێ کە تەماشای فوتباڵ ئەو ڕۆژانە دوو مانا دەخولقێنێ: یا ئەوەتا بە شێوەیەکی پاسیڤ غەیبەتی خۆمان لە جامی جیهانیدا قبووڵ بکەین، یا ئەو غەیبەتە بکەینە هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی. ئەگەر جامی جیهانی شانۆی خۆڕانانی نەتەوەکانە، غەیبەتی کوردستان لەو مەیدانەدا بۆخۆی پەیامێکی سیاسییە. ئەو غەیبەتە دەبێ ببینرێت، ببیسترێت و هەڵسەنگێنرێت. دەبێت بە هەموو زمانەکانی دونیا هاوار بکەین کە میللەتێکی گەورەی دەیان ملیۆنی، بە مێژوو و فەرهەنگ و زمان و ئیرادەی سیاسی خۆیەوە، هێشتاش لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوە.

فوتباڵ بۆ میللەتی کورد ئاوێنەیەکە کە لەوێدا دەتوانێ هەم برینەکانی خۆی ببینێ و هەم ئەو دەرفەت و شانسانەش کە لە پێشیدان. برینەکان وەک بێدەوڵەتی و بێبەشی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئیمکان و دەرفەتیش بریتییە لەوە کە بتوانین حزووری خۆمان لە دونیای فەرهەنگ و کولتووری فوتباڵدا لە ڕێگای داهێنانی جۆراوجۆرەوە دەستەبەر بکەین. ئەگەر لە ئیمکاناتی بەردەست چاک کەڵک وەرگرین، فوتباڵ دەتوانێت مەیدانێک بێت بۆ سازکردنەوە و بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکراوی کورد. ناسیۆنالیزمێک کە دیفاعی و ئەخلاقییە و بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک خەبات دەکات و عادڵانە و ئازادیخوازە.

دەگوترێ لە دونیای هاوچەرخدا فوتباڵ جێگای کڵێسای گرتووەتەوە؟ ئایا وایە؟ ڕەنگە بۆ نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان ئەوە ڕاست بێت. بەڵام بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، ستادیۆم و مەیدانی فوتباڵ هەر ئاینێکی مۆدێرن نییە؛ مەیدانی نیشاندانی غەدر و بێعەدالەتییەکی مێژووییە. کاتێک یاری و کێبڕکێکان دەست پێدەکەن، سروودە میللییەکان دەگوترێن و ئاڵاکان دەچنە سەرشانان، کوردەکان نەک هەر کێبڕکێ تەماشا دەکەن، بەڵکوو شوێنی خاڵی خۆشیان لەو مەیدانەدا هەست پێدەکەن. جا ئەگەر ئەو جێگا خاڵییە بگۆڕێ بۆ ئاگایی، بۆ خۆڕێکخستن و داخوازی سیاسی، دەتوانێ لە بێدەنگییەوە ببێتە هاوار، لە غەیبەتەوە ببێتە حزوور، لە تەماشاچیییەوە ببێتە هەوڵ و خەباتێکی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە Serchawe

## تێکۆشانی پێشمەرگانە، لووتکەی هەرە بەرزی کار و خەباتی سیاسییە لە کوردستاندا



یاد و بیرەوەریی شەهیدان لە کولتووری سیاسیی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا، تەنیا بۆنەیەکی خەمناک و ڕێوڕەسمی سەرخۆشی نییە، بەڵکوو دەرفەتێکە بۆ نیشاندانی وشیاریی سیاسی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی و پەیمانئنوێکردنەوە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووە.

شەهیدبوونی شەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕدا، لە ئاوایی قیسقەپانی نزیک پیرانشار (کارۆ هورمزیار، فەردین چەنگیزی، محەمەد خاکی، عەبدوڵڵا محەمەدپوور، توانا عوسمانی و محەمەد ئەمین بایەزیدی)، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماندەوە کە تێکۆشانی پێشمەرگانە لە پێناوی مافە ڕەواکانی نەتەوەدا تا چەندە سەخت و پڕ قوربانییە.

ئەو شەهیدانە و سەرجەم ئەو تێکۆشەرانەی دیکەش کە لەم دواییانەدا لە کرماشان، مەهاباد، زیندانەکان و کەمپەکانی باشووری کوردستان گیانیان بەخت کردووە، بێگانە نەبوون و لە دەرەوە نەهاتبوون. ئەوان بەشێک نەبوون لە هیچ پرۆژەیەکی دەرەکی و ژئۆپۆلیتیکی، بەڵکوو ڕۆڵەی ڕەسەنی ئەو خەڵکە بوون کە دەیان ساڵە لەژێر سێبەری بێعەدالەتی،

هەڵاواردن، سەرکوت و سیاسەتی ئەمنییەتیدا دەژین.

سەرجەم ئەم ڕووداوە تاڵانە دەردەخەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەبری پەنابردن بۆ گفتوگۆ و چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان، هێشتا سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و ئینکار وەک تاقە بەرنامەی خۆی بەرانبەر بە پرسی کورد بەکاردەهێنێت. دەزگا ئەمنییەتییەکان هەوڵ دەدەن بە ڕیوایەتی هەڵبەستراو ڕاستییەکان چەواشە بکەن، بەڵام جەوهەری ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە.

مەئموورییەتی ئەو پێشمەرگانە بریتی نەبووە لە دەستوەشاندن و پەلاماری سەربازی بۆ سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. وەک چۆن ڕێبەریی حیزبی دێموکرات (بەڕێزان مستەفا هیجری و حەسەن شەرەفی) بە ڕوونی ئاماژەیان پێداوە، ئەرکی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە کاری سیاسی، تەشکیلاتی، تەبلیغی و نوێکردنەوەی پێوەندیی مێژوویی نێوان حیزب و خەڵک بووە لە شار و گوندەکاندا.

ئەوان لە ناو خەڵک بوون بۆ ئەوەی حزووری سیاسیی حیزب نیشان بدەن و بەرگری لە مافی ڕەوای نەتەوەکەیان بکەن. ئەو پێشمەرگانە ڕۆڵەی هەمان ئەو ناوچانەی بوون (شیناوێ، کەڵەکین، دەڵاوان، کۆنەلاجان، قەمتەرێ، قیسقەپان، قەلاتەڕەش، بەلەبان, لاجان، بەربنە و نەڵێن و بەری مێرگان). خەڵکیش نەک وەک هێزێکی بێگانە، بەڵکوو وەک ڕۆڵەی خۆیان پێشوازییان لێکردوون و دڵسۆزانە دەردەدڵ و پێشنیارەکانیان لەگەڵدا باسکردوون.

لێرەدا وتەیەکی دروستی دوکتۆر قاسملوو دێتەوە یاد کە دەڵێت: «لە جێگەیەک کە ئازادیيە دێموکراتییەکان قەدەغەن، تێکۆشانی سیاسی تەنیا لە شکڵی خەباتگێڕانەی پێشمەرگانەدا مومکینە و لە وەزعی ئێستای کوردستاندا، لووتکەی هەرە بەرزی خەباتی سیاسی، تێکۆشانی پێشمەرگانەیە». پێشمەرگە لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا تەنیا چەکدارێک نییە، بەڵکوو ڕەمزی دیسپلین، بەرپرسیارێتی، فیداکاری و ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەییە.

حزووری پێشمەرگە لە ناو خەڵکدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیەکە کە بزووتنەوەی کوردستان فاکتەرێکی سەربەخۆ و ڕیشەدارە؛ ئاکامی شەڕی وڵاتان یان کێشە ژئۆپۆلیتیکییەکان نییە. ئەم بزووتنەوەیە لە دڵی زیاتر لە سەد ساڵ ئینکار و هەڵاواردنەوە سەری هەڵداوە و داوای دێموکراتیزەکردنی ئێران و دابینکردنی مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی کوردستان دەکات لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا.

پوختەیی و باڵغبوونی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لەم دواییانەدا بە ڕوونی دەرکەوت؛ کاتێک لە کاتی "شەڕی دوازدە ڕۆژە و



سەرچاوە
Serchawe

چل ڕۆژە"ی ناوچەکەدا، بەپێچەوانەی هەندێک هێزی ناوەندگەرا کە ئاڵای وڵاتانی بێگانەیان (وەک ئیسرائیل و ئەمریکا) بەرز دەکردەوە، کورد هیچ کارێکی لەو شێوەیەی نەکرد. حیزبی دێموکرات هەمیشە بڕوای وابووە کە پرسی کورد پرسێکی ناوخۆیی و سیاسییە و دەبێت لە ناوخۆی ئێراندا چارەسەر بکرێت.

ئەمە سوننەتێکی مێژووییە؛ تەنانەت لە کۆتاییەکانی شەڕی ئێران و عێراقیشدا، کاتێک سوپای عێراق هێرشی کردە سەر ناوچە سنوورییەکانی وڵات، بۆ نموونە پیرانشار و سوپای ئێران پاشەکشەی کرد، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات فەرمانی دا کە پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەک بەشداری لەو پەلامارانەدا ناکات. ئەم هەڵوێستە نیشتمانییە وای لە فەرماندەی ئەوکاتی لەشکری ٦٤ی ورمێ کرد کە لە دیدار لەگەڵ بەرپرسی شۆڕای شاری پیرانشاردا، ددان بە ڕەسەنایەتی و نیشتمانیبوونی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا بنێت.

نەتەوەی کورد لە کاتی قەیرانەکانیشدا ئەخلاقی بەرزی ئینسانیی خۆی سەلماندووە. بینیمان چۆن لە کاتی بۆردومانەکاندا، لە شەڕی چل ڕۆژەی ئەم دواییانەدا، کاتێک سەربازانی کۆماری ئیسلامی پایەگاکانیان بەجێدەهێشت و پەنایان بۆ گوندەکان دەبرد، ژنان و پیر و لاوی کورد - سەرەڕای برینی سارێژنەبووی سەرکوتەکان - نانیان پێدان و پارەیان بۆ کۆکردنەوە تا بگەڕێنەوە لای خێزانەکانیان. ئەمە نیشان دەدات کە خەباتی کورد لە ڕق و تۆڵەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئامادەن لەگەڵ دوژمنە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان لە دەرەوە (بە قەولی خۆیان "شەیتانی گەورە") دانوستان بکەن، بەڵام لە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی ئێران و کوردستان دەترسن و بە کەمین و چەکی قورس وەڵامی ڕۆڵەکانی نەتەوە دەدەنەوە.

ئەگەرچی بەرپرسانی وەک پزیشکیان لە سەردانەکانیاندا بۆ کوردستان بەڵێنی نەهێشتنی هەڵاواردن و لابردنی تێڕوانینی ئەمنییەتی دەدەن، بەڵام واقیعەکە شتێکی دیکەیە. خەڵکی کوردستان دەپرسن: ئەگەر بڕیارە کوردستان لەژێر زەرەبینی ئەمنییەتیدا بێتە دەرەوە، بۆچی هێشتا سوپای پاسداران ڕێگاکان کۆنترۆڵ دەکات و ڕۆڵەکانی نەتەوە بەردەوام ڕووبەڕووی گرتن، سێدارە و تۆقاندن دەبنەوە؟

هیچ سەقامگیرییەک بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک دروست نابێت. قەیرانی ڕاستەقینەی ڕێژیم تەنیا سزای ئابووری یان مەلەفی ئەتۆمی نییە، بەڵکوو قەیرانی نەبوونی مەشرووعییەت و بێمتمانەیی خەڵکە. ڕێگای چارەسەر ڕوونە: کۆتایی هێنان بە میلیتاریزم، بەڕەسمی ناسینی مافە دێموکراتییەکان و دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران. پێدانی

ئەم مافانە "ئیمتیاز" نییە، بەڵکوو مافێکی سروشتییە.

شەهیدانی فیسقەپان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی، تەنیا قوربانیی دەستی سەرکوت نین؛ ئەوان هەڵگری پەیامی ئازادیخوازی، ئاشتیخوازی و دیفاع لە کەرامەتی ئینسانین. لە سەردەمێکدا کە ڕێژیم دەیەوێت سیاسەت بێنەوەرۆک بکات، ئەوان سەلماندیان کە سیاسەت ئەگەر لە خزمەتی خەڵکدا بێت، شەریفترین فۆرمی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە.

خەمی لەدەستدانی ئەم ڕۆڵانە، خەمی هەموو نەتەوەیەکە. ئەوان ئێستا لە حافیزەی مێژوویی نەتەوەی کورددا جێگەی خۆیان کردووەتەوە. ئەرک و بەرپرسیارێتیی قورسی سەرشانی ئازادیخوازان ئەوەیە کە ئەم خەمە گەورەیە بکەنە ئاگاییەکی سیاسیی قووڵ، هاوپێوەندیی نەتەوەیی و کاری بەردەوامی خەباتگێڕانە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران و مسۆگەرکردنی ئازادی بۆ کوردستان.

١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا

## پرۆژەی سیاسیی قاسملوو؛ تاکە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی ئێران



**هاوینی ئەمساڵ، سی و حەوت ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، لەلایەن دیپلۆمات-تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تێدەپەڕێ. بەو حاڵەش میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی دوکتور قاسملوو، لە ئیلهامبەخشین بە تێکۆشەرانی کورد و داکۆکیکارانی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروا کاریگەر ماوەتەوە.**

**ڕۆڵی گرنگی دوکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورددا، بەهیچ جۆر حاشای لێ ناکرێ. ناوبراو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەخشێکی سەرەکی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بینی. بەڵام تێکۆشانی ئەو تەنیا هەر لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستاندا نەبوو؛ ئامانجی سەرەکی ناوبراو بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، سیستەمێک کە لەوێدا نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەو وڵاتە، مافەکانیان دەستەبەرکرابن و دەرفەتی ئەوەشیان پێ بدرێت لە دامەزراوە دەوڵەتی و نیشتمانییە سەرتاسەرییەکاندا، نوێنەرایەتییەکی عادڵانەیان هەبێت.**

**لە فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا، باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە جۆراوجۆر و فرەگەلییەکان و دڵنیابوون لە دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە بندەستەکان. قاسملوو لەوە**



سەرچاوە
Serchawe

تێگەیشتبوو کە دێموکراسی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک دەتوانێت گەشە بکات، کە دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ و ڕێگە بە حوکمڕانی ناوچەیی و هەرێمی بدرێت؛ بەجۆرێک کە پێداویستی و خواستەکانی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات وەبەرچاو بگیرێن.

دوکتور قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی گەلانی چەوساوە بوو، نەک تەنیا هەر کورد، بەڵکوو داکۆکی لە مافەکانی هەموو نەتەوە و گەلە پەراوێزخراوەکانی نێو چوارچێوەی وڵاتی ئێران دەکرد. ئەو خەونی بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکەوە دەبینی، کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتووره جیاوازەکان، بتوانن بە هاوئاهەنگی و دوور لە جیاکاری و هەڵاواردن، لە پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و تۆلەرانسدا، بەسەر بەرن.

دوکتور قاسملوو جگە لە هەوڵەکانی لە پێناو مافەکانی گەلی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەبوو. ئەو بەردەوام بۆ هۆشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا، سەبارەت بە دۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کار و خەباتی دەکرد. لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسی بۆ خەباتی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کەڵکی وەردەگرت.
دووربینی سیاسی و پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دێموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێرانیش هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی سێکۆلار و دێموکرات، بە توندی دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئایەتوڵڵاکانی دەکرد. ئەو ڕێژیمی ئاخوندی بە مەترسیی بۆ سەر ئازادی, پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و مافەکانی مرۆڤ دادەنا. بۆیە ناوبراو بەردەوام بۆ یەکخستنی هێزە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی ئێران، بە هەموو پێشینە و ڕوانگە سیاسییە جیاوازەکانیانەوە، بۆ ڕاوەستان لە دژی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا و جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار دەکردەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە یاد لە دوکتور قاسملووی نەمر دەکەینەوە، زۆر گرنگە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و سوننەتی خەباتگێڕانەی ناوبراو پێداگری بکەینەوە. ئاخر لە ئێراندا، کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پڕۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور، لەسەر بنەمای دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی مرۆڤ، هەر وەک جاران پرسی ڕۆژە. ئەو گیروگرفتانەی ئێستا ئێران لەگەڵیان دەستەویەخەیە، تەنیا و تەنیا لە ڕێگای دابینبوونی دێموکراسی و دێسانترالیزاسیۆن چارەسەر دەبن.
بۆیە ئەرکی سەرشانمانە، چ کوردەکان و چ هاووڵاتیانی دیکەی ئێران، وەک یەک چالاکانە بۆ بەرزڕاگرتنی ئایدیاڵ و ئامانج و پرەنسیپە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو کار بکەین. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگای بردنە پێشی خەبات، پەروەردە و

بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی سیاسیدا جێبەجێ بکرێ. پێویستە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە میللی و دێموکراتیکەکان، لە پێناو پێشخستنی دۆزی دێموکراسی و مافی نەتەوە و گەلە بندەستەکان لە ئێراندا، تێبکۆشین.

جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر بردنەپێشی ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بە هۆشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا سەبارەت بە بەرحەقبوونی خەباتی گەلی کورد و سەبارەت بە پێویستیی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، دەتوانین ئەمڕۆش پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرۆژەیە ڕاکێشین کە دوکتور قاسملوو کاری لەسەر دەکرد؛ پرۆژەیەک کە ڕێگاچارەی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە کە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بپارێزین، دەوڵەمەندتری بکەین و تێکۆشین لەگەڵ فاکتەر و ئاڵوگۆڕە تازەکان هاوئاهەنگی بکەین. ڕۆڵی قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خەباتگێڕ و شێلگیربوونی ناوبراو لەسەر بردنەپێشی دۆزی کورد، وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو چاوی لێ دەکرێت. لە ڕێگەی یادکردنەوەی بەردەوام، لەڕێگەی دەستپێشخەریی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی سیاسیی قاسملوو، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی ناوبراو هەمیشە لە دڵماندا زیندووە و ئایدیاڵەکانی لە ڕێنماییکردنی خەباتی ئێمە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی عادڵانەتر، ڕێنیشاندەرمانن.


لە ٣٧مین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تەنیا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ بردنەپێشیان تەرخان کرد – دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی نەتەوە و گەلانی چەوساوەی ئێران، دەتوانین وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆمان بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی ئەو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی نیشان بدەین. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بەڕاستی ئاوات و ئارەزووەکانی قاسملووی نەمر بەدی بهێنین کە سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا دامەزرابێ، بەجۆرێک کە هەموو هاووڵاتییان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیشتبن.

**بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ!**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ئیبراهیم لاجانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، لێدوان و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

